# عەلمانیەت و ململانێی ئیسلام



ناوی کتێب : عەلمانیەتو ململانێی ئیسلام

بایەت: فکری

نوسینی : دانا حمەعلی عبداللە

تایپ : هیوا صلاح الدین

دیزاینی بەرگ : سامان ئەحمەد حسین

چاپخانە :

ساڵی چاپ :

## پێڕست :


* پێشەکی
* ناساندنی عەلمانیەت
* عەلمانیەت لەڕووی زمانەوانییەوە
* عەلمانیەت وەك زاراوە
* گەشەکردنی چەکی عەلمانیەت
* پێناسەی عەلمانیەت
* چەشنەکانی عەلمانیەت
* عەلمانیەتی بەشەکی (جزئي)

عەلمانیەتی (شامل)

عەلمانیەتی گشتگیر (مطلق)

سەرچاوەکانی فیکری عەلمانیەت

هۆکارەکانی دەرکەوتنی عەلمانیەت

کلێساو عەلمانیەت و هەڵوێستیان لەهەمبەر زانست

دەقی ئایین و گریمانەی عەلمانیەتلەهەمبەر زانست

زانست لەنێوان عەلمانیەت و ئایین دا

بنەماکانی باوەڕی عەلمانیەت

باوەڕی عەلمانیەت دەربارەی درووست بوون

عەلمانیەت و بیرمەندانی لەهەمبەر گریمانەکان

سیستمی عەلمانیەت

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی ژیان

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی دەوڵەت

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی کایە جیاوازەکان

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی سیاسەت

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی ئابووری

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی نەزمی کۆمەڵایەتی

عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی ڕۆشنبیری و هونەر و زانست

ئایینەکان و فەلسەفە

ئەزموونی عەلمانیەت

عەلمانیەت و ئایینی ئیسلام

مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە خۆرهەڵات
مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام لە خۆرهەڵات
شەرعیەتی بوونی عەلمانیەت
شەرعیەتی بوونی ئیسلام
بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت
بڵاوبوونەوەی ئیسلام
ئەزموونی فەرمانڕەوایی عەلمانیەت
بنەماکانی فەرمانڕەوایی عەلمانیەت
ئەزموونی فەرمانڕەوایی ئیسلام
بنەماکانی فەرمانڕەوایی ئیسلام
سەرچاوەکانی ڕێسای عەلمانیەت
عەقڵانیەتی عەلمانیەت
سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام
عەقڵانیەتی ئیسلام
یاسای عەلمانی و شەریعەتی ئیسلامی
یاسای عەلمانی
دەستوری عەلمانیەت و کایەی سیاسی
دەستوری عەلمانیەت و کایەی ئابووری
دەستوری عەلمانیەت و نەزمی کۆمەڵایەتی
دەستوری عەلمانیەت و کایەی ڕۆشنبیری و فیکرو هونەر
شەریعەتی ئیسلامی
شەریعەتی ئیسلامی و کایەی سیاسی
شەریعەتی ئیسلامی و کایەی ئابووری
شەریعەتی ئیسلامی و نەزمی کۆمەڵایەتی
شەریعەتی ئیسلامی کایەی ڕۆشنبیری و فیکرو هونەر
عەلمانیەت و ململانێی ئیسلام
عەلمانیەت و ململانێی دەوڵەت و دەسەڵات و سیاسەتی ئیسلامی
عەلمانیەت و ململانێی نەزمی ئابووری ئیسلامی
عەلمانیەت و ململانێی نەزمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی
عەلمانیەت و ململانێی ڕۆشنبیری و فیکرو هونەری ئیسلامی
عەلمانیەت و پڕۆژەی عەلمەنەکردنی ئیسلام

**عەلمانیەت و پڕۆژەی چاکسازی و زانستخوازی**

**عەلمانیەت و پڕۆژەی نوێگەری پێشکەوتنخوازی**

**عەلمانیەت و پڕۆژەی عەقڵانیەت و عەقڵگەرایی**

**عەلمانیەت و پرۆسەی عەقڵەنەکردنی ئیسلام**

**لەنێوان وەحی ئایینی و عەقڵانیەتی عەلمانیەتدا**

**عەلمانیەت و پڕۆژەی چاکسازی و نوێگەری و عەقڵانیەت**

**عەلمانیەکانی خۆرهەڵات و ئیسلام**

**دەرەنجام**

**چارەسەر**

**کۆتایی**

**سەرچاوەکان**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

عەلمانیەت ئەو زاراوەیە کەلەم ڕۆدا و لەنێوجیهانی ئیسلامی دا زۆرترین دەنگدانەوەی هەیە، ئەو سەدایەشی بەهۆی شیاویەتی و شاملی خۆیەوە نیە، بەڵکو پشتگیری هەمەلایەنەی خۆرئاوا بۆی کردویەتیە بابەتی دیاری سەردەم، ئەوەش لەڕێگای بەکارخستنی هەزاران دامەزراوەی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو نوسرا، هەروەها تەرخانکردنی مەلاین دۆلارو بەخەرجدانی بۆ ڕەواج پێدانی ئەو ئایدۆلۆژیایە، ئەمە جگە لە پشتیوانی کردنێکی بەرفراوان و هەمەلایەنەی سەربازی تەواوی ئەو ڕێکخراو و پارت و دەوڵەتانەی کەعەلمانیەتیان کردۆتە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان و بانگەشەی پێڕۆکردنی دەکەن و دروشمەکانی خۆرئاوا دووبارە دەکەنەوە .

یەکەم دەرکەوتنی ئاشکرای ئەم فکریەش لەخۆرهەلأتدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دەستپێکی پرۆسەکانی ئیستعماری خۆرئاوا، لەپاش دارمانی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی، وەهاتنە ناوەوەی لەشکری داگیرکاری هەریەکە لەدەوڵەتانی عەلمانی فەرەنسا و بەریتانیا و ڕوسیا و ئیتالیا بۆ نێو هەریمەکانی گەلانی ئیسلام، لەگەڵ هاتنی خۆشیان ئەم ئایدۆلۆژیا و باوەڕە مادیەیان خزاندە نێو ژیان و بیروهزری موسوڵمانانەوە .

سەرەتای دزەکردنی بیروبۆچوونە عەلمانیەکان بۆ نێوگەلانی عوسمانی بەپێی هەندێك بۆچون دەگەڕێتەوە بۆ هێرشەکەی ساڵی ١٨٧٩ز ی ناپلیۆن بۆ سەر میسر . لەپاشتر و لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدە داو بەهۆی هەناردنی قوتابیانی عوسمانی بۆ تەواوکردنی خوێندن لەناوەندە زانستیەکانی ولأتانی ئەوروپی، فکری عەلمانیەت بەشێوەیەکی فراوان دزەی کردە نێو بیرو هزری موسوڵمانان و بەتایبەتیش نەوەی نوێ .

گروپی (تورکیای لاو) یەکەمینی ئەو ڕێکخراوە خۆر هەلأتیانەیە کەلەسەربنەمای فکرو فەلسەفەی عەلمانیەت لەساڵی ١٨٨٩ پێکهێنرا، ڕێکخراوی(عەرەبی لاو)یش دووەمین گروپی عەلمانی بوو . هەریەکە لەم دووکۆمەڵەیە لەلایەن خەڵکانی تورك و عەرەبی میسری نیشتەجێ فەرەنسا پێکهێنران، بەکۆمەکی کۆماری عەلمانی فەرەنسی .

ئەنجامی ئەم هەوڵە سەرەتاییانەی ئەندامانی کۆمەڵەی تورکە لاوەکان ڕاگەیاندنی (حیزبی ئیتحاد و تەرەقی ) لەساڵی ١٩٠٦ز بەدوای خۆدا هێنا، کەلەپاشتردا و لەخۆپیشاندانێکی چەکدارانەداو لەساڵی ١٩٠٨ز شەریعەتی ئیسلامیان لەکارخست وەلەساڵی ١٩٠٩ز بەکودەتایەکی سەربازی دەسەلأتی خەلیفەیان زەوتکرد، هەروەك لەدواتردا و لەلایەن ئەتاتورکەوە و لەساڵی ١٩٢٤ز دا خیلافەت هەڵوەشێنرایە وە و دەستوری عەلمانی و کۆماری

عەلمانی نەتەوەیی ڕاگەیەنراو مێژووی فەرمانڕەوایی عەلمانیەت بەسەر گەلانی ئیسلامی و لەسەر زەمینی ئیسلام دەستی پێکرد .

ئەم گۆڕانکاریانەش سەرەتای پێکدادانی دوو ئایدۆلۆژیای جیاواز بوو، یەکیان زەمینی و دەست کردی مرۆڤ و ئەوی دییان ئاسمانی و خودا کرد بوو . لەو دەمەشەوە تائەمڕۆ سەرزەمینی خۆرهەلأت بۆتە مەیدانی شانۆی ئەو ململانێ و دەرگیریانەی نێوان هەوادارانی ئەو دو ئاین و ئایدۆلۆژیایە، ئەمەش پێویستی کردووە لەسەرمان کەهەڵوێستەیەك لەسەر ئەم دوو باوەڕە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ چاوگی فکری هەریەکەیان، وەجەوهەری فکرو باوەڕەکەیان بناسین و تێبگەین لەو جیاوازیانەی کەلەنێوان عەلمانیەت و ئیسلامدا بوونی هەیە .

واتا لەتێڕوانینی عەلمانیەت و ئیسلامی سەبارەت بەخودا و بوون و مرۆڤ و ژیان بگەین و ئەو دەستوورو یاسا و ڕێسایانەش بناسین و شرۆڤەیان بکەین، کەهەریەکە لە عەلمانیەت و ئیسلام، ژیانی مرۆڤەکانی لەسەر وەرێ دەخەنەوە و تەنزیمی دەکەن، تالەو ڕۆشنبیری و سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵگا و کەلتورە شارەزابیین کە ئەم دوو سیستەمە بونیاتی دەنێن، ئەوکات ئێمە دەتوانین لەو جەنگە هەمەلایەنە بگەین کەلەم ڕۆداو لەنێو گەلانی ئیسلامی دا بەڕێوە دەبرێت لەلایەن بەرەی خۆرئاواخوانی عەلمانی و بەرەی ئیسلامخوازان . کەتەواوی کایەو بوارە جیاوازەکانی ژیانی موسوڵمانانی گرتۆتەوە، هەر خودی ئەم ئامانجەش بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەی پێویست کردووە .

خۆرئاوای عەلمانی، لەسەرەتادا تەنها بەرێگای سەربازی بەرەنگاری دەسەڵاتی ئیسلامی دەکرد، کە ئەویش خۆی لەخیلافەتی ئیسلامی عوسمانی دا، دەبینیەوە، وەلێ لەپاش تێکشکاندنی خیلافەت و هەڵوەشاندنەوەی، ئەمجار جەنگێکی فکری گشتکیری دژ بەئیسلام بەرپاکرد، تا بەوشێوازەو بەم ئامرازە نوێیە فکرو عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی تێکشکێنێت و لێکی هەڵوەشێنێت .

فەلسەوفکری عەلمانیەت و مەزهەبەکانی، ئەو ئامرازەن کەلەم ڕۆدا و لەلایەن خۆرئاوا و ڕەوت و بزاڤە خوارئاواخوازەکانەوە بەکاردەبرێن لەو پێناوەدا . شۆڕبونەوە بۆ نێو فکری عەلمانیەت و تێگەیشتن لە جەوهەری ئەم ئایدۆلۆژیایەو ناسینی ئەو قۆناغە مێژووییەی کەتێیدا سەری هەڵداوە و زانینی هۆکارەکانی سەروەدەرنانی، وە ئاگاداربوون لە هەلومەرجی زیندەگی کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچە جوگرافیەی کەئەم فیکرە مادییەی تێدا فراژوو بووە، لەگەڵ ناسینی ئیسلام و ئەزموونی حوکمڕانی ئەم ئاینەو تێڕامان لەهەل و مەرجی ژیانی گەلانی ئیسلامی، لەو ماوە مێژووییەی دەسەڵاتی ئیسلام، دەمانگەیەنێت بەو ڕاستیانەی کەلەپشت ئەم ململانێیەوە، بوون و ئامادەییان هەیە، هەربەوچەشنە دەتوانین لەحەقیقەتەکانی ئامانجی ئەم جەنگە فکرییە بگەین، کەلە ئەمێستادا و لەلایەن خۆرئاوا خوازان و بەپشتیوانی خودی خۆرئاوا، لەهەمبەر ئیسلام و گەلانی موسوڵمان بەڕێوە دەبرێت .

## ناساندنی عەلمانیەت :

### عەلمانیەت لەڕووی زمانەوانیەوە :

دەشێ واتای ڕاست لەوەرگێڕانی بێژەی(العلمانیه) بریتی بێت لە(نائایینی) یان (دنیایی)، بەم پێیە مانایەکی دیکەی نیە لەبەرامبەر ئەمەدا، بەڵکو واتای نەمانی پێوەندیە بەئایینەوە، ئەمەش بەڕوونی لە کۆزانیاری بیانیەوە وەرگیراوە. (دائیرە المعارف البریتانی) دەڵێت: ئەوە بزاوتێکی کۆمەڵایەتیە کە ئامانجی وەرگێڕانی ڕووی خەڵکیە لەگرنگی دان بەژیانی دوایی بۆ گرنگی دان بەژیانی دوونیا بەتەنیا . هەروەها (دائرە المعارف الامریکیە) دەڵێ : ( دنیایی) بریتیە لەسیستەمێکی ڕەوشتی بونیاتنراو لەسەر بنەمای نەریتی سروشت (اخلاق الگبیعە) واتا سەربەخۆ لەئاینە ئاسمانیەکان یان هەر هێزێکی بان سروشتی.(١) عەلمانیەت ڕوانگەیەکی نائاینیە بۆ ژیان کەلە عەقڵێکی دوور لەئاینەوە و لە بۆچوونی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە کە سروشتی مادی وەك بنەمایەکی ئەساسی لەدووبارە تەفسیرکردنەوەی خوودی مرۆڤ و گەردوون بەکاردەبات .

### عەلمانیەت وەك زاراوە :

بریتیە لەبانگەشەکردن بۆ دامەزراندنەوەی ژیان لەسەر غەیری ئاین، لەلایەنی سیاسیەوە ڕاشکاوانە بەواتای فەرمانڕەوایی نائایینە، ئەم زاراوەیە پێوەندی بە وشەی زانست و پڕۆگرامی زانستیەوە نیە.(٢) عەلمانیەت بەمانای پێکهێنانەوەی ژیانێکی مادی پەتیە کە ڕەگەزی مادە وەك بنچینەی سەرەکی بوون وێنا دەکات، هەروەك غەیبیانیەت و ڕەهەندی ڕۆحی مرۆڤەکان فەرامۆش دەکات و تەنها بایەخ بەلایەنی جەسەدیەکەی دەدات، کە ئەوەش لەدەستەبەرکردنی پێداویستیە مادیەکانی دا خۆی دەبینێتەوە، هەرئەمە وایکردووە کە عەلمانیەت بەواتای (دونیایی و نائاینی) بناسرێت .

### گەشەکردنی چەمکی عەلمانیەت :

گەشەکردنی چەمکی عەلمانیەت لە سەردەمی نوێگەری و هەستانەوەی ئەوروپا بوو لە دەمی بەرەنگار بوونەوەی کڵێسە و بەربەرەکانێ کردنی، کە دەستی گرتبوو بەسەر دەوڵەتدا وهەژمونی کردبوو بەسەر کۆمەڵگادا، هەروەك ڕێکخستنی لە سەر بنەمای لایەنگری بۆ ئاین و کۆمەڵ پێکهێنابوو . عەلمانیەت پێی وایە ئاین بە واتای ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ وخودایە — ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ویستی هەر کەسێکی باوەڕدار بە ئایین، وەلێ بانگەشەی بەهێزی دەکرد بۆ دابڕانی ئاین لە دەوڵەت، لەگەڵ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای پەتی مرۆڤ بوون .(٣)

ئەم تێگەیشتنە ڕاگەیەنرا بە نێوی تیۆروانینی مرۆڤیانە(Humanism) کە مرۆڤی بە گەورەگرت وەك سەنتەری گەردوون و خودایەکی نوێ بۆی، هەروەها وەك گەورەی زاتی خۆی و ئازادی ئیرادەی، ڕەفزی فیکرو باوەڕی سەیرو نادیاری کرد . پشتی بە تیۆروانینی مادی پەتی بەست لە تفسیرکردنی ڕووداوەکانی جیهان و ژیانی مرۆڤ. کە ناسراوە بە عەقلانیەت(Ratietonalism)،

---

١—العلمانية وموقف للإسلام منها . د.حمدون بن احمد الرحيم:—فصل الأول، مبحث الأول.

٢—العلمانية وموقف للإسلام منها .د.حمدون بن أحمد الرحيمى،—فصل الأول، مبحث الأول.

٣—العلمانية جذورها وأصولها د.محمد على البار ——ل٣٣

وەك ڕێبازێك بۆ شرۆڤەكردنی ژیان و بنەما و یاساكانی زیندەگی مرۆڤ، كە ئەوەش پشتی بەست بە زانستی ئەزمونكەری(scientism)، پڕۆگرامی تاقیگەری (ئەزموون كردن )یش لەسەر بنەمای گومانكردن وەستاوە و متمانە ناكات هەتا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاقیكردنەوە و بە تەواوی دەگات بە ئەنجام .... پڕۆگرامی زانستی كە ناسراوە بە زانستی تاقیگەری، كورت هەڵنایەت لە زانستەكانی وەك بایۆلۆژی و گەردوون ناسی و دەریاناسی و پزیشكی هتد، بەڵكو درێژدەبێتەوە بۆ زانستەكانی كۆمەڵناسی وسیاسەت و دەروونناسی و ئابووری ......هتد، پێی وایە كە تاكە ڕێبازی پەسەندكراوە، بەو مانایەی كە ڕێگای ئەزمونكردن و سەرژمێری و ژیری و منتق و عەقلانیەت(Ratietonalism) هۆكارێكە بۆ گەیشتن بە ڕاستی، یان بو تعبیركردنی ڕاستییەكان .(٤)

پڕۆگرامی ئەزمونگەری ئەو پێوەرە سەقەتەیە كە عەلمانیەت هەڵیبژاردو پەسەندی كرد بۆ خۆی، تاوەكو وەك ئامرازێك بەكاری بهێنێت بۆ ئاشكراكردنی بوون وناساندنی پێكهاتەكانی، هەروەها بۆ تفسیركردنی ژیان و بوونی مرۆڤ و ئەو هۆكارەش كە ڕۆڵی لە خولقاندنی دا هەبووە .

پڕۆگرامی تاقیكاری دەتوانێت كۆلێنكاری وتوێژینەوە لەسەر هەر شتێك بكات كە دیار و بەرجەستەبێت و دەستی مرۆڤی پێڕابگات، وەك قودرەتی شیكاری پێكاتەكانی تەنە بەرجەستە كان و لێكجوداكردنەوەی بەش وپارچەكان و ناساندنی لەگەڵ ئاشكراكردنی سوود و زیانیشیان بۆ مرۆڤ، ئەمە جگە لە نیشاندانی ڕادەی بەهێزی وشاملی یاخود لاوازی و كورتهێنانی هەریەكە لەو تەنانە وپێكهاتەكانیشیان، لەگەڵ دیاری كردنی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەری . وەلێ ڕێبازی زانستی تاقیگەری بێتوانایە لەدەستڕاگەیشتنی بە جیهانی شاراوە و بوونە نادیارەكان، تاوەكو تاقیكردنەوەیان لە سەر ئەنجام بدات و بونیان بسەلمێنێت، ڕاڤەو پێناسەیان بۆ داڕێژێت . ئا لێرەوەیە كە عەلمانیەت ڕووبەرووی گەورەترین شكست دەبێتەوە و دەستەوسان دەبێت لە بەرامبەر زۆرێك لە پرسیارەكانی مرۆڤ و بەبێ هیچ وەلامێك جێیان دێڵێت، یاخود بەناچاری حاشا لە ڕاستیەكان دەكات .

هۆكاری بێوەلامی عەلمانیەت لە هەمبەر ئەو پرسیارگەلەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دەستەوسانی زانست لە سەلماندنی بوونی ئەو ڕاستیانە، چون بوونی (خودا )وفریشتە و پەری و ڕۆح و وەحی، هەروەها ڕەوشتیەكان، وەیان هۆی بوونی مرۆڤ وگەردوون، یاخود زیندووبوونەوەی مرۆڤ و بونی بەهەشت ودۆزەخ و ئاخیرەت...هتد. هەموئەمانە بوونگەلێكن كە ناخرێنە ژێر تاقیگەری و چاوی میكرۆسكۆبی زانستەوە و نادیارن و لە جیهانی غەیبدان، عەلمانیەت ئالێرەدا و بەهۆی پشت بەستنی ڕەهای بە زانست و تاقیگەكانی، بەنێوهەڵەیەكی كوشندەدا ڕۆچووە، وە ناچاری پەنای بردووە بۆ ڕەتكردنەوەی گشت ئەم ڕاستیانە و داڕشتنی تەئویلاتی ناعەقلانی بۆ هەریەكە لەوان . نمونەش عەلمانیەت مادە بەسەرچاوەی بوون و ژیان و گشت بوونەوەران دەبینێت، ڕەتی بوونی فریشتە و جن و جیهانی نادیار دەكات، قیامەت و بەهەشت و دۆزەخیش بە خورافات و ئەفسانە وێنا دەكات، هەروەها سروش (وەحی)ی بە حاڵەتێكی دەروونی وەسف دەكات كە بەسەر مرۆڤدا دێت و هەندێك گوفتار بەسەرزاریدا دێت، دان بە پێغەمبەران و موعجیزاتەكانیاندا نانێت، ئەوەش بەو پاساوەی گوایا زانست نەیسەلماندوون .

---

٤–العلمانية جذورها وأصولها د.محمد علی البار –ل ٣٣

## پێناسەی عەلمانیەت :

ووشەی (العلمانیة )وەرگێڕدراوی وشەی ( secularism ) ئینگلیزییە، کە لە پەیڤی ( saeculum ) وەرگیراوە، بەواتای جیهان یاخود دونیا وەك جیاکارییەك لە بەرامبەر کڵێسادا . بەکاربردنی ئەم زاراوەیە ( secular ) بۆ یەکم جار لەگەڵ واژۆکردنی ڕێکەوتنی ویستیڤالیا لە ساڵی ١٦٤٨ز و بە هۆی کۆتای هاتنی ئاگری شەڕی ئاینی داگیرساو لە ئەوروپا ، هاوکات لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەی نوێ، یان (دەوڵەتی عەلمانیەت)بوو. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ (علمەنە)کردنی سامان ودارای کڵێسا، بەواتا گواستنەوەی بۆ دەستەلاَتێکی نا ئاینی یان بۆ دەستەلاَتی دەوڵەتێکی مەدەنی .(٥)

عەلمانیەت : گریمانەیەکە کە دەڵێت : نابێت ڕەوشت و زانست لەسەر بنەمای ئاین پێکبهێنرێت .(٦)

(معجم اکفورد) عەلمانیەت دەناسێنێت بەواتای :

١-دونیایی، یان مادی، وە نائایینی و نارۆحانی، وەك پەروەردەی نائایینی، هونەرو مۆسیقایی نائایینی، دەستەلاَتیی نا ئایینی یان حکومەتی پێچەوانەی کڵێسا .

٢- لە بۆچونێکی دیکەدا دەڵێت: گرنگی پێنەدان و بەکارنەبردی ئاینە وەك بنەمای ڕەوشت و پەروەردە .(٧)

عەلمانیەت لەئەسل دا دەیهەوێت ئاین دووربخاتەوە لە ڕۆڵبینین لە کاروباری ژیان، وەرنێنەدان بە شەریعەتە ئاسمانیەکان لە تەداخولکردن لە ڕێخستنی کاروبارەکانی کڕین و فرۆتن و مامەڵەکردن، هەروەها لە بوارەکانی سیاسەت و کاروبارەکانی جەنگ و ئاشتی، وەلە پەروەردە و فێرکردن و هتد. مانای ڕەسەنی عەلمانیەت لەلای ڕۆژئاواییەکان، واتای بێدینییە، تەنها ددان بەوەدا دێنێت و مامەڵە لەگەڵ ئەو شتە دەکات کە دەیبینێت، ڕەتی هەر بونێکی نادیار دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێدەدات بە ئاینداری تاکەکەسی، بەلاَم دژایەتی بەکاربردنی ئاین و کاریگەری لە ڕاوتەکبیری کاروباری گەل دەکاتەوە، ئەم پەتایە گواستراوەتەوە بۆ نێو ئومەتی محمد (ص).(٨)

لە پێناسەکانی دیکەی عەلمانیەت لە (المعجم الدولي الثالث الجدید العلمانیة )،هاتوە کە : ئاڕاستەیەکە لە ژیان و وەستاوە لەسەر ئەو باوەڕەی کە نابێت ئاین وئاماژە ئاینیەکان دەستوەردان لە دەوڵەتدا بکەن . عەلمانیەت سیستمێکی کۆمەلاَیەتییە لە ڕەوشتی دامەزراو لە سەر هزر و هەڵدەستێ بە سەپاندنی پێوەری ڕەفتار و ئەخلاق لە سەر بنەمای ژیانی سەردەم و دەستەبەری کۆمەلاَیەتی بە بێ گەڕانەوە بۆ بۆچونی ئاین.(٩)

(معجم وبستر) العلمانیەت (secularism) دەناسێنێت، بە گوتەی خۆی : کە باوەڕو عەقیدەیەکە ڕوانگەی دورخستنەوەی ئایینی لە دەوڵەت و زانست و ئەخلاق هەیە، واتا بونیادنانەوەی سەرجەمیان بە سەرخۆ و دوور لە کڵێسا و دامەزراوەی ئاینی، دەڕوانێتە مرۆڤ بەوەی کە عەقلی سەرچاوەیەکی شامله بەبێ ئاین، هەروەك ڕەتی هەموو نادیارەکان و تەواوی پشت سروشت دەکاتەوە.(١٠)

---

٥-مفهوم الصهیونة عند عبدالوهاب المسیري -عبدالطیف زکی أبو هاشم ــــل١٠٢

٦-العلمانیة وثهاروهاخیثة ،عبدالله بن عبدالرحمن الجبرین ــــل٧

٧-التیار العلمانی الحدیث وموقفة من التفسیر القرأن الکریم عرض ونقد ،حسني محمد بهي الدین الشافیعي -ا.... ل ٤٤

٨- أسالیب العلمانین في تغریب المرأة المسلمة ،د.شیرین فهد البشر ــــل٩

٩-العلمانیة جذورها وأصولها، د.محمد علی الباری ــــل ١١

١٠-العلمانیة جذورها وأصولها ،د.محمد علی الباری-ل١١

لە هەریەکە لەم ناساندنانەوە دەردەکەوێت کە عەلمانیەت ڕەفزی ئاین و شەریعەتەکەی بەتایبەت دەکاتەوە و بەهیچ چەشنێك ڕێگا نادات بە پیادەکردنی لە دەوڵەت و کۆمەڵگا، وە دژی هەرچەشنە دەستەلاتێکی بونیاتنراو لە سەر ئاین دەوەستێتەوە، ئەوەش بە بێ لەبەر چاوگرتنی چەشنی ئەو ئایینەی کە کراوەتە بنەمای پێکهێنانی ئەو دەستەلاتە، وە بێ ڕەچاوکردنی شیاویی و سەرکەوتووی شێوازی فەرمانڕەواییەکەیشی . لەم ڕاڤانەوە ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە عەلمانیەت نەك هەر لەگەڵ ئایندا پێکنایەتەوە، بەڵکو نەیار بە ئاین و بیرو بڕوای ئایینیە، بە تایبەتیش شەریعەت .

لەم تێگەیشتنانەوە دەتوانین بڵێین عەلمانیەت: ئاینێکی نوێیی زەمینیە کە بۆ خۆی خاوەنی باوەڕوو یاساو ڕەفتی دوونیای خۆیەتی بە هەمان شێوەی ئاین . وەڵێ خودای ئەم ئاینە نوێیە مرۆڤ و هەواو و ئارەزوو چێژەکانیەتی، کە هەواداران و پێڕەوانی بڕوادار بەم ڕێبازە پەرستشی بۆ دەکەن بەرزی ڕادەگرن . لەگەڵئەوەش دا عەلمانیەت دەرفەت دەداتە بڕوادارانی ئاینەکانی دیکە تەنها لە نێوپەرستگاکانیاندا وەبەبێ دەنگی، مومارەسەی پەرستشەکانیان بکەن، هەڵبەت بە مەرجی ئەوەی کە لە دەرەوەی پەرستگا متق نەدەن و دوان لەسەر ئاینەکەیان نەدەن، وە باس وخواسی شەریعەت و جێبەجێکردنی لەسەر ئاستی دەوڵەت وکۆمەڵگا نەهێننە ئاراوە و ملکەچی یاسا دانراو و دەستکردەکانی خودی عەلمانیەت بن . ئەمەش گەورەترین ناکۆکی نێوان عەلمانیەت وئاینە، بەو هۆیەشەوەیە کە ئەم ئایدۆلۆژیایە لە گەڵ ئایندا دەرگیر دەبێت .

عەلمانیەکانی خۆرئاوا ڕاشکاوانە حەقیقەتی بۆ چوونەکانی خۆیان و ڕاستی فیکرو باوەڕو ئایدۆلۆژیای عەلمانیەتیان بە گەلانی ولاتانی خۆرئاوایی ڕاگەیاند، وەك لە پێناسەکانیشیاندا وەدیار کەوتووە، ڕاشکاوانە شرۆڤەیانکردوە بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا . لە هەمان کات هەڵوێستی خۆیان و ئەم باوەڕەشیان لە هەمبەر ئاینی مەسیحیەت پێشچاو خستووە و زۆرێك لەوانەش بە ئاینی خورافە و ئەفسانەیان ناودێرکردووە و بەری بونی خۆشیان لێراگەیاندووە . هەڵبەتە لە پێشچاوی خەڵکانی کۆمەڵگاکەیان، لە وەشیاندا زیادەڕەویان کردووە وشومارێك لەوان بێچەند وچون بێ بڕوای خۆیان بە خودا ڕاگەیاندووە، لە هەمانکات پەنایان بۆ ڕاڤە و تەفسیری دیکە بردووە بۆ شرۆڤە کردنەوەی بوون و ژیان و ناساندنی مرۆڤ . وەڵێ عەلمانیەکانی خۆرهەلات هەرگیز ئەو بوێرییەیان نەبووە و نەشیانتوانیوە کە پێناسێکی ڕاست و ڕاشکاوانەی ئەم ئایدۆلۆژیایە بۆ گەلانی خۆرهەلاتی بەیان بکەن و حەقیقەتی عەلمانیەتیان بۆ ڕوونبکەنەوە . ئەمە ناچاری کردوون پەنا بۆ تەئویلات بەرن و ماناو پێناسەی ساختە وناڕاست بۆ عەلمانیەت دابتاشن و بەشێوازی جۆراوجۆر و لە بەرگی هەمەڕەنگدا پێشچاوی خەڵکی بخەن تا بەو هۆیە کەمەندکێشیان بکەن و واداری ئەم باوەڕەیان بکەن، لە نمونەی ئەو پێناسە تەزویر و داتاشراوانەش وەك : عەلمانیەت واتا ئازادییە ؟

عەلمانیەت واتا خزمەتکردن بە نیشتیمان ؟

عەلمانیەت واتا گێڕاندنەوەی ڕێزو حورمەت بۆ ئاین ؟

عەلمانیەت واتا بەرقەرار کردنی دادگەری لە نێوان هاولاتیانی نیشتیمان ؟

عەلمانیەت واتا عەقلانیەت و زانست وپێشکەوتن وشارستانیەت ؟

داڕشتنی ئەم تەئویلات وتەفسیرانەش لە لایەن عەلمانیخوازانەوە بە نەزانی نییە، بەڵکو بۆ ڕەواج پێدانی ئایدیۆلۆژیایەو تەشویق کردنی گەلانی ڕۆژهەلاتە، بە مەبەستی ڕەزامەند کردنیان بە پێڕۆکردنی ڕێبازی عەلمانیەت، گەرچی ئەو ڕەزامەندییەش لە سەر بنەمایەکی ساختە وەدەست هاتبێت .

ئەم شێوازە لە کارو بانگەشەی عەلمانیەکان وای کردووە کە هەتاوەکو ئێستاشی لەگەڵ بێت بە شی زۆری گەلانی خۆرهەلاتی هیچ ئاگاییەکیان لە نێوەڕۆکی عەلمانیەت و بنەما سەرەکییەکانی ئەو باوەڕە و پێکهاتە فیکرییەکەی نەبێت، هەڵبەتە ئەم دیاردەیەش وەنەبێ تەنها لای زۆرینەی جەماوەری گەلانی خۆرهەلات باوبێ، بەڵکو لای وادارانی خودی گروپ و ڕێکخراوە و پارتە عەلمانیەکانیش هەمان شتە،

ئەم ڕەوشە بە ئامارێك گەیشتووە کە ئەگەر لەگەڵ هەوادار و ئەندامی پارتێکی عەلمانیدا گفتوگۆ بکەیت، هەرگیز ماناو تەفسیرێکی دروستی عەلمایەتی لێوە ناژنەویت، خۆ ئەگەر چاوێکیش بخشێنیت بە نوسراوەکانیاندا، ئەوا لەوانیش جگە لە هەندێ دارشتنی نارۆشن و ئاڵۆزو پڕگرفت چیدیکەت پێش چاوناکەوێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە عەلمانیەت لە خۆرهەلآت ڕوبەرووی ئاینێکی فیتری شامل و عەقلانی و زانستخواز و سەردەمیانە وەستاوەتەوە کە دەستەبەری تەواوی ڕەهەندە ڕۆحی و مادییەکانی کردووە و هیچ لایەنێکی ژیانی مرۆڤی فەرامۆشنەکردووە، واتا هیچ بۆشاییەك لە ژیانی کۆمەڵگاکانی گەلانی خۆرهەلآتدا نیە تا عەلمانیەت پڕی بکاتەوە جگە لەوەی کە بۆ خۆی قەیران بخولقێنێت . وەلێ لە خۆرئاوادا ئەم ئایدۆلۆژیایە بەرەو ڕووی ئاینێکی دروستکراو ببویەوە کە پێچەوانەی فیترەتی مرۆڤ و عەقل و زانست بوو، بۆیەش عەلمانیەت لە خۆرئاوادا زاڵبوو، توانی شکست بەو ئاینە بهێنێت و بەرکەناری بکات لە ژیاندا .

## چەشنەکانی عەلمانیەت :

***عەلمانیەتی بەشەکی (جزئی):** تێڕوانینێکی بەشەکیانەیە بۆ واقع، جێبەجێ دەکرێت بەسەر جیهانی سیاسەت و هەروەها جیهانی ئابووری، زۆرێکیش ڕاڤەی دەکەن بە جیاکردنەوەی کلێسا(ئاین) لە دەوڵەت، کلێسا واتا (دامەزراوەی دەوڵەتی کە هەنوی) بە گشتی، بەلاّم دەوڵەت واتا (دامەزراوە دەوڵەتییە هەمەچەشنەکان )، هەندێکی دی تفسیری دەکەن بە واتای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، وە لە ژیانی گشتی، لە هەندێك بواردا، ئەمەش ناودەبرێت بە عەلمانیەتی بەشەکی .(١١)

***عەلمانیەتی گشتگیر (شامل):** ناودەبرێت بە ( علمانیەتی سروشتی و مادی )یان (عەلمانیەتی پوچگەرا)، تێڕوانینێکی گشتگیرە بۆ گەردوون لە گشت ئاست و بوارەکان، تەنها مانای جوداکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت یان لە هەندێك لایەنی ژیانی گشتی ناگەیەنێت، بەڵکو جوداکردنەوەی هەموو پێوەرە ئاینیی و ڕەوشتی و مرۆییەکانە لە تێکرای لایەنەکانی ژیانی گشتی و لە هەر دەست پێشخەری و فەرمانێك، دواجار دابڕینی لە تەواوی لایەنەکانی ژیانی تاکەکەسی، لە پێناو دارنینی پیرۆزییەکان و کۆتای پێهێنانیان لە جیهاندا، (الانسان والطبیعة )کە ئەمەش هەموەکیەو دەگشتێنرێت بەسەر تەواوی ژیانی گشتی و تایبەتی، هەروەها بەسەر لێکۆڵێینەوە و چاوگەکاندا . جیهان لەدیدی عەلمانیەتی گشتگیردا (بوارێکە لە بواری (حلولی کمونی مادی )و کامڵە لەخۆیدا و سەرچاوەکەی لە خۆیدایە، جیهان پێك دەبەستێتەوە بە شێوەی ئۆرگانێك، وەسفی دانەو پێناسی بەش و دوانەییەکان ناکات کە ملکەچی یاسای (یەکێتی وەزعی)یە، جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و بونەوەرانی دیکەدا ناکات، کەملکەچی هەمان یاسایە، بەڵکو ئەم جیهانە بە یەکێتی مادەی ڕەق ناودەبات (کە هەموو ئەمانە تایبەتمەندی سروشتی، ماددین )، (لە گەڵ بنەمای یەکێتی وەزعی (حال)،لە جیهانی تەجاوزنەکراودا، کە ناوی دەبات بە (قانون حرکە)یان (قانون طبیعی/ماددی) ئەم فەرمانەش بە واتای سەروەری تاکانەیی ماددییە،

---

١١–العلمانية جزئية والعلمانية شاملة، د.عبدالوهاب المسيري ــــ ل٤٧١

ئیدی هەموو کاروبارێك لە کۆتا بڕیارو لە دوا شیکردنەوەدا –مادی و ڕێژەیی ویەکسانە و پیرۆزنیە . پێی وایە کە ئەمە دەوری جیهانی داوە بە تەواوی (الانسان والطبیعة)لە شێوەی پێنج هەستەکەدا، هەروەك عەلمانییەتی شامل بڕوای بە ڕەها گەڕای و هەموەکی نییە، دەشێ مەنزومەی داروینی ململانێی، نزیکترین منزومەبێ کەلە نموزەجی عەلمانی شاملە وە نزیکە .(١٢)

*عەلمانیەتی ڕەها (مطلق): ئەو ناوەندەیە کە تەجاوزی هەموو بەشێك دەکات بە بێ بواردنی هیچ شتێك، ئەمە مەبدەئی تاقانە و بنەما و سەرچاوەی کۆتاییە، مرۆڤی عەلمانی شامل ڕەتی هەر پنت و سەرچاوەیەك دەکاتەوە کە لە دەرەوەی ئەم جیهانە بێت، تەنها لە ڕەکیزەی ئەساسی و سەرچاوەی کۆتایی مادەوە وەردەگرێت ( سروشت یان مرۆڤ یان مێژوو)کە ئەمە سەرچاوەی کۆتای مادەی پێکهێنەری ڕەهای ئەم نموزەجەیە واتا(عەلمانیەتی ڕەها )، ئەم ڕەهایەتییەش بە چەند ناوێکەوە بەکارهێنراوە و بەچەند شێوەیەك دەرکەوتوە، نمونە (دەستی شاراوە و ئامرازەکانی بازاڕ لای ئادەم سمس، هۆیەکانی بەرهەم هێنان لای مارکس، جنس لای فرۆید، ڕۆحی ڕەها لای هیگل، یاسای مانەوە لای داروین، وێرانکاریەکانی پیاوی سپی لە شێوەکانی ئیستعماری خۆرئاوایدا، ڕۆحی مێژوو لای هیگلێ) وەك هەموو ئەو تێگەیشتنە زۆر و هەمەچەشن و سادانەی دی لەسەر مەفهومی سروشت/مادده .(١٣)
عەلمانیەت بە گشت جۆرەکانیانەوە تەعبیر لە یەك سیستەم وتێگەیشتن بۆ ژیان دەکەنەوە، ئەمە لەگەڵ بوونی هەندێك جیاوازی چۆنایەتی، وەلێ سەرجەمیان لە بەرامبەر ئایندا هەڵوێستی دژیان هەیە و تەبانین لەگەڵی، بەلاّم عەلمانیەتی بەشەکی (جزئی) گەرچی باوەڕی بە ئاین و غەیبیانیەت و پاشەڕۆژ نیە، ڕێگا دەدات بەوەی کە ئایندارانی پێڕەوی بە شێکی کەمی ئاینەکە یان بکەن کە ئەویش خۆی لە ڕەسم و سروتەکانی وەك(نوێژوو ڕۆژو حەج )دا دەبینێتەوە، لە هەمانکات بە مەرجی ئەوەی کە بەبێ دەنگی و تەنها لەنێوپەرستگاکاندا مومارەسەبکرێن .

## سەرچاوەکانی فیکری عەلمانیەت :

فیکری عەلمانیەت لە مادە(سروشت)ەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو واتایەی کە بوون لە مادە پێکهاتووە و مرۆڤ هەر لە مادە جودابۆتەوە، بەڵکو مادە بەسەرچاوەی ژیان دەزانێت و بەس، پێی وایە ژیانی مرۆڤ تەنها ئەم ژیانەیە و بەمردنیشی کۆتای یەکجاری پێدێت، ئیدی زیندووبونەوەیەکی دیکەی بەدوادا نایەت .
ئەو سەرچاوەیەی کە عەلمانیەت ئیلهامی لێ وەردەگرێت بریتیە لە:(وحدة الوجود الروحیة و المادیة): واتای ئەم گوتەیەش ئەوەیە کە ناوەندی گەردوون (یەك بنەمایە) و تەواویشە لە خۆیدا، کە دوودارشتنی جیاواز دەرکەوتووە، بەڵام هەردووکیان لە واقیع دا یەك فەرمانی داڕێژراوە لەگەڵ جیاوازی ناونانیان جیادەکرێنەوە بۆ هەریەکە لە :
١-منظومة الحلولیة الکمونیة الروحیة ( وحدة الوجود الروحیة ): ناودەبرێت بە بنەمای تاکانە (لااله –هیچ خودایەك )، بەلاّم پێی وایە کە خودا لە نێو دروستکراوەکانیدایە و ئاوێتەیان بووە و یەکی گرتووە لەگەڵیان و لە نێویاندا تواوەتەوە بە هێجگاری،

١٢–العلمانیة جزئیة والعلمانیة شاملة ،د. عبدالوهاب المسیری. ل ٤٧٢
١٣–العلمانیة جزئیة والعلمانیة شاملة ،د. عبدالوهاب المسیری. – ل٤٧٢

بۆچونی وایە کە وجود لەگەڵی ناڕوات و بەبێ ئەویش ڕێناکات (حلولیە شحوب الالە)، واتا خوداکە هەربەناوە، بەڵام ئەوە سروشتە، واتا ماددەیە، هیگڵ ئەو داڕشتنەی بۆ کردووە لە (الروح مگلق)یان (روح التاریخ)دا، دەست پێدەکات وەك ئەوەی قسەبکات دەربارەی فەرمانی ڕۆحێکی نمونەی، بەڵام لە ڕاستیدا فەرمانەکە دەربارەی ڕەگەزە بەرجەستەکانی مادده دەدوێت......

٢- منظومة حلولية الكمونية المادية ( وحدة وجود المادية ): بە تەواوی دەوڵەمەندە بە هەر زمانێکی ڕۆحی یان نمونەی، ناودەبرێت بە بنەمای تاکانەی (قوانين الطبيعة)یان (القوانين العلمية )یان(القوانين المادية)یان (قانون الحركة ) لەبەر ئەوە ئێمە ناومان نا بە (حلولية بدون الة)، پێکهاتەی ئەو یاسایانەشی گشتگیرە و دەتوانێت تەفسیری تێکڕای دیاردەکان و لەنێویشیاندا دیاردەی ئینسانی بکات، لەگەڵ بوونی جیاوازی ڕواڵەتی لە نێوان (الوحودة الوجود الروحية و وحدة والوجود المادية ) هەردووکیان یەك شتن و ناودەنرێت بە (وحدة الوجود)، ئیدی جیاوازیەکان کۆتایی پێدێ و گوزەرەکات بە ئاڕاستەی ( وحدة الوجود المادية ) ئەمەش لە خۆیدا عەلمانیەتی گشتگیرە .(١٤)

نمونەی (الحلولية و الكمونية) دوو ڕەگەزن، یان بنەمای سەرەکی دەربارەی بابەتی (الحلول والكمون والاطلاق) دوانن، یەکیان مرۆڤە کە بۆ خۆی مەرجەعی خۆیەتی، پێوەرەکانی لە خودی خۆیدا دێتە بوون، بنەمای دووەمیش بریتییە لە سروشت (المادة)کە مەرجەعەکەی لە خودی خۆیدایە و سەرچاوەی تاکانەی پێوەرەکانە ،نمونە :

١-لە نمونەی (الوحدة المادی جعل الطبيعة )مادە سەنتەری گەردوونە، گوایا پێش مرۆ هەبووە، بەم پێیە مرۆڤ بونێکی سەربۆخۆ و جیای لەم جیهان ماددیەدا نیە، بەرەوپێش چوونەکان لەم بوارە لە بەرژەوەندی سروشتی ماددی بوو، کە هەژمورنی ماددەی لێکەوتەوە، هەروەها وەرچەرخانەکان پشتیوانی ڕەوشی نوێیانکرد، بە پێشخستنی مادده و دورخستنەوەی مرۆڤ لە سەنتەرێتی گەردوون، ئیدی ئاشکرابوو بۆ مرۆڤ گوایا یاساکانی عەقڵ، هەمان یاساکانی سروشتە، بەم پێیە خودی مرۆڤ بابەتێکی سروشتیە بۆیە عەقڵی مرۆیی تەجاوزی سروشت ناکات . گوایا سروشت یاخود مادده ئاگایی ڕۆشنبیری و سنوری ڕەوشتی جیهان دیاری دەکات، دواجار ئەمانە دەگۆڕێت بۆ خەیاڵی پەتی و لە چرکە هیومانیەکاندا مرۆڤی تیا لە دایك دەبێت کە بە خەیاڵ سەربەخۆیی لە سروشت یاخود مادده، وەردەگرێت ! واتا مرۆڤ پێوەرەکانی هەر لەو سروشتهوە وەردەگرێت، بەم شێوەیە سەنتەرێتی لە مرۆڤ دەگوازرێتەوە بۆ سروشت و ڕۆڵی مرۆڤ ون دەبێ و مادده و بیرباوەڕی مادی زاڵدەبێت.......

٢-لە نمونەی دووەم دا مرۆڤ سەنتەری گەردوونە و دەیخاتە پێش سروشت\ماددەوە کە توانای ڕەهای هەیە وەك بونەوەرێکی ئاقڵ، چون قودرەتی بەکاربردنی عەقڵی لە شرۆڤەکردنی (سروشت\مادده) و ناسین و دەست بەسەرداگرتن و بەکاربردنی لە بەرژەوەندی خۆی، هەیە . لەگەڵ هێنانە کایەی پێوەری مرۆیی سەربەخۆ و جیا لە یاساکانی سروشت . دەرکەوتنی فەلسەفەی مرۆیی (الهيومانية) و ئاشکرابوونی تێڕوانینی مرۆڤی خۆرئاوایی، بنچینەی سەرەتای پرۆژەی نوێگەرییە، کە دیدگایەکە مرۆڤ تیایدا وەك سەنتەرە بە نسبەت گەردوونەوە.(١٥)

لێرەوە ئەو ڕاستیە دەچەسپێت کە فیکری عەلمانیەت لە دوو سەرچاوەوە ڕێچکەی گرتووە و عەقیدە و باوەڕەکەی لەسەر دوو پایەدامەزراوە کە بریتین لە: ((منظومة الحلولية الكمونية الروحية، (وحدة الوجود الروحية ))، دووەمیشیان (( منظومة الحلولية الكمونية المادية ،

١٤-العلمانيه الجزئيه والعلمانيه الشامله، د. عبدالوهاب المسيرى ــــل٤٦٨

١٥-ــالعلمانيه الجزئيه والعلمانيه الشامله، د.الوهاب المسيرى ــل ٤٧٩-٤٨٠

(وحدة الوجود المادی)) ە، کە یەکەمیان لە سەر شیرکی گەورە دامەزراوە ودووەمیان لە سەر کوفری ڕەها، بونیاتنراوە. لەهەمانکات هەردووکیان لە خورافات وجەهلی فەلسەفەی ئیلحادی ماددییەوە سەرچاوەیانگرتووە. بۆیە عەلمانیەت بە گشت جۆرو شێوەکانییەوە دژی ئاینە، واتا ئاینی حەقیقەت. وەلیٚ هەموو ئاینێکی خورافی و تەحریفکراو، یاخود دروستکراو و دارِێژراوی دەستی مرۆڤ تەبایەتی تەواوەتی لەگەڵ عەلمانیەت دا هەیە بەتایبەتی لەگەڵ عەلمانیەتی بەشەکی دا (جزئی ) ئەمەش وە نەبێت عەلمانیەتی بەشەکی بڕوای بەو ئاینە هەبێت، نەخێر بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە ئاینانە هیچ گرفتێك لە هەمبەر عەلمانیەت و بیرو باوەڕوو ئەجێنداکاندا ناخولقێنێنن، چون ئەو ئاینە دەستکردو خورافیانە لە تەنها کۆمەڵێك ڕەسم وسروتی ناوەڕۆك پوچ دا کورت هەڵاتوون و بگرە لە هەندێك حاڵەتیشدا و لە نائاگایی خۆیاندا کەوتونەتە خزمەتکردن بەو ئایدۆلۆژیایە، هەر بۆیە کاتێك کە عەلمانیەتی بەشەکی دەڵێت دژی ئاین نیم بە واتا یەکی تر دژی ئاینە خورافیەکان نیە کە شەریعەت وجەوهەری خۆیان لەدەست داوەو سەرقاڵبوون بە دروشمبازی و پەرستشی فەردی خۆیانەوە، هیچ کارێکیان بە دەوڵەت و سیاسەت و کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و هونەری ڕۆشنبیری و زانستەوە نیە، سەرجەمی ئەوانەیان بۆ عەلمانیەت وازلێهێناوە .

## هۆکارەکانی دەرکەوتنی عەلمانیەت :

سیٚ هۆکاری سەرەکی ڕۆڵی بنچینەییان بینی لە دەرکەتنی عەلمانیەتدا :

یەکەم : نەمانی متمانە بە کڵێسا وەك سەرچاوەی زانست: زۆرێك لە باوەڕدانی هزری ئازاد لە زانایانی مەسیحی ڕەخنەگری بابەتی، ڕەخنەی فکری کڵێسایان کرد . وەرەخنەکانیشیان لەمانەدا خۆی دەبینیەوە:

*سەرچاوەکانی مەسیحیەت و نوسراوە پیرۆزەکانی: سەرچاوەکانی مەسیحیەت بریتین لە چوار ئینجیلەکە، چواردە نامەکەی پۆلیس، لەگەڵ کارەکانی پێغەمبەر، سێیەمیشیان ناودەبرێت بە پەیمانی نویٚ، لە دوای کۆکردنەوە و پۆلێنکردنیان و پاش پیاچوونەوەی بابەتیانەو بەراوردکردنی ئینجیلەکان، دەرکەوت هەرگیز ئەو ئینجیلانە لە وەحی خوداوە پێکنەهێنراون، لەبەر ئەم هۆیانە :

أ/ نەزانینی ئەو مێژووەی کە ئینجیلەکانی تێدا نوسراوەتەوە .

ب/ نەزانینی ئەو زمانەی کە بۆ یەکەمین جار پیێ نوسراوەتەوە .

ج/ نەناسرانی ئەو کەسانەی کە نوسیویانەتەوە، ئایا ئەوانە یاوەران(حواری)ەکانی عیسابوون ؟ یان کەسانی دی بوون لە ژێر ناوی ئەواندا ؟

د/ نەزانینی ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە وەرگیراوە، ئایا نوسراوی عیسا (علیە سلام )بوو؟ یان ئەو وێنەیە فەوتاوە ؟ یان نوسینەوەی چیرۆکی زارەکییە ؟

* ئەو باوەڕەی کە لای کەنیسە شامل بوو، وە هەوڵی فەرزکردنیشی دەدا بەسەر خەڵکیدا ، نمونەش: خودایەتی عیسا(علیە سلام )، سیانەی پیرۆ و، گوناهی بۆماوەیی .

* نهێنیەکانی کڵێسەو نەریتی پەرستشەکان: لەو ڕازانەش پێکهێنانی خودای سیانەیی و تاکانەیی .

* پێگەی پیاوانی ئاین (الاکلیروس) لە دامەزراوەی کڵێسادا: کە خۆی دەنواند لە مافی بێبەشکردن لە بەزەی خودا و پاککردنەوە لە گوناه، بە ددان پێداهێنان لە پێش پیاوانی ئاینی، وە شامل کردنی باوەڕ لەرێگای پێشخستن و نێوەندگیری نزیکان و پیاوانی ئاینەوە، هەروەها مافی دەرکردنی لە عنەتی خودایی بۆ هەرکەس کە دارای نەدایە بە کڵێسا . جگەلەوەش هیچ کەسێك نەیدەتوانی وەسیەتێك بنوسێت و جێبەجێی بکات بە بیٚ ئامادەبوونی قەشەیەك و بەشدارنەکردنی لە میراتیدا .

* گاڵتەکردنی کڵێسا بە عەقڵی خەڵکی: کە خۆی لە گاڵتەجاڕی فرۆشتنی پسولەی لێبوردن، و پاگەندەی شێوی خودایانەی گۆشت و خوێنی مەسیح، دەبینیەوە.

* ماناکردنی سەیریان بۆ ڕاستی دیاردەکات .

دووەم : گەشەکردنی توێژینەوەی زانستی دژی فیکری کڵێسا: ئەمە یەکێکی دیە لە هۆکارەکان کە تاقیکردنەوەیەکی تر بوو بۆ کڵێسا، توێژینەوەی زانستی ڕاستیە گەردوونیە باڵاکانی هەژاند، ئیدی جانسی ڕاستیبونیان زێدەتر بوو. دەستپێکی ئەم پێشکەوتنە زانستیەش بەدۆزینەوەکانی کۆپەرنیك (نظرية الفلكية-١٥٤٣م)و لە پاشتریش دۆزینەوەکانی گالیلۆ و نیوتن بوو. لە کۆتای سەدەی حەڤدەهەم گریمانەی زانستی دژی کڵێسا گەلاڵە بوو، لە گشت ناوەندەکاندان ڕمێنی پەیداکرد، ئەنجام و ئاراستەکانیشی گرنگی و بایەخی فرەیانی هەبوو، وەك (برتراند ڕاسل) لەم خاڵانەدا پوختەیەکی دیاری کردووە :

* دەبێت بڕیاردان لەسەر ڕاستیەکان لە ڕێگەی تێبینی کردن وتاقیکردنەوەوەبێت، نەك لە سەر گێڕانەوەی دان پێدانەنراو، واتا (دەقی ئاینی ) .

* جیهان نازیندەگییەو بێگیانە —بە خێرای لە خودی خۆیدا کارلێك لەگەڵ خۆی دەکات، ئەم گۆڕانکاریانەش جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ یاساکانی سروشتدایە .

* زەوی سەنتەری گەردوون نییە، وە لە بوونی مرۆڤ ئامانج نییە، بەڵکو خودی مرۆڤ خۆی ئامانجە ئەمەش هاوڕێکە لەگەڵ ئەوەی کە فیکرەی ئامانج، فیکرەیەکە سودی تیا نیە لە ڕووی زانستیەوە .

سێیەم : پەرچە کرداری کڵێسا لە هەمبەر ئەو دۆزینەوە زانستیە نوێیانە گەورەترین هۆکار بوون لە دژایەتی کڵێسا، بەڵام ئەو هەڵانەی کۆتای کە کڵێسا پێی هەستا، وای کرد ئەورووپیەکان هەستێکی سلبیان دەرحەق بە کڵێساو پیاوانی لا دروست بێت، ئەو هەڵانەش بریتی بوون لە:

* هاوپەیمانی کڵێسا لەگەڵ زاڵمان دژی گەل .

* دادگاکانی پشکنین لەگەڵ زیندان و بڕیارەکانی بێبەشکردنی تاك و کۆمەڵ لە بەزەی خودا، کە لەلایەن کڵێساوە دەردەکران، هەروەها گاڵتەجاریەکانی پسولەی لێخۆشبوون .

* قەڵاچۆکردنی کەمینە ئاینەکان، نمونەش وەك برۆتستانتەکان و کاسۆلیکەکان، هەروەها قەڵاچۆکردنی جولەکەکان (١٦).

بەهۆی ئەوەی کە ئینجیل وەك سەرچاوەی ئاینی مەسیحی ڕاستەوخۆ لەزاری پێغەمبەرەکەیەوە وەرنەگیرابوو، وە لەلایەن یاوەرانی عیسا (علیه سلام) نەنوسرابویەوە، ئەمەوای کردبوو کەلەپاش ئەودا خەڵکانی فرە لەقەشە و پیاوانی ئەو ئاینە دەستبدەنە نوسینەوەی ئەو کتێبە، هەڵبەت لەڕێگای گێڕانەوە دەماودەمیەکان کەهیچ بەڵگەیەکی پشت ئەستوریان لەپشتەوە نەبوو، لێرەشەوە ڕێگا خۆشبوو بۆ ئاوێتە بوونی گشت خورافات و ناڕاستی یەك بەدەقە نوسراوەکانی ئەو ئاینە، بەتایبەتیش خۆرافاتەکانی فەلسەفە. بەم شێوەیە شومارێکی زۆر لەئینجیل نوسرانەوە کەلەگەڵ یەکدی جیاوازبوون لەڕووی ناوەڕۆکەوە،

---

١٦-التيارات العلمانى الحديث وموقفه منة تفسير القران الكريم عرض ونقد، حسن محمد بهي الدين الشافيعى -ل٤٨-٤٩-٥٠-٥١ .

هەروەك پێچەوانەی واقیعی ژیانی مرۆڤ و ڕاستیە گەردونیەکانیش بوون، ژمارەی ئەو ئینجیلە نوسراوانە بەپێی ئەوەی کەلەسەرچاوەکاندا هاتووە خۆی دەدات لە(١٤٠) ئینجیل هەروەك هەندێك سەرچاوەی دی بە(٣٦٠) ئینجیل هەژماریان کردوون .

هاوکات خودی کڵێساو پیاوانی یەکێکی دی بوون لەهۆیە سەرەکیەکانی دارِمانی ئاینی مەسیحیەت ئەمەش بەهۆی گشت ئەو خورافاتانەی کەبەناوی ئاینی مەسیحیەت و پێغەمبەرعیسا(علیه سلام) ەوە ئەنجامیان دەدا، لەوانە لێخۆش بوون لە خەڵك یان سزادانی لەبری خودا، فرۆشتنی پسوڵەی چوون بۆ بەهەشت، ئەمە جگە لەدەست بەسەردا گرتنی سەروەت و سامانی خەڵك و دژایەتی زانست و زانایانیش هۆیەکی دیکەی کاریگەربوون لەدارِمانی ئەو ئاینەدا . چوون لەسەدەکانی پازدە بۆ شازدە دۆزینەوە زانستیەکان وەدەرکەوتبوون بەتایبەتی لەبواری گەردوونی دا کەئەو ڕاستیە زانستیانە بەپێچەوانەی گێرانەوە دروستکراوەکانی نێو ئینجیل بوون، ئەمە ئەو تێگەیشتنەی لەهزری زانایان و زۆرێك لەخەڵکانی ئەوروپی دا گەلاڵە کرد کەئاین واتا خورافەو ئەفسانەو نەزانی . دواجار ئەم تێگەیشتنەی خۆیان کە لە هەڵوێستیان لەهەمبەر مەسیحیەتەوە سەرچاوەی گرتبوو، گشتاندیان بەسەر تێکڕای ئاینەکانی دیکەی جیهاندا، بەبێ هیچ هەڵاواردنێك لەنێوان ئاینی وەحی خودایی و ئاینە خورافی و دروستکراوەکانی دیکەدا . هەموو ئەمانەش پێکەوە یاریدەدەربوون لەدەرکەوتن و گەلاڵەبوونی فیکر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیای عەلمانیدا .

گەلانی ئەوروپی لەوە تێگەیشتبوون کەئیدی ژیان لەژێرسایەی دەسەلاَت و سیستمێکی ئاینی وەها، دژوارە و ڕێگا چارەش تەنها خۆرزگارکردنە لێی و هێنانە ئارای نەزمێکی دیکەی نوێیە بۆ ژیانیان، ئائەمە سەرەتای پێکدادانە گەورەکە بوو، واتا دەستپێکی جەنگی زانست لەگەڵ کڵێسا و پیاوانی ئایینی و دواجار دارِمانی مەسیحیەت لەبەرامبەر زانست، لەهەمانکات هەژموونکردنی عەلمانیەت بەسەر ئەوروپادا، لەم کارەش دا عەلمانیەت پشتی بەزانست بەست وەك ئامرازێك بۆ ڕەواج دان بەبیروباوەڕ و تێگەیشتنە فەلسەفیەکانی خۆی، واتا عەلمانیەت هەوڵی دا کەزانست وەك بەشێك لەبوون و پێکهاتەی فیکری و ئایدۆلۆژی خۆی بەخەڵکی بناسێنێت هەروەك لەزۆرێك لەولاَتانی جیهان و لای شومارێك لەو گەل و نەتەوانە کەباسی عەلمانیەتیان بۆ دەکرێت، پێیان وایە کەباسی زانست و زانیاری و تەکنەلۆژیایان بۆ دەکەیت ، یاخود عەلمانیەت بەم داهێنراوە زانستیانەی لەبابەت ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و شەمەندەفەر و پاپۆڕ و هەروەها کۆمپیوتەر و سەتەلایت و مۆبایل و ئەو بینا و باڵەخانەو شەقام و پارك و........هتد، تێدەگەن و جیاوازی ناکەن لەوەی کەعەلمانیەت ڕێبازێکی فەلسەفی مادی ئیلحادیە و زانستیش بەرهەمی عەقڵی گشت مرۆڤایەتی و توێژینەوە زانستیەکانی زانایانە .

## کڵێسا و عەلمانیەت و هەڵوێستیان لەمەڕ زانست :

زانست (العلم ): ئەم تێڕوانینە دەکۆشێت بۆ پێکهێنانی تێگەیشتنێك لە سەر جیهان کە بە شێوەیەکی تەواوەتی لە زانیارییەکانی زانستەوە سەرچاوەی گرتبێت، ناساندنی زانست وەك تێگەیشتنی ئەزموونگەری یان لە چوارچێوەی زانستی مرۆڤیدا، لە زانستی ئەزموونگەرییەوە وەرگیراوە لەسەر هەندێك لایەنی گەردوونی، کە دەبزوێت و جێبەجێدەکرێت بەهۆی تاقیکردنەوەوە، بەبایەخ پێدان ووردەکاری دیاری کردن و ڕۆچوون بە نێوبەش و بێجگە لەویش، هەڵبەت لەنێو بازنەیەکی دیاری کراوی داخراودا، بەم پێیەش دەبێت لە درێژەی تاقیکردنەوەکەدا بگات بە خاڵێك، لێرەوە شێوەی

گەردوون و جیهان لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر  دەگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی گریمانەو چوارچێوەی تاقیکاری  لە زاست دا گۆڕاوەو بەردەوام پابەند نیە بەیەك نرخی دیاری کراوەوە .(١٧)

زانست (العلم): لە پێناسەو ناوەڕۆکی خۆیەوە بریتیە لە کۆمەڵێك گریمانە، کە بەئەزمونکردنیان دەگۆڕێن بۆ یاسایەك کە شیاوی ئەوەن بگۆڕدرێن بە بەردەوامی، وە هیچ شتێك لە زانستدا جێگیر نیە، هەروەها کۆمەڵێك هەوڵە بۆ پاسادانی دیاردەکات بە هۆکاری مادی دوور لە دەستەڵاتی خودا .(١٨)

وەك لە ناساندنەکانیەوە دەردەکەوێت ، زانست توێژینەوەو کۆڵێنکاری زانایانە لەسەر بوونە بەرجەستە و مادییەکانی گەردوون، ئەنجامەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستیش کۆتا ئەنجام نابێت بەڵکو دەکرێت لە داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەردابێت، وەلێ ئاین لە کۆمەڵێك دەقی چەسپاوی نەگۆڕ پێك هاتوە کە ناکرێت گۆڕانیان بەسەردا بێهێنرێت، ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەك لە ئاین و دەستێوەردان لە دەقەکانی و زیادو کەم لێکردنیان، دەبێتە هۆی شێواندنی ڕاستیەکان و دژبوونەوەی نێوەڕۆکی ئاین لە هەمبەر واقیعی ژیان، هەروەك ئەم هەڵە کوشندەیەش لە ئاینی مەسیحیەت و لە نێو ئینجیلدا ڕووی دا، کەلە دواجاردا شێواندنی ئایینەکەی لێکەوتەوەو بووە هۆی تێکگیرانی لەگەڵ ڕەوتی ژیان و دژوەستاندنەوەی لەبەرابەر عەقڵ و زانستدا، بەلاّم ئایینی حەقیقی واتا ئاینی پێکهاتوو لە سروشی خودایی هیچ دژبوونەوەیەکی لە هەمبەر گەردوون و مرۆڤ و زانستدا نییە، چون ئایینی سروش (وحی) گوفتاری خودایە، گەردوونیش کرداری خودایە، هەربۆیە هیچ ناتەبایی و ناچونیەکییەك لە نێوان گوفتاری خوداو کردارەکانیدا نییە، ئەمە ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێت کە قورئان یان ئایینی ئیسلام دژی عەقڵ و زانست نییە، بەڵکو بۆ خۆی بونیاتنەری ژیار و شارستانیەت و هاندەری زانست خوازییە، بۆیەش ناکرێت و شیاو نییە ئەوەی عەلمانیەکانی خۆرئاوا لەهەمبەر مەسیحیەتدا ئەنجامیاندا، عەلمانیەکانی خۆرهەلاّتیش بە هەمان شکڵ و بەتەقلیدکرنەوەی گوفتارو کرداری ئەوان دەرهەق بە ئاینی ئیسلام پیادەی بکەنەوە . چوون ئیسلام سەرچاوەکەی سروشتی خوداییە و یەك پەرتووکیشی هەیە، هەروەك ئاشکرایە کە خاوەنی کلێساو پیاوی ئاینیش، نییە .

## کلێساو هەڵوێستی لە هەمبەر زانست :

سەرەتاکانی سەدەی پازدە و شازدە بەرەبەرەی دەرکەوتنی زانست و دۆزینەوە زانستیەکان بوو، زۆرینەوەی ئەو دۆزینەوە زانستیانەش لەلایەن پیاوانی ئایینی سەر بەکلێسا ئەنجامدەدران،  یەك لەو زانایانە :

**نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٣ز):** پیاوێکی ئایینی پۆڵەندی بوو، هەروەك لە پێشەنگەکانی پیاوانی کلێسابوو، پاش گەڕانێکی بە نێو ئیتالیا دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانەکەی . لەگەڵ ئەوەی کە ڕاهیب بووە لە هەمانکات لە بواری زانستیشدا مامۆستای بیرکاری بووە ئا لەو کاتەی لە ڕۆما بوو، لە کاتە فەراغەکانیدا سەرقاڵی گەردوون دەبوو، لە چوارچێوەی پێشبینیە گەردوونی و توێژینەوەکانیدا، دەگات  بە ئەنجام گەلێك کە کۆی کردنەوە لە پەرتووکی (ألانف الذکر)،

١٧-قضایااسلامیة معاصرة من العلم العلماني الی العلم الدیني مهدی طلثني -ل١٣-١٤ .

١٨-سقوط العلمانیة -انور الجندی -ل٤٦ .

وە دووبارە زانستی گەردوونی دامەزراندەوە، پوختەی گریمانەکەشی دەڵێت: زەوی جوڵەیەکی دوو سەرەی هەیە، خولێکی ڕۆژانەی بە دەوری خۆیدا، خولێکی ساڵانەشی بە دەوری خۆردا، هەروەها مانگ بەدەوری زەویدا خولدەخوات، زەوی و مانگ و سەرجەمی هەسارەکانی دی بەدەوری خۆردا خولدەخۆن، لەگەڵ سەلماندنی خڕی زەوی کە هەروەك مانگ و ئەوانی دی لە ئاسمان دەبینرێت، وە بەدرێژی لە نێو ئەم گریمانەیەدا توانرا تەفسیری گشت دیاردە گەردوونییەکان بکرێت ، هەروەها دەبێژێت خولانەوە بە دەوری خۆردا لە بازنەیەکی داخراودایە، بە گوێرەی باوەڕی فەلسەفی یۆنانی بەو پێیەی کە بازنە تەواوترین شێوەی ئەندازەییە (والله سبحانه لایخلق الا الافضل).(١٩)

دۆزینەوەکانی کۆپەرنیك مایەی خۆشحاڵی کڵێسا نەبوو چوون ئەو تیۆریا نوێیە، ڕێك پێچەوانەی لێکدانەوە گەردوونیەکانی ئینجیل بوون، تیۆرە گەردوونییەکەی ئینجیل لە سروش یان ( وەحی ) خودابییەوە وەرنەگیرابوو، بەڵکو لە لێکدانەوەکانی فەلسەفەی دێرینی یۆنانەوە وەرگیرابوو، لە نێو ئینجیلدا وەك دەقێکی خودای جێگیر کرابوو، هەرواش لەلایەن پیاوانی ئەو ئاینەو پیڕەوانی مەسیحیەوە لێی دەڕوانرا، بۆیە کاتێك کتێبەکەی کۆ پەرنیك بڵاوکرایەوە لەلایەن پیاوانی کڵێساوە وەکو کوفرێك لە تیۆرەکەیان ڕوانی، کتێبەکەشیان یاغ کرد، وەلێ کۆپەرنیك لەلایەن کڵێساو پیاوانی ئایینیەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە نەکرایەوە، چون ساڵێك بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی کۆچی دوای کردبوو . هەروەها جۆدانۆبرۆنۆ (١٥٤٨-١٦٠٠ز)ی ئیتاڵی کە فەلسەفەی بەرزی سەردەمی هەستانەوەی گێرایەوە، دەچێتە پەرستگایەك لە دۆمەنیکا و پاش لابردنی بەرگی ڕاهیبی و نانەوەی کێشە بۆ کڵێسا، وە دوای تاوانکردن و ڕاگەیاندنی تەوبەی، هەڵدێت، بە هاتوچۆکردن لە نێوان هەرێمەکانی ئەورووپا و خۆ شارەزاکردن لە زانستەکانی گەردووناسی و فەلسەفەی ئەرستۆ سەرقاڵ دەبێت، ئیدی هەڵدەگەڕێتەوە لە فەلسەفەی ئەرستۆ و دەکەوێتە داکۆکی کردن لە خولگەی نوێ و ئازادی فیکر، زیاتر لە حەوت ساڵ زیندانی دەکرێت، تاوانباردەکرێت بە هەشت تاوان لەوانەش سوکایەتی کردن بە جەستەی مەسیح و قوربانی پیرۆز، پاپا بڕیاری دەرکرد و داوای لێکرد کە نکوڵی لەو بابەتانە بکات کە پێچەوانەن لەگەڵ عەقیدەی بڕیاردراو، بێجگە لە بابەتی پەیوەندار بە تیۆری کۆپەرنیك، (برۆنۆ)ش ڕەتی دەکاتەوە، بۆیە حکوم دەدرێت وەك تاوانبار و تەسلیمی دەسەڵاتی مەدەنی دەکرێت، (بۆ ئەوەی بە نەرمی سزابدرێت بە بێ ڕژاندنی خوێنی)، پاش هەفتەیەك بە سوتاندنی لە نێوبرا.(٢٠)

لەنێوبردنی جۆردانۆ بەهۆی ڕەتکردنەوەی خورافاتەکانی کڵێسا و پشتگیری کردنی تیۆرەکەی کۆپەرنیکەوە بوو، لەو دەمانەدا کڵێسا جگە لە داپلۆساندنی نەیارانی بیرو بۆچونەکانی ڕێگا چارەیەکی دیکەی لە پێش دا نەمابوو، هەروەك باوەڕەکانیشی توانای موقنیع کردنی جەماوەرەکەی لەدەست دابوو .

**گالیلۆ**، یەکێکی دیە لەو زانایانەی کە هەمان ڕێچکەی کۆپەرنیك و جۆردانۆی گرتەبەرو کەوتە لێکۆڵینەوەی گەردوونی، ئەوەی کە کۆپەرنیك ئاشکرای کردبوو وە جۆردانۆش داکۆکی لێدەکرد، گالیلۆ بەهۆی تەلیسکۆبەکەی خۆیەوە وەك حەقیقەتێکی زانستی چەسپاندی .... بەکارهێنانی تەلیسکۆب لە لایەن گالیلۆوە کاریگەری لە سەر ئەو هەبوو، هەواڵی بەکاربردنی تەلیسکۆبەکە گەیشتەوە گوێی مامۆستاکانی لە بادۆ (زانکۆی بادۆ)، گالیلۆ بڕیاری دابوو دانەیەك دروست بکات بۆ خۆی،

---

١٩–تاثير النظريات العلمية الحديثة مسيرة الفكرية وأسلوب الفكر التغريبي العربي في التعامل معهادرا–سة نقدية –د.حسن بن محمد الاسمري.ل١١٩–١٢٠.

٢٠–هەمان سەرچاوەی پێشوو –ل١٢٢ .

ڕووی بکاتە ئاسمان (لەشەوانێکی کەمی سەرەتادا بەوەی کە بینی بووی لە ئاسمان، هەڵەی هەموو وێنەکانی ئەرستۆی دەربارەی ئاسمان بە دڵسۆزی بەیان کرد، بەڵام مانگ لە پێش چاوی گۆڕدرا وەك گۆیەکی تەواو کەپڕە لە دەریا و چیا)، زۆرینەی ئەو دیمەنانەش (وێنەیەکی بچوکراوی سیستمی کۆپەرنیك بوو کەدەکرا لەلایەن هەرکەسێك بەکرداری ببینرێت بەهۆی بەکارهێنانی تەلسکۆبەوە)......

(گالیلۆ )هەموو ئەوەی کە بینی بووی لەگەڵ ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی تایبەت لە پەرتووکی (رسول من النجوم )ەوە، کە ناونیشانی پەرتوکەکە خۆی لەخۆیدا دەرچوون بوو لە گرفتێك کە لەو زەمەنەدا هەبوو، ئاماژەیەك بوو بۆ لایەنە ناکۆکەکان بەوەی کە ئەوەی ئێوە لەسەری ناکۆك بوون، تێپەڕیوون لێی و دڵنیا بوون لەسەری، بەڵێنیشی پێدان بە هەواڵی دروست، ئەم ڕاستیانەش ڕەتنەکراونەوە لە لایەن ئەو کەسانەی کە هەوڵی چون بۆ بۆشایی دەدەن لەم سەردەمەدا، ئەوانەی نزیك بونەتەوە لە بۆشایی بۆ بینینی هەندێك لەوەی کەلە پێشتردا نەبینرابوو، توشی سەرسوڕمان هاتن لەو دیمەن و تێبنیە زەوەندانەی ئەو کەسانە، ئا لەوێداو بە شێوەیەکی یەکجاری ڕایانگەیاند کە پشتگیری تیۆرەکەی کۆپەرنیك دەکەن.(٢١)
پاش سەلماندنە ڕاستەکەی گالیلۆ، کلێسا بە هێجگاری نێوانی لەگەڵ زانست و زانایان تێکچو، گەر تا دوێنێ کۆپەرنیك بە پێشبینییەك دەقێکی ئینجیلی دەخستە ژێر گومان و پرسیارەوە، ئەوا لەم ڕۆیاو بە بەڵگەی زانستی بێچەندو چون پوچ دەکرێتەوە و بۆ خەڵکی دەسەلمێندرێت، لە هەمان کات چاوی تەلیسکۆب ڕاستەوخۆ پیشانی دەدات، وە ئەگەر لە ڕابردودا پیاوانی کلێسا توانیبێتیان بەرگریەکی کەموکورت لە بنەماکانی ئاینەکەیان بکەن، ئەوا لە حاڵی ئێستادا جگە لە زەبرو زەنگ چیدی کەیان لە دەست نەماوەتەوە. بەم هۆیەوە کەوتنە گوشار خستنە سەر گالیلۆ، تا پاشەگەزی بکەنەوە لە داکۆکی کردن لە ڕاستی سەلمێنراوە زانستیەکەی، یاخود لە بایەخی بەڵگە زانستیەکانی کەم بکاتەوە، وەیان بە تەئویلات تیۆرەکەی لەگەڵ باوەڕی ڕەسمی کلێسا بگونجێت هەروەك لە پاشتراو لە لایەن دادگای پشکنینەوە و لەساڵی (١٦٣٣ز)، بڕیار درا بە زیندانی کردنی گالیلۆ، بەڵام لە دواجار نەرمی بەرامبەر نوێنراو حوکمەکەشی لەلایەن پایاوە گۆڕدرا بە هێشتنەوەی ناچاری لە ژێر چاودێریدا .
سزادانی گالیلۆ بەو هۆیەوە بوو کە گوتبووی خۆر چەقی گەردوونە و زەوی و باقی هەسارەکانی دی بەدەوریدا خول دەخۆن کە ئەم ڕاست پێچەوانەی باوەڕی کلێسابوو، بەپێی باوەڕی ڕەسمی کلێسا زەوی چەقی گەردوونە و خۆر و مانگ و گشت هەسارەکانی دی بەدەوریدا خول دەدەن. لەو دەمانەدا، واتا لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە ئەوروپا، بیرو باوەڕی هەرکەس پێچەوانەی ئەمەبایە، ئەوا لەلایەن کلێساو دادگاکانی بشکینەوە ڕووبەڕووی سزای مەرگ دەبوویەوە .
لە بەرامبەر ستەم و جەهلی کلێساو پیاوانی بەرەیەکی نوێ ڕووەو گەلاڵەبوون دەچوو، ئەوانە نەیارانی ئاینی مەسیحیەت و دەستەلاتی پایەوی بوون، بەوهۆیەوە کە زانست دژ بە کلێسا و ئایینی مەسیحیەت وەستابوو، واتا لەگەڵ بنەما دروستکراوەکانی ئەو ئاینەدا تێکگیرابوو، لە هەمان کات دەبوە هۆی هێدی هێدی دارمانی حەقیقەتی، نەیارانی کلێسا کەوتنە داکۆکی کردن لێی و بەسەختی پشتی زانست و زانایانیان گرت، ئەمە جگە لە وەی کە دۆزینەوە زانستی و تیۆریاکانی ئەوانیان بە کاربرد بۆ خزمەتی فکرو باوەڕ و ئایدۆلۆژیای خۆیان، هەروەك لە پاشتریشدا ئەم ڕەوتە بە عەلمانیەت ناسرا .

---

٢١–تاثير النظريات العلمية الحديثة مسيرة الفكرية وأسلوب الفكر التغريبى العربي في التعامل معهادرا–سة نقدية –د.حسن بن محمد الاسمرى.ل١٣٢ .

## عەلمانیەت و هەڵوێستی لە هەمبەر زانست :

(عەلمانیەت) ئەو وەرگێڕدراوە عەرەبیەیە کە بۆ وشەی ( secularite - secularism )ی زوبانە ئەوروپیەکان کراوە، ئەم وەرگێردرانەش چەواشەکارانەیە، بۆ ئەوەی هاوپێوەندی بکەنەوە بەزانست (علم)ەوە، کەلە زووبانە ئەسڵیەکەیدا پەیوەندی بە زانستەوە نییە، بەڵکو لەو زووبانانەدا مەبەست لێی بونیاتنانی ژیانێکی دوور لە ئاینە، یاخود جوداکردنەوەی تەواوەتیە لەنێوان ئاین و ژیان دا.(٢٢) ئەم وشەیە هێجگار نزیکە لە وشەی زانست، چ لە زووبانە ئەوروپیەکان و چ لە زووبانی عەرەبیشدا. لە حاڵێکدا واتا و مەبەستەکانیان تەواو لێکجیاوازن .

( العلم ) یان ( science ) واتا: زانستی تاقیگەری کە دامەزراوە لەسەر پرۆگرامی ئەزمونگەری، هیچ شتێك یان بڕیارێك پەسەند ناکات هەتا دوای تاقیکردنەوەو دەرکەوتنی ئەنجامەکەی، ئەمە دەخرێتە پاڵ زانست ( scientism ) نەك عەلمانیەت . عەلمانیەت ڕێبازێکی فەلسەفی بونیاتنراوە لەلایەن ڕەوتی ئیلحادییەوە، کە مەبەستیان داڕماندنی حوکمی ئاین و دوورخستنەوەیەتی لەگشت کایەکانی چالاکی ژیانی مرۆڤ، زانستیش یەك لە کاروچالاکیەکانی مرۆڤە.(_٢٣)

عەلمانیەت و عەلمانیەکان لە ئەوروپا، پاساو و بیانوی فرەیان وەگیرکەوت لەسەر ئاین، واتا ئاینی مەسیحیەت، تا بەو هۆیەوە و بە ئاشکرا جەنگە فراوان و گشتگیرەکەی خۆیان دەرحەق بەو ئاینە ڕابگەیەنن و بکەونە داڕماندنی سەرلەبەری ڕەکیزەکانی، یەك لەو هۆیانەش دژایەتی ڕەهای کڵێساو پیاوانی ئایینی بوو لە بەرامبەر زانست و زانایاندا . مێژووی کڵێسا لەگەڵ زانست و هزر و ئازادیدا، مێژوویەکی ترسناکە، کڵێسا لەگەڵ جەهلدا وەستابوویەوە دژ بە زانست، لەگەڵ پاشا و دەرەبەگەکان دژ بەگەل، هەتا گەل شۆڕشیان لە دژی بەرپاکرد، خۆیان لە فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی پیاوانی ڕزگارکردن، کەئەمەش بەواتای دابڕینی بوو لەدەوڵەت، هەروەك بردنەوەی گەل بوو دژ بەجەلادەکانی .(٢٤)

عەلمانیەکان پێشەنگی ئەو کەسانەو باقی گەلیش بوون کە بانگەشەی داڕمانی دەستەلاتی پاپا و پیاوانی ئایینی و کڵێسان دەکرد، هەروەك ڕاشکاوانە بانگەشەیان دەکرد بۆ لێکجوداکردنەوەی ئاین دەوڵەت . وەلێ عەلمانیەکان سەرجەمی ئەو مەرامانەیان لەژێر ناوی ئازادی گەل و بەرقەرارکردنی دادگەری و وەدیهێنانی ڕەفاهیەت، بەیاندەکرد و کاریان لەپێناودا دەکرد، هەروەك عەلمانیەتیشیان وەك تاکە بەدیل و جێگرەوەی ئاین وسیستمی ئاینی پێشنیار دەکرد و سەرنجی چین و توێژەکانی گەلیان بۆ ڕادەکێشان . هاوکات زانایان جگە لە چونە پاڵ بەرەی عەلمانی ڕێگەچارەیەکی دییان نەبوو، چوون گەر لەگەڵ کڵێساو پیاوانی ئایینی بوونایەو لای ئەوان بمانایەنەوە، ئەوا دەبوو دەستبەرداری زانست و زانیاری و دۆزینەوەکانیان ببونایە و ئەو ڕاستیانەیان حەشار بدایە، لەهەمانکات داکۆکیان لەگشت خورافاتەکانی کڵێسا بکردایە، بۆیە عەلمانیەت و ڕەوتی عەلمانیەکان سەرجەمی زانایانیان گرتەخۆ و تەواوی دۆزینەوە و تیۆریا و بیردۆزەکانیشیان بەکاربردن،

---

٢٢-المزاهب الفكرى المعاصر -محمد قطب ابراهيم -ل ١ .

٢٣-العلمانية جزورها وأصولها -د.محمد على البارى -ل٢٩٢ .

٢٤-الاسلام والعلمانية وجهالوجه -د.يونس القضاوى ل٥٠-٥١ .

لەلایەك بۆ داڕوخاندنی ئاینی مەسیحیەت و عەقیدەکەی، لەلایەکی دیش بۆ ڕەواجدان بە عەلمانیەت و هەروەها بەکاربردنی بۆ خزمەتکردنی مەرامەکانیان، بەم هۆیەوە عەلمانییەکان خۆیان وەك پێشکەوتنخواز دەناساند و عەلمانیەتیشیان وەك زانست خوازی بۆ خەڵکی شرۆڤە دەکرد . عەلمانیەکانی ڕۆژهەڵات لەمەیاندا تەقلیدی خورئاوایان کردەوە و عەلمانیەتیان وەك زانست بۆ گەلانی ڕۆژهەلاتی بەیان دەکرد .

## دەقی ئایین و گریمانەی عەلمانیەت لەهەمبەری واقیعدا :

لەگەڵ پووچکردنەوەی دەقی گەردوونی ئینجیل و دارمانی حەقیقەتی بنەماسەرەکییەکانی ئەو ئاینە، ڕەوتی عەلمانی ئەو ڕەوایەتیەیان بە خۆیان بەخشی کە باقی دەق و بنەماکانی دیکەی ئاینی مەسیحییەت هەڵوەشێننەوە و لەبری ئەوانە، بیردۆز و گریمانەیان بۆ لێکدانەوەی گەردوون و چۆنیەتی خوڵقاندنی بوون و ژیان و سەرهەڵدانی مرۆڤ و کۆتا چارەنوسی، دارشت وەك ڕاستیەکی تەواوەتیش لێیان دەڕوانیین و پاشتری بەکاریانبردن لە دووبارە دارشتنەوە و پێکهێنانەوەی پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندنی سەرجەمی قۆناغ و ئاستەکانی ناوەندە زانستیەکان . هەر لەو دەمانەدا بوو کە دوونەیاری فیکری دەرکەوتبوون، کە ڕەوتێکیان عەقڵی کردبووە بنەمای بۆچونەکانی، ڕەوتی دووەمیش تەرکیزی لە تاقیکردنەوەی زانستی دەکرد . بەلاّم بە ئاشکراکردنی تیۆریای هێزی کێشکردنی گەردوونی لەلایەن ئیسحاق نیوتنەوە، تەیاری عەقلانی کەلەو دەمانەداو لەلایەن دیکارتەوە ڕابەرایەتی دەکرا، شکستی هێنا .

کاتێك نیوتن بیردۆزەکەی خۆی دەربارەی هێزی کێشکردن پێشکەش کرد لە کاتێکدا و لەو دەمانەدا بیردۆزێکی ڕاڤەکراوی دی هەبوو، کەئەوروپا پشتیان پێبەستبوو، بەتیۆری (دوامات دیکارت ) ناسراوە، کورتەکە: بریتیە لە بیرۆکەیەك کە هەموو تەنێك وەك قەڵغانێکی بازنەیی دەخشێت بە تەنێکی دیکەدا، هەموو جیهانیش بەهەمان ئەو شێوەیەیەو کاتێك کە دەجولێ ئەوە جولەی ئەو لێکخشاندنەیە، هەر دانەیەك لەوان کاریگەری دەبێت لەسەر بزواندنی بەردەوامی ئەوی دیکە، کاتێك نیوتن بیرۆکەکەی لەسەر کێشکردن کە دژی (دوامات دیکارت )بوو، خستەڕوو بەئاسانی قبوڵنەکرا، زەمانێکی زۆر لە ململانێدا بوو لەگەڵ بیردۆزەکەی دیکارتدا تا لەدوایدا توانی ببێت بە زانستێکی نوێ دەربارەی فەلەك و فیزیاو گەردوون و خۆی بنوێنێت .(٢٥)

بەدەرکەوتنی بردۆزی هێزی کێشکردن کە لەسەر بنەمای زانست گەلاڵەکرابوو، ڕەوتی عەقلانی شکستی خواردو لایەنی زاڵبووش بزاڤی تاقیکاری زانستی بوو، کەپێداگریان لەسەر تاقیکردنەوەی گشت دیاردە و دەرکەوتەیەك دەرکرد . لێرەوە بزاڤی عەلمانی بەهێجگاری بایاندایەوە سەر زانست و تاقیگەی زانیستیان کردە پێوەری چەسپاندنی هەر بیرو بۆچوون و ڕاستیەك . لەوە بەدوا کڵێسا کە تا ئەو دەمانە سەرچاوەی زانست و بەرپاکردنی حەقیقەتەکان بوو، متمانەی خۆی لەدەست دا، پێگەی عەقڵ هەژێنرا و ڕۆژگاری درەوشانەوەی زانست دەستی پێکرد، تاقیگەی زانست بووە سەرچاوەیەکی ئیلهام بەخشی گشت ڕاستیەکان لە ئەورووپا، واتا ئەوەی زانست پشت ڕاستی کردبایەوە، لەلای خەڵکی دەبووە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر، هەرچیش ئەو نکۆڵی کردبایە، لای کۆمەڵگا بایەخی نەدەما .

---

٢٥–تاثير النظريات العلمية الحديثة مسيرة الفكرية وأسلوب الفكر التغريبي العربي في التعامل معهادرا–سة نقدية –د.حسن بن محمد الاسمرى.ل١٦٧ .

پاش ئەوەی ( ئەنیشتاین )لەماوەی لێکۆڵینەوەی بۆ تێگەیشتن لە تۆپەڵێك، وە پەیوەندی ئەو لەگەڵ وزەدا، ئەوەش لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتنی ڕێژەیی نوێ، بۆ هاوكێشەیەك دەربارەی، پێوەندی، لەسەر ئەم بنەمایەو لەدواتردا بۆمبای ئەتۆمی دروستكرا، كە بەپێی ئەم هاوكێشەیە دەكرێت لەیەك گرام دا وزەیەكی زۆر بەرهەم بهێنرێت، لێرەوە دەكرێت دەركبكرێت بە توانای ووزەی یەك گرامی (یۆرانیۆم )، وەك نمونەیەك كە دەتوانرێت بە لێدانی گورزێك لە گرامێكی دووجا بەخێرای تیشك بۆ دەرهێنانی بڕێكی زۆر لە ووزە، كە توانای سوتاندنی تەواوەتی شارێك و شاردنەوەیی هەیە، لەهەمانكات دەكرێت وزەی ئەو شارە دابینبكرێت بە (یەك گرام)بۆ ماوەی ساڵێك . بەپێی ئەم بەراوردكردنە سادەیە، ( یەكگرام-ئەتۆم )توانای بەخشینی ( ووزەو ڕووناكی )، بەرامبەر ئەو ووزەو ڕووناكییە كە لە سوتاندنی سێ هەزار تەن لە خەڵوزی بەردینەوە وەدەست دێت.(٢٦) بەمشێوەیە ئەو ڕاستیە دەركەوت كە زانست بۆ خۆی بە تەنها پێوەری گەیشتن بە ڕاستیەكان نییە، بەڵكو زانست پێویستی بە جڵەوكردن هەیە بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی كارەسات بۆ مرۆڤایەتی . هەروەك دۆزیەوەكەی ئەنیشتاین سێیەمین بیردۆزی گرنگ بوو كە كاریگەری گەورەی لەسەر فیكری ئەوروپاجێهێشت .

پاش ئەوەی كڵێسا، پەیوەندی ئاین و زانستی ئاڵۆز كرد، بە هەمان شێوە عەلمانیەتیش دەوری ترسناكی گێرا لە فاسدكردنی زانست، وە بە ئاقارێكی دابرد، كە بوو بەهۆی دارِماندنی بەختەوەری مرۆڤ و هەژاندنی ڕۆحی، چوون عەلمانیەت ئاینی بە هێجگاری فەرامۆش كرد و كۆششی فراوانی كرد بۆ وەدەرنانی لە ژیانی مرۆڤدا، لەهەمان كات ژیانی مرۆڤی نغرۆیی نێو مادیات كرد، زانستیشی وەك تاكە پێوەری بڕیاردان لەسەر تەواوی كاروبارەكانی ژیانی مرۆڤ پەسەندكرد، بەوانەشی كە پێوەندارن بە لایەنی ڕۆحییەوە، ئالێرەوە عەلمانیەت ڕۆحی مرۆڤی تێكشكاند و مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی قەیرانی گرفتە ڕۆحییەكان كردووە، دەركەوت كە زانست نابێتە هۆی بەختەوەری و خۆشنودی مرۆڤایەتی، بەم حاڵەوە عەلمانیەت فەلسەفەی زانستی تاقیكاری پەسەندكرد بۆ ئەزموونكردنی هەرچشتێك، پاشان بۆ شیكاركردن و شرۆڤەكردنی بەش وپێكهاتەكانی، بەورد و درشتیەوە، لەپاشتر بڕیاردان لەسەری، خۆ ئەگەر ئەو بوونەی كە باسی لێوەدەكرێت لە تواناداا نەبوو بخرێتە ژێر چاوی میكرۆسكۆبی زانستەوە، ئەوا عەلمانیەت ڕەفزی حەقیقەتی دەكات و حاشا لە بوونی دەكات . هەر بەهۆی بێتوانایی زانستەوەبوو لەدەست ڕاگەیشتنی بە غەیب و ئاشكراكردنی، عەلمانیەت نكۆڵی لە خودا و لە ڕاستی بوونی بەهەشت و دۆزەخ و زیندووبوونەوە ...هتد كرد . وە تەنها تەركیزی كردە سەر ژیانی ئەم دوونیا و پشتی لە ئاین و ئاخیرەت و ژیانی تاهەتایی و پاشەڕۆژ كرد .

## زانست لە نێوان ئایین وعەلمانیەتدا :

زانست ڕێباز و مەنهەجێك نییە كە سەر بەئایین یان عەلمانیەت بێت، بەڵكو ڕێبازی زانستی بۆ خۆی سەربەخۆیەو كار لەسەر ئاشكراكردنی ڕاستیەكان دەكات .

**ڕێبازی زانستی:** بنەمایەكی زانستیە كە بەكاردەبرێت لەلایەن عەقڵەوە لە چالاكی توێژینەوە لە ڕاستییەكان لە هەر بوارێك لە بوارەكانی زانستدا،

---

٢٦- تاثیر النظریات العلمیة الحدیثة مسیرة الفكریة وأسلوب الفكر التغریبی العربي في التعامل معهادرا–سة نقدیة –د.حسن بن محمد الاسمری –ل٢٣٧ .

یان ڕێگایەکی زانستی لێکۆڵینەوەیە کە توێژەر پێڕەوی دەکات لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، بە گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەکان یان ڕاپرسی کردن و کۆکردنەوەی بابەتە زانستییەکان و داڕشتنەوەی نێوەڕۆکیان.(٢٧)، بەڵام بەشیك لە زانست کە زانستی تاقیگەرییە و تەنها کار لەسەر دیاردە و بوونە بەرجەستەکان دەکات، لەلایەن عەلمانیەتەوە پەیڕەو دەکرێت وەك بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی تەواوی گەردوون و بوونە ئاشکراو پەنهانەکانی، ئەمەش ئەوانی ڕووبەڕووی هەڵەی کوشندەکردۆتەوە . واتا تێڕوانینی زانستی ئەزموونگەریان بۆ بوون هەیە .

زانست بۆ خۆی بوونێکی سەربەخۆی هەیەو هاوپەیوەندنییە بە ئایین یاخود عەلمانیەتەوە، وەلێ دەکرێت ئایین یاخود عەلمانیەت هەرکام لەوان دەست بەسەر ڕەوتی زانستدا بگرن و بەو ئاقارەیدا بەرن کە بۆخۆیان مەبەستیانە، واتە بیخەنە خزمەت دید و تێڕوانین و تیۆرەکانی خۆیانەوە، نمونەیەکی سادەش هەروەك چۆن ئەو خاچپەرست وەیان جولەکەیەی کە دەستکەوتە زانستەکان بەکاردەهێنێت بەوێنەی ئەویش بوزاییەك و هیندۆسیەکیش بەکاری دەبات بۆ سوودی ژیانی خۆی لە هەمان کات موسڵمانێکیش توانای بەکاربردنی گشت داهێنراوە زانستییەکانی لە پێناو سوودی ژیانی خۆی هەیە، جاخۆ ئەو دروستکراوە زانستیانە( تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و موبایل و ئۆتۆمبێل هەروەها فڕۆکە و پاپۆڕ و شەمەندەفەر و...هتد )بن ، هەروەك سەرجەمی مرۆڤایەتی بەشدارن لە بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە زانستیانەدا، هەڵبەت ئەوەش کەم تازۆر بەپێی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و ڕەوشی ئەمنی ئەو گەل و نەتەوانە و ئەو قۆناغە مێژووییە جیاوازانەی کە ئەو نەتەوەو دەوڵەتە پێیداگوزەری کردووە، تاوەکو ئەمێستای . لێرەشەوەیە هەریەکە لە ئاین و عەلمانیەت هەوڵدەدەن زانست بکەنە موڵکی تایبەتی خۆیان تا بەهۆیەوە حەقیقەتی خۆیانی پێبسەلمێنن و لەهەمان کات پوچیەتی ئەوی دیکەی پێ بەیان بکەن .

پاش دەرکەوتنی سەرەتاکانی زانستی تاقیگەری وداڕشتنی چەند تیۆریایەکی گەردوونی، کە پێچەوانەی لێکدانەوەکانی ئینجیل دەرچوون، کڵێساو پیاوانی ئایینی دەرکیان بەوەکرد کە زانستی نوێ لە بەرژەوەندی ئەوان نییە، هەربۆیە بە تەواوی توانایانەوە کەوتنە دژایەتی کردنی، لە هەمانکات ڕەوتی عەلمانی توانی زانست لە ئامێزبگرێت و بیخاتە خزمەت خواست ویستە ئایدۆلۆژیاکانی و بەکاری ببات بۆ جارێکی دی و دووبارە ڕاڤەکردنەوەی بوون و گەردوون و بوونەوەرانی، بۆ ناساندنی خودی مرۆڤ و کۆتا چارەنوسی، لەسەر بنەمای زانست و بەناوی زانست و ڕێبازی ئەزموونگەرییەوە، چەندین بیردۆز وگریمانەیان داڕشت لە ژێرناونیشانی جۆراوجۆردا .

فیکرو فەلسەفەی عەلمانیەت لە پێش دەرکەوتنی زانستی نوێ هەر هەبووە، گەرچی بەناو و ناونیشانی عەلمانیەتەوە نەبووبێت، چوون عەلمانیەت واتای ( لادینی، دوورلە ئاین، دوونیایی، پیرۆنەکردنی ئاین، پشتکردنە دواڕۆژ و غەیب...هتد )، لە هەمان کات بەواتای ( جەختکردنەوەسەر تەنها ژیانی دوونیا و ئەمێستا، وە پیرۆکردنی هەواو ئارەزووی مرۆڤ و بەسەنتەرکردنی ئەم کائینە، هەموو شتێك بۆ مرۆڤ و مرۆڤیش بۆ خودی خۆی، تەنها بایەخدان بە بۆچوونی مرۆڤ،

---

٢٧-التیار العلمانی الحدیث وموقفه من تفسیر القران الکریم عرج ونقد –حسن محمد بهی الدین الشافیعی –ل٣٨٩-٣٩٠ .

وه فەرزكردنی بۆچونی عەقڵی مرۆڤ بەسەر وەحی و دەقی ئاین و ...هتد ، وەك یۆنانیەكانی لە ژێرنێوی فەلسەفەدا خەریكی دارِشتنی یاسا و رِێسا و دیاری كردنی رِەوایی و نارِەوایی كار و كردارەكانی مرۆڤ بوون، رِۆمانیەكانیش لە كۆنداو بۆ خۆیان یاسا و تەشریعیان دادەرِشت، لە ئێستاشدا عەلمانیەكان بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان هەمانكارو پیشە دووبارە دەكەنەوە، وەلێ لە بەرگێكی نوێی سەردەمیاندا، هەروەك ژمارەیەك لە یاسا و رِێساو ئەو بیردۆز و گریمانانەی دایانرِشتون هی سەردەمانی یۆنانی و رِۆمانییەكانن و نوێیانكردونەتەوە بە هەندێك دەستكاری و زیاد و كەم كردنەوە .

## بنەماكانی باوەرِی عەلمانیەت :

دوایی ئەوەی ئایینی (مەسیحیەت)پشتی كردە زانست، ئەمجار عەلمانیەت مەنهەجی تاقیكاری زانستی بۆ خۆی پاوەنكرد و لە هەمانكاتدا كردیە بنچینەی دارِشتنەوەی بنەماكانی فكری عەلمانیەت، ئیدی لەو دیگایە و لەچاوی میكرۆسكۆبی زانستەوە كەوتە رِوانین و تێوردبوونەوە لە جیهان و بونەوەران و شرۆڤەكردنی چۆنیەتی دروستبوون و پێكهاتنی گەردوون و مرۆڤ و باقی كەینونەكانی دی . بەم پێیەش ئەوەی كە زانست دەیبینێت و لە مسی دەكات و بوونی ساغ دەكاتەوە، ئەوا عەلمانییەت پەسەندی دەكات، هەرچیش كە دەستی زانستی پێرِانەگات، یاخود چاوی زانست توانای بینینیی نەبێت و بەكۆڵێنكاری كردنی شیتەڵ و شرۆڤەی نەكات و بەش وپێكهاتەكانی نەناسێنێت و پێشچاوی نەخات، ئەوا عەلمانییەت نكۆڵی لە بوونی دەكات . لەم رِوانگەیەوە و بە ئیستغلالكردنی زانست بە شێوازێكی نادروست و چەواشەكارانە، رِەوتی عەلمانی و تیۆرسازانی ئەو باوەرِە مادییە، هەستان بە سازدان و دارِشتنی بیردۆز و گریمانەگەلێك بۆلێكدانەوەی درووست بوونی گەردوون و چۆنیەتی پێكهاتنی ژیان وسەرهەڵدانی زیندەوەران، هەروەها دیاریكردنی كۆتا چارەنوسیان .
بزاوتی عەلمانی بە چەشنێكی سەقەت لێكدانەوەی تیۆریاكانی ( كۆپەرنیك وگالیلۆ و نیوتن و ئەنیشتاین )یان كرد، ئەو بیردۆزانەیان بە ئاقارێكی ئیلحادیدا برد، لە رِوانگەیەكی مادی پەتیەوە شرۆڤەیانكردنەوە و رِۆڵ وكاریگەری (خودا)یان لەو نێوەندەدا بە هێجگاری وون كرد . دواجار وەك پاساوێكی نادروست ئەو تیۆریایانەیان بەكاربردەوە بۆ سەلماندنی بیرۆكە و گریمانەكانی (**خلق ذاتی** ، **تطور** ، **مادی** ، **طبیعة** ، **مبدء نسبوی** ...هتد ) ئەم گریمانە و بیردۆزانەش وەنەبێت نوێبن بەڵكو درێژكراوەی گریمانە فەلسەفیەكانی یۆنانی كۆن و هەندێكی دی لەوان لەژێر كاریگەری فیكری وەسەنی رِۆمانی دێریندان، ئەمانە ئەو رِاستیە رِوون دەكەنەوە كە هەمیشەو لە درێژای مێژووی مرۆڤایەتیدا، دووبەرە، واتە ( رِەوتی ئاینی و رِەوتی ئیلحادی ) لە ململانێدا بوون . لە ئەمێستاش هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، وەلێ بەنێونیشانی دیكە و بەشێوازیكی نوێی دیی .

### باوەرِی عەلمانیەت دەربارەی دروستبوون :

بیردۆزەكان كە بیرۆكەی خەیاڵدانی مرۆڤی مادین، جەوهەری دید و تێرِوانینی ئایدیۆلۆژی عەلمانیەتن دەرهەق بە خودا و گەردوون و مرۆڤ و سەرەتا و كۆتایی . بۆ هەردیاردەیەك بیرمەندانی عەلمانی گریمانەیەكیان گەلاڵەكردووە و تیایدا شرۆڤەی ئەو كەینوونەیە دەكەن . بەنیسبەت چۆنیەتی پێكهاتنی بوونەوە، لە بیردۆزی ( الخلق الزاتی ) دا، بیرمەندان و شرۆڤە كارانی عەلمانی تێگەیشتنی مادییانەی خۆیانیان تێدا بەیان كردوە .

## گریمانەی دروست بوونی لە خۆوە :

لادینیەکانی ئیتالیا نوێگەریان تێدا کردووە و لە سەروشیانەوە ( دیودورس–سیکولیوس ) لەم گریمانەیەدا بانگەشەی تاهەتایی مادە و گەردوونیان دەکرد، گوتیان: ئەم زەویە لە ئاسمان جودا بۆتەوە لەسەرەتای پێکهاتنی دروستبووندا، لەکاتێکدا کە لە پلەیەکی گەرمی زۆر بەرزدا بوو . کاریگەری گەرما لەسەر قوڕی ژێرەوە، دەیگۆڕێت بە کەڕوو، ئەویش دەگۆڕێت بۆ زۆنگاوی بۆگەن کردوو، بەهۆی گەرماوە بلّقی گەردیلەدار لەو زۆنگاوەوە دەردەچێت، لەو گەردانەش سەرجەمی ئەو ئاژەلاّن پێکهاتن کە بە سەر ڕووی زەوییەوەن، بەمرۆڤ و باڵندەو حەشەرات وماسیەوە .(٢٨)

خولقێنەرانی ئەم بیردۆزە و هەوادارانی مەبەستیانە کە بەهەر شێوازێك بێت ڕۆڵی خودا لەم نێوەندەدا ون بکەن و بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی بوون و ژیانی مرۆڤ کە لەسەرمادیگەرای بوونیادیان ناوە، شامل بکەن و وەلاّمی گشت پرسیارەکانی مرۆڤ بدەنەوە، گەرچی ئەو وەلاّمەش زانستی و عەقلاّنی نەبێت . هەروەك لە خودی گریمانەکەوە دەردەکەوێت کە لەگەلّ حەقیقەتی بوون و واقیعی حالّ دا یەك ناگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەلایەن خودی زانستەوە پوچیەتی ئەم بیردۆزە و هاوشێوەکانی سەلمێنراوە، سەرباری ئەوەی تاکو ئێستاش بەرەی عەلمانی داکۆکی لەم بیرۆکانە دەکەن، چون وەلاّمێکی لەمە شیاوتریان نیە بۆ وەها پرسیارێك . لەهەمانکات دەربارەی ڕۆحی مرۆڤ و چۆنیەتی پێکهاتنی، هەروەها سەرەنجام وکۆتا چارەنووسی، گریمانەی ئەتۆم یاخود (نظرية المادية الذري ) یان داڕشت، مێژووی ئەم گریمانەیەش دێرینە و دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی یۆنانی هیلینی .

## گریمانەی مادی ئەتۆمی (الذري):

لە ماوەی نێوان(٣٦٠-٤٦١پ.ز)، فەیلەسوفی ئیغریقی لیوکیوپوس ( leucippus )دەرکەوت، دەستی کرد بە دامەزراندنی بیردۆزی مادی، کە ئەوەش ناسراوە بە (النظرية الذرية) بەو هۆیەوە هەوادارانی ناسران بە(الذريين - atomics ) دەکۆشان بۆ فاسدکرنی گەنجانی گۆمەلّگا، هەروەها بۆ هەژاندنی بیرو باوەڕی ئایینی گەلان، بەردەوام بوون لەسەر گوماندارکردنی خەلّکی بە دروستکاریان (خودا )، وە بەزیندوو بوونەوەو ژیانی دوایی، لە دیارترینی ئەو کەسانەش سوقرات و ئەبیقۆر و شاعیری ڕۆمانی لوکریشیوس (٥٥-٩٩پ.ز)دواهەمینیان فەیلەسوفی ناسراو دیموقراتیس کە پشتگیری ئەم بیردۆزەی کرد و بزوتنەوەکەشی لەسەر ئەمە دامەزراند ......

ئەم گریمانە ئیلحادیەش دەلّێت :( ڕۆح مادەیەکە لە جەستەدا، پێکدێت لە گەریدیلەی ئاماجنداری ورد و نەرم و بازنەیی، زۆر هاوشێوەی گەردی ئاگرینن. ئەمانە لە کاردەکەون لە کاتی وەستانی هەناسەدان کە یاریدەدەریەتی بۆ خۆهەلّواسینی (٢٩).

ئاشکرایە ئەم گریمانەیە بۆ نکۆڵی کردن و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕۆحەیە کەلە ئایندا و لەلایەن خوداوە باسی لێوە کراوە . واتا ڕەفزکردنی دیدی ئاین و ئەو لێکدانەوەیەیە کە، دەرحەق بەسەرەتای وە جولّەکەوتنی مرۆڤ،

---

(٢٨)-الاسلام يتصدى للغرب الملحد-د.محمد نبيل النشواتي-ل٢٤ .

(٢٩)- الاسلام يتصدى للغرب الملحد-د.محمد نبيل النشواتي-ل١١,١٢ .

پاشان مردن و لەپەل و پۆکەوتنی و دواجار زیندووبونەوەی و دەستپێکردنەوەی ژیانی دووەمی و ئەو چارەنووسەی کەلە پێشیەتی، کە بە هیچ کلۆجێك مرۆڤ دەرفەتی خۆلێ لادان و دەربازبوونی لیی نیە، مرۆڤ محکومە بەو سەرەنجامە، هەڵبەت ئەوەش بەپێی بیرو باوەڕو کردەوەکانی خودی خۆیەتی .

ئەم گریمانانە لە هەرزەمەنێکدا و بەشێواز و سیمایەکی جیاوازەوە دەردەکەونەوە، لە سالآنی پێش زاین و لە یۆنانی کۆن و رۆماندا بەو چەشنەو لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدە و ئەمێستاش دا بە شێوازی دی، هەروەك لە لایەن ( داروین )ەوە بیردۆزی دروست بوون نوێکرایەوە، وەلێ ئەمجار بە نێوی (تطور)ەوە پێشکەشی مرۆڤایەتی کردەوە .

داروینی لادەر لە ئاین لە ئینگلتەرا و لەساڵی (١٨٠٩ز)لەدایك بووە، وانەی بایۆلۆژی ( زانستی زیندەگی ) دەخوێند، کاری دەکرد لە بواری توێژینەوە لە ڕەچەڵەکی جۆر لەسەرتای گەشەکردنی ژیان لەسەر ڕووی زەوی بە پشت بەستن بە موشتەقاتی داپۆشراوی نێو زەوی .
داروین لە پەرتووکەکەی (اصل الانواع)کە لە ساڵی ١٨٥٩ز دەری کرد، دەڵێت دوای تەقینەوە گەورەکەی ( bigbang ) کە لەپێش (١٥) ملیار ساڵەوە ڕووی داو بویە هۆی بلاّوبوونەوەی گەردیلەی هایدرۆجین لە بۆشایی فراوان، هەر بەهۆی کاریگەری گەردیلەی هایدرۆجین لە بۆشایی فراوان، ئەوجا بە هۆی کارتێکردنی وزەی تۆقینەری هایدرۆجینە وە کەلە دەرکەوتن و بلاّوبونەوەو گوزەرکردنی گەردیلەکان کە بریتین لەم رەگەزانە ( پرۆتۆن و نیوترۆن ، ئەلیکترۆن )هەندێکیان یەکدەگرن، بەم هۆیەشەوە مەوادی نوێی دیکە دەردەکەوێت کە قورسترە لە هایدرۆجین، وادادەنرێت پێکهاتەی گەردەکانی ساکارترین لە پێکهاتەی هەموو توخمەکانی تر کە پاشی ئەو دێت، بەم شێوازە ڕەگەزی نوێ پێك دێت، بە چوونی ئەم ڕەگەزانە و یەکگرتنی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەیان، بویە هۆی گەلاڵە بونی ژمارەیە لە مواد و پێکهاتەی زۆر ئالۆز . بەهۆی ڕێکەوتەوە بەشێك لەو مەواد وپێکهاتەنە لەگەڵ یەکدی یەکیان گرت، بویە هۆی پێدان و بەخشینی بەش و ئەندامی ئالۆز ( complex molecule )، پوختەکردنی ئەمە لە پاشترو بەهۆی کارتێکەرێکی نادیارەوە بوویەهۆی دەرکەوتنی ئاوێتەی ئەندامی دیکە کە خاوەنی جوڵەی ئەنزیمی زیندوو بوو، چڕبونەوەی تەم و مژو دوکەڵی خنکێنەر، تەقینەوە گەورەکەی لێ پەیدابوو کە ملیارەها مەجەرەی لێدروست بوو، لە هەر مەجەرەیەکیش دا ملیارەها ئەستێرە و هەسارە و مانگ پێکهات . بەهەمان شێواوە چڕبوونەوە خۆر دەبێتە هۆی جیابوونەوە زەوی لێی کەپێش (٤٥٠٠-٥٠٠٠ ) ملیۆن ساڵ بەستی بەهۆی ڕێژەی دوورکەوتنەوەی لە خۆرەوە، پاش بەستنی زەوی هەڵمی ئاو چڕ دەبێتەوە دەوری دەدات، تەموژمێکی چڕ هاتە خوارەوە بۆ سەر ڕووی زەوی بەشێوەی باران، بەلاّم لە هەردوو جەمسەرەکاندا و لەبەرزایی شاخەکاندا بوو بەهۆی بارینی بەفری چڕی کەوتوو بەسەر ڕووبەرێکی فراوان . پاشتر باران و بەفر تواپەوە لەگەڵ تەقاندنەوەی زۆرێك لە ڕەگەزەکانی مادەی چیاکان لەسەر ڕووکاری دەرەوەی زەوی . هاوکات لەگەڵ شیبوونەوەی ڕەگەزەکانی خوڵ بەهۆی ئاو و هایدرۆجینەوە، پاشان کۆبونەوەیان لەشێوەی زۆنگاوی بۆگەن، بەڕێگای ڕێکەوت و لە مەوادی زۆنگاوەکەوە ترشەڵۆکی ئەتۆمی پێك هات! دواتر بەهۆکارێکی نادیار سروشتی ئەم مادەیە گۆڕا بۆ ئەنزیمی زیندو (خمائر-هەویری شل ) کە خاوەنی چالاکی زیندەگی گەورەبوون .....
داروینی بێباوەڕ دەبێژێت: کاریگەری هێزەکانی سروشت لەسەر ئەو هەویرە (خمائر) پێکهاتەکانی زۆنگاوەکەیان گۆڕی بۆ حەشەرات و ڤایرۆس و یەکەی خانە و شتی سەرەتایی، ئیدی بەڕێگای ڕێکەوت ئەو بوونەوەرانە کۆبوونەوە لە دوونیادا و هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەیاندا یەکیان گرت و بووە هۆی دروستبوونی ژیانی جۆرایەتی، هەروەك خانەی دەرچوو بەناوی میتازۆن ( metazon ) دەوری گێرا وەك دەستی سروشت لە چاك کردن و باشترکردنی سیفەتەکانیدا، وە پەرەی پێدا و گەشەی پێکرد بۆ شێوەی دیکەی نوێی جۆرا و جۆر و جیاواز لە سەرەتای دەرکەوتنی، بەم هۆیەوە گژوگیای

ناو ئاو و زالو، هەروەها ماسی کڕکراکەدار و بڕبڕەدارەکان پەیدابوون-پێشکەوتنی ماسیەکان لە دوای ملاین ساڵ، سێ جۆری دی بوونەوەری زیندوویان لێ کەوتەوە :

-خشۆکی ناو ئاو ( amphibians )

-خشۆکی وشکانی ( reptilec )

-ئاژەڵی مەمکداری سەرەتاییی ( monotrema )

کاریگەری هێزەکانی سروشتی نادیار و نابەردەست لەو مەمکدارانە کەزۆر ساکاربوون، بەئاسانی ڕۆڵیابینی لە گەشەپێدان و زیاد کردنی کێش و ئاڵۆزبوونی جەستە و دروست بوونی دەزگا و ئەندامەکانی جەستەیان، ئەمە بوویە هۆی دەرکەوتنی ئاژەڵی مەمکداری دیکە، کە ئێستا لەسەر ڕووی زەوی هەن لەوانیش وەك مەیمون و بەراز . جوتبوونی ئەو گیانەوەر و مەمکدارانە بوویە هۆی کەوتنەوەی بوونەوەرانی دیکە کەلە سیفاتدا باشتر بوون لە باوباپیرانیان، بەو شێوەیە جۆرو شێوەی دیکە دەرکەوت .....

داروین لە درێژەی پێشبینیەکانی لە چۆنیەتی دروستبوون، یان گەشەکردنی خودی و پێشکەوتندا دەڵێت: (سەرهەڵدانی جووتبوونی ئازاد و هەڵبژاردنی سروشتی لە نێوان ئاژەلاَندا بوویە هۆی دەرکەوتنی مەیمونی پێشکەوتوو لە جەستە و عەقلدا وەك ( غۆریلا، شمبانزی، جیبوون ) کە ڕۆیشت و خۆی گرت و هەستایەوە و بەقۆناغ قۆتاغ هەتا لەماوەی تێپەڕبوونی ملاین ساڵدا گۆڕا بە مەیموونی مرۆڤی پاشتر بۆ مرۆڤی سەرەتای، ئەوجا بۆ مرۆڤی نوی!؟(٣٠) بەڵێ ئەمە ئەو گریمانە زانستیەیە کە چۆنێتی سەرەتای دروستبوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤ پێشان دەدات کە عەلمانییەکان بە هەموو باڵەکانیان واتا ڕاست و چەپ توندڕۆ و میان ڕۆ، هەروەها لیبڕاڵ و سۆشیالەوە پشتی پێدەبەستن و بەکاری دەهێنن لە ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی ئاین و پێڕەوانی دیندا .

ئەمە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە عەلمانییەت تەنها بریتی نیە لە چەند یاسا و ڕێسایەك، بەڵکو یەك مەنزومەی گشتگیر و شاملی ژیانە، کەلێکدانەوەی بوون، بە دیار و نادیارەوە دەکات، واتا هەروەك چۆن لە ئایندا دوو جیهان هەیە (جیهانی دیار، کە دوونیای بینراوە، هەروەها جیهانی نادیار، کە غەیبە ) بەهەمان شێوە عەلمانییەتیش خاوەنی دوو جیهانە، بەلام جیهانەکانی عەلمانیەت جیاوازن لەوەی ئاین، عەلمانیەت جیهانی ماددی دیاری هەیە کە ئەم گەردوونە ماددیە بەرجەستەیەیە، وە جیهانەکەی دی ئەودیوی ئەم جیهانەیە واتا ( میتا فیزیقا ) یان ئەودیوی سرووشت، کە ئەویش هەرماددەیە و بەس، مرۆڤ کە لەنێو ئەم دوو بوونە ماددیەدایە و هەر لە خودی ماددەوە دروست دەبێت و ماددیانەش دەژی ولەکۆتایشدا هەر دەبێتەوە بە ماددە، هەڵبەت ئەمە لە دیگای عەلمانییەتدا. سەبارەت بە عەقڵ و هەستی مرۆڤ دیسان عەلمانیەت بۆچوونی تایبەتی خۆیی هەیە .

عەلمانیەت پێیوایە کە، فیکر و ڕۆشنبیری و داهێنان بە هۆی گۆڕانکاری مادییەوە دەردەکەوێت کەلە گەردیلەکانی روح ڕوودەدات لە دەرەنجامی چوونە ناوەوەی ئەو ئاماژانەی لە دەرەوە، ئاڕاستەی دەکرێت.(٣١) بەلاَم هەست لەدیدی ئەودا گۆڕانکارییەکی خێرایە لەسەر خانەیەکی تایبەت بە خۆی،دە ڕەدەکەوێت بەهۆی چوونە ناوەوەی بەشە زیندووە دەرەکییەکان کە ئەو مادانەدا لە پارچەی ئەندامی هەستین، هەندێکیان بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکەن.(٣٢)

---

٣٠-الاسلام يتصدى الغرب الملحد-د.محمد نبيل النشواتي-ل١٨١-١٨٢-١٨٣ .

٣١-٣٢-الاسلام يتصدى للغرب الملحد-د.محمد نبيل النشواتي-ل١٢ .

بیرمەندانی عەلمانی بەشی فرەیان لەو مرۆڤانە بوون کە هیچ بڕوایەکیان بەبونی(خودا)یەك نەبووە، هەربۆیە تا ئەوجێیەی توانیویانە تێکۆشاون لە پێناو ونکردنی ڕۆڵی ( خودا )و بالاکردنی مادە بەسەر تەواوی ژیان و گشت کردەوە و چالاکییەکی عەقڵی وجەستەی مرۆڤ، گەرچی لەمەشیاندا بە دروستی ئامانجیان نەپێکاوە و لێکدانەوە وسەلماندنێکی موقنعیان پێشکەش نەکردووە. هەروەك زۆر کایەو بواری دیکەی ژیانی مرۆڤیان بەبێ وەلام جێهێشتووە، ئەمە بۆ خۆیی ئەو بۆشاییە مەعریفیەیە کەلە گشت گریمانەو بیردۆزەکانیاندا ووجودی هەیە .

عەلمانیەکان وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن گوایا تەنها متمانەیان بەزانست و تاقیگەی زانستی هەیە، بەلاّم هەر خودی زانست ڕەتی گریمانەکانی کردنەوە و پوچیەتی ئەو بیردۆزانەی سەلماندن، لەهەمان کات زانست بۆ خۆی لە بەرابەری زۆرێك لە کەینونەکانی ووجود دەستەوسانە و تائێستا سەرسام وحەیران ماوە لەهەمبەریان، لەوانە ڕۆح، هەروەها غەیب وگشت نادیارەکانی دی کە ئاین باسی لێوەکردوون، وەك زیندووبونەوە و ژیانی دووەم و بەهەشت ودۆزەخ .

لە بەرامبەر ئەم لاوازی و دەستەوسانیەی زانست، عەلمانیەکان ناچار بوون پەنابەبەنە بەر نکۆڵی لێکردن و حاشاکردن لەو ڕاستیانەی ئاین، ڕەتی تەواوی غەیب وئەو جیهانە نادیارە بکەنەوە. بەم هۆیەوە ڕەفزی ئاین دەکەن، بەڵکو وەك خورافە و ئەفسانەی پێشینان وێنای دەکەن، پەرجوو (معجیزە ) خوداییەکان وەك جادووگەری ناودێر دەکەن، وەحی بە حاڵەتێکی نەفسی تایبەت دەزانن، پێغەمبەرانیش بە جادووگەر یان بە سیاسەتوان و نەتەوەپەرست یاخود بە عەبقەری وەسف دەکەن . لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەی خۆیانەوە، هەندێك لە بیرمەندانی مادی عەلمانی هەستاون بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و گەران و بەدواداچوون لەسەر ئاین، لەسەر ئەو مرۆڤە سەرەتاییانەی کە دابڕاون لە شارستانیەت و بەپەراوێزخراوی و بۆخۆیان لەنێو جەنگەڵەکاندا دەژین . بیروڕای ئەوان و چۆنیەتی تێگەیشتنی ئەو مرۆڤە سەرەتاییانەیان کردووە بە بەبنچینەیەك بۆ خۆیان لە چۆنیەتی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئاین وتێگەیشتن لێی . ئا لەم ڕوانگەیەوە چەند بیردۆزەکیان سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەو پێشکەوتنی ئاینەکان گەلاڵەکردووە . لەوانیش:

*النظرية الحيوية: کەوای دەبینێت ئاین لە خەیاڵی هەندێك مرۆڤی سەرەتاییەوە گەشەی کردبێت، بەگەڕانەوەی بۆ بەندایەتی کردنی ڕۆحەکان، ئەم گریمانەیە دەڵێت مرۆڤە سەرەتاییەکان هەستیان کرد کە مەرگ لەدەست دانی ڕۆحە، لە خەیاڵیاندا وایان گومانبرد کە ئەم ڕۆحانە کۆدەبنەوە لەگەڵ ڕۆحی مردوانی دیکەدا و چواردەوری جیهان دەدەن، بەم هۆیەوە دەبنە خاوەنی هێزێك کە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی دەکەن، ئالێرەشەوە بەندایەتی دەستی پێکرد، هەروەها دین پەیدا بوو، وە بەرەوپێش چوو تا وەك ئەوەی ئەمڕۆ!(٣٣)

*النظرية الطبيعة: دەڵێت سروشت و دەرکەوتەکانی بە ئاڵۆزی کاریگەرییان کردە سەر مرۆڤی سەرەتایی لە ئاڕاستەکردنی بەرەو هەستی ڕەهبانیەت و پاشان بەرەو بەندایەتی.(٣٤)، بەڵێ ئا ئەم پێوەر و بنەما سەقەتانەیە کە فیکری عەلمانیەت و باوەڕی ئەم ئایدۆلۆژیایەی لەسەر بوونیاتنراوەو هۆش و بیری مرۆڤی خۆرئاوایی پێی زاخاو دراوە، هەربۆیە سەرەنجامی ئەو کۆمەڵگایانەی بەو ئاقارە ترسناکە سیاسی ئابووری وکۆمەلاّیەتی وکلتورییە گەیاندووە . هەڵبەت گەر دروستبوون و پێکهاتنی بوون و گەردوون و ژیان و بوونەوەران و مرۆڤ بەو چەشنەبێت،

---

٣٤،٣٣-النقريات العلميه الحديپه مسيرتها الفكريه وأسلوب الفكر التغريبى العربى فى التعامل معها دراسه نقديه – حسن بن محمد حسن الاسمرى. ل١٣٨٢ .

ئەوا لۆمە و سەرزەنشت ناكرێن، ژوون گەر گەردوونێك لە خۆیەوە پەیدا بوویێت و بوونەوەران لە كرمۆكە و زالووەوە سەریان هەڵدابێت و پەرەیان سەندبێت، وە مرۆڤیش لە مەیمونەوە دروست بوویێت و ئاینیش خورافەی مرۆڤە جەنگەڵیەكان بێت و مەرگیش كۆتایی یەكجارەكی هەموو شتێك بێت، ئەوا ڕەوایە هەركەس و كۆمەڵ وگروپێك، یان هەر هۆزو نەتەوەو دەوڵەتێكی خاوەن هێز شاڵاو بەرێتە سەر لاوازان و ئیستعماریان بكات وكوشتوبڕی مرۆڤەكان بكات و سەروسامانیان زەوت بكات و بەتەواوی جەبەروتیەوە خۆی داسەپێنێتە سەر هەموان، ڕەوایە تا ئەوپەڕی توانا و هێزی بكۆشێت بۆ تێركردی غەریزەكانی و خۆی نغرۆی نێو شەهوەت و ئارەزوو بازی و خۆپەرستی بكات، وە مومارەسەی هەموو جۆرە دامێنپیسی و خواردنەوە و بەدرەفتیەك بكات .

ئالەم ڕوانگە مادییەوەیە كە خۆرئاوا تێدەفكرێت و بیردەكاتەوە، هەروەك لەم دیدگایەوە دەڕوانێتە جیهان و وەك كێڵگەیەك بۆ مومارەسەكردنی گشت ئارەزووە مادی و شەهوانیەكانی، یاخود وەك تاقیگەیەكی گەورەی دەبینێت، تاوەكو تەواوی خولیاو بیرۆكەكانی خۆی تێدا تاقیباتەوە و ئەزمونیان بكات، هەڵبەت خودی جیهان وتەواوی بونەوەران و گرنگترینیشیان كە خودی مرۆڤە، هیچ بایەخێكی لای مرۆڤی خۆرئاوایی نییە، بەتایبەتی ئالەو چركەساتانەی ئەو مرۆڤە خۆرئاواییە خواستی ئەزمونكردنی یەكێك لە بیرۆكە نامرۆڤانەكانی خۆی دەكات، یاخود نەخاسمە گەر ئەوانی دی لەهەمبەری دا ڕاوەستن و دژی دەسەلآت و ویست و بەرژەوەندییەكانی بوەستنەوە . هەر ئەم تێگەیشتنە مادی و ئیلحادیەیە كەڕەوایەتی دەبەخشێتە مرۆڤ لە ئەنجام دانی هەر كاروكردەوەیەك كە ئارەزوو، خواستی بكات. دەرەنجامی ئەوەش بەرپابوونی جەنگە جیهانیەكان و شاڵاوەكانی ئیستعمارو هەموو ئەو كوشت و بڕ و داگیركاری و تاڵانكارییە بوو كە ئەو مرۆڤە مادی و شەهوانیەی خۆرئاوا، پێی هەستا، مەلاین مرۆڤیان تێدا بوونە قوربانی، بەشی زۆری سەر زەمین ڕووبەڕووی وێرانكاری ترسناك بوویەوە .
ئەم خولیاو بیركردنەوەیەیە كەدژی ئاین دەوەستێتەوە و داوای دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی لەژیان دەكات بە پاساوی ئازادكردنی مرۆڤەكان، بەڵێ ئازادكردنی مرۆڤ تا بەویستی خۆی كوشتوبڕو داگیركاری تاڵان و بڕۆ بكات، ئازادبكرێت تا بەخواستی خۆی موومارەسەی هەموو بەدڕەوشتی و فسادێكی ئەخلاقی بكات، وەبە ئازادی مەی نۆش بكات و نادی و یانەكانی هەوەسبازی ئاوەدابكاتەوە...هتد. هەروەها پابەند نەكرێت بەهیچ كام لە بەها و قییەم و پێوەرە ئایینیەكانەوە و خۆی سەربەستبێت لەهەر كردەوەیەك كە بوخۆی خواستی ئەنجامدانی دەكات .

## عەلمانیەت و بیرمەندانی لەهەمبەر گریمانەكان :

بیردۆزەكان و لەوانیش بیردۆزی ئەتۆم (الذرة)، گرنگتر لەو بیردۆزی دروستبوونی خودی، كە مەترسیدارترین شوێنەواریان لەسەر دونیا و دونیابینی عەقڵی مرۆڤی خۆرئاوایی و فەیلەسوف و بیرمەندانیان جێهێشت كە لە پاشتردا ڕەنگدانەوەی قوڵی لە تێگەیشتنی مرۆڤی خۆرئاوایی و فیكرو فەلسەفەی تەواوی بیرمەندەكانی دا دەركەوت .

هەریەكە لەو فەیلەسوف و بیرمەندە لادینیانە، هەوڵ و كۆششی خۆیان لە بوارێك لە بوارەكانی ژیانی مرۆڤ دا چڕكردەوە و لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیان و بەسوود وەرگرتن لە فیكری فەیلەسوفانی مادی پێشوتر و لەوانیش یۆنانی و ڕۆمانییەكان، دەستیانكردە گەلاڵەكردنی گریمانەی نوێ بۆ شرۆڤەكردنی ڕەهەندە جیاوازەكانی ژیان و دووبارە داڕشتنەوەی تەواوی لایەنە هەمەچەشنەكانی ژیانی مرۆڤ، لەدیدگایەكی مادی پەتیەوە .

## لەنمونەی ئەو فەیلەسوف و بیرمەندە خۆرئاواییانە و تیۆریاکانیان:

تۆماس هۆبس (١٥٨٨-١٦٧٩ز-فەیلەسوفی ئینگلیزی، بنەماکانی یاسای سروشتی وسیاسی)،(دیڤید هیوم -١٧١١-١٧٧٦ز)فەیلەسوفی اسکتلندی، بۆچونە فەلەسەفیەکانی لەسەر ڕەتکردنەوەی بوونی خودا و ڕەفزکردنی ئەخلاق و وێرانکردنی بنەماکانی و داکۆکی کردن لە ڕەوشتی لائیرادی بوو )،(دینی دیدرو- ١٧١٣-١٧٨٤ز-فەیلەسوفی فەڕەنسی بانگەشەی مادیگەرایی و یەکێتی سروشت و عەقلانیەتی دەرکرد )،(هولباخ -بول هنری دیتریش-١٧٢٣-١٧٨٩ز)بانگەشەی یاسای سروشتی یان یاسای جیهانی فیزیایی و جیهانی ڕەوشتی دەکرد لەبەر ڕۆشتایی فیکری مادیدا، وە بەتوندی دژی ئاین بوو )، (شوبنهاور-ارسر-١٧٨٨-١٨٦٠ز-فەیلەسوفی ئەڵمانی —نکۆڵی بوونی خودایی دەکرد و داکۆکی لە جنس دەکرد وەك سەرچاوەی ئیرادە و هۆی پەیوەندی نێوان مرڤەکان )،(فیورباخ —لودفیج اندریاس -١٨٠٤-١٨٧٢ز-نکۆڵی بوونی خودای دەکرد و داکۆکی لە مادیەت و مەزهەبی سروشت دەکرد)،(کارڵ مارکس -١٨١٨-١٨٨٣ز-دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیلحادی مادی جەدلی و بانگەشەی ئیشتراکیەتی زانستی دەکرد، هەروەك نکۆڵی خودا و دژایەتی ئاینی دەکرد )،(نیتشە-فریدریك فلهم -١٨٤٤-١٩٠٠ز-بانگەشەی هێز و جەبەروتی دەکرد و هێزیشی بە بنەمایی ڕەوشت دادەنا)،(سبنسر—هربرت-١٨٢٠-١٩٠٣ز)فەیلەسوفێکی ئینگلیزە و بنەمای فەلسەفەکەی لەسەر مادیگەرای دامەزراندوە و بڕوای بە بوونی خودا نەبوو )،(برتراند ڕاسل -١٨٧٣-١٩٧٠ز-فەیلەسوفێکی ئینگلیزەو فەلسەفەکەی لەدەوری (مذهب وضعي و فلسفة شك)خولدەدات، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە مرۆڤ بەشێکە نرخی نییە لەنێوان بەشەکانی سروشت دا و عەقڵیشی ملکەچی یاساکانی سروشتە، هەروەك نکۆڵی بوونی خودای دەکرد لەگەڵ نکۆڵی کردن لە زیندوبوونەوەی پاش مەرگ، وە بنەما ئەخلاقیەکانی بە بێ سوود دادەنا و داکۆکی لە غەریزە و زەواجی بەکۆمەڵ و ئازادی جنسی و نێربازی دەکرد ).(٣٥)

هەروەها لە فەیلەسوفە مادی و سروشت پەرست و لادینیانی دیکە (سپنوزایە -١٦٣٢-١٦٧٧ز-بانگەشەی گومانکردن و فەوزەیەتی کۆمەلاّیەتی دەکرد، هەروەك هێز لای ئەو واتایی حەقی دەگەیاند، فەلسەفەکەی بەسەختی لەژێر کاریگەری فیکری مادیگەرایدا بوو )،(جان جاك ڕۆسۆ -١٧١٢-١٧٧٢ز-کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد خۆشەویستی و هاوسەرگیری دووداهێنراوی سلبی شارستانیەتن و پلانن بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئافرەت، لەگەڵ داکۆکی کردن لە سروشتگەرایی )،(عما نوێل کانت -١٧٢٤-١٨٠٤ز-فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە و گریمانەکەی —المبدء الطبيعى للنظام السياسي من حيث علاقته بفكر تاريخ عالمي شامل—لە بۆچوونەکانی دا داکۆکی لە ململانێی سروشتی دەکرد لە ژیانی مرۆڤدا، واتا لە یەکلایکردنەوەی خواستەکانی دا بە جنسی شەوە، هەروەك گومانی لە عەقڵ دەکرد لەگەیشتن بە ڕاستیەکان)، هەموو ئەم فەیلەسوف و بیرمەندانە بناغەی فیکری نوێی خۆرئاوایان داڕشتەوە.(٣٦) هەڵبەت بەسوود وەرگرتن لە فیکری یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، وە فەیلەسوف و بیرمەندانی هاوسەردەمی داروین بەسەختی کەوتنە ژێر کاریگەری بیردۆزی پەرەسەندنەوە و ڕەنگدانەوەی ئەوەش بە ڕوونی لە بیروبۆچوونەکانیاندا دەبینرێت .

گریمانە و دیدوبۆچونی ئەم فەیلەسوفانە و باقی بیرمەندانی دیکەی خۆرئاوا، بوو بە بنەمای فکرو تێگەیشتنی مرۆڤی خۆرئاوایی و بنچینەی خورەوشت و ڕەفتاریان،

---

٣٥،٣٦-الانحراف العقيدى فى أدب الحدیه و فكرها دراسه نقديه شرعيه-د.سعيد بن ناصر الغامدى-ل١١٣-١٢٧ .

واتا کۆمەڵگاکانی خۆرئاوایان لە ئاین دابڕی و لەسەر بنەمای یاسا و بیردۆزی خەیاڵی و بۆچوونی عەقڵی ناکامڵ و دەستوری هەواو ئارەزوو، شێوازی ژیانیان دووبارە و سەر لەنوێ ڕێکخستنەوە ، دەرەنجامی ئەوەش سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە سیاسەت بوو کەڕاستگۆی تێدا نییە، ئابووریەك کە سوو بناغەیەکەیەتی، کۆمەڵگایەك کە ڕەوشتی لە دەست داوە، هونەرێك کەپڕیەتی لە فەسادی، وە مرۆڤێکی خود پەرست کە خاڵی بۆتەوە لە هەر بەها و قیەمێك، کە جگەلە تێرکردنی غەریزە ئاژەڵیەکانی هیچ ئامانجێکی دیکەی نەماوە لە ژیاندا، هەر ئەمەشە ئەو ژیانەی کە عەلمانیەت و فیکر و باوەڕ وئایدۆلۆژیاکەی پێشکەشی خۆرئاوای کردووە .

سیستەمی عەلمانیەت: هەر فیکرەیەك ئایدۆلۆژیایە، وە هەر ئایدۆلۆژیایەکیش عەقیدەیە (باوەڕە)، هەر عەقیدەیەکیش سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی و کلتوری و هونەرییە بۆ ژیانی کۆمەڵگا، لە هەمان کات خاوەنی هزر و ڕۆشنبیری و ڕێسای تایبەت بە خۆیەتی کە هەرلە خودی جەوهەری ئەو فیکرەیەوە سەرچاوەی گرتووە .

عەلمانیەت تەنها لێك جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت نییە، گوایا بادەوڵەت کاری خۆی بکات و ئاینیش کاری خۆی! یاخود عەلمانیەت مانای ڕەتکردنەوەی شەریعەتی ئاین و ڕێساکانی نیە وبەس، بۆیە ناکرێت عەلمانیەت تەنها بەلێکجوداکردنەوەی دین ودەوڵەت دابنرێت، چون هەر تێگەیشتنێکی لەو چەشنە دەرحەق بەعەلمانیەت هەڵەو جەهلە . بۆ ناسینی عەلمانیەت و تێگەیشتنی لە جەوهەری ئەو ئایدۆلۆژیایە دەبێت لە تیۆردبوونەوە لە خودی ئەو فیکرەیە و بەتێگەیشتن لەکۆی مەنزومەی عەلمانیەت بەگشتی، هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی بکەین و بیناسین، ئالەم دیدگایەوە دەتوانین ڕاڤەیەکی دروستی بکەین و تێیبگەین، لەم تێڕوانینەشەوە دەتوانین بڵێین :
عەلمانیەت: مەنزومەیەکی فیکری و عەقیدی وئایدۆلۆژی سیاسی و ئابووری وکۆمەلآیەتی و کلتوری وهونەری و ڕۆشنبیری گشتگیرە بۆ کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤ بەدیار و نادیاریەوە . هەروەها دەکۆشێت بۆ بونیاتنانی دەوڵەت و کۆمەڵگایەك کە ئاین کەمترین ڕۆڵ و کاریگەری لە هیچ کام لە دامەزراوە دەوڵەتی و بواری چالاکیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ و تاك دا نەبێت .

عەلمانیەت مەرامی داگیرکردنی گشت ئەو پانتاییانەی هەیە کە ئاین بوونی خۆی تێدا سەلماندوە و ڕۆڵی کارای تێدا دەگێڕێت، تاوەکو بە دەرپەڕاندنی ئاین سەرجەمی ئەو کایە جیاوازانە بۆ خۆی پاوان بکات، جا خۆ لەنێو دەوڵەت و دامەزراوەکانی، وەیان لە نێو گۆمەڵگا و شەریعەکانی دابێت، یاخود لە هەست و هۆش و دڵ ودەروونی مرۆڤەکاندا بێت . لەپێناو وەدیهێنانی ئەم مەرامەی دا عەلمانیەت یەکەم ئامانجی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتە وەك یەکێك لە گرنگترین دامەزراوە کارا و چالاکەکانی کۆمەڵگا تا لەو ڕێگایەوە هێدی هێدی تەنگ بە ئاین هەڵچنێت و قۆناغ قۆناغ چەمك و بەشەکانی بپێچێتەوە و لە دامەزراوەکانی دەوڵەت وەدەریان نێت و لەپاشتریش گشت دیاردەو نزمە ئاینیەکان لە کۆمەڵگادا یاساغ بکات، عەقیدە و ڕێساکانی هەڵوەشێنێتەوە و لەدوا ئەوەش بوخۆی دەست بکاتە تەفسیرکردنەوەی ئاین، ئیدی ئاین لە تەنها چەند ڕەسم و سروت و هەندێك دیاردەی ڕەمزی و ڕواڵەتی کورت هەڵبێنێت، هەڵبەت ئەوەش هەربەو چەشنەی کە دڵخوازی خۆیەتی. لەنمونەی ئەو پیناسانەش کە عەلمانیەت بۆ ئاییینی کردوە، ئەوەیە کە دەڵێت: ئاین تەنها پێوەندییەکی ڕۆحییە لە نێوان مرۆڤ و خودا ؟! بەم پێیەو لە دید و تێگەیشتنی عەلمانیەت و عەلمانیەکاندا ئاین تەنها بریتیە لەو پەرستشانەی کە تەنها لەنێو پەرستگاکاندا ئەنجام دەدرێن و بەس، واتە عەلمانیەت و عەلمانییەکان دەڵێن ئاین یاسا و ڕێسای نییەو تەداخول لە دەوڵەت و کار و باری سیاسیدا ناکات، وە کاری بەسەر کۆمەڵگاوە نییە، لەوی کە چۆن کاروبارەکانی خۆیی ڕێکدەخات و مرۆڤەکانی مومارەسەی چ جۆرە زیندەگیی و چ چەشنە زەواجێك دەکەن، هەروەك پێشیان وایە ئاین توخنی ئابووری و چالاکیە بازرگانیەکان ناکەوێت باکی بە سوخۆری و ساختەکاری و

ڕاوڕوت نییە، بە نسبەت ڕۆشنبیری و هونەر و کلتوریشەوە پێیان وایە ئەوە نەدوورو نەنزیك هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ ئاین نییە و بۆ خۆیان سەربەستن لەوەی چۆن مومارەسەی چالاکییەکانیان دەکەن . بەکورتی عەلمانیەکان بۆچونیان وایە کە ئاین حەرام وحەلاڵی نییە و خاوەنی تشریع نییە، هەروەها کاری بەسەر دوونیاوە نییە یاخود گەر هەشی بێت، دەبێت کاری پێنەکرێت، بەڵکو دەبێت هەڵوەشێنرێتەوە و لەنێوببرێت، تەنها شتێکی ئاین کە لای ئەوان جێگای ڕێزە، داروپەردووی پەرستگاکان و دیاردە و ڕەسم و سروتە ڕۆحانیەکانی نێو پەرستگاکانیەتی، هەڵبەت لەبەر ئەوەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی دوونیایی ئەوان نییە .

لەم جیهانبینیەوە عەلمانیەت دەوڵەت و کۆمەڵگا مادییەکەی خۆی بەرپادەکات، تەواوی ڕەهەند و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ عەلمەنەدەکات و دیدی مادییان بەسەردا فەرز دەکات، تیایدا بایەخ بە ژیانی ئەمێستای دوونیا دەداو خودا و ئاین و دوارِۆژ فەرامۆش دەکات .

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی ژیان :

عەلمانیەت تەنها بەوەندە داناکەوێت کە ئاین و دەوڵەت لێك جوودابکاتەوە و بەس، یاخود یاسا و ڕێساکانی ئاین لە کاربخا و چیدی دەوڵەت کاریان پێنەکات، بەڵکو عەلمانیەت لە گشت کایە و بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکان چ وەك تاك، چ وەك کۆمەڵگا و لەسەر ئاستی دەوڵەت و لەسەر ئاستی گشتی گەل، کار بۆ دارِنینی ئاین و هەڵوەشاندنەی یاساو ڕێساکانی لە دەوڵەت و دادگاکانی، لەهەمانکات دورخستنەوەی ئاین لە پەروەردەو پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوجا دارِماندنی فکرو ڕۆشنبیریەکەی و تەواوی کلتور و داب و قییەمەکانی، دەکات. تا کۆمەڵگایەکی دابڕاو لە ئاین و لەسەر بنەمای عەلمانیەت بونیات بنێت کە فیکر و بۆچوون و یاسا و ڕێسا و پەروەردە و فێرکردن و هونەر و ڕۆشنبیریان لەگەڵ داب و نەریت و بەهاکانیان سەرجەمی عەلمانی بێت . واتا عەلمانیەت بناغە و بنچینەی بونیاتی دەوڵەت و کۆمەڵگا بێت، لە پڕۆژەکەیشیدا، دەوڵەت و دامەزراوەکانی، یەکەم ئامانجی عەلمانیەتە .

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی دەوڵەت :

عەلمەنەکردنی دەوڵەت گرنگترین مەرامی عەلمانیەت و لە پێشینەی گشت ئامانجە یەکەمینەکانیەتی، چوون دەوڵەت لە زەمەنی ئەمێستادا ڕۆڵی گەورەی لە کۆمەڵگادا هەیە، دەوڵەت لە ڕێگای دامەزراوە هەمەکار و فرەچەشنەکانیەوە دەستی خستۆتە نێو تێکرِای بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، بەویستی خۆی لەبەر ڕۆشنای ئەو باوەڕە مادییانەی خۆی ئاراستەی دەکات و لەسەر بنەمای ئەو فیکرەیە دەستور و یاسای کۆمەڵگا دادەڕێژێتەوە و پایەکانی دەوڵەتی لەسەر بونیات دەنێت . ئالێرەوە عەلمانیەت دەستدەکات بە جێگیرکردنی پرۆژەکەی خۆی و یەك لەدوای یەك کایە و بوارەکانی چالاکی دەوڵەت لە ئاین جودادەکاتەوە و لەسەر بنەمای دیدو تێگەیشتنی عەلمانی و بەپێی یاساو ڕێساکانی خۆی، واتا یاسای سروشتی (**المذهب الطبيعة**)ڕێکیان دەخاتەوە. لەوانیش هەریەکە لە کایەی سیاسەت ودەوڵەت ڕانی، ئابووری وبازرگانی و کۆمەڵگا و خێزان و پەروەردە و هونەر و ڕۆشنبیری، لەگەڵ کلتور و داب و بەهاکان، عەلمەنە دەکات و لە ئاینیان دادەبرِێت .

سەرەتایی هەر پرۆسەیەکی بونیاتنانەوەی فیکری بە وێرانکردن و دارماندنی سیستمی فیکری پێش خۆی دەست پێدەکات، واتا بۆ ئەوەی عەلمانیەت بچەسپێنرێت دەبێت ئەو ئاینەی لەپێش ئەو لەکۆمەڵگادا جێگیر بووە و چەسپاوە، داتەپێنرێت و تەواوی فیکرو بنەماو بەهاکانی وێرانبکرێت، ئەمە هۆی دەرگیربوونی عەلمانیەتە لەگەڵ ئاین، وەلێ ئەم کارە لەخۆرئاوادا تا رادەیەك ئاسان بەرێوەچوو، هەروەك عەلمانیەت توانی بنەمای تێگەیشتن و تێروانینەکانی خۆشی بە قوڵی رەگاژۆ بکاتە نێو هەست و هۆش و دەروونی مرۆڤی خۆرئاواییەوە و تێدا جێگیر ببێت.

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی کایە جیاوازەکان :

لەپاش دەستگرتنی بەسەر دەوڵەتدا، عەلمانیەت پرۆژەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و کاردەکات بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر کۆی کاری دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا، سیاسەتیش یەکێکە لەگرنگترین بوارەکانی کاری دەوڵەتە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆسەی عەلمەنەکردن و رەنکدانەوەی ئەوەش لەچالاکی و کردەسیاسیەکاندا وەدەردەکەوێت .

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی سیاسەت :

سیاسەت یەکێکە لەو کایانەی کە عەلمانیەت شێلگیرانە پێداگری لەسەر عەلمەنەکردنی دەکاتەوە و لە ئاینی دادەبرێت بەو پاساوەی گوایە سیاسەت واتا فرت و فێل و ساختەکاری و بەکاربردنی هێز . گەر دەوڵەت لەسەر ئاین بونیات بنرێت ئەوا سیما و روخساری ئاین لە پێشچاوی خەڵکی دزێودەکات! بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات گوایا با ئاین بەرز و پیرۆز رابگرین، ئەمەش بەچ شێوەیەك، بەکارپێنەکردنی ئاین! وە لەکارخستنی یاساو رێساکانی و بەراوێز خستنی لە کارو بارە سیاسیەکان و گەراندنەوەی بۆ نێو پەرستگاکەی خۆی !

عەلمانیەت رەفزی ئاین و سیاسەتی ئاینی دەکات، چون عەلمانیەت تەنها ئاین جوداناکاتەوە لەدەوڵەت و کاروباری سیاسی، بەڵکو ئەخلاقیش لە سیاسەت جودا دەکاتەوە. پێرەوی لە سیاسەتی (غاية تبرير الوسيلة) دەکات واتا سیاسەتی هێزو زەبرو زەنگ، کەلەلایەن ماکیاڤیللیەوە بناغەی ئەم سیاسەتە دارێژراوە، هەروەك ئەمرۆی خۆرئاوا، کە پێرەوی لەو سیاسەتە عەلمانیە ماکیاڤیللیە دەکات . لە راستیدا پەرتووکی (میر) کە لەلایەن ماکیاڤیللیەوە نوسراوە، تیایدا رەوایەتی دەبەخشێتە فەرمانرەوا لە بەکاربردنی هۆکارە دزێوەکانی وەك فرت و فێڵ وکوشتن و رشتنی خوێن.(٣٧) هەموو ئەمانەش لە سیاسەتی دەوڵەتانی عەلمانی و فەرمانرەواکانیاندا بەرووونی دەبینرێت .

پێرۆکردنی ئەم سیاسەتە لەسەر بنەمای رێبازی سروشتە ( المذهب الطبيعة )، چون بەپێی یاسای سروشتی مانەوە بۆ بەهێزترینە، لاوازەکانیش مەحکومن بە لەنێو چوون و مەرگ، یاخود لە باشترین حاڵەتیاندا دەبێت کۆیلە و بندەست بن . هەرچەندە دەوڵەتانی عەلمانی خۆرئاوا لە ئاخافتن و گوفتارەکانیاندا بەردەوام باس لە ئاشتی و پیکەوە ژیان و مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام کردار و رەفتارەکانیان راست پێچەوانەی دروشم و بانگەشەکانیانە، وەك یەکێك لەسەرکردە دیارەکانی ئەمریکا بەنێوی(ئەبراهام لینکۆڵن )بۆ خۆی و لەدوانێکی دا راستی ئەم سیاسەتەی وڵاتانی عەلمانی خۆرئاوامان بۆ دەخاتە روو کە دەبێژێت (کوتەکێکی زل بگرە بەدەستەوە و گوفتارت نەرم بێت،

---

٣٧-مزاهب فكری معاصر-محمد قگب ابراهیم-(السیاسه).

دەستەڵاتت بەهەموو لایەکدا دەڕوات)! حەقیقەتی ئەم سیاسەتەی عەلمانیەکانیش لە جەنگەکانیاندا دیارە، گەر چاوێکیش بە مێژوودا بخشێنین ئەوا شومارێکی هێجگار فرە لەو جەنگە دڕندە و وەحشیانەیە دەبینین، کە لەلایەن دەوڵەتانی عەلمانیەوە بەرپاکراون، هەڵبەت تەنها لە پێناوماده و بەرژەوەندی ماددی دا، نەك لەپێناو ئازادی و خۆشبەختی مرۆڤایەتی، جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی جیهانی وشالاّوەکانی ئیستعماری و تالاّنکاری خۆرئاوا بۆ سەر رۆژهەلاّت و باقی جیهان باشترین نمونەن، وە کوشتوبڕکردنی مەلاین مرۆڤ لە سۆڤیەت لەلایەن ستالین و چەندین ملیۆنی دی لەلایەن ماوتسی تۆنگ، ئەوە دڕندەی و جەلادی فەرمانڕەوا عەلمانیەکانی رۆژهەلاّتیش پێویست بە باسکردن ناکات .

لە سیاسەتی عەلمانیەت دا، ئامانجی هەرە بالاّ ماددەیە، واتا برایەتی و دۆستایەتی و یەکبون تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مادی دەبێت، ئەوەش درێژە دەکێشێت تا درێژەکێشان و مانەوەی ئەو بەرژەوەندییە، بەکۆتایهاتنیشی کۆتایی دێت . لەپێناودەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندییە مادیەدا بەکاربردنی هەموو ئامراز و هۆکارێکی نامرۆڤانە ڕەوایە و گرنگ نیە کەچەند مرۆڤ لەو پێناوەدا دەبنە قوربانی، هەروەك ڕەوایی یاخود ناڕەوایی خودی ئامانجەکەش بایەخی نییە، بەڵکو گەیشتن بە ئامانج گرنگ و بایەخدارە، ئەمە لەسەر بنەمای ڕێبازی سروشت ( مذهب الطبيعة ) کە دووبارەکردنەوەی ڕەوشتی ئاژەلاّنی نێو جەنگەڵەکانە، ئەم تێڕوانینە عەلمانیە مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکەیان بەهەمان شێوەی نێو جەنگەڵ تەفسیر دەکاو ڕێکی دەخاتەوە .

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی ئابووری :

عەلمانیەت ڕوئیایەکی گشتگیری هەیە و هیچ کام لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤی هەڵنەبواردووە، کایەی ئابووری یەکێکی دییە لە چالاکییەکانی مرۆڤ کە ڕۆڵێکی هێجگار گەورە لەژیانی دادەبینێت کاریگەری بەرچاوی لە لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤدا هەیە .
عەلمانیەت لەسەر بنەمای ڕێبازی سروشت(مذهب الطبيعة)ئابووری عەلمەنەدەکات، واتا ئابووری و چالاکییە بازرگانییەکانی مرۆڤ بخرێنە ژێر هەژموونی یاساکانی سروشتەوە! تا مرۆڤەکانیش بەوێنەی ئاژەڵەکان بکەونە ململانێ لەگەڵ یەکدی و بەگوێرەی هۆشمەندی وبلیمەتی و ڕادەی بەهێزی خۆیان، سەروەت و سامان بۆ خۆیان وەچنگ بخەن . لەو پێناوەدا هەرچەشنە کارێکی لە بابەت فرت وفێڵ و چەواشەکاری و پڕوپاگەندە جەور و تۆبزی کردن ڕەوایە، لە هەر چالاکی و کردەیەکی ئابووری، جگە لە سوود و بەرژەوەندی مادی، هیچ بەها و پێوەرێکی مرۆیی و ئایینی ڕەچاو ناکرێت، پیرۆزکردنی هەر بەها و قیەمێکیش لەو بوارە، دیسان بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیدەترە نەك بەهۆی هەستکردن بەبەرپرسیاری یاخود دڵسۆزی بۆ بەرامبەر .
لەنێو ئەم جەنگەڵستانەی عەلمانیەت دا هەموان ئازادن لە هەوڵ وکۆشش کردن، ململانێکردنی یەکدی، سەربەستن لە بیرۆکردنی هەرهۆکار و ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنان و کەڵەکە کردنی سامان و دارایی، گرنگ نییە داخۆ ئەو شێواز و پیشانە جێپەسەندی ئایینن یاخود نا، بەڵکو تەنها گرنگن وەگیرکەوتنی سەروسامانە . بەلاّم لەم نێوەندەدا و لەوەها هەلومەرجێکی کارکردندا، مەعلومە کە هەر کەڵبەتیژ و چڕنووك دارەکان براوەن و دەبنە خاوەنی بەشی هەرە زۆری سەروەت و سامانی کۆمەڵگا گەر نەڵێین هەمووی . چوون ئاشکرایە کە هێزو زیرەکی گشت مرۆڤەکان وەك یەکدی نییە و لەیەك ئاستدا نیین، هەروەك هەلومەرج و دەرفەتەکانیشیان وەك یەکدی نیە، ئەم ڕەوشە وادەکات کە کۆمەڵگا دابەش بێت بەسەر دوو چین، یەکەمیان نوخبەیەکی دەوڵەمەندن و کەمینەیەکی کۆمەڵگا پێکدەهێنن . بۆ خۆیان دەبنە خاوەنی بەشی هەرە زۆری سەروسامانی کۆمەڵگا، باقی هاولاّتیان کە زۆرینە کۆمەڵگا پێکدێنن دەکەونە باری هەژاری

کوشندەوە . ئەم دۆخەش هەمان ڕەوشی نێوجەنگەڵەکانە کەلەسەر ڕێبازی سروشتە واتا(مژهب الگبیعە)، دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازە شومارێك بیرمەندن کە کاریگەربوون بەفیکری کۆنی ڕۆمانی ویۆنانی .

## لە دامەزرێنەرانی ئەم بیرۆکەیە واتا (مذهب الطبیعة):

فرانسوکیزنی (١٦٩٤-١٧٧٨ز)ە، لە فەرەنسا لەدایك بووە وکاری پزیشکی کردووە لە کۆشکی لویسی یازدەیەم، بەڵام گرنگی بە بواری ئابوری داوە و ڕێبازی سروشتی (مژهب الگبیعی )دامەزراندووە، لە ساڵی (١٧٥٦ز)پەرتوکی لەسەر ئەم ڕێبازە لەچاپداوە و بلاْوی کردۆتەوە بەنێو جوتیاراندا . ساڵی (١٧٥٨ز) خشتەی ئابووری شێوەی دەستا و دەستکردنی دارای لەنێو کۆمەڵ بە خولی هاوپێوەند لە چاپداوە، کە میرابۆ دەڵێت لەم خشتەیەدا سێ داهێنانی پێشکەش کردووە لەوانیش نوسینەوە و دراو و خشتەی ئابوریە، هەروەها جون لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤ز)، گریمانەی ئازادی سروشتی داڕشتەوە، بەوهۆیەشەوە دەربارەی خاوەندارێتی تاك دەڵێت (ئەو خاوەنداریەتییە مافێکە لە مافەکانی سروشت، ئەو غەریزەیەش گەشەی کردووە لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ، بۆ هیچ کەس نیە دژی ئەو غەریزەیە بێت.[٣٨] زۆرانێکیدی لە زانایانی ئابوری خۆرئاوا داکۆکیان لەم سیستمە ئابورییە کردۆتەوە ، وەك بنەمایەکی ئەخلاقی و ئایینی یاخود مرۆیی، بێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی کارایی و لێهاتویی مرۆڤەکان و دەرفەتەکانیان، دەستەلاْتی ڕەهایان پێدەدرێت لە ئەنجام دان و مومارەسەکردنی هەر کار و پیشەیەك، هەروەها بۆ پیرۆکردنی هەر شێواز و ڕێگایەك لەپێناو بەدەستهێنان و کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سامان و سەرمایە . ئەم سیستەمە ئابورییە دەرەنجامی ترسناکی لێکەوتۆتەوە لەو کۆمەڵگایانەی کە پیڕەویان لێکردوە، ژیانی زۆرێك لە هاولاْتیانی بردۆتە ژێر هێڵی هەژاری کوشندەوە، ناچاری کردوون ببنە کۆیلەی کەمینەی سامانداری کۆمەڵگاکەی خۆیان و ئەوانیش بەکاریانبەرنەوە لە پرۆژە ئابورییەکانی خۆیاندا، وەك کرێکارێك بەکەمترین مووچە کە زۆرترین ئەرکی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەوەش دیسان لە بەرژەوەندی نوخبەی سامانداردایە، لەم سیستمە ئابوریەدا ئافرەتان هاوتای پیاوان دەبێت کاربکەن، جاخۆ لەهەر بارودۆخێك دابن، ڕێبازی سروشت (مذهب الطبیعة)،بۆتە هۆی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ناهاوسەنگ کە تێیدا بەهێزەکان دەستڕۆیشتوون و لاوازەکان بەکاردەبەن .

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی کۆمەڵگا :

سیستەمی کۆمەلاْیەتی ڕەهەندێکی دیکەی ژیانی مرۆڤەکانە، کە لە پرۆسەی عەلمەنەکردندا گەورەترین زیانی بەردەکەوێت بەتایبەتی دامەزراوەی خێزان و پێوەندییە کۆمەلاْیەتییەکان، هەروەها پەروەردە و بنەما و بەها و پێوەرە ئەخلاقییەکان، لەم پرۆسەیەدا سەرجەمیان ڕووە و داروخان و وێران بوون دەچن و لێکوپێك هەڵدەوەشێنەوە .
هەڵبەت لەپرۆسەی عەلمەنەکردنی کایەی کۆمەلاْیەتیدا عەلمانیەت پشتی بە ڕێبازی سروشتی بەستووە، وەك ئەوانی پێشوو. بەو مانایەی کە دەبێت مرۆڤەکان لە ڕێکخستنی نەزمی کۆمەلاْیەتی کۆمەڵگادا پشت بەغەیری ئاین ببەستن،

---

٣٨-موسوعە الادیان-کۆمەڵێك نوسەر-بابەتی (الرئسمالیة).

واتا پێڕەوی لەو شێوازی نەزم و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیە نەکەن کە ئاین بونیاتی ناوە و داوای بەرپاکردنی دەکات لەژیانی مرۆڤەکاندا، کە وەستاوە لەسەر ئەخلاق و پاکیەتی و ڕاستگۆی، هەروەها ئەرك و ماف و پابەندبوون، لەگەڵ دژ وەستانەوەی گشت خراپە و فەسادێك . خێزان گرنگترین دامەزراوەیە لەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەی ئاین دا، ئەوجا بەداڕشتنی پەیوەندیەکان دەست پێدەکات و دواتر ئەرکی تاکەکان لەهەمبەر خودا، وە لەهەمبەر باقی مرۆڤەکانی دەست نیشان دەکات بە ڕەچاوکردنی ڕادەی بەرپرسیارێتیان . لەپاش ئەوە پەروەردەیەکی ئەخلاقی بونیاتنراو لەسەر ڕەچەتەی بەها ئاینیەکان لەخێزان و باقی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی دیکەی کۆمەڵگادا پیرۆدەکات و مرۆڤەکانی پێ گۆشدەکات، گشت هێڵە یاساغەکان دەست نیشان دەکات، واتا تەواوی گوفتار و ڕەفتارە ئیجابی و سلبیەکان لێك جودا دەکاتەوە و ئاشنایان دەکات بە مرۆڤەکان لە هەمان کات سزا و پاداشتی هەرکام لەو کردەوانەش بەیان دەکات، بەم شێوەیە کۆمەڵگایەکی ئامانجداری خاوەن بەهای هاوسەنگ پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات، وەلێ عەلمانیەت لەپێکهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دا، جەخت لەسەر مەزهەبی سروشتی ((مذهب الطبيعة)) دەکاتەوە، بەهەمانشێوازی نەزم و ڕێخستنی کۆمەڵایەتی ئاژەڵان . کە ڕەوە ئاژەڵێك پێکەوەدەژین و هەموویان پێکەوە و لەگەڵ یەکدی جووت دەبن و وەچەدەخەنەوە و پێوەندیان لەگەڵ یەکدی هەر لەسەر بنەمای غەریزەی جنسیە و بەس، ئیدی هیچ کام لە نێرەکان وابەستە نین بەمێیەکانەوە و مێیەکانیش بەهەمان شێوە، وەچەکانیشیان ئاشکرا نییە هی کام لە نێر و مێیەکانن، لەهەمانکات تێکەڵاوی و پێکەوبوونی بەردەوامی نێوان دووڕەگەزەکەش دیاردەیەکی ئاسای و بەردەوامی نێویانە و هیچ چەشنە کردەیەکی یاساغ لەنێویاندا، ووجودی نیە. هەموو ئارەزوبازی ولادانێك دیاردەیەکی ئاساییە، هیچ کام لەو ئاژەڵانە بەرپرسیار نیە لە بەرابەری ئەوی دیانەوە و ماف و ئەرکیان لەسەر یەکدی نیە، بەدەر لە هەندێ کاری بەخێوکردنی سەرەتایی ئەوەش تەنها بۆ وەچە نوێیەکان و تەنها بۆ چەند ڕۆژێکی کەم، پاش پیربون و بەساڵاچوونی هەریەکە لەو ئاژەڵانەش ئەوا جگە لە پەراوێزخستن و لەنێو چونی چارەنوسێکی دیکەی لەپێش دانامێنێتەوە، واتا لاوازەکان دەبێ بفەوتێن. ئالەم تێگەیشتنەوە فەیلەسوفان و بیرمەندانی عەلمانی بیرۆکەکانی خۆیان بۆ دووبارە داڕشتنەوە و پێکهێنانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا گەڵاڵە کرد .

بیرمەندانی عەلمانی لە ڕوانگەی ڕێبازی سروشتی(مذهب الطبيعة) و لەسەر بنەمای بیردۆزە مادییەکان، مرۆڤیان وەك بەشێکی مادی و یەکانگیر لەگەڵ ئەم گەردوونە مادییە دەدایە قەڵەم . لەبەر ڕۆشنای گریمانەی داروین واتا بیردوزی پەرەپێدان، بونیاتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیان داڕشتەوە، بەم شێوەیە مرۆڤ بوو بە مادەیەکی پەتی و کردارەکانی بوونە دیاردەی سروشتی. فرۆیدیش وەك یەکێکی دی لە فەیلەسوفانی عەلمانی، جنس وەك تاکە بنەمای پێوەندییە مرۆییەکان وێنادەکات، مارکسیش مادە بەسەرچاوەی گشت هۆ و پێوەندیەك دەبینێت . فرۆید لە گۆتەیەکی ناڕاستی دا دەڵێت ، وزەی جنسی گەورەترین وزەی نەبینراوە لە جەستەی مرۆڤدا، وە یەکەی زاڵە بەسەر کاروباری ئەندامەکان و وزەکانیاندا و ئاراستەیان دەکات و دەشیان پارێزێت ![39]

هەروەها فرۆید پێیوایە کە مرۆڤ وەك باقی ئاژەڵانە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەواندا نییە، وە خودایەك ڕۆڵی لە دروستبوونیدا نەبووە و ئەویش بەهۆی پەرەپێدانەوە هاتۆتەبوون ! ئالەم دیدگا مادییەوە فرۆید بانگەشەی ئازادی جنسی دەکات بەهەمووشێوەکانیەوە، لەهەمانکات ڕەفزی ئاین و هەر چەشنە ڕێکخستنێکی ئاینی دەربارەی غەریزەی جنسی دەکات،

---

٣٩-الاسلام يتصدى للغرب الملحد-د.محمد نبيا النشواتي-ل١١ .

زۆرێکی دی لە بیرمەندانی عەلمانی ڕەتی دامەزراوەی خێزان دەکەنەوە و بەدەزگایەك بۆ بەندکردنی ئافرەت وەسفی دەکەن و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکەن . چوون پێیانوایە لەو دەزگایەدا ئافرەت دەبێتە موڵکی تاکە پیاوێك بۆیە بانگەشەی ئازادی ئافرەت دەکەن و داوای هاتنە دەرەوەی ئافرەت لە لەماڵەکەی دەکەن، هەروەها داوای پابەند نەبوونی بەهاو سەرەکەیەوە لێدەکەن، بەنێوی خۆشەویستیەوە ڕەواج بەفرەدۆستی (تعدد العشيقات) دەدەن، تابەپێی ڕێبازی سروشتی (مذهب الطبيعة)پێوەندی جنسی نێوان مرۆڤەکان ڕێك بخەنەوە و خێزانەکان تەدمیر بکەن و هاوسەرایەتی و زەواج هەڵوەشێننەوە و لەبری ئەوە بە پێوەندی دۆستایەتی نێوان دووڕەگەز جێگای بگرنەوە، واتا لەبری ئەوەی پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك و لەسەر بنەمای هاوسەرداری و بەپێی گرێبەست و لەنێو ماڵێکدا و پێکەوەبژین، هەمان پیاو لەگەڵ چەندین ئافرەت پێوەندی دۆستی هەبێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی؟! بەهەمانشێوە ئافرەتیش لەبری تاکە پیاوێك لەگەڵ چەندان پیاو پێوەندی هەبێت تا بەوپەڕی ئازادییەوە مومارەسەی کاری جنسی بکات لەگەڵ هەرکەس کەبۆ خۆی بیهەوێت ئەمە وەك مافێکی سروشتی خۆی لەسەر بنەمای (مذهب الطبيعة)، هاوشێوەی ئەو جۆرە پەیوەندییە جنسیەی کەلەنێو ئاژەڵاندا بوونی هەیە و یاسای باوی نێو جەنگەڵە . عەلمانیەکان لەیاسای جەنگەڵ ئەولاتر دەڕۆن و ڕێگا بە جنسی نێوان هاوڕەگەزەکانیش دەدەن، بەڵکو لەوەش ئەولاتر واتا جنسی نێوان مرۆڤ ئاژەڵ ! بەپێی ئەم سیستمە عەلمانیە دامەزراوەیەك بوونی نامێنێت بەنێوی خێزان و هاوسەرداری کۆتایدێت، پێوەندی خوێنی و کۆمەڵایەتیەکان هەڵدەوەشێنەوە . منداڵەکانیش هەروەك بێچوە ئاژەڵەکان هێنە دوونیاوە و پاش فەترەیەکی کەم لە بەخێوکردنیان، ئەوانیش باڵەفڕەبن و خەریکی ژیانی خۆیان دەبن و کاریان بەسەر کەسەوە نابێت . بەم چەشنە هیچ کام لە مرۆڤەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایە (جەنگەڵستان )ە ی عەلمانیەت یەکدی ناناسن و هیچ ئاگاییەکیان لە خزمایەتی و پێوەندی خوێنی نامێنێت . باب و دایك و باوان نادیارەبن و مام و خاڵ و خوشك و برا و ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزا ....هتد. سەرجەمیان مفقود دەبن .

بەپێی بنەماکانی ڕێبازی سروشتی(مذهب الطبيعة)ولەنێو کۆمەڵگای عەلمانی دا هیچ کاروکردەوەیەکی یاساغ و نائەخلاقی نامێنێت، بۆ هەر مرۆڤێکی نێو ئەو سیستمە هەموو کاروکردەوەیەك ڕەوا و دروستە، هەر کاروکردەوەیەکی بە درەوشتی دەبێتە کردەیەکی باو و ئاسای ڕۆژانەی مرۆڤەکان، ئالێرەوە فەساد و بەدڕەوفتی دەبێتە کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگای عەلمانی، بەدئەخلاقی دەبێتە بەهای باڵا و ئارەزووبازی دەبێتە قیبەمی هەرە بەرزی کۆمەڵگا و جنسیش دەبێتە ڕەمزی ئازادی، بەرەڵایی ئافرەتان دەبێتە ماف و فەسادی دەبێتە پێشکەوتن و شارستانیەت، واتا پێوانە و پێوەرەکانی بەها و ئەخلاق، قلب دەبنەوە، ئیدی پاکیزەیی و ئەخلاقە بەرزەکانی دەبنە ڕەمزی دواکەوتن وکۆنەپەرستی و نەزانی! نمونەی ئەمە بەڕوونی لەپێش چاوە، خۆرئاوا و کۆمەڵگاکانی، باشترین نمونەی بەردەستن لەوبارەیەوە . کە لە نێو گێژاوی ئارەزووبازی و زێدەڕۆیی جنسی دا نغرۆ بوون وخێزان و کۆمەڵگا و گشت پێوەندییەکانیان لێکهەڵوەشاوەتەوە و مرۆڤەکانی گرفتاری قەیرانە ڕۆحیەکان بوون، کە سەری پێ کێشاون بۆ مشروبات و موادی بێهۆشکەر و...هتد. دەرەنجامی ئەوەش خۆکوژیی لەڕادەبەری مرۆڤی خۆرئاوایی و دەست درێژی و ڕاوڕوت و چەندین کردەی دزێوی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، کەلەم ڕۆیا ئەوکۆمەڵگایانەی گیردۆدە کردووە . هەموو ئەمانەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خۆرئاوا ڕێچکەی علمانیەتی گرتووە، عەلمانیەتیش پێڕەوی لەسروشت دەکات لەگەڵ تاقیگەی زانستی کەلەوی پێشو زیاتر دەرەنجامی ترسناکی ئەخلاقی لەپاش خۆی جێهێشتوە . چوون زانست تەنها لە ماديات و بوونە دیار و بەرجەستەکان دەکۆڵێتەوە،

هەروەك زانستی تاقیکاری تەنها لەو بوارە دا توانای دۆزینەوە و ئاشکراکردن و پیشاندانی هەیە، وەلێ لەبواری نادیار و مەعنەوی دا، کەمترین قودرەتی بەیانکردنی تاکەڕاستیەکی نیە، چون تاقیگەی زانستی ناتوانێت لەماناکانی ئەخلاق و ڕەوا و ناڕەوا و ودروست و نادروست تێبگات، دیاری کردنی ئەو ڕاستیە مەعنەویانە تەنها کاری ئاینە نەك شتێکی دی .

عەلمانیەت کاری جدی دەکات تاوەکو تەواوی جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕەگەز بسڕێتەوە و ئەرك و مافەکانیان لەگەڵ یەکدی تێکەلاو و ئاوێتەبکات لەژێر نێوی یەکسانیدا، واتە هەندێك جیاوازی جەستەیی هەن لە نێوان نێرومێ دا، وای کردووە کە هەر یەکەیان تایبەتمەندیەکی چۆنایەتی وەربگرێت، لە پاشتر ئەمە بوت هۆی دابەشکردنی ئەرك و مافەکان لەنێوانیاندا، بەلام عەلمانیەت ئەو جیاوازیانە لەبەر چاوناگرێت و ئەرك و مافەکان لەسەر بنەمای ڕێبازی سروشت(مژهب الگبیعه)، دووبارە دابەشدەکاتەوە بەبێ لەبەر چاوگرتنی جیاوازیە جەستەییەکان و ڕادەی توانایی و گونجاویان بۆ کاروبارەکان . لێرەوە عەلمانیەت بە هەڵەیەکی کوشندەدا ڕۆدەچێت، ئەو کار و بارانەی کە لەگەڵ ڕەوشی جەستەیی و توانای ڕەگەزی نێردا دەگونجێت، دەیان سپێرێتە ڕەگەزی مێ و بەپێچەوانەشەوە، هەروەك ئەوەی کە لەنێو مالاتدا دەبینرێت . هۆی ئەم شێواز و ڕێکخستنە کۆمەلایەتییەی عەلمانیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیایە دیدێکی مادی سروشتی بۆ مرۆڤ و بەهاو قیەمەکانی هەیە، کە لەسەر بنەمای غەریزە و سوودی مادی بونیاتنراوە، ئیدی عەلمانیەت نرخ بۆ هیچ بەهایەکی مەعنەوی دانانێت واتا شتێك لە بابەتی پاکیزەیی و دامێن پاکی لە فەرهەنگی عەلمانیەت دا بوونی نیە، هەروەك هاوسەرداری و پێوەندی خوێن و پارێزگاری کردنی وەچەی مرۆڤەکان لای ئەو بایەخێکی نیە، لە دیدی عەلمانیەتدا مومارەسەکردنی کاری جنسی لە نێوان مرۆڤەکاندا کارێکی سروشتیە و ئەو وەچەیەش لەهەر کێ بێت گرفتێکی تێدانیە، هەڵبەت بەپێی (مژهب الگبیعه) واتا یاسای جەنگەڵ و دابی ئاژەلانە .

بۆ چارەسەرکردنی واتای شەرەف، عەلمانیەت ئەم مانایە دەگوازێتەوە بۆ بونێکی دیاری مادی بەرجەستە، نمونە وەك نیشتیمان، واتا شەرەفی مرۆڤ لە ئەخلاق و پاکیزەی خودی خۆی جوودادەکاتەوە و دەیبەستێتەوە و بەخاکەکەی، یاخود هەرشتێکی دی لە بابەت گەل و ئالا و حزب و.....هتد، تامرۆڤ بەو چەشنە پەروەردە بکات و تێی بگەیەنێت کە پارزگاری کردن لە ئەخلاق و پاکیەتی و بەها بالاکان شەرەف نیە، بەڵکو بەرگری کردن لە نیشتیمان و گەل و دەوڵەت و حزب، شەرەفە . وە دۆڕاندنی نیشتیمان بێ شەرەفیە نەك لەدەست دانی پاکیەتی و ئەخلاق و بەها بالا و پیرۆزەکان .

عەلمانیەت ڕێزی مرۆڤەکان پەرتدەکات و پێکەوە ژیان و پێکەوەبوون هەڵدەوەشێنێتەوە و جارێکی دی و دووبارە لەسەر بنەمای ڕێبازی سروشتی(مذهب الطبیعة)، ڕێکی دەخاتەوە و گروپ وکۆمەڵ و کۆمەڵگایان بۆ پێك دەهێنێت، هەر وەك چۆن لەجەنگەڵەکاندا شێرەکان پێکەوەن و گورکەکانیش پێکەوە و کۆمەڵن ، وە فیلەکان لەگەڵ یەکن ، هەروەها پڵنگەکان لەگەڵ یەکدین، واتا هەر گیانەوەریك لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی هەموویان پێکەوەن، عەلمانیەتیش لەسەر هەمان پێوەر و بنەمای جەنگەڵ مرۆڤەکان دابەش دەکاتەوە و پاشتر لەسەر بچینەی ڕەچەڵەك و نەژاد و زووبان و ناوچەی جوگرافی، کۆمەڵی نەتەوەیی و کۆمەڵی نەژیدیان لێ پێکدێنێت و سنوری جوگرافیان بۆ جووادەکاتەوە، ئیدی هەر مرۆڤە و سەر بەهەر نەژادێك بێت، دەبێت پێوەندی بە کۆمەڵ و گەلی خۆیەوە بکات و بەچاوێکی نەیار(ڕەگەزپەرست )تانەوە لەوانی دی بڕوانێت، خۆ ئەگەر نەخاسمە مرۆڤێکی سەر بەکۆمەڵ و نەژادەکانی دی، سنوری خاکی کۆمەڵ و نەژادی ئەوی دیانی بەزاند، ئەوا حەقی پەلاماردانی و بەڵکو کوشتنی هەیە . ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی عەلمانیەت بوو کە دوو جەنگی مەزنی جیهانی وسەدان جەنگ و کشتوبڕی ناوچەی لەسەر دۆسیەی ڕەگەزو و نەتەوایەتی بەرپاکرد، وە ملاین مرۆڤیان تێدابیونە قوربانی، کەلەمێستاش دا هەمان ڕەوش بەردەوای هەیە.

## عەلمانیەت و عەلمەنەکردنی ڕۆشنبیری و هونەر و زانست :

عەلمانیەت وەك هەر فەلسەفەیەکی ماددی خاوەنی دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیەتی، لە چۆنیەتی دووبارە دارشتنەوەی ڕۆشنبیری مرۆڤ، وە لە ئاراستەکردنی هونەر و چۆنیەتی بەکاربردنی زانست دا . لە تێگەیشتنی عەلمانیەت تەواوی توانا عەقلیەکانی مرۆڤ و داهێنانەکانی دەخرێنە خزمەت ویستە مادی و غەرائیزە شەهوانییەکانەوە و هەر لەو پێناوەش دا بەکار دەبرێن .

ڕۆشنبیری عەلمانیەت هەڵقولاوی نێوو عەقلێکی شەهوانی و مادیيە، تەواوی فیکرو بیروبۆچوونەکانی هەر لەو نێوەندەدا خولدەخوات، جگەلەوەش ئامانجێکی دیکەی نیە، واتا عەلمانیەت تەواوی توانای عەقلی مرۆڤ دەخاتە خزمەت ویستە ئاژەڵیەکانیەوە . لە ڕۆشنبیری عەلمانیەتدا شتێك بونی نیە بە نێوی سنوری یاساغ و ئازادیش ڕەهایە و مرۆڤ دەتوانێت بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ کام لە بەها و پیرۆزییەکان، ئاخاوتن بدات و گشت هێلە سورە ئاینیی و مرۆییەکان ببەزێنێت، لەمەشیدا ئایدیۆلۆژیایە پێداگری لەسەر دارنینی پیرۆزییەکان و بەتایبەتیش پیرۆزییە ئایینیەکان دەکات، سنورە ئەخلاقیەکان تێکدەشکێنێت، تابەم شکڵە ڕێ خۆشکاری بکات بۆ مەیلە ڕەها گەرایيەکەی خۆی لە مومارەسەکردنی ویستە زیادە ڕۆکانی . بۆیە عەلمانیەت تەنها لێکجوداکردنەوەی ئاین و دەوڵەت نییە، بەڵکو دارنینی پیرۆزی و ڕێزی خودایە لە مرۆڤ، وە گۆڕینیەتی بۆ سەرچاوەیەکی سروشتی، بەم پێیە بەتەواوی جوت دەگریت لەگەڵ سروشت، یەکدەگرێت لەگەڵ خوایەتی، کەهەنووکە تواوەتەوە لە سروشتدا، لەدیدی ئەودا مرۆڤ مادەیەکە دەگونجێت بۆ بەکاربردن و لەنێوبردن و کۆیلەکردن .(٤٠) سبحانه الله عما يشركون....

عەلمانیەت لەسەر هەمان بنەمای سروشتی(مذهب الطبيعة) بونیاتی ڕۆشنبیری و هونەری خۆی دەنێت، واتا هەروەك چۆن لەنێو جەنگەڵەکاندا و لای ڕەوە ئاژەڵەکان هیچ سنورێکی یاساغ، وە هیچ پیرۆزی و بەهایەك نیە و هەمووشتێك لەسەر بنەمای غەریزە بەڕێوە دەچێت، هەموو کارێك ڕێدراوە، لەسەر هەمان شکڵ فەلسەفەیە کۆمەڵگاکەی خۆی بینا دەکات و بەپێی یاسای سروشتی جەنگەڵ ڕێکی دەخات، ئیدی هەروەك چۆن لە جەنگەڵەکاندا بۆ هەموو گیانداران هەیە کە بە ئاوازی فیتری خۆیان دەنگی خۆیان بەیان بکەن، لەکۆمەڵگای عەلمانی دا مرۆڤە مادییەکانیش دەتوانن دەنگ و بیروبۆچونەکانی خۆیان بە بێ گوێدانە هیچ بەهاو پیرۆزی و قیەمێك بەیان بکەن، و بۆچوونەکانیان ڕابگەیەنن . گەر لە حاڵێکیش دا کەسێك ڕەخنەی بۆچونێکی نادرووست بکات، ئەوا تۆمەتبار دەکرێن بە دژە ئازادی، واتا بەدژە ئازادی جەنگەڵی . لەکۆمەڵگای عەلمانیەتدا ئازادی هەیە وەڵێ بەمەرجی تێنەپەڕاندنی یاسای سروشت . ئەدەب و هونەری عەلمانیەت شتێك نیە جگەلە ستایش کردنی غەرائیز و شەهوەت و جنس، تەواوی چالاکیە ئەدەبی و هونەریی لەبابەت شیعر و پەخشان و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆ و فیلم و و ێنە و پەیکەر و ڕەمز و هێماکانیان، لەدەوری جنس خولدەخوات و هانی شەهوەت و ئارەزوبازی دەدات . بانگەشەکانیان بەنێونیشانی زرق وبرق ڕازاندۆتەوە و بۆ هەر کارو کردەوەیەکی نەشیاویان ناونیشانێکی چەواشەکارانەیان بۆ داتاشیوە و لەوانیش، بۆ بلاوکردنەوەی کوفر و لادینی، ئازادی فیکر، و بۆ تێکەلاوی دوورەگەز و پێوەندی نادروسیان، خۆشەویستی، و بۆ ڕەفتاری نەشیاوی نێو ئەفلام و شانۆ و گۆرانیەکانیان ، هونەر و....هتد.

---

٤٠–مفهوم الصهيونية عند عبدالوهاب المسيري(دراسة نقدية)عبالطيف زكي ابو هاشم–ل١٠١ .

بەنیسبەت زانستەوە، عەلمانیەت ڕوانگەی تایبەتی خۆی لەسەر زانست هەیە و وەك پێوەرێك بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیەکان پەسەندی کردووە، تا لەو ڕێگایەوە تێڕوانینە فەلسەفی و سروشتی و مادیەکانی خۆی بسەلمێنێت، ئالەم دەروازەیەوە عەلمانیەت توانی ئیستغلالی بکات و بەو ئاقەرەیدا بەرێت کەمەبەستیەتی، گریمانە مادییەکانی بەکاربرد بۆ سەلماندنی دید و تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی خودا و مرۆڤ و گەردوون و دوا چارەنوسیان، لەو گریمانانە، گریمانەی دروست بوونی لەخۆوە، گریمانەی ئەتۆمی، گریمانەی پەرەپێدان، گریمانەی جنسی فرۆید، گریمانەی پەرەپێدان، فەلسەفەی مادی مارکس و....هتد، هەروەك دۆزینەوەکانی کۆپەرنیك و گالیلۆ و نیوتن و ئەنیشتاین و باقی زانایانی دیکەی بەکاربد بۆ دژیەتی کردنی ئاین .

عەلمانیەت لەسەردەمانێکدا ڕووی لە بەرەگرتن کردبوو کە تازە سەرەتاکانی زانست وەدەردەکەوتن و ڕوەو گەشەکردن دەچوو، ئالەو دەمانەدا کە کڵێسا خەریکی ڕاوەدونان و گرتن و کوشتن و سوتاندنی زانایان بوو، بەرەی دژە کڵێسا کەزۆرینەی سەرکردە و ڕێبەرانی فەیلەسوفانی مولحدی عەلمانی بوون، کەوتنە داکۆکی کردن لەزانایان و بیردۆزەکانیان .

بەم هۆیەوەیە، زۆرێك لە خەڵکی، ڕێبازی فەلسەفی عەلمانی لەگەڵ زانست و دۆزینەوەکانی دا تێکەڵ دەکەن، واتا زانستی تاقیکاری کە ئەم ڕێبازەی زانست تەنها لەسەر مادەی بەرجەستە کۆڵینەوە دەکا و بەس . بەڵام فەلسەفەی عەلمانیەت لە فیکر و بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ و ئەخلاق و ڕەوشت و پەروەردە و شێوازی ڕێکخستنی نەزمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتوری و قیەم و بەهاکان سەروسەودا دەکات . هەموو ئەمانەش مەعنەوین و پێوەندارن بەبیر و باوەڕەوە، جاخۆ ئەو باوەڕە ئاسمانی(ئاینی)یاخود فەلسەفی(زەمینی) بێت .

## ئاینەکان و فەلسەفە :

هەمیشە لەدرێژەی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا ململانێی لەنێو مرۆڤەکان دا بوونی هەبووە، ئەو ململانێیەش لەنێوان دوو تێگەیشتن و دوو دید و بۆچووندا بووە، بۆچوونی ئاسمانی پشت بەستوو بەوەحی خودایی و بۆچونێکی زەمینی پشت بەستوو عەقڵی شەهوانی مرۆڤ . جیاوازی سەرچاوەی ئەم دوو دیدگایە و دووری جەوهەری فیکر و دیدیان لێکدی، وای کردووە کە مرۆڤەکان دابەش بن بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەکی باوەڕداری مولزەم بە ئاین و بەرەیەکی مولحدی بێبڕوا بەئاین، بەپێی ئاستی جەماوەری و ڕادەی کارایی هێزیان، هەریەکەیان ناوەناوە لەزەمەنێکی مێژووییدا هەژموونی کردووە و دەسەڵاتی گرتۆتەدەست . ئاینە ئاسمانیەکان تا دەمی بەر لە هاتنی ئیسلام بەردەوام لەلایەن مرۆڤە لادەرەکانەوە دەشێوێران و تحریف دەکران، بەجۆرێك کەلە پاش تێپەڕینی زەمەنێکی کورت بەسەر دابەزینی، کرۆکی فیکری ئاینەکەیان لەگەڵ ڕاستی و فیترەتی مرۆڤ و لەگەڵ زانست و حەقیقەتەکانی تەواوی گەردووندا پێچەوانە دەکردەوە، ئاینی مەسیحیەت یەکێك بوو لەو ئاینانەی کە بەو دەردەبرا و لەلایەن خەڵکانێکی نەیار بە ئاینەوە، سەرچاوەکە شێوێنرا، لەبری وەحی خودایی، بە ئەفسانەی فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی ناوەڕۆکەکەی داڕێژرایەوە .

ئەوەی دەرکەوت لە ئایینی مەسیحیەت لە ماوەی گەشەکردنی ڕێبازی کڵێسادا، دوور بوو لە پەیامی عیسا( علیه سلام )، ئەوەی ڕێبازی کڵێسایی پێ قایل بوو بەزیادکردنی بۆچونی سیانەیی، نەریتێکی ئاڵۆزی بتپەرستی ڕۆمانی بوو، هیچ ڕیشەیەکی لە پەیامی عیسا(علیه سلام )دانەبوو . دەرکەوتنی نەریتی پیرۆزکردنی شەهیدانی مەریەم، پاش دەرکەوتنی ڕێسای( ئەکلیرۆس )و پەیدابوونی نازناوی (المطران)، سەریهەڵدا، فەرمانڕەوای هەڵبژێردراو و خزمەتکاری خودا و خۆپالاوتن بۆ نێوەندگیری و قەشەیی، سیستمی پاڵپشت و نزیکانی پیرۆز لەو شتانە بوون کە داهێنران . قەشەکان گرددەبوونەوە لەگەڵ یەکدی لە کۆبوونەوەی کڵێسا بۆ بڕیاردان لەسەر باوەڕ و نەریتەکان، هەروەها دەرکەوتنی سیستمی(

خوایەتی - theolog )بەهۆی کاریگەربوونی مەسیحیەتەوە بوو بەبتپەرستی یۆنانی و ڕۆمانی، هەریەکە لەو دوو شارستانیەتە لادینیە ، کاریگەری فرەیان لێکرد، دووریان خستەوە لە بنچینە خوداییەکەی و لە باوەڕ و یەکتاپەرستی پەیامی عیسا پێغەمبەر (علیە سلام )، کاریگەربوو بە ئەدەبوو ڕێبازەکانیان .(٤١)

هۆی کاریگەربوونی ئەم ئاینە بە فەلسەفەی یۆنانی و بتپەرستی ڕۆمانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلە سەروەختی دەرکەوتنی لە ڕۆما، فەلسەفەی یۆنانی و بتپەرستی لەنێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە شێوەیەکی بەربلاو لە نێو خەڵکی و لەناوەندەکانی ئیمپراتۆریەت دا تەشەنەی کردبوو، مەسیحیەتیش لە دەمی سەرهەڵدان و لاوازیدا بوو. پاش کوشتوبڕی هەوادارانی مەسیحیەت و دوای تێپەڕینی چەندین سەدە و هاتنەسەر کاری ئیمپراتۆر (قستنطین) ئەوجا ئەم ئاینە پەسەندکرا و پەیڕەوانی ئازادییان وەرگرت . ئەوەش لەماوەی نێوان ساڵانی(٣٠٨-٣٣٧ز)دابوو، کە پیاوانی ئەو ئاینە تەنازولیان لە زۆرێك لە بنەماکانی ئەو ئاینەکرد لە پێناو بەرەسمییەت ناسینی .

سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژە بە کەسایەتی ( پۆلس )دەکەن، کە جولەکەیەکی شارەزا لە فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی بووە و پاش ڕاگەیاندنی مەسیحی بوونی خۆی، دەستوەردانێکی گەورە و فراوانی لەسەرچاوەی ئەو ئاینەدا کردووە و بیروبۆچوونە فەلسەفیەکانی تێخزاندوە، وەك بەشێك لە عەقیدەکەی، تێیدا چەسپاندویەتی . ئالێرەوە ئاینێکی نوێ گەلاڵە بوو، کەنێوەڕۆکەکەی پێکهاتبوو لە فکر و فەلسەفەکانی یۆنانی کۆن، وەلە بیر و بۆچوونە بتپەرستیەکانی ڕۆمانی و خورافات و زێدەڕۆییەکانی کڵێساو پیاوانی ئاینی . لەسەر ئەم بنەمایە پاپا و قەشەکان، سیستمێکی گشتگیری عەقیدی و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کلتوری و ڕۆشنبیریان دامەزراند کە تەواوی کایەکانی ژیان و سەرچاوە مادی و مرۆڤیەکانیان خستە خزمەت کڵێسا و پیاوانی ئایینی و بیرو بۆچوونەکانیانەوە . بەم شێوەیە کڵێسا بوویە دەوڵەت و پیاوانیشی دەستەلاتدار. درێژەیان بە هەمان نەزمی دەرەبەگی دا کە لە ڕۆمانەکانەوە بۆیان مابوویەوە، زێدەتریش پەرەیان پێدا و بەم هۆیەوە بونە خاوەنی زۆرینەی زەوی و زار و سەروسامانی ئەوروپا . پاشاو میرەکان بەویستی ئەوان دادەنران و لەکار دەخران، پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی دەبوو لە نێو کڵێسا و بەنێوەندی گیری قەشەکان پەرستنی خودایان کردبا . کڵێسا پرۆسەکانی وەڕێخستنی زەواجی بەئەنجام دەگەیاند و هەر بە ویستی پیاوانی ئاینیش خێزان هەڵدەوەشێنرایەوە و هاوسەران لێك جودا دەکرانەوە .

پیاوانی کڵێسا لەڕوانگەی بنەما دەستکردەکانی ئینجیل، ڕاڤەی گەردوون و بوون ژیانیان دەکرد کە بەشێکی زۆری لە فەلسەفەی بەتلیمۆس و سوقراتەوە وەرگیرابوون . هەرکەسیش کاروکرداری یاخود بیر و بۆچوونی پێچەوانەی ئەو باوەڕەی کڵێسا بایە، با زانستیش سەلماندبای، ئەوا هەر ڕووبەڕووی سزای کڵێسا دەبوویەوە، جائیدی بە پاشگەز کردنەوەی یان بەندکردنی یاخود سوتاندنی . بۆیە سەردەمی فەرمانڕەوایی کڵێسا بە تاریکترین زەمەنی مێژووی ئەورووپا هەژمارکراوە . سەرهەڵدانی زانستی تاقیکاری سەرەتای ئاشکرابوونی ڕاستیەکان و دەرکەوتنی خورافاتەکانی کڵێسا و ئازادبوونی گەلانی ئەورووپا بوو، لە زەلالەتی کڵێسا و ستەمکاری پیاوانی ئاییینی .
سەرەتای دەرکەوتنی ئەو ڕووناکیە، بە بیردۆزە زانستییە ئەزموونیەکانی گالیلۆ و کۆپەرنیك ....دەستی پێکردو،

---

٤١-المسلمون بين العلمانية و حقوق الانسان الوضعي-د.عدنان علي رضا النحوي-ل٢٤ .

بەلاّم ئالێرەوە فکر و فەلسەفەیەکی نویّ دەرکەوت کە ئەویش عەلمانیەت بوو، دەستی بەسەر ڕێڕەوی زانستی تاقیکاری و بیروبۆچوونی مرۆڤەکان و ئەخلاق و ڕەوشتیاندا گرت و بەپێی جیهانبینیە سروشتی و مادییەکانی خۆی ئاراستەی کرد و بە ئاقارێکی دژە ئاینی دا بردن . مرۆڤی لەسەرەنجام و پاشەڕۆژی خۆی بێئاگاکرد و سەرقاڵی دوونیا و غەریزە و ئارەزواتەکانی خودی خۆی کرد، ئیدی مادە بوویە پەرستراوی نوێی سەردەم و هەمووان بوونە بەندەی، هەروەك عەلمانیەت چەندان بتی دیکەی ڕاستکردەوە و پیرۆزی کردن، لەوانیش وەك بتی نەتەوە و دەوڵەت و سەرکردە، هەروەها بتی ئایدیۆلۆژیا و بتی سەرمایە و بتی شەهوەت و ...هتد .

## ئەزموونی عەلمانیەت:

پاش بە دەستەلاّت گەیشتنی عەلمانیەت لە فەرەنسا و لە ساڵی ١٧٨٩زدا، ئیدی لەوەبەدوا زەمەنێکی نویّ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەستی پێکرد، واتا زەمەنی جەنگەکان، جەنگە جیهانیەکان، جەنگە نەتەوەییەکان، جەنگە ئیستعمارییەکان، زەمەنی تەشەنەکردنی فسادی ئەخلاقی و داتەپینی بەها ڕەوشتیەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و سەرهەڵدانی نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەکان، زەمەنی فەسادی فکری و بلاّوبوونەوەی هەموو بیر و بۆچوونێکی ئیلحادی و دژە ئاین . بەم هۆیەوە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا بەو ئاقارەی ئەمرۆ گەیشتن کەلەنێو مادیات و فەساد و ئیلحاد و دوونیاگەرایی و عەلمانیەتدا ڕۆچوون، هیچ ئامانجێکی بالاّیان لە ژیاندا نەمایەوە تاوەکو بۆی بژین، واتا ژیان و بونیان کورت هەلاّت لەو مادیاتەی کە عەلمانیەت بانگەشەی بۆ دەکرد بە پێی یاسای سروشت (المذهب الطبيعة) .

## دەرەنجام :

هەموو ئەو ڕاستیە وا قیعیانە، ئەوە دەردەخەن کە عەلمانیەت بە هەموو جۆر و شێوەکانیەوە، هەوڵی ئەوە دەدات مرۆڤ بخاتە ژێر هەژموونی یاساکانی سروشت (المزهب الگبيعه) . وە پلەی مرۆڤ نزم بکاتەوە بۆ پلەی ئاژەڵ، لەحاڵێکدا مرۆڤ گەورەی سەر ڕوی زەمینە، ژیانیشی هاوشێوەی ئەو ڕێکبخاتەوە، وەك ئەوەی کە لە نێو جەنگەڵەکاندا بوونی هەیە و دەبینرێت، بی لەپێشچاوگرتنی ئەوەی کە ئاژەل بۆ خزمەتی مرۆڤ خولیقێنراوە . تا هەروەك ئەو بژی و بخوات و بنوێت و ڕابوێرێت و وەچە بخاتەوە وفەنا ببێت. کە ئەوەش لە دیدی فەلسەفەی عەلمانیەتدا کۆتای هەموو شتێکە.

## چارەسەر :

فەلسەفەی عەلمانیەت شکستی هێناوە لە پێشکەش کردنی نموزەجی سیستمێکی شامل و شیاوی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری، تێکڕای لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی گەندەڵ و فاسدکردووە، بەتەواوی دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی و داهێنانەکانیەوە، بەتایبەت زانست کەم لەمرۆیا عەلمانیەت کردوویەتیە ئامرازی کوشتوبڕ و تەشەنەپێدانی فەسادی و هۆی نەهامەتی مرۆڤایەتی . لێرە بەدواوە زەرورەتی گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەدیل و ڕێگا چارەیەکی نویّ لەپێناو ڕزگارکردنی مرۆڤایەنی دەبێتە ئەمری واقیع . تا جارێکی دی ژیانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکانی، هەروەها تاکەکانی

لەسەر بیروباوەڕ و فکر و سیستمێکی دیکەی گونجاو و هاوسەنگ و ئامانجدار ڕێکبخرێتەوە و ئاراستە بکرێت، بە جۆرێك کەلە خزمەت مرۆڤ دابێت و بەختەوەری ڕاستەقینە بۆ تەواوی تاکەکان دەستەبەر بکات .

## عەلمانیەت و ئاینی ئیسلام :

## مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە خۆرهەلاّت :

عەلمانیەت: عەلمانیەت واژەیەکی نوێیە و لە کۆزمانی عەرەبی کۆندا نەبووە و باس نەکراوە، وەلێ بۆ یەکەمجار لە فەرهەنگی دوانەیی زمانی (فەرەنسی / عەرەبی )ەوە وەرگیراوە، کە لەلایەن یەکێك لە وەرگێڕەکانی هەڵمەتەکەی فەرەنسا بە نێوی لویس بقتری میسری، کە بەشی یەکەمی لە مارسی ١٨٢٨ز چاپکرا، هەروەها هاتنەناوەوەی ئەو وشەیە بۆ نێو زوبانی عەرەبی پاش ئەمە بوو، یەکەم کۆزمان لەزوبانی عەرەبی کەلێیەوە وەری گرت بەپێی ئەو واتایە، (کۆزمانی ناوەند-المعجم الوسیط) بوو، ئیدی کواسترایەوە بۆ کۆزمانی عەرەبی لە قاهرە .(٤٢)
لویس بقتر توانی زیرەکانە وشەی( secularism ) بۆ زوبانی عەرەبی وەرگێڕێت، هاوواتایەکی سەرنج ڕاکێش و نارۆشنی بۆ دەستنیشان کرد کە ئەویش واژەی (العلمانی)بوو کە زۆر لە وشەی زانست (العلم )ەوە نزیك بوو، وەك لە پاشتردا و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت خەڵکی خۆرهەلاّت و گەلانی ئیسلامی ناوچەکە وەك زانست لە عەلمانیەت تێدەگەن . لەگەڵ ئەوەی لە زەمەنی ئەمێستادا تا ڕادەیەك هۆشیاری لای شومارێك لە خەڵکی دەرحەق بە فەلسەفەی عەلمانییەت گەلاّڵە بووە .
یەکەم بەریەککەوتنی گەلانی ئیسلامی ڕۆژهەلاّت لەگەڵ خۆرئاوا و فەلسەفەی عەلمانیەت، لەهەڵمەتە سەربازییەکەی ساڵی ١٨٧٩ز، سوپای فەرەنسی بەسەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپارت بوو، هەروەها چاکسازییەکانی خەلیفەی عوسمانی و وەزیرەکانی لەسەر شێوازی خۆرئاوایی و ئیزن دان بە ولاّتانی عەلمانی خۆرئاوا بە دروستکردن و کردنەوەی قوتابخانە جۆراوجۆرەکان لە تەواوی هەرێمەکانی عوسمانی و بەتایبەتی لە تورکیا و میسر، پاشتر هەناردنی خوێندکارانی عوسمانی بۆ ولاّتانی ئەورووپا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ناوەندە زانستیەکانی دەوڵەتانی عەلمانی، کەلەسەر بنەمای فەلسەفەی عەلمانی، پرۆگرامەکانیان داڕێژرابوون، هۆیەکی دی بوون لە دزەکردنی ئەم فەلسەفەی بۆ نێو جیهانی ئیسلامی، کاریگەرترین هۆ لەدزەکردنی عەلمانیەت و سەرهەڵدانی لە نێو جیهانی ئیسلامی، پرۆسەی ئیستعماری ولاّتانی ئیمپریالیزمی ئەورووپی بوو، بۆ سەر تەواوی گەلانی ئیسلامی نێو خیلافەتی عوسمانی .
شالاّوی ئیستعمار بۆ سەر دەوڵەتانی ئیسلامی دەستی پێکرد بە داگیرکردنی جەزائیر لە ساڵی(١٨٣٠ز)، تونس ساڵی(١٨٨١ز)، میسر لە ساڵی(١٨٨٢ز)، سودان لەساڵی(١٨٩٩ز)، لیبیا لە ساڵی(١٩١٢ز)، مەراکیش لە ساڵی(١٩١٢ز)، هەروەها عێراق و شام (الهلال الخصیب ) لەساڵی(١٩١٨ز)، وەك ئیستعمار لە پێشتریشدا هیند و مەلایۆیی داگیر کردبوو،

---

٤٢-موقف الاسلام من العلمانية-د.صلاح الصاوي-ل٧ .

کاتێك سوپایی ئینگلیزی چویە نێو شاری قودسەوە( لورد ئەلەبنی ) دوانێکی ڕاگەیاند کە هەڵگری مانایەکی ترسناك بوو، گوتی( ئێستا جەنگی خاچپەرستی کۆتایی هاتووە )، بەگەیشتنی هێزەکانی( جەنەڕاڵ غۆردن ) بۆ دیمەشق لەسەر گۆڕی سەلاحەدین وەستا و گوتەیەکی بەنێوبانگی دەربڕی: ( ئەوە ئێمە گەڕاینەوە ئەی سەلاحەدین ).(٤٣) بەم چەشنە خۆرئاوای عەلمانی بۆ یەکەمین جار و لە مێژووی خۆیدا توانی هەژموونی سەربازی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا بکات و دەستەلاتی سیاسی و سەربازی و ئابووری خۆی بەسەر تەواوی گەلانی موسڵمان دا داسەپێنێت . هەروەك دواتر دەوڵەتانی ئیستعماری خۆرئاوا کەوتنە کار بۆ وەدیهێنانی ئامانجی لەمێژینەی سەرەکی خۆیان، واتا تێك و پێکشکاندن و هەڵتەکاندنی ئاینی ئیسلام و فکر و عەقیدە و شەریعەت و ڕۆشنبیری و داب و کلتورەکەی، بەهێجگاری . بەدوورخستنەوەی لە ژیانی موسڵمانان و دابڕینی لە کار و باری سیاسی ئابوری و کۆمەلایەتی و تەواوی چالاکیە فکری وهونەرییەکان و....هتد. لەهەمان کات بێئاگاکردنی موسڵمانان و نەوەکانی داهاتوویان لێی . تاوەکو ئایینی ئیسلام دوور بخەنەوە لە موسڵمانان و لێکیان جودا بکاتەوە . وەجارێکی دی خۆرئاوای عەلمانی بۆ خودی خۆی و بەپێی ویست و بەرژەوەندییەکانی، لەسەر بنەمای فیکروبۆچوونە مادیەکانی، دووبارە و لەسەر شێوازی خۆرئاوایی و بە پێرۆکردنی فەلسەفەی عەلمانیەت، تەواوی ژیانی گەلانی موسڵمان و گشت کارو بارەکانیان بەرنامە ڕێژی بکەنەوە و ئاراستەی بکەن، لەهەمانکات بیر و فکریان بە عەلمانیەت و فیکروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەی زاخاوبدەن و نەوەکانیانی لەسەر پەروەردەبکەن، بە فەلسەفەی عەلمانیەت گۆشیان بکەن، لەبری ئیسلام . بۆ وەدی هێنانی ئەم خواستەیان دەوڵەتانی ئیستعماری خۆرئاوا، جەنگی داگیر کردنی فکر و بیروباوەڕیان دژ بە موسڵمانان بەرپاکرد .

## مێژووی بوون و سەرهەڵدانی ئیسلام لە ڕۆژهەلات :

بونی ئاینی ئیسلام و سەرهەڵدانی لە ڕۆژهەلات مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە چواردە سەدە، سەرەتایی دەرکەوتنی لە هەلومەرجێکدا بوو کە گەلانی ڕۆژهەلات لە تێکرایی کایە و بوارەکانی ژیاندا واتە لەڕوی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی و لە ڕەهەندەکانی پەروەردە و ئەخلاق، هەروەها لەڕوی ئاستی هۆشیاری و زانستیەوە داتەپیبوون، تاڕادەی بەربەریەتی . ژیار و شارستانیەتێك لە ناوچەکە بوونی نەبوو کە شیاوی ناوبردنبێت . جەنگ و خوێنڕێژی تالانکاری، فەسادی ئەخلاقی و چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤەکان، نەخوێندەواری و نەمافی ونەزانی، نەخۆشی و پشێوی و هەژاری، هەموو ئەمانە باڵیان بەسەر گەلانی ڕۆژهەلات دا کێشابوو، بووبونە دیاردەی باوی ناوچەکە و ناسنامە ی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی . ئا لەو هەلومەرجەدابوو کە ئیسلام هات . لەگەڵ خۆیدا عەقیدە و باوەڕی دروست، ئەخلاق و بەها و قیمەتی باڵا، ئاشتی و ئازادی و پێکەوە ژیان، زانست و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری، هەروەها دەوڵەت و خیلافەت و شارستانیەتی بۆ تەواوی گەلانی ڕۆژهەلاتی هێنا و جارێکی دی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی کردەوە بە کەسایەتیەکی خاوەن بەها و کیان و ژیاری مرۆڤانە لەسەر ئاستی تەواوی جیهان . ئیدی هەر ئا لەوێوە و لەو چرکەساتە گرنگ و پڕ بایەخەوە مێژوو لە ڕۆژهەلات دەستی پێکرد و شارستانیەت لە ناوچەکەدا گەلاڵە بوو .

---

٤٣-النظام السياسي الاسلامي والفكر الليبرالي-د.محمد الجوهري حمد الجوهري-ل٧٤ .

ئەزموونی خیلافەتی ڕاشیدین و عەباسیەکان و دەوڵەتی ئەندەلوس، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن . ئیسلام چەندین دەوڵەت و کیانی مەزن و شارستانیەتی پێشکەتوی پێشکەشی ڕۆژهەلات کرد، کە تا بەر لەو بوونی نەبوو، هەروەك ئیسلام خۆرئاوایی لە زانست بێبەش نەکرد و لەڕێگای ئەندەلوسەوە رووناکی زانستی خۆی بە ئەوروپا گەیاند . ئالەم مێژووەوە دەرەوشاوە وە، ئیسلام دەستی پێکرد و گەلانی ناوچەکەش بە ویستی خۆیان لە ئامێزیان لە ئامێزیان گرت و پەرچەمی ئیسلامیان بەرزکردەوە، ئەم ئایینەش ئەوانی بەرزکردەوە و کردنیە فەرمانڕەوای بالادەستی سەر ڕووی زەمین .

## عەلمانیەت و ئیسلام و ڕەوایەتی (شەرعیەت) :

*ڕەوایەتی-شەرعیەتی بوونی عەلمانیەت : هەر فیکرو باوەڕو ئایدۆلۆژیایەك لەچەند سەرچاوەیەکەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت، یەك لەوان و گرنگترینیان لە حەققانیەتی خودی بیر و باوەڕ و دروستی ئامانجە کەی، یان لەڕەسەنایەتی مێژوویی، یاخود لە پێویستی مرۆڤەکان بەزەرورەتی ئەو فیکروباوەڕە وە یە .

*(ڕاستی-حەقیقەت): ئەو ڕەوایەتیە بانمرۆیەیەکە تەنها لە(خودا)وە وەردەگیرێت ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو پێوەرە ڕاست و دروستانەی کە لە ڕێگای سروشت(وحی)یەوە دابەزێنراون و دور و پارێزراون لەهەر چەشنە دەستوەردانێکی مرۆڤی و ناتوانرێت بخرێتە ژێر گومان و پرسیارەوە . هەڵبەت ئاشکرایە کە عەلمانیەت دەستکرد و دانراوی خودی مرۆڤە و هیچ شەرعیەتێکی لەو چەشنەی نیە، چ لەدوور، چ لەنزیك بەڵکو پێچەوانە و نەیاری ئاینە .

*(مێژوو): ڕەوایەتی مێژوویی لە درێژای ئەو فەترە زەمەنیە دوور ماوەیەوە وەردەگیرێت کە ئەو باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەی تێیدا وەدەرکەوتوە و ڕیشەی فکروتێڕوانینەکانی خۆی لەنێو هزر و فکری مرۆڤانی هەرێمەکەدا ڕەگاژۆ و جێگیر کردووە، واتا بوبێتە بەشێك لە کلتور و مێژو و شارستانیەتی ئەو گەلە یاخود بەشێك لەمرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگاکەی، عەلمانیەت خاوەنی ئەم شەرعیەتەش نیە چون باوەڕێکی مێژوویی هیچ کام لە گەلانی ڕۆژهەلاتی نیە و گەلاڵە کراوی خودی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی نیە، بەڵکو فیکر و باوەڕێکی بیانیە و لە خۆرئاواوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەك دەوڵەتانی ئیستعماری و لەوانیش بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ڕوسیاوە، لە پرۆسەکانی ئیستعماری و داگیر کردنی گەلانی ڕۆژهەلاتی، ئەم ئایدۆلۆژیایە یان هاوردەکردوەتە ناوچەکەوە و پاشتر هەربۆ خۆیان و بە زەبری هێز دایان سەپاند بەسەر گەلانی ناوچەکەدا .

*(پێویستی): ڕەوایەتی پێویستی( زەرورەت ) لەوەوەسەرچاوەی گرتوە کە کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی لە قەیرانی بێ سیستەمی، واتا بەدەست گرفتی عەقیدە و باوەر و پەشێوی دەرونی، هەروەها گرفتاری پەروەردە و ئەخلاق و شپرزەیی کۆمەلایەتی، لەگەڵ پاشا گەردانی سیاسی و بێ نەزمی ئابوری، ڕووبەڕوو ببنەوەو هیچ چارەسەرێك لە بەردەستدا بوونی نەبێت، تەنها ڕێگەچارە هاوردەکردنی باوەڕ و ئایدییای بیانی بێت، ئەویش لەلایەن خودی مرۆڤانی ئەو کۆمەڵگایەوە و بەپێی خواست و ویست و بەرژەوەندی خۆیان. واقیعی ئێستا و مێژو ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە گەلانی ڕۆژهەلاتی شیاوترین سیستەمیان هەبوو کە( سیستمی ئیسلامی )ە و هەمیشە وەك تاکە خیار و هەڵبژاردنی بێ ڕکابەر لەبەر دەستدا بووە . هەروەك مرۆڤی ڕۆژهەلاتی هەڵگری ڕاست و دروسترین عەقیدە و باوەڕە، بەم هۆیەوە مرۆڤی خۆرهەلاتی کەسایەتیەکی هاوسەنگی دوور لە پەشێوی دەروونی، و لەهەمان کات خاوەنی بەرزترین پەروەردەی ئەخلاقی و تۆکمەترین ڕێکخستنی کۆمەلایەتیە، ئەمە جگە لەوەی کە بەر لە بەرپابوونی ئیستعمار، گەلانی ئیسلامی خاوەنی

خیلافەتی مەزنی عوسمانی بوو، لەگەڵ نەزم و ڕێکخستنی ئابووری خۆی، لەهەموو ئەوانە گرنگتر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئاوێتەی ئیسلام بون و تێیدا قاڵ بونەتەوە، هیچ گرفتێکیان لەگەڵ ئیسلام و سیستەمەکەیدا نەبووە و بیریان لەدەست بەرداربوون لە ئیسلام، یاخود پێکهێنانی باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی وەك جێگرەوەی نەکردۆتەوە، چ جای هاوردەکردنی ئایدۆلۆژیایەکی بیانی، لێرەوە ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە عەلمانیەت خاوەنی ئەم شەرعیەتە نیە، ئیستعمار لە ڕێگای جەنگ و داگیرکاریەوە و لەگەڵ لەشکرەکەی خۆی هاوردەی ناوچەکەی کردووە، هەروەك بۆخۆشی بەرگری لێدەکات تا ئەمڕۆکەشی لەگەڵ بێت .

## ڕەوایەتی-شەرعیەتی بوونی ئیسلام :

ئیسلام جگە لە حەقانیەتی خودایی کە بەهۆی سروشت(وحی)ەیە دەستەبەری کردووە و نێوەڕۆکی سەرچاوەکەی پێکدێنێت، خاوەنی ڕەوایەتی مێژوویيە، کە بنك و ڕیشاڵەکانی لە درێژایی چواردە سەدەوە بەنێو خاکی ڕۆژهەڵات دا ڕۆچووە و بیروباوەڕەکەی ڕەگاژ بووە لە دڵ و دەروونی مرۆڤەکان و ئاوێتەی یەکدی بوون، لەهەمان کات بوون و سەرهەڵدانی ئیسلام زەرورەتێکی ژیاری بوو بۆ گەلانی خۆرهەڵات بەڵکو بۆ جیهانیش، واتا سەرهەڵدانی ئیسلام وەڵامدانەوەیەکی شیاوی پێویستیەکانی گەلانی ناوچەکە و جیهان بوو، لەهەمان کات جێپەسەند و دڵخوازی تێکڕای گەلانی خۆرهەڵاتی بوو، وەك لەدەمی سەرهەڵدانی، بە ویستی خۆیان پەسەندیانکردو لە پاشتر دەوڵەت و کۆمەڵگا و شارستانیەتیان لەسەر بەرپاکرد، دواتری کەوتنە کۆشش تا بە باقی گەلانی دی سەر ڕووی زەمینی بگەیەنن، توانیان لە فەترەیەکی زەمەنی کورت ماوەدا بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی زەمیندا، بڵاوی بکەنەوە . پاش هەر شکستێك کە ئومەتی ئیسلامی توشی دەهات و خیلافەت و دەوڵەت و دەستەڵاتەکەی لەدەست دەدا، دیسان گەلانی خۆرهەڵات هەر پەنایان بۆ ئیسلام دەبردەوەو جارێکی دی و دووبارە و سەرلەنوێ خیلافەت و دەوڵەتەکەی خۆیان لەسەر بنەمای ئەم ئاینە بونیات دەنایەوە و پەرچەمی ئیسلامیان بەرزدەکردەوە. لەنمونەی ئەوە لە پاش هێرشی خاچیەکان، جارێکی دی موسڵمانان لەژێر ئاڵای ئیسلام و بەسەرکردایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی توانیان شکۆ بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە، هەروەها لەپاشی شاڵاوی وێرانکاری مەغۆلەکان بۆسەر جیهانی ئیسلا، ئەوە هەر ئیسلام جەنگاوەرانی بوون کە سەرکەوتنی عەین جالوتیان بەسەر مەغۆلەکان تۆمارکردوو خاك و گەلانی خۆرهەڵاتیان ڕزگارکرد، وە هەر ئیسلام و موسڵمانانیش بوون کە بەڕووی ئیستعماری عەلمانی خۆرئاوادا وەستانەوە و ناچار بەجێهێشتنی خاکی خۆرهەڵاتیان کردن، لەحاڵی حازر و لە بەرابەر جەنگی داگیر کردنی فکر و کلتوری و لەهەمبەر هەژموونی ملهورانەی خۆرئاوای عەلمانی کە دەرهەق بە جیهانی ئیسلام و گەلانی موسڵمان پیڕۆی دەکەن ، گەلانی خۆرهەلاتی دیسان گەڕانەوەیان بۆ ئیسلام و دەستگرتنەوەیان بە ئاینەکەیان هەڵبژارد، لەگەڵ بەرگریکردن لەژیار و شارستانیەتی ئیسلامی و کۆشش کردنی بەردەوام بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی ڕاستەقینە و ڕزگاربوونی هێجگاری لە ئەژموونی هەمەلایەنەی خۆرئاوا، نەك ملکەچی و پاشکۆیەتی خۆرئاوا و تەقلیدنەوەیان. ئیسلامخوازانیش نمونەی ڕاستەقینەی لەپێشچاوی بەگژاچونەوەی ئەو دەستدرێژیانەی خۆرئاوان لە تەواوی سەرزەمینی ئیسلام دا .

## عەلمانیەت و ئیسلام و بلاّوبوونەوەیان :

### بلاّوبوونەوەی عەلمانیەت :

هاتنە ناوەوەی دەوڵەتانی ئیستعماری خۆرئاوا بۆ نێو جیهانی ئیسلامی و داگیرکردنی، گەورەترین ڕێخۆشکاری و دەرفەتێکی بێوێنە بوو بۆ خۆرئاوا کە بیروباوەڕی عەلمانیەتی تیدا بلاّو بکەنەوە و لە نێودڵ دەروونی هەندێك لە موسڵمانان و نەوەکانیان جێگری بکەن و لەڕەوشتیاندا ڕەنگدانەوەی دەرکەوێت . ئیستعمار ڕاستەوخۆ بانگەشەی بۆ ئەم بیروباوەڕە نەکرد، بەڵکو لەبەرگ و شێوازی دیدا پاگەندەیان بۆ کرد، هەڵبەت بەکۆمەکی چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوی جۆراوجۆر و لەوانیش ڕێکخراوەی تەبشیر و ڕۆژهەلاّتناسان ماسۆنی و زایۆنی. هەریەکە لەو ڕێکخرا و کۆمەلاّنە بە ڕێگای جیاواز و بەهۆی کار و پیشەی هەمەچەشنەوە هەستان بە بەجێگەیاندنی ئەرك و ئامانجەکەیان . کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان لە ولاّتانی ئیسلامی دا یەکێك بوو لە گرنگترین ئامرازەکانی بلاّوکردنەوەی عەلمانیەت . لە ڕۆژهەلاّتی دوور و لە ئەندۆنیزیا هەستان بەکردنەوەی زانکۆیەك لەشاری جاکارتا، کەکاری دەکرد لەسەر ڕاکێشانی گەنجانی موسڵمان لەهەردوو ڕەگەزەکە، لەتورکیاو لەشاری ئەستەنبوڵ کولیەی ڕۆبەرتیان دامەزراند کەلە ئاستی زانکۆدابوو.(٤٤) کاری خێرخوازی و پزیشکی و کۆمەکی مادی ڕێگایەکی دیکە بوون کەلەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بەکاربراون بۆ بلاّوکردنەوەی عەلمانیەت . ئەندامانی هەریەکە لەو ڕێکخراوانە بەشێوازی جۆراوجۆر ڕۆڵی سلبیان لەنێو جیهانی ئیسلامیدا گێرا، ئەوەش بە نوسین و لەچاپدان و بلاّوکردنەوەی چەندان کتێب لە بوارە جیاوازەکاندا و بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان .

ڕۆژهەلاّتناسی بەریتانی جیب(H.Gibb–١٩٦٥ز)کتێبی( المژهب المحمدی ) لە ساڵی (١٩٤٧ز)، کتێبی(الاتجاهات الحدیپە فی الاسلام )لەساڵی ١٩٤٧زدا نووسی.(٤٥) هەروەها مولحدی ئەڵمانی فینسك(a.wensink )کتێبی(عقیدە الاسلام )ی لە ساڵی (١٩٥٤ز) نوسی کەتێیدا دژایەتی خودا و پێغەمبەری ئیسلامی کرد.(٤٦) دەیان ڕۆژهەلاّتناسی دی دژ بە ئاینی ئیسلام چەندان پەرتوکی جۆراوجۆریان لەسەر ئاینی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەت و پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم)و هاوەڵانی(ر.ض)، وە لەسەر مێژووی موسڵمانان و خیلافەتەکەیان و خەلیفەکانیان نوسیوە، تەواوی نوسینەکانیان لەپێناو گوماخستنەسەر قورئان و فەرموودە کانی پێغەمبەر و خودی خۆی بوو، هەروەها بۆ دزێوکردنی مێژووی موسڵمانان و شارستانیەتی ئیسلامی و شێواندنی بووە .

موژدەدەرەکان بە شێوازی خۆیان و لەگەڵ ئەو کارە بەنێو خێرخوازیانەی کەلەنێو خەڵکیدا ئەنجامیان دەدان، هەر لەهەمانکات هەڵدەستان بە بلاّوکردنەوەی گومان لەسەر ئاینی ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەر(ص)، لەنمونەی ئەو موژدەدارانەش (زویمر و دکتۆر براون و زۆرانێکی دی) کەهەریەکە لەم بەنێو موژدەدەرانەی مەسیحیەت لەناوچە جیاوازەکانی ولاّتانی ئیسلامیدا چالاکیان دەکرد و چەندان گومان و بوهتانیان دەرحەق بە ئاینی ئیسلام و پێغەمبەر بلاّو دەکردەوە و تۆمەت و تەشەری زۆر و زەوەندیان دەرحەق بەمێژووی ئیسلام و خیلافەت و فەرمانڕەوایی موسڵمانان بلاّوکردەوە .

---

٤٤-مجالات انتشار العلمانیە واپروها فی المجتمع الاسلامی-د.محمد زین الهادی-ل١٧ .

٤٥-٤٦-الاسلام یتصدی للغرب الملحد-د.محمد نبیل النشواتی-ل٨٨-٨٩ .

لە نمونەی ئەو گومان و تۆمەت و تەشەرانەیان ئەوەبوو کە دەیانگوت: ئەم قورئانە وەحی نیە و(محمد —ص )لە ڕاهیب و قەشەکانی مەسیحیەتەوە وەری گرتووە، ئەم ئیسلامە بەزەبری شیروتیر بلاوبۆتەوە، ئەم ئیسلامەیە کە ئێوەی نەزان و هەژارکردوە و نەخۆش ودەردەداری خستون ......هتد، هەروەك لەمڕۆدا و عەلمانیەکان هەمان ئەو تۆمەت و تەشەرانەی مامۆستا ڕۆژهەلاتناس و موژدەدەرە مەسیحی و گەورە ماسۆنیەکانیان دەرحەق بە ئاینی ئیسلام دووپات دەکەنەوە .

ماسۆنیەت کە ڕێکخراوێکی ئیلحادی جیهانی بوو لەلایەن جولەکەوە دامەزرێنراوە و وەك دەستێکی شاراوەی جوو ڕۆڵی لە تەواوی جیهاندا بینیوە، بەسەختی بەگژ ئاینەکانی جیهاندا چۆتەوە و لەوانیش بەتایبەت ئاینی ئیسلام . دامەزرینەری ئەم ریکخراوە لادینیە ئادەم وایز هاویت بوو.

ماسۆنیەت، لە ساڵی(١٨٣٠ز) و لەلایەن ئادەم وایز هاویتی مەسیحی پلانی نوێی ڕێکخراوەکە نوێکراوەتەوە، لە دیارترین کەسایەتیەکانیش میرابۆیە کەیەکێکە لە سەرکردە ناسراوەکانی شۆڕشی فەرەنسی، مازینی ئیتالی کە کاروبارەکانی دابەشکردەوە لەپاش کۆچی وایزهاویت،....هتد. وە لەدیارترین کەسایەتیە کانی—جانجاك ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، جرجی زێدان، کارل مارکس .هتد .(٤٧) هەروەها کەمال ئەتاتورك . ئەم ڕێکخراوەیە ڕۆڵێکی فراوانی گێرا لە پێکهێنان و تەشەنە پێدانی بیری ڕەگەز پەرستی و نەتەوایەتی و ناوچەگەرێتی، لەدژایەتیکردنی ئاین، وەك دەوری کاریگەری بینی لەبەرپاکردنی شۆڕشی فەرەنسی، بە هەمانشێوە لە کودەتاکەی ئەتاتورك کە دژ بەخیلافەتی ئیسلامی ئەنجامی دا . ئەو ڕێکخراوەیە کاریگەرترین ڕۆڵی بینی لەتەواوی جیهان و لەجیهانی ئیسلامی و لە نێوجەرگەی پێتەختی خیلافەت دا، لە دروستکردنی گرووپی نەتەوەی و کار ئاسانی کردن بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانیان، وە کۆمەکی کردنیان بە دەرکردنی ڕۆژنامە و پێدانی دراو و دابینکردنی چەك بۆ کودەتاکەی ئیتحادو تەرەقی، خۆی دەبینیەوە .

زایۆنیزمیش ڕۆڵی لەوانی پێشووتر کەمتر نەبوو، زۆرێك لە مەبەستەکانی خۆیان لە گەلاڵە نامەی(پرۆتۆکۆلات حکماء الصیونە )دا ڕاشکاوانە دەربڕیوە و بانگەشەیان بۆ نەهجی علمانیەت کردووە دوژمنایەتیان لەهەمبەر گشت ئاینەکان بەرپاکرد، جگە لە ئاینە عەلمەنەکراوەکەی خودی جوو نەبێت . لەدیارترینی ئەو ئامانجانەی زایۆنیەت، کە لەم ڕۆدا و بەکرداری وەدییان هێناوە و لەپێشچاوانە، لەنێو پرۆتۆکۆڵەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە، چەند خاڵێکیان دەخەینە ڕوو لەوانیش :

*وایان ڕاکەیاند کە: سیاسەت لەگەڵ ئەخلاق ناکۆکە، بەڵکو پێویستی بە فێڵ و درۆ و ساختەکاری و مانۆڕ و ڕیاکاری و پەیمان شکێنی هەیە، هەروەها دەڵێن ڕاستگۆیی و دادپەروەری و چاکەکاری، ڕیسواییە لە جیهانی سیاسەت دا . ئەم شێوازەیان لە سیاسەت کردە باوی ئەمڕۆ.

*لەبەندێکی دیکەی پرۆتۆکۆلە مەترسی دارەکەیاندا، مەرامی خۆیان بەڕونی بەیاندەکەن لە: کۆتایی پێهێنانی دەستەلاتی ئاین و بانگەشەکردن بۆ غەیری کۆنەپەرستی (کە مبەستیان پیی ئاینە)، وە جێگرتنەوەشی بە دەستەلاتی ئالتون، واتا دەستەلاتی سەرمایە، کە ئەوەش پێویستە بۆ مانەوەیان بۆ زالبوون بەسەر تەواوی جیهاندا .

*لەبەندەکانی دیکەی پرۆتۆکۆڵەکەیاندا ئاماژەدەکەن بۆ: کارکردن لەپێناو بلاوکردنەوەی ڕیسوایی و فسادی، بەهۆی ئافرەت و بەکاربردنی بۆ ئەو مەبەستە .

---

٤٧— موسوعة الادیان—مجوعة الباحث—موضوع(الماسونیة).

* دەستگرتن بەسەر ڕۆژنامەگەری جیهانی و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی دیکە، بۆ دەستگرتن بەسەر گەلان و ئاڕاستەکردنیان بە پێی ویستی خۆیان .

*هاندانی ڕەگەز پەرستی و هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی ڕقەبەری لەنێوان نەتەوە ناکۆکەکاندا، چاندنی فیتنە لەنێوان ئاینە جیاوازەکان و گەلانی فرە نەتەوە لە هەموو دەوڵەتان، بۆ لاوازکردن و زەلیل کردنیان و تواندنەوەیان لەنێو سیاسەتەجیهانیەکەیان.(٤٨)

بەم شێوەیە هەریەك لەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە داڕماندنی دەستەڵاتی ئاین و دورخستنەوەی لە سیاسەت و کار و باری ساسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری، هەروەها لە چالاکیە فکری و هونەری و ڕۆشنبیریەکان . ئەو بۆچوونەیان لە هزری خەڵکیدا گەلاڵە کرد کە ئاین جیایە لەسیاسەت و ئیشی ئەو نێو مزگەوتەکانە، هەروەك لە خۆرئاواش هەمان بانگەشەیان بلاوکردەوە و لەنێو دڵ وەدەروونی خەڵکانێکی فرەش، چ لەخۆرئاوا و چ لە خۆر هەڵات ئەم بۆچوونەیان چەسپاند .

لەپاش تەواوکردنی خوێندن و دەرچوونی جیلێك قوتابی لە پەیمانگا و زانکۆ بیانیەکانی نێو و لاتانی ئیسلامی، وە گەڕانەوەی خوێندکارانی دی لە تورك و عەرەب کە بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕویان لە پەیمانگا و زانکۆکانی ولاتانی عەلمانی ئەورووپی کردبوو، هەڵبەت پاش وەرگرتنی بڕوانامە، لەو ناوەندانە، ئیدی نەوەیەکی نوێی دەستپەروەردەی خۆرئاوا و گۆشکراوی فیکری عەلمانیەت لە نێو جیهانی ئیسلامی پەیدابوون، لەنێو ئەمانەدا چەندین سیاسەتمەدار و مامۆستا و پزیشك...هتد، هەبوو، کەلەپاشتر بوونە هەواداری عەلمانیەت و بەکۆمەکی ئیستعمار کەوتنە داکۆکی کردن لەم فەلسەفە مادی و دونیایە لادینییە . لە نمونەی سیاسەتمەدارانی عەلمانی، ئەتاتورك و جمال عبدوالناسر و حبیب بورقێبە و.....هتد. لە نوسەرانیش محمد ئەرگۆن و هاشم سالح و عەفیف ئەخزەر و...هتد .

بلاوبوونەوەی ئیسلام :

ئایینی ئیسلام پاش ڕزگارکردنی گەلانی خۆرهەڵاتی لەژێر چنگی ئیمپڕاتۆریەتی فارسی و بیزەنتی و ڕۆمانی، بەناوچەکەدا و لەنێو تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵاتی بلاوبوویەوە . هەریەکە لە گەلان و لاتانی ڕژهەڵاتی خۆ ویستانە ئەم ئاینەیان پەسەند کرد، هەڵبەت پاش بانگەشەکردن و ڕاگەیاندنی لەلایەن یاوەرانی پێغەمبەری ئەم ئاینە و تێکۆشانی بێ وچانیان لەو پێناوەدا، توانیان نموزەجێکی قەشەنگ لە حوکومڕانی پێشکەشی ئەونەتەوانە بکەن، کە دادگەری و ئازادی و پێکەوە ژیان سیمای فەرمانڕەوایی ئەو دەسەلاتە بووە، ئەمە جگەلە نیشاندانی ڕاستگۆی و دڵسۆزی و ڕەوشتبەرزیان کە لە بەرزترین ئاستدا بووە .

گەلانی ناوچەکە بەبێ جیاوازی لەژێرسایەی ئاین و خیلافەتەکەیاندا هەستیان بە ئازادی و مرۆڤ بونی خۆیان کردووە و بەختەوەرانە ژیاون لەژێر پەرچەمی ئەو دەستەلاتەدا . ئەمە وای کرد کەلەپاشتردا و لەزەمەنێکی کورتماوەدا ئەو نەتەوانە ئاینی ئیسلام لەئامێز بگرن و بۆخۆیان بەرگری لێبکەن، پاشان بلاوی بکەنەوە، نمونە تورکەکان ئەم ئاینەیان وەرگرت و بەرگرییان لێکرد و گەیاندییانە چەندین هەرێم لە ئەورووپا، مەغۆلەکان گەرچی لە سەرەتاوە بە جەنگ و داگیرکردنی ولاتانی ئیسلامی دەستیان پێکرد،

٤٨-الاسلام یتصدی للغرب الملحد-د.محمد نبیل النشواتي-ل١٤٩-١٥٠ .

بەلأم پاشان خۆويستانە ئيسلاميان پەسەند كردو گەياندیانە هيندستان و چەند هەريمى دى، كورديش بەرازەمەندى و خواستى خۆى ئيسلامى وەرگرت پاشان لە هەلّمەتى خاچيەكاندا بەرێبەرايەتى سەلاحەدين پاريزگارى لە خاك و دەستەلأت و گەلانى ئيسلامى كرد . هەروەك چەندين نەتەوەى دى بەخواستى خۆيان لەرێگاى ئالو ويرى بازرگانيان لەگەلّ موسلّمانان، ئيسلاميان پەسەند كرد، لەوانيش گەلانى ئەندۆنيزيا و ماليزيا و بەنگال و زۆريك لە خەلكى فليپين .

## فەرمانرەوايى عەلمانيەت :

عەلمانييەت زاراوەيەكى خۆرئاواييە، واتاى (بەرپاكردنى ژيانە لەسەر غەيرى ئاين )، بەنيسبەت تاك يان كۆمەلّەوە . ئەم مەزهەبە لە ئەوروپا سەريهەلّدا، وەك پەرچە كرداريك لەهەمبەر دەستەلأتى كلێسا و بنەما خورافيەكانى، بە ئامانجى هەلأتن لەو رەوشەى خۆرئاوا، لە دەرەنجامى ململانێى بەردەوامى نيوان كلێساو ئاين .(٤٩)

عەلمانيەت واتاى لەكارخستنى و ئاين و كارنەكردنە بە شەريعەت، پشت كردنە غەيب و ئاسمان و پاشەرۆژە، لەهەمان كات واتاى رووكردنە دوونيا و پيرۆكردنى خواست و ويست و ئارەزوەكانى مرۆڤە لە ژيانى دا، هەلّبەت بەبیّ سنور، هاوكات رێكخستنى كار و بارى ژيانە لەسەر بنەماى دەستور و ياساى دارێژراوى خودى مرۆڤ، كە عەقلّى مرۆيى كاريگەر بە غەرائيز و شەهوەت و ئارەزو دايرێژاوە و پێكى هێناوە .

عەلمانيەت روو وەرگێرانە لە خودا و پشت پێنەبەستن و متمانە پێنەكردنيەتى لە ژياندا، بەلّكو پشتبەستنى خودى مرۆڤە تەنها بەخۆى و بەس، وەك نائومێد بوونە لە بەهەشتى ئاخيرەت و تێكۆشانە بۆ وەديهێنانى بەهەشتى سەرزەمينى ، واتا سەربەستكردنى مرۆڤە لە دوونيا تا بەويستى خۆى و بێرەچاوكردنى هيچ بەها و قييەم و پێوەر و سنورێكى ياسغ كراوى ئايينى، تەواوى غەرائيزە و ئارەزووەكانى تێر بكات . هۆى ئەمەش بە پوچ زانينى ئاين و باوەر نەبوونە بە ئاخيرەت، هەروەك عەلمانيەت بۆ خۆى راشكاوانە رەفزى غەيبيانيەت و هەر ناديارييەك دەكات، تەركيز لەسەر دوونياى بينرا و بەرجەستە و لەمس كراو دەكاتەوە و بەس .

## بنەماكانى فەرمانرەوايى عەلمانيەت :

*كورت هەلّهێنانى بايەخ دانى مرۆڤ تەنها بەژيانى دوونيا و پاشخستنى پلەى ئاينە لە ژياندا. واتا رۆلّ بينينى ئاين لە ژيانى گشتى بە دروست نازانێت، بەلّكو لە نێو مزگەوتدا گەمارۆى دەدات .

* زانست و رەوشت و فكر و رۆشنبيرى دادەبرێت لە پابەندبوون بە موژياريەكانى ئاين –جاهەر ئاينێك بێت-رەوشت و بنەماكان لە ديدى ئەودا كاروبنەماى رێژەيين، لەكاتێكدا ئەوە لە ئاينى ئيسلامدا كار و بنەماى چەسپاوە و ناگۆرێت و ئالّوويريش ناكرێت، نمونە زينا كە لە ئاينى ئيسلامدا ياساغە و پێچەوانەى رەوشت و پەيمانى پێغەمبەرە(صلە الله عليە وسلم )هەتا رۆژى ئاخير، بەلأم لە عەلمانيەتدا ئەو كارە رێژەييە، واتا دوور لە ناچاركردن و زۆردارى و بەپێى رێكەوتنى ئەو دووكەسەيە لەسەرى .

---

٤٩–العصرانيون بين مزاعم التجديد و ميادين التغريب–محمدحامدالناصر–ل٤١١–٤١٢ .

*پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە و دامەزراوە سیاسیەکانی لەسەر بنەمایەکی نائاینی.(٥٠) بۆیە عەلمانیەت تەنها واتای لێکجوداکردنەوەی دین و دەوڵەت ناگەیەنێت، بەڵکو واتای دابڕینی گشت کار و بار و چالاکیە عەقلی و جەستەییەکانی مرۆڤە لە ئاین، وە جارێکی دی و دووبارە دارشتنەوە و تەفسیرکردنەوەیانە لەسەر فکر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیای عەلمانیەت، لەهەمانکات ئاراستەکردنیان بەپێی ئەو دید و جیهانبینیە مادی و دوونیایە، واتا جوداکردنەوەی تەواوی کاروبارەکانی مرۆڤە لە شەریعەتی ئاین و هەڵوەشاندنەوەی ماناکانی حەرام و حەلاڵ لەسەر ئەو چالاکیانەو دوور خستنەوەیانە لەوابەستەکردنەوەیان بە ئاخیرەت و چارەنووسی مرۆڤ، کە دیسان ئەمەش جوداکردنەوەی کار و چالاکیەکانی خودی مرۆڤە لە بیر و باوەڕ و عەقیدەکەی، یاخود دابڕینی ئاینە لەدونیای مادی دیاری بەرجەستە و پێوەستکردنەوەی بە هەندێك بیرکردنەوە و خەیالاتی دەروونی سەرچاوەی گرتو لە ڕۆحەوە، هەڵبەت ئەو ڕۆحەی کە عەلمانیەت بۆ خۆی باسی لێوە دەکات واتا –ڕۆحی پێکهاتو لە گەردیلەی ئەتۆمی هەڵبەت بەبێ بەشداری و جوڵەی جەستە، بەم شێوەیە عەلمانیەت ڕۆحە ئەتۆمیەکەی مرۆڤیش لە جەستەی جیادەکاتەوە .

## فەرمانڕەوایی ئیسلام :

ئیسلام ئاینی کۆمەڵگا و شەریعەتی دەڵەتە و لە سەرەتای دابەزاندنیەوە بۆ ئەو مەبەستانە هاتووە، تا دەوڵەت و دامەزراوەکانی ڕێك بخات و بەپێی بنەماکانی شەریعەتەکەی ئاراستەیان بکات بۆ سوودی مرۆڤایەتی . ئیسلام واتە هەڵوەشاندنەوەی جاهیلیەت، بە خۆی و دەوڵەت و کۆمەڵگا و یاساو ڕێسا و داب و کلتوریەوە، لەهەمانکات بەرپاکردنی ژیانی شارستانی و مرۆڤانەیە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام کە هاوێنەی فیترەتی خودی مرۆڤە . لەگەڵ جێگیر بوونی ئیسلام لە مەدینە و دەستەلاتگرتنە دەستی موسڵمانان بە پێشەوایەتی پێغەمبەر محمد(ص)، دەستبەجێ هەستان بە ڕاگەیاندنی پەیمانی مەدینە لەنێوان تەواوی دانیشتوانی ئەو شارە، سەبارەت بە چۆنیەتی پێکەوە ژیانی خەڵکان، هەروەها بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتی پارێزگاری کردنی شارەکە، قورئان یاسای شار و دەوڵەتەکەی بوو، بۆ یەکلاکردنەوەی تەواوی گرفتەکان و تاکانە بنەمای بڕیاردان بوو لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەر(محمد –ص)، و بەسەر پەرشتی خودی خۆی .

دەوڵەتی مەدینە و دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص)، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێن کە ئاینی ئیسلام لە دەوڵەت جودا نەبوە و جیاش ناکرێتەوە . چوون ئیسلام، چۆن باوەڕو عەقیدەیە و لەنێوەڕۆکی کتابەکەیدا ئەوەی نەخشاندووە، بەهەمان شێوە نەزم و شەریعەتی دەوڵەتە، چەندین ئایەت و فەرموودەش دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی ڕێنمای دەدەن و بگرە فەرمان بەو کارە دەکەن، وەك یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی موسڵمانان، ئاینی ئیسلام فەرمان بە دامەزراندنی دەوڵەت و پیرۆکردنی شەریعەت دەکات، بە تەواوکەری عەقیدە و باوەڕی موسڵمانانیشی داناوە. جگە لەوەی چەندان فەرمانی ئاینی ئیسلام هەیە، کە بەدەوڵەت و دامەزراوەکانی نەبێت، هەرگیز بە موسڵمانان چ وەك تاك، چ وەك کۆمەڵ جێبەجێ ناکرێت، دەستبەرداربوونی موسڵمانان لەو فەرمانە ئاینیانە و پشتگوێخستنیان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی عەقیدە و باوەڕەکەیان . چوون ئیسلام ئاینێکی یەکگرتو و یەکانگیر و یەکپارچەیە و بەش بەش ناکرێن .

---

٥٠–العلمانية، الليبرالية، الديموقراطية، الدولة المدنية في ميزان الاسلام–الليجنة العلمية بجمعية الترتيل–ل٩–١٠

## بنەماکانی فەرمانڕەوایی ئیسلام :

ئیسلام خاوەنی دیدو تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی لە چۆنیەتی فەرمانڕەوایی و ئیدارەدانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و ڕێکخستنی تەواوی کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤ . ئیسلام دەوڵەت ودامەزراوەکانی، پەروەردە و زانست و سیاسەت و ئابووری و نەزمی کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیری و هونەرو کلتور ...هتد، لە دیدی خۆیەوە و لەسەر بنەمای شەریعەت بینا دەکاتەوە، هەڵبەت بۆ داگیر کردن و دەستبەسەرداگرتنیان و بەکاربردنیان بۆ خزمەتی کەمینەیەك لە خەڵکی نا، جاخۆ لەهەر کام لە شەریحەکانی کۆمەڵگابن، بەڵکو بۆ ڕەوج پێدان و ئاراستە کردنیان بە ئاقارێکی وا کەبتوانرێت بخرێنە خزمەت کۆمەڵگا و باقی مرۆڤایەتیەوە، هەربۆیە دەوڵەت لە ئیسلامدا کیانێکی خزمەتگوزار و دادپەروەر و چاکە خوازە، سیاسەتەکەی ئەخلاقیەو پابەندە بە پەیمان و بەڵێنەکانیەوە، ئابووریەکەشی لەسەر بەرهەمهێنان وکڕین وفرۆشتن وەستاوە نەك لەسەر ئیستعمارکردن و دەستبەسەرداگرتن و سووخۆری، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ڕەوشتبەرزی و دڵسۆزی و تەبایی پێکدێنێت بە جۆرێك کە مرۆڤەکان بە تەواوی جیاوازییەکانیانەوە بەختەوارانە تێیدا بژین، هەروەك مێژووی چواردە سەدەی ئیسلام و خیلافەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنێنن، کە لە ڕۆژهەلآتەوە و لە سنورەکانی چینەوە بۆ ڕۆژئاوا و سنورەکانی مەراکیش وئیسپانیا، تەواوی گەلانی نێو ئەو قەڵەمڕەوە بە جیاوازی نەژاد و ئاین و ڕەنگ و.....هتد، تێیدا ژیاون و شارستانیەتیان بونیاتناوە، واتا ئاینی ئیسلام دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرستی و ڕەنگ و ڕوخسار و زمان، دەوڵەت پێك ناهێنێت، هەروەك ئیسلام وەك ئاینەکانی مەسیحیەت و جولەکایەتیش نیە کە لەو دەمانەی مەسیحیەت خاوەنی دەوڵەتی پاپەوی و ئیمپڕاتۆریەتی پیرۆزبوو، جگە لە ئایندارانی مەسیحی هیچ ئاین و ئاینزایەکی دیکە نەیاندەتوانی تێیدا بژین و دەیان هەزار جولەکە و موسڵمانیان تێدا کوشتوبڕکرد و سەدان هەزاری دیکەیان لێ دەربەدەرکرندن و ماڵ و سامانیان دەستبەسەردا گرتن، هەروەك جولەکە لە (فەلەستین —ئیسرائیل)دا هەمان کار و پیشە لە هەمبەر مەسیحی و موسڵمانانی فەڵەستین ئەنجام دەدەنەوە، عەلمانیەکانیش لەسەر بنەمای نەژاد و ڕەگەزپەرستی دەوڵەت پێکدەهێنن و هیچ نەتەوە و ڕەگەزێکی دییان لاپەسەند نیە و توانای پێکەوە ژیانیان لەگەڵ غەیری هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا نیە، نمونەش چەوساندنەوەی هیندیە سورەکان و ڕەشپێستەکان لەلایەن ڕەگەزی سپی پێستی ئەنگلۆساکسۆن، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، وە چەوساندنەوەی کەتەلۆنیەکان لە فەڕەنسا و باسکەکان لە ئیسپانیا، ڕەگەزە ناسلاڤیەکانی نیو ڕوسیا لەلایەن رووسەکان و لە خۆرهەلآتیش چەوساندنەوەی کورد لەلایەن عەلمانیەکانی تورك و عەلمانیەکانی عەرەبەوە و....هتد. هەربۆ ئیسلام تاکە ئاینە کە توانای دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانی هەموانی هەیە و دەتوانێت پێکەوە ژیان بەرپا بکات .

## سەرچاوەکانی ڕێسای عەلمانیەت :

هەر فکر و باوەڕێك چ ئاسمانی بێت یاخود زەمینی لەسەرچاوەیەك یاخود لەچەند سەرچاوەیەکەوە ئیلهام وەردەگرێت و بنەما و یاسا و جیهانبینی خۆی لەسەر گەلاڵە دەکات . عەلمانیەت وەك هەر فیکر و باوەڕێکی دی چەند سەرچاوەیەکی وەك چاوگی دید تێڕوانین و یاسا و ڕێسا و بنەمای ئایدۆلۆژی خۆی دەست نیشانکردووە و لێیانەوە ئیلهام وەردەگرێت، ئەو سەرچاوانەش کە عەلمانیەت سروشیان لێوەردەگرێت بریتین لە ڕێبازی سروشت(المژهب الگبیعه)، غەریزە و بەرژەوەندی گشتی(المصلحه العامه)، زانستی تاقیکاری (علم التجریبی) .

*ڕێبازی سروشت (المذهب الطبيعة): یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە عەلمانیەت وەك بنەمایەك بۆ سەلماندنی دید و بۆچوونەکانی بەکاری دەبات، زۆرێك لە بنەما و پێوەرەکانی لەسەر بونیات دەنێت، عەلمانیەت وەك لە گریمانەکانیدا ڕای گەیاندووە، پێی وایە کە مرۆڤ لە ماددەوە سەرچاوەی گرتووە و هاتۆتە بوون، هەڵبەت پاش تێپەڕبوونی بە قۆناغی ئاژەڵیدا، لە گریمانەکانیدا ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت ، کە مرۆڤ لە مەیمونەوە پەیدا بووە، لە پاش ئەوەی کە ئەو ئاژەڵە جەنگەڵیە بەچەند قۆناغێکی پەرەسەندن وپێشکەوتندا تێپەڕیوە، پاشان بۆتە مرۆڤ، لەسەر ئەم بنەمایە عەلمانیەت پێی وایە کە مرۆڤ ئاژەڵە هەروەك هەندێك لە بیرمەندانی عەلمانی مرۆڤ بە ئاژەڵێکی قسەکەر ناو دەبەن، پێی وایە کە مرۆڤیش لە ژێر کاریگەری یاسای جەنگەڵدایە ودەبێت بە هەمان شێوەی ئاژەڵەکان بژی و ژیانی سیاسی وئابووری وکۆمەلآیەتی و....هتد ،ڕێك بخات . ئاژەڵە هاوشێوەو هاونەژادەکان یاخود مرۆڤە هاوشێوەو هاونەژادەکان و لە نێوانیاندا فزولترین بەهێزترینیان جاخۆ وەك تاك یان کۆمەڵەکەی دەبێتە سەر گەورە و دەم ڕاستی هەمووان، زۆردارتنیشیان دەبێتە خاوەنی زۆرترین سەروەت وسامان ولاوازەکانیش، برسی، بە نیسبەت ژیانی کۆمەلآیەتەوە ئەوا هەروەك شێوازی ئاژەڵی دەبێت، لەو کۆمەڵگا عەلمانیەدا هیچ بەها و قیەم و پیرۆزی و ئەخلاقێك بونی نیە و هاوشێوەی جەنگەڵە و دابی جەنگەڵ بەرقەرار دەبێت تێی دا .

*غەریزە و شەهوەت: یەکێکی دییە لە بنەماکانی عەلمانیەت کە ئیلهامی لێوە وەردەگرێت، عەلمانیەت لەسەر مادە و باوەڕ نەبوون بە غەیب دامەزراوە، واتا بڕوابوون تەنها بە ژیانی ئەمێستای دوونیا و بەس، ژیانی دووەم و زیندووبوونەوەی مرۆڤ بە خورافات و ئەفسانە وێنا دەکات و گشت ئاینەکان بە چیرۆك و خەیالآتی مرۆڤی سەرەتای وەسف دەکات، ئالەم تێگەیشتنەی خۆیەوە، واتاکانی حەرام و حەلآڵی ئاینی هەڵدەوەشێنێتەوە و بانگەشەی ئازادی ڕەها دەکات لە گشت بوارەکانی ژیان، تا مرۆڤەکان بە پێی ویستی خۆیان و بێگەڕانەوە بۆ ئاین مومارەسەی هەر کارێك بکەن کە خۆیان ئارەزووی دەکەن . لەم دید و تێڕوانینەشەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ سەربەستە و لەسەرو هەموو بونێکەوەیە و دەیکاتە سەنتەری گەردوون، تا جێگای خودا بگرێتەوە و ئەمجا مرۆڤ بۆ خۆی یاساکانی گەردوون تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی داڕێژێتەوە و گشت حەرام وحەلآڵەکان دیاریبکات هەر بەو جۆرەی کە ویستی دەکات، لە نمونەی ئەوە تەواوی ولآتانی عەلمانی غەرب و شەرق لەلایەن مرۆڤەکان خۆیانەوە چ وەك تاکەکەسێك یاخود کۆمەڵێك، یاساکانیان داڕێژراونەتەوە و دەستوری کۆمەڵگایان لێپێکهێناون، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ کام لە دەقەکانی شەریعەتی ئاین . جارێکی دی و دووبارە ئەو مرۆڤانە نەزم و ڕێکخستنی کۆمەڵگایان گەڵاڵە کردۆتەوە بەچەشنێکی جیاواز لە نەزم و ڕێکخستنی ئاینی . ئالێرەوە ئەو مرۆڤانە ئەوی کە ئاین حەلآڵی کردبوو، مرۆڤی عەلمانی یاساغی کرد ، هەروەها ئەوی کە ئاین حەرامی کردبوو، ئەوان ڕەوا و ئازادیان کرد . لەسەر بنەمای بۆچوونە شەهوانیەکانیان .

*بەرژەوەندنی گشتی (مصلحه عامه ): بنەمایەکی دیکەی عەلمانیەتە بە واتا هەر کار و بڕیارێك کە مرۆڤ یاخود کۆمەڵگا لە ساتێك لە ساتەکانی ژیانی پێویستی بوو، با ئەو کارە ناڕەوا بێت ئەوا پێویستبوونەکەی ڕەوایەتی ئەنجامدانی پێدەبەخشێت . گەرچی ئاین دژی ئەو بڕیار و کردارە بێت .

بڕوانەبوونی فەلسەفەی عەلمانیەت بە ژیانی دووەم و زیندووبونەوەی مرۆڤ، وای کردووە کە ئەم ئایدۆلۆژیایە تەواوی کۆششی فیکری و کرداری خۆی لەسەر دوونیا چڕ بکاتەوە و تەرکیزی بخاتە سەر و گشت تواناکانی خۆی تێدا بە خەرج بدات، مرۆڤەکان سەربەست بکات لە مومارەسە کردنی ویستەکانیان بە ڕەهایی و لە گشت کایە و بوارەکانی ژیان، هەربۆیە عەلمانیەت فزولی کردوەتە پێوەری سیاسەت و ئەخلاق و دادپەروەری و چاکەکاری لێ داڕنیوە، زۆرداری و

لیهاتووی کردۆتە بنەمای چالاکی ئابوری و ڕەوای وناڕەوایی لە چالاکی ئابوری و بازرگانی دا نەهێشتوە و گرتنەبەر و پیرۆزکردنی هەر ڕێو شوێنێکی بۆ پەیداکردن وکۆکردنەوەی سەر و سامان شەرعاندووە، لەوانیش پڕوپاگەندە و چەواشەکاری و فریودان و ساختەکاری و سود خۆری و...هتد ،لە بواری کۆمەلایەتیدا نەزمی جەنگەڵ و شیوازی ئاژەڵەکانی کردۆتە بنەما بۆ بونیاتنانەوەی کۆمەڵگا و چۆنیەتی ڕێخستنەوەی کارو چالاکیەکانی هاوپیوەند بە ڕەهەندی کۆمەلایەتی، بەرژەوەندی مادی دەکاتە بنەمای پەیوەندیە کۆمەلایەتی، ئیدی خێزانەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەها و قییەمە کۆمەلایەتیەکان کە لە لایەن ئاینەوە گەلاڵە کرابوون، لیکدەترازێنێت، لەسەر هەمان شێوازی ئاژەڵ چالاکی جنسی و پێوەندی نێوان نێر و مێ وچۆنیەتی وەچەخستنەوە، ڕیك دەخاتەوە . بەم شێوەیە دەرگا بۆ مرۆڤەکان دەخاتە سەر پشت، بە خواستی خۆیان و بێ گرنگی دان بە ئاین مومارەسەی غەریزە و ئارەزواتەکانیان بکەن .

*زانستی ئەزموونگەری : عەلمانیەت زانستی تاقیکاری وەك بنەمایەك بەکار دەبات بۆ سەلماندنی پێوەرەکانی خۆی لە هەمان کات وەك سەرچاوەیەکی زانستی ئیلهامی لێ وەردەگرێت بۆ گەلاڵە کردنی هەر پێوەرێکی نوێ . عەلمانیەت کۆی زانستی پەسەند نیە، بەڵکو تەنها بەشێکی بچوکی زانستی پەسەندە کە لەگەڵ فەلسەفە مادییەکەی خۆی دا دێتەوە، کە بریتیە لە زانستی تاقیکاری .

زانستی تاقیکاری تەنها سەرو سەودا لەگەڵ بوونە مادی و دیار و بەرجەستەو هەست پێکراوەکاندا دەکات، واتا ئەوەی کە بە پێنج هەستەکەی مرۆڤ  توانای ئیدراك کردنی  هەیە ،هەروەك عەلمانیەت لە تەواوی تێڕوانین و دیدو بۆچوونەکانی خۆی دا تەرکیز لەسەر ئەو پێنج هەستە دەکاتەوە، وەك پێوەری سەلمێنەری بوونی هەرشتێك، لە هەمان کات ڕەتی هەرشتێك دەکاتەوە کە بە یەکێك لەو پێنج هەستە دەرك نەکرێت .

گرفتی عەلمانیەت لەگەڵ زانستی ئەزموونگەری، لەوەدایە کە عەلمانیەت فەلسەفەیە، فەلسەفەش کار لەسەر فیکر و سیاسەت و ئابووری کۆمەڵگا و پەروەردە و ئەخلاق و هونەر و ڕۆشنبیری و کلتور دەکات، بەلام زانستی تاقیکاری کار لەسەر مادە دەکات، زانستی تاقیکاری توانای ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی لەسەر هیچ کام  لەو بوارانە نیە کە فەلسەفەی عەلمانیەت کاریان لەسەر دەکات . ئەم بیتوانابییەی زانست لەو بوارەدا عەلمانیەتی توشی هەڵەی کوشندە کردووە . چوون ئەم ئایدیۆلۆژیایە پیوەر و بەها و قیەمەکان کە دیاردەی مەعنەوین، دەیانخاتە ژێر چاوی میکرۆسکۆبی زانستەوە، هەروەها ئاین و سەرجەمی دەق و بنەما و پێوەرەکانی، بەهەمان شێوە دەیانخاتە ژێر چاوی زانستەوە تا لێنۆڕینیان بۆ ئەنجام بدات و توێژینەوەی شیکارییان  لەسەر بکات، ئاشکرای بکات داخۆ کە ئاین بانگەشەی فەزیلەت و دادپەروەی و پیرۆزکردنی ئەخلاق لەبواری سیاسەتدا دەکات هیچ سودێکی مادییان لێوە بەدەست دەهێنرێت، یاخود زیانی مادییان لێدەکەوێتەوە ؟ هەروەها سوود خۆری و غەل وغەش و ساختەکاری و پڕوپاگەندە ...هتد، کە لەلایەن ئاینەوە یاساغ کراون، داخۆ زانست حەقیقەتی ئەمانە دەسەلمێنێت یاخود بە پێچەوانەوە، حەرامکردنی زینا و تێکەلاوی دوو ڕەگەز و یاساغ کردنی خواردنەوەی عەرەق و خواردنەوەی گۆشتی بەراز و زۆر بواری دی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی کە لەلایەن ئاینەوە حەرام کراو، هەروەها بوونی خودا و فریشتەکان و پەری لەگەڵ بەهەشت و دۆزەخ و ڕۆژی کۆتا و زیندووبوونەوە و سروش و پێغەمبەرایەتی، سەرجەمیان لەلایەن فەلسەفەی مادی عەلمانیەتەوە بە تاقیگەی زانست دەسپێردرێن تاوەکو بوونیان بسەلمێنێت، وەلێ هیچ کام لەوانە تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام نادرێت چوون زانستی ئەزموون گەری زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێت کارێکی لەو چەشنە بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆیەش عەلمانیەت لەبری دان نان  بەکەم توانای و بێدەستەلاتی زانست لەو بوارەدا، پەنا بۆ نکوڵی کردنی هەمووو ئەو حەقیقەتانە دەبات . ئیدی بەم هۆیەوە عەلمانیەت

فرت و فێڵ و درۆ و فزولی دەکاتە بنەمای سیاسەت، سووخۆری و غەل و غەش دەکاتە بنەمای چالاکی ئابووری، بێ بەهایی و بێ قیەمی دەکاتە بنەمای نەزمی کۆمەلاّیەتی، هونەر و ڕۆشنبیریش لە پیرۆزییەکان دادەماڵێت . بەم جۆرە عەلمانیەت دەولّەت و کۆمەلّگا و ژیانێکی دوور لە ئاین و بەها بالاّکانی بینا دەکات، کە هێز پێوەری حەقە و بەرژەوەندی مادی و بنەمای پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە، هەروەها فزولی و فێڵ بنەمای سیاسەتەکەی و سودخۆری و ئیحتیار بنەما و پێوەری ئالّوگۆڕی مامەلّەی نێوان مرۆڤەکانیەتی، تەشهیر و بوهتان و کوفر کردن تیایدا دەبێتە ئازادی ! هەموو ئەوانەش ناودەنێت عەقلاّنیەت .

## عەقلاّنیەتی عەلمانیەت :

ئەم عەقلاّنیەتەی عەلمانیەت باسی لێوەدەکات جگە لە بەکاربردنی پاساوی نادروست و داتاشینی بنەمای ناعەقلاّنی لە بابەت (مژهب الگبیعە، غریزە و الشهوە، مصلحە عامە، علم تجریبی)چی دیکە نیە، هەموو ئەوانە لە پێناو ڕەوایەتی پێدانی بیر و بۆچوونە فەلسەفیە مادی وئیلحادییەکەی خۆی دا بەکار دەبات تا لە ڕوانگەی ئەو مەزهەبە ساختە و دروستکراوانەوە ژیان بونیات بنێنەوە و تەواوی ووجود بە ئاڕاستەی بەرژەوەندخوازی و چێژوو ئارەزوو پەرستی دا ئاڕاستە بکات، هەروەك بەرژەوەندی و چێژ دوو ئامانجی هەرە گەورەی عەلمانیە و وەك بنەڕەتی هەر کارو بڕیارێك دەستنیشانی کردوون .

سوود خوازی(البرگماتیکیە): ڕێبازێکە و دەبێژێت کە ڕاستی لە چوار چێوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی مرۆڤ دایە، وە زانست ئامرازێکە یان پیشەیەکە لە خزمەت خواستەکانی ژیاندایە، هەروەها ڕاستگۆی بابەتێکە سوود نیە لە بوونیدا، فکریش هاو پێوەندە بە سروشتەوە، لایەنگرانی ئەم مەزهەبە وای دەبینن کە حەق ڕێژەییە و بەراورد دەکرێت بە کات و شوێنێکی دیاریکراو بە پێی پێشکەوتنی زانستی .[٥١] بەم پێیە لە فەلسەفەی عەلمانیەت دا دەبێت هەر بوون وشتێك بە کرداری تاقی بکرێتەوە و ئەزموون بکرێت، واتا سەرو سەودای لەگەڵ بکرێت و ببینرێ و لەمس بکرێت، ئەوکات ددان بە ڕاستی بوونی دا بنرێت، لەسەر بنەمای سودی مادی و چێژ .

عەلمانیەت هیچ بایەخێك بە ڕاستگۆی و ڕەوشت و بنەماکانی چاکە کاری نادات، لە سروشت و مادە و بەرژەوەندیەوە فکر و دید و تێڕوانینەکانی خۆی هەڵدەهێنجێنێت، حەق لای ئەم فەلسەفە مادیە چەسپاو نیە، بەڵکو بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت واتا بە پێی بەرژەوەندییەکان . هەموو ئەمانە ئەو چاوگانەن کە عەلمانیەت کردوونی بە سەرچاوەی وەرگرتنی ئیلهامەکانی خۆی و پاشان ژیانی لەسەر هەمان ئەو تێگەیشتنە مادی و ئاژەڵیانە بونیات ناوەتەوە، کۆمەڵگایەکی بەرپا کردووە کە جگە لە بەرژەوەندی مادی و چێژوو ئارەزوات، هیچ شتێکی دی، تێیدا بایەخی نیە و گشت هەوڵ و چالاکی و کۆششەکانی مرۆڤیش هەر لەو چوارچێوەیەدا بەخەرج دەدرێت .

---

٥١–الدیموقراطیة بین العلمانیة و الاسلام–د.عبدالرزاق محمد–م.محمد محمد الجبار–ل٢٥٧ .

لەو کۆمەڵگایەدا و لە هزری مرۆڤەکانیدا مادە دەبێتە ئەو پەرستراوەی کە هەموان تەقدیسی دەکەن و لەپاڵ ئەویش دا جنس و نێو بانگ و دەستەلاٚت و.....هتد، دەبنە وردە پەرستراوی دیکە هەریەك لەوانەش لەلایەن بەشێك لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگاوە شکۆمەند دەکرێن، پاشتر بە مەرگ کۆتای یەکجاری بەو ژیانە بێ ئامانجە دێت .

## سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی :

ئیسلام ئاینێك نیە کە تەنها لە هەندێك رەسم وسروت و پەرستشی ڕۆحی فەردی دا کورت هەلاٚتبێت، وە ئاینێك نیە کە بەسترابێتەوە بە نێو مزگەوتەوە، یاخود پێوەندی بە ویژدان و دەروونی تاکە کەسەوە هەبێت و بەس، بەڵکو ئیسلام یەك نیزامی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاٚیەتی ورۆشنبیری و...هتد، لەسەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگا و تاکەکەس، لە تێکڕای کایە و بوارە جیاوازەکانی ژیان پێڕۆدەکرێت، هەروەك چۆن ئەم ئاینە ڕەهەندی ڕۆحی مرۆڤ هاوسەنگ و ڕێك دەخات و تەواوی پەرستشەکانی بۆ ڕەنگ ڕێژ دەکا و ڕێگای ئاخیرەتی نیشان دەدات و ڕێنمای دەکات بۆی، بەهەمان شێوە ئەم ئاینە لایەنی مادی و جەسەدی مرۆڤی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو شەریعەتێکی شامیلی پێشکەش دەکات تا کاروبارەکانی ژیانی دوونیای لەسەر ڕێك بخات جا لە دامەزراندنی دەوڵەت وچۆنیەتی مومارەسەکردنی کاری سیاسی و چالاکی ئابوورییەوە بگرە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگاو خێزان و پەیوەندی کۆمەلاٚیەتی، هەروەها ئاڕاستەکردنی ئیجابیانەی گشت چالاکییە زانستی و هونەری و ڕۆشنبیری و کلتوریەکان لە سنورێکی ئەخلاقی بە جۆرێك کە لە خزمەت مرۆڤەکاندا بن .

ئەو سەرچاوانەی کە شەریعەتی ئیسلامی ئیلهامیان لێ وەردەگرێت بریتین لە چەند چاوگێکی ڕوون و ڕاست و شیاو کەلەگەڵ فیترەتی مرۆڤ و عەقڵی تەندروست و سروشتی گەردوون و بەرژەوەندی مرۆڤەکاندا دەگونجێت، بریتین لە قورئان و فەرمووده و کۆڕای زانایان .

*قورئان: نێوەڕۆکی ئەم سەرچاوەیە لە سروش (وحی )خودایی پێکهاتوە و بنەمای یەکەم و کۆتاییە ئەم ئایینەیە، قورئان جگە لەوەی کە کیتابێکی ڕۆحیە و دیاریکەری پەرستش و ڕەسم وسروتە ئاینیەکان و ڕێکخەری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودایە، لە هەمان کات قورئان کیتابێی دەوڵەت و خیلافەت و کاروباری سیاسی و ئابوری کۆمەلاٚیەتی یە، هەروەك کیتابێی فیکر و ڕۆشنبیری و زانستە و لە هەریەکە لەو بوارانەدا، قورئان قسەی خۆی کردووەو بنەماو بنچینەکانی هەرکام لەو کاروچالاکییانەی نەخشەڕێژ کردووە، بۆ هەریەکەیان پێوەرو بەهای تایبەتی دەستنیشانکردووە کە تێپەڕاندنی یاساغ کردووە، گرنگترین بنەمای ئەم ئایینە شەریعەتە .

- ئیسلام پارێزگاریکردنی پەیمان و دادپەروەری وەك بنەمای دەوڵەتڕانی و چالاکی سیاسی دەستنیشان کردووە، واتا لە ئیسلام دا هیچ پاساوێك بۆ فەسادو پەیمانشکێنی و ستەمکاری نیە، بەڵکو هەر کارێکی لەو جۆرەی وەك تاوانێکی گەورە هەژمار کردووە .
- ئیسلام ڕاستگۆی و دوورەپەرێزی کردن لە چەواشە کاری و فرت و فێڵ و فریودانی وەك مەرجی هەر چالاکیەکی ئابووری وتەواوی سەرو سەودا بازرگانیەکان کردۆتە مەرج، ئەمە جگە لە یاساغ کردنی سودخۆری و قۆرخ کاری .
- ئیسلام پاکیەتی و ڕەوشت بەرزی و ئەخلاقی وەك پێش مەرجی هەر کۆمەڵگایەك دەستنیشانکردووە، تابەم شێوەیە کۆمەڵگایەکی خاوەن بەهاو قیەمی ئامانجدار بونیادبنێت، هەروەك بە توندی بەگژ هەر جۆرە فەساد و بەدڕەوشتی و ڕسوابییەکدا دەچۆتەوە، جا ئیدی بە نێوی ئازادی و مەدەنییەتەوە بێت یاخود بە نێو پێشکەوتن و نوێ خوازییەوەو...هتد،

ئاینی ئیسلام بە گرنگیەوە دەڕوانێتە فکرو ڕۆشنبیری و زانست و بایەخی فرەی پێدەدات، هەڵبەت ئەمەش بۆ مەبەستی خزمەتکردنی کۆمەڵگا .

گەر چاوێك بە مێژووی ئیسلام و شارستانیە چواردە سەدەیەکەیدا بخشێنین چاومان بە چەندین فەیلەسوفی موسڵمان و هەروەها ناوی دەیان و سەدان شاعیر و ئەدیب و نوسەری گەورەی موسڵمان دەبیستین کە هەریەکە لەوانە لە بوارێك لە بوارەکانی مەعریفەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە و مێژوویەکی پڕشنگدار یان بۆ گەلانی ئیسلامی نەخشاندووە، هەروەها ئەم ئاینە کایەی زانستی فەرامۆش نەکردووە و لە قورئان و فەرمووددەداو لەلایەن (خودا) و پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم )ەوە بەدەقی ئایەت و فەرموودە هانی موسڵمانانیان داوە کە زانست خوازبن و لەو پێناوەشدا کۆچ بکەن گەر بۆ ولاّتانی (سین) بێت، موسڵمانان لەو بوارەش دا جێ دەستی خۆیان نەخشاندووە و مێژوویەکی درەوشاوەیان تۆمارکردووە، شارستانیەتی عەباسیەکان و ئەندەلوس باشترین نمونەی دیارن، وە چەندین زانای موسڵمان لە بوارەکانی ئەستێرە ناسی، جوگرافیا، ئەندازیاری، پزیشکی، کیمیا، فیزیا، جەبر ...هتد، دا هەڵکەوتن . هەروەك لەڕێی ئەندەلوسەوە زانایانی موسڵمان زانستیان گەیاندە ئەوروپای سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست و پاشتر ڕووناکی کردەوەو مێژووش شایەتی ئەو ڕاستیەیە .

*فەرموودە: دووەمین سەرچاوەی گرنگی ئاینی ئیسلامە و بە چاوگی دووەمی شەریعەت هەژماردەکرێت. فەرموودە شەرحی ڕاست و دروستی قورئانە، لەلایەن پێغەمبەر محمد (صلی الله علیه وسلم )وتراون، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئاینە و بەش و پێکهاتەکانی تا بەرچاو ڕوونیەکی زێدەتر بداتە پەیڕەوانی . ئەو ئەرك و فەرمانانەی ئیسلام کە لە قورئاندا ڕاگەیەنراون، پێغەمبەر محمد (صلی الله علیه وسلم ) بە فەرموودەکانی خۆی شرۆڤەی کردون و موسڵمانانی پێ ئاشنا دەکات، پەسەند کردنی فەرموودەش لەسەر بنەمای قورئانە کە(خودا) بە دەقی قورئانی پشتگیری دەکات . وەك شێوازی دووەمی سروش (وحی )ی وێنای کردووە، هەر ئەمەش ڕەوایەتی بە فەرموودە بەخشیوە تا وەك سەرچاوەیەکی ڕاست و دروست و ڕۆشن سەرو سەودای لەگەڵ بکرێت و وەك بنەمایەکی گرنگی ئاینی ئیسلام و چاوگی دووەمی شەریعەت پشتی پێ ببەسترێت .

*کۆڕای زانایان (اجماع ): سێیەمین سەرچاوە گرنگی شەریعەتی ئیسلامە، پێکدێت لە بۆچوونی زانایان کە لە قورئان و سونەتەوە ڕچەتەی گرتووە، واتا ئەو بڕیار و فەتوایە لە خاریجی بنەما و بنچینەکانی ئیسلامەوە گەلاڵە ناکرێت، بەڵکو هەر لەنێو سنور و چوارچێوەی قورئان و فەرموودەدا خول دەدات و تێناپەڕێت لە وەحی . زانایانی موسڵمان لە نێو ئایینی ئیسلام دا مافی ئەوەیان نیە بنەمایەکی نوێ بۆ ئەم ئاینە دابمەزرێنن یاخود بنەمایەکی داڕمێنن . کۆڕای زانایان وفتواکانیان لە دەوری ئەو بابەتە نوێیانەدا خولدەدات کە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا و لەنێو کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن، تا لەسەر بنەمای وەحی خودایی و بە ڕەچاوکردنی عەقڵ و ڕەوشت و بەرژەوەندی گشتی مرۆڤەکان داڕێژرێتەوە و پێك بهێنرێن و ئاڕاستە بکرێن .

## عەقلانیەتی ئیسلام :

لە ئیسلامدا عەقڵ پێگەیەکی گرنگی هەیە، چەندین دەقی قورئانی ئاماژەی بە گرنگی عەقڵ کردووە و داوای بە کاربردنی عەقڵ و تێفکرین و بیرکردنەوەی لە مرۆڤەکان کردووە . تا پەی بە گەردوون و تەواوی دروستکراوەکانی خودا بەرن، سەرچاوەکانی بخەنە خزمەت خۆیانەوە و بۆسوود وخۆشبەختی مرۆڤایەتی بەکاری ببەن . وەلێ لەگەڵ گرنگی عەقڵ و بەرزی ئاستی هۆشیاری، هێشتا عەقڵ بێتوانایە لە گەیشتن بەزۆر حەقیقەت، هەربۆیە (خودا)بۆ ڕەوتپێدانی عەقڵ وهاوسەنگکردنی، سەرچاوەیەکی دیکەی مەعریفەی پێشکەشی مرۆڤەکان کردووە کە بریتییە لە سروش(وحی )، تیایدا گشت ئەو ڕاستیانەی خستۆتە بەردەستی مرۆڤ کە عەقڵی خولیایی زانینی دەکات و عەودالە لەشوێنی، وەك وەلامی تێکڕای پرسیارەکانی ئەو عەقڵەشی داوەتەوە، بۆیە عەقڵی ئیسلامی عەقڵێکی هاوسەنگە و مرۆڤانە ڕێدەکات و هەڵگری پەیامێکی شکۆمەند و خاوەنی ئامانجی بەرز و بالایە و لەسەر مەنهەجی فیترەت ڕێدەکات، بەم هۆیە ئەم عەقڵە توشی ئینحرافات نەبووە تا بەنێوی فەلسەفە و عەقلکارییەوە بکەوێتە شرۆڤەکردنی بوون گەردوون و مرۆڤ و بونەوەران و سەرەنجامیان، ئیدی جارێك نوقلانە لێبدات و بلێت بوون هیچ نیە جگە لە مادە نەبێت، ئەوجا بلێت مرۆڤ لە مەیمونەوە خولقاوە و غەیب ونادیاریش خورافەیە، دواتر ئەم عەقڵە بێژێت مرۆڤیش هەروەك ئاژەڵ وایە و پێویستیشە هەروەك ئەو بژی !

عەقڵی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی وەحی دا ڕێدەکات و موومارەسەی ئەرك وچالاکیەکانی خۆی دەکات، بەم هۆیەوە توانیویەتی دەوڵەت(خیلافەت)ێکی خاوەن فەزیلەت و کۆمەڵگایەکی خاوەن بەها و قیەم و شارستانیەتێکی بەهادار و شکۆمەند بونیات بنێت .

## یاسای عەلمانیەت و شەریعەتی ئیسلامی :

**یاسای عەلمانی:** عەلمانیەت وەك هەر ئایدۆلۆژیا و ئاینێکی دی یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە کە لەڕوانگەی جیهاندیدی خۆی یوو بە پێ ئەو بنەما و چاوگانەی دەسنیشانی کردوون ئیلهامیان لێوە وەردەگرێت، دەقی یاسایی بۆ تێکڕای کایە و بوارەکانی ژیان دادەڕێژێت . عەلمانیەت تەواوی ئەرك و مافەکانی مرۆڤ لەو ڕوانگەیەوە دیاریدەکات و مافی مرۆڤەکان بە منداڵ وگەنج وئیختیار، هەروەها بە نێرو مێیەوە دەست نیشان دەکات . ڕۆڵی هەریەکەیان لە کۆمەڵگا و لە نێو خێزان و لەسەر ئاستی دەوڵەت و چالاکیە سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتیەکان ڕەنگڕێژ دەکات، هەڵبەت بە بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ دید و بۆچوونێکی ئاینی . عەلمانیەت دەرحەق بە مرۆڤ و کۆمەڵگا ڕستێك یاسای داڕێژاوە و مافەکانی مرۆڤی لە ڕوانگەی دونیابینی عەلمانیەوە دیاریکردووە، هەروەك ئەم پەیماننامەیە یاخود ئەو یاسایانەش بە یاسای(مافی مرۆڤ )ناسراوە لە جیهاندا .

**گەشەکردنی زاراوەی مافی مرۆڤ:** فکرەی مافی مرۆڤ پێوەندی بە شۆڕشی فەڕەنسییەوە هەیە، کە دەکۆشا بۆ نەهێشتنی دەستەلاتی کلێسا، بەتەرکیز کردنەوە لەسەر چەمکی (کۆمەڵگای مەدەنی نائاینی )، پێکهێنانەوەی مرۆڤی خاوەن مافی سروشتی بەبێ خودا و ئاین،

بەم پێیەش( سروشت ) و (مدنیەت )جێگای ( خودا )و (ئاین )دەگرێتەوە، هەروەها ویستی گەل ڕەمزی دەسەلاتی فەرمانڕەواییە، وە دەبێت هەموو ئەمانەش لە ژێر چەتری عەلمانی دا چالاکی بکەن .(٥٢)

بەهۆی چەوساندنەوەی مرۆڤی ئەوروپی لەلایەن کلێساو پیاوانی ئاینیەوە، کە تەواوی مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریانی پایە ماڵ کردبوون و ئازادی ئەو نەتەوانەیان زەوتکردبوو، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی (١٧٨٩ز)، گەلی فەرەنسی دەسەلاتی کلێسایان هەلوەشاندەوە و پیاوانی ئاینیان لە دەسەلات دوورخستەوە، هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەیان لە کارخست کە لەسەر بنەمای ئاینی مەسیحی کلێسا و لەلایەن پیاوانی پیاوانیەوە داڕێژرابوون، لە هەمانکات لەلایەن ئەو کەسانەی کە بانگەشەی نوێنەرایەتی گەلیان دەکرد، دەستور و یاسا پێکهێنرا . لەو دەستورەدا تەنها خواست و ئارەزووی مرۆڤ ڕەچاوکرابوو . پاشان بە هۆی شالاوی هێرشە سەربازییەکانی ناپلیۆنەوە کە بە نێوی ئازادکردنی گەلانی ئەوروپا و بلاوکردنەوەی پەیامەکانی شۆڕشەوە ئەنجامی دەدات، ئەم بیرۆکەیە واتا (دەستوری مرۆڤ کرد )بە نێو گەلانی ئەوروپادا تەشەنەی کرد، دواتر و بەهۆی پێکهێنانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەجیهان دا بلاوبوە وە . ئەم یاسایە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤی ئەوروپی لە جەور و ستەمی کلێسا داڕێژرا، هەروەك دید و بۆچون و بەندەکانیشی مۆرکێکی خۆرئاواییان هەیە . کاریگەری فکری بت پەرستی ڕۆمانی و فەلسەفەی یۆنانیش بە قولی ڕەنگی داوەتەوە تێیدا .

دەستوری عەلمانیەت یەکەمین بنەما و بەندی ڕەفزکردنی تێکڕای شەریعەتە ئاینییەکانە، واتا دژی دامەزراندنی دەولەتە لەسەر بنەمای شەرع، بەلکو بانگەشەی بونیاتنانی دەولەت و ڕێکخستنی کۆمەلگا و ئاڕاستەکردنی گشت کار و چالاکیەکانی مرۆڤ دەکات لەسەر بنچینەی یاسا دەستکرد و دانراوەکانی خودی مرۆڤ خۆی، ئەوەش بە پێی ڕێبازی سروشت و غەریزە و بەرژەوەندی گشتی و زانستی تاقیکاری .

بەم چەشنە عەلمانیەت مرۆڤی بەرزکردەوە و لەبری(خودا) دەستنیشانی کرد، تا بەپێی خواست و ویستی خۆی یاسا و تشریعات داڕێژێت. پاشان زۆرێك لە فەیلەسوفانی عەلمانی بانگەشەی ئیلحادیان کرد و ڕەفزی ئایینەکانیان بەگشتی کرد، تێکڕایان بە خورافات و ئەفسانە ناوبرد . لێرەشەوە فەلسەفەی عەلمانیەت و دەستورەکەی هەموو شتێکی ئەم گەردوونەی خستە خزمەت مرۆڤەوە، هەروەك مرۆڤیشی خستە شوێن هەواو ئارەزووەکانیەوە . ئائەمە ئەو ئامانجە بالایەیە کە لە دیدی عەلمانیەتدا مرۆڤ بۆی دەژی و بەردەوام کۆششی بۆ دەکات، هەروەك هێز بویە پێوەری یەکلاکردنەوەی ململانێکان، لەم جیهانبینیە مادديەدا، مانەوە تەنها هەر بۆ بەهێز و براوەکان دەبێت .
عەلمانیەت پاش بە سەنتەرکردنی فیکر و ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکەی، بۆ چەسپاندنی تەواوی دەستور و یاسا و ڕێساکانی، دەستدەکاتەوە بەدووبارە ڕێکخستنەوەی دەولەت و کۆمەلگا و کار و بارەکانیان، هەلبەت لە دەلاقەی تێگەیشتنەکانی خۆیەوە . بەم پێیە دەولەت و دامەزراوە و دادگاکانی دەبنە جێبەجێکاری عەلمانیەت و یاساکانی، لەژێر سایەی ئەو دەولەتە عەلمانیەدا جارێکی دی ئەرك و مافەکان لەسەر بنەمای بەندەکانی دەستوری عەلمانیەت دابەش دەکرێنەوە، واتا ئەوەی کە ئاین بونیاتی ناوە وێران دەکرێت و ڕادەمالرێت،

---

٥٢–المصطلحات وافدة واثرها على الهوية الاسلامية–الهيثم زغفان–ل٥١ .

جیهانێکی دیکە لە جێگای دروست دەکرێتەوە کە لەو جیهانە تازە دروستکراوەدا هەموو حەلاڵەکانی ئاین یاساغ دەکرێن و حەرامەکانیشی ڕەوا دەکرێن .

**یاسای عەلمانی و کایەی سیاسی :** لە دەوڵەتی عەلمانی دا چالاکی سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مادی بونیات دەنرێت، تاکە ئامانجی سیاسەتکردن تەنها دەستەبەرکردنی سەرچاوەی ئابوری و وەدەستهێنانی سەرمایەیە و بەس، بەم پێیە ئەو بەرژەوەندییە مادییانە دەخرێنە سەروو ئاین و باوەڕ و هەر بەها و قییەمییێکی مرۆیی، ڕێگا بە هەرکەس و لایەن و پارتێکیش دەدرێت کە لەسەر بنەمای عەلمانیەت دامەزرابێت، یاخود بە یاسا و ڕێسا و دەستوری عەلمانی ڕەزامەند بێت، کەلەژێر سایەی ئەو دەستەلاّتە عەلمانیەدا مومارەسەی چالاکی سیاسی بکات، بە مەرجی نەبەزاندنی ئەو دەستورە دانراوە، دەبێت چالاکیەکانی هەرکام لەو کەس وگروپ و لایەنانە لە سنوری پرۆژەی مادی و خزمەتگوزاری و هەر کارێکی لەو چەشنە نەترازێت، واتا هیچکام لەو پارت و ڕێکخراوانە مافی گۆڕینی سیستمی عەلمانیەت و یاساکانیان نیە گەرچی ئەو پارتە ئایینی بێت و لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنیش دا زۆرینەی دەنگی گەلی بۆ خۆی مسۆگەر کردبێت .

ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگای عەلمانی دا ئۆپۆدسیۆنێك لە ئارادانیە کە بتوانێت گۆڕانکاری لە سیستەمی فەرمانڕەوایدا بکات، بەڵکو ئەو پارتە بەرهەڵستکارانە تەنها ململانێی کورسی فەرمانڕەوایی دەکەن هەڵبەت بە پاساوی پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری . لێرەشەوە ئەو ڕاستیە دەچەسپێت دەبێت کە کۆمەڵگای عەلمانی یەکڕەنگە، نەك جیاواز و فرە بیر و بۆچوون . بۆیە هەرکەسێك یاخود هەر پارتێك کە هەڵگری فیکر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی ئاینی بێت و بیەوێت لە هەڵبژاردنێك داو بە هۆی مسۆگەرکردنی دەنگی زۆرینەوە ئەو سیستەمە قلْب بکاتەوە و لە شوێنی دا سیستمێکی ئاینی دابمەزرێنێت، ئەوا دەبێت ئەو کەس و لایەن و پارتانە ئەوە بزانن کە ئەو ئامانجە یان لە محاڵ دایە و کودەتاکانی عەلمانیەکانی جەزائیر و تورکیا و پاکستان و فەلەستین و میسر و ..هتد، باشترین نمونە لەو بارەیەوە .

هەروەها عەلمانیەت کەسانی مولحید و خەڵکانی ناموسڵمان لە مەسیحی و جولەکە و باقی دیانەکان دەکاتە سەرکردە و ڕێبەری گەل، گەرچی ئاینەکەشی جیاواز لە ئاینی زۆرینەی گەل بێت، کە ئەمە پێچەوانەو دژی ئیسلام و بنەماکانیەتی . لەهەمانکات عەلمانیەت پیرۆکردنی پروپاگەندە و فرت و فێڵ و ستەم و هەر کردەیەکی نا ئەخلاقی لە سیاسەتدا وەك ڕەفتێکی ئاسایی و ڕێگا پێدراو دەبینێت . ئەوەش بە پاساوی خزمەتکردنی نیشتیمان و نەتەوە و گەل، کەلە نەزمی عەلمانیدا ئینتیما بۆ خاك و نەتەوەیە، نەك بۆ ئاین . لەو پێناوەشدا هەر کارێك بە ڕەوا دەبینێت .

**یاسای عەلمانیەت و کایەی ئابووری :** عەلمانیەت قازانج وەك بنەمای سەرەکی هەر چالاکیەکی ئابووری دەبینێت، لەسەر بنەمای سوود کۆی نەزمی ئابوری خۆی دارشتۆتەوە . بەم پێیە هەر کارێك بۆ وەدەستهێنانی سەرمایەو کەڵەکردنی ڕەوایە، ئیدی پروپاگەندە و چەواشەکاری و قۆرخکاری و سوخۆری دەبنە ڕەمزی دیاری چالاکیە ئابوری و بازرگانیەکانی ئەم سیستەمە عەلمانیە، چاکەکاری و مرۆڤدۆستی و پابەندبوون بە بەهاو قییەمە باڵاکانی ئاین بایەخی نامێنێت . بەم هۆیەوە تەواوی کۆمەڵگای دەوڵەتە عەلمانیەکان بەدەست نەشیاوی ئەو نیزامە ئابورییەوە دەناڵێنێن و ڕووبەڕووی گرفتی سیاسی و کۆمەلایەتی گەورەی کردوونەتەوە، بەچەشنێك کە کەمینەیەکی کۆمەڵگا سەرچاوە ئابورییەکانیانی دەستبە سەردا گرتووە و زۆرینەی سامانی گەلیان لا کۆبۆتەوە، هەر بەو هۆیەوە دەزگا و دامەزراوەکانی

ڕاگەیاندنیان خستۆتە ژێر چنگی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەبەن . گەل بەو چەشنە ئاڕاستە دەکەن کە مەبەستیانە، واتا ئەو نوخبە سەرمایەدارە حوکمی گەل دەکات، زۆرینەی هاولاّتیان لە دۆخی هەژاری و بێدەستەلاّتی دان، ئەمە جگە لەوەی کە خێزانەکانیان ڕووبەڕووی هەلّوەشاندنەوە بۆتەوە و بەشێکی فرەیان مالّ وحالّیان لە دەستداوە و شومارێکی یەکجار فرەتر بە هۆی ئەو سیستمە ئابورییەوە بەدەست بێکاریەوە دەنالّێن .

**یاسای عەلمانیەت و نەزمی کۆمەلاّیەتی :** عەلمانیەت لە بواری کۆمەلاّیەتیدا زۆرترین ناکۆکی لەگەلّ ئایندا بۆ دروست بووە، بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان تێگەیشتنی عەلمانیەت و تێگەیشتنی ئاینی دا بوونی هەیە، سەبارەت بەڕێکخستنەوەی نەزمی کۆمەلاّیەتی . عەلمانیەت زیاتر تەرکیز لەسەر ڕێبازی سروشت(مژهب الگبیعە) دەکاتەوە، واتا ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەلاّیەتی بە چاولێگەری شێوازی ژیانی باقی ئاژەلاّنی دی، لەوانیش مەیمون و.....هتد .

ئالێرەوە عەلمانیەت دامەزراوەی خێزان هەلّدەوەشێنێتەوە و پێوەندی دامەزراو لەسەر بنەمای خوێن دوای پێدێنێت، لەبری ئەوە خێزانی تاکەکەسی واتا تەنها مرۆڤێك یان پیاو چەند منالّ، ژن و چەند منداڵێك، هەروەها لەوەش ئەولاتر دەڕوات و ڕەوایەتی دەبەخشێتە هاوسەرگیری هاوڕەگەزی . دژی خێزانی ئایینی و فرەژنی دەوەستێتەوە، لەهەمان کات فرەدۆستی(تعدد العشقات) ڕەواج پێدەدات. پێوەندی جنسی و وەچەخستنەوە بەهەر شێوەیەك ئازاد دەکات . دژی سەرپەرشتیاری پیاو بەسەر ئافرەت دەوەستێتەوە و تەلاّق لە دەست پیاو ناهێلّێت . تێکەلاّوی نێر ومێ لە هەموو تەمەن و ئاستەکان و لە تەواوی دامەزراوە کۆمەلاّیەتی و پەروەردەیی و لە هەر شوێنێکی دی ئاسایی دەکاتەوە داکۆکی لێدەکات، هەروەك دژی شەرم و ئەخلاق و ڕەوشتبەرزی دەوەستێتەوە و بەکۆنەپەرستی و پاشکەوتویی وەسفیان دەکات، عەلمانیەت بەنێوی یەکسانی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ وە یاسای میراتی ئاین ڕەفز دەکات. لە پەیداکردنی بژێووی ژیان و کارکردن دا هەردوو ڕەگەزەکە بەرپرسیار دەکات . ئەمە جگە لە گۆڕینی گشت تەشریعاتەکانی ئاین دەربارەی تاوانەکانی کوشتن و دزی و زینا و عەرەقخۆری و بوهتان و قومار و .......هتد.

**دەستوری عەلمانیەت و کایەی ڕۆشنبیری و فکرو هونەر:** عەلمانیەت بە نێوی پێشکەوتن و بە پاساوی ئازادی بیروبۆچوون گشت پیرۆزییەکانی ئاین و تێکڕای بەها ئەخلاقی و تەواوی قیەمە بالاّکان تێکدەشکێنێت و پایە مالّیان دەکات، لە هیچ کام لە بوارەکانی چالاکی فیکری و ئەدەبی و هونەریدا ڕەچاویان ناکات . بەم هۆیەوە عەلمانیەت هەموو جۆرە فەسادێکی لە نێو کۆمەلّگادا ڕەواج پێدا، کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو نوسراوی بە ئاڕاستەی بزواندنی غەرائیزەکانی مرۆڤدا بردووە و هەریەکە لەوانە ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر کۆمەلّگا جێهێشتوە . ئیدی چیرۆك و پەخشان و شیعری ئاشقانە، فیلم و شانۆی خۆشەویستی و دیمەن و وێنەی سەنجڕاکێش و گشت بابەتەکانی بزواندنی غەرائیزەکانی مرۆڤ، شاشەکانی تەلەفزیۆن و ڕوپەری گۆڤار و ڕۆژنامەکان پڕ دەکات . ئەمە جگە لە ڕێکخستنی چەندین بۆنە و ڤستیڤالّ بە نێونیشانی دی، بۆ هەمان مەبەست . ئیدی تاکە شتێکیش کەلە و نێوانەدا بایەخی نیە تەنها ئاین و شەریعەتەکەیەتی، ئەمە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە عەلمانیەت واتای دونیای بێ ئاینە .

دەستوری عەلمانیەت لە هیچ بوارێکی ژیان داو لە یەك بەندیی دا لەگەڵ شەریعەتی ئاینی ئیسلام یەکانگیرنابێتەوە، بەڵکو پێچەوانە و نەیارن بەیەك، هەریەکەیان لە دیدگایەکەوە لە ژیان و چالاکیە عەقڵی و جەستەییەکانی مرۆڤ دەڕوانن . ئەمە وای کردووە کە هەریەکە لەو دوو جیهانبینیە دوو شێوازی جیاوازی ژیان بۆ مرۆڤەکان بەرپابکەن، دوو دونیای ناچوونیەك بخولقێنن، کە هەریەکەیان مرۆڤێکی جیاوازی لەوی دییان تێدا بژی، جیاواز لەبیرکردنەوە و جیهانبینی. لە ڕەوشت و ڕەفتار، لە شێوازی ژیان و مومارەسەکردنی، هەروەها لەتێگەیشتن لە خودا و گەردوون و مرۆڤ و کۆتا سەرەنجامی .

## شەریعەتی ئیسلامی :

ئیسلام تەنها ئاین نیە و بریتی بێت لە نوێژ وڕۆژ وحەج وبەس ، بەڵکو شەریعەت و یاسا و ڕێسای بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤە، لە دەوڵەتەوە بگرە بۆ کۆمەڵگاو هەر تاکێك .

ئیسلام شەریعەت و یاسای دەوڵەت و پێڕەوی سیاسەتە، نیزامی ئابوریە، نەزمی کۆمەڵگایە، پرۆگرامی پەروەردەو فێرکارییە، ڕێبازی زانست و هونەرە، هەموو ئەوانە دەخوازن کە  ئەم ئاینە پێڕۆبکرێت لە تەواوی بوارەکانی ژیان، ئیسپاتی ئەوە دەکەن کە ئیسلام جیانیە لەدەوڵەت و جوداش ناکرێتەوە لێی .

شەریعەتی ئیسلام لە وەحی خوداوە ئیلهام وەردەگرێت و یاساکانی دادەڕێژێت، چوون خودا خالقی مرۆڤە و بۆ خۆی مافی دیاریکردنی حەرام حەڵاڵەکانی ژیانی مرۆڤەکانی هەیە، مرۆڤ لە ئاینی ئیسلامدا بەندەی خودایە و ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێباز و ئاینی خۆی، وەلێ لەهەر بارێکدا تەنها بۆ خۆی بەرپرسیارە لە سەرەنجامی هەڵبژاردن و کار و بڕیارەکانی . (خودا) بەڕەچاوکردنی فیترەتی خودی مرۆڤ و عەقڵی، هەروەها بەڕەچاوکردنی  بەرژەوەندییەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەو سروشت و ژینگەیەی تێیدا دەژی، شەریعەت و یاسای بۆ مرۆڤ داڕێژاوە و بۆی هەناردووە . لەگەڵ ئەوەدا(خودا) مرۆڤی لە ئاژەڵان جوداکردۆتەوەو فەزڵی داوە بەسەر باقی مەخلوقەکانی دیکەی دا . لەهەمانکات ئامانجێکی بەرز و باڵای پێ سپاردووە کە لە لایەك پەرستنی خودا و لە لایەکی دی ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمینە . واتا خودا مرۆڤی کردۆتە گەورەی سەر ڕووی زەمین تا جڵەوی بکات و بیخاتە خزمەتی ژیانی خۆیەوە، نەوەك چاو لە ئاژەڵان بکات و شوێنی ئەوان بکەوێت، یاخو ببێتە عەبدی مادە و غەریزە و شەهەوات . بۆیە(خودا )تەواوی تەشریع و ڕێساکانی ژیانی مرۆڤ داڕشتوە و ڕێنمایی مرۆڤی کردوە لە چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەت و بونیاتنانی کۆمەڵگا و پەوەردەکردنی تاکەکانی، لەهەمانکات(خودا) تەواوی بەها باڵاکانی بۆ مروڤەکان یەکلاکردۆتەوە و دادپەروەری  و ڕەوشتبەرزی و چاکەکاری بەرزنرخاندوە، هەروەك هەموو ستەم و فەسادی و خراپەیەکیشی بوغزاندوە . لەم پیناوەدا و بۆبەرپاکردنی  ئەو ژیانە بەهادار و خاوەن ئامانجە، ئیسلام موسلمانانی مولزەم کردوە بە پێڕۆکردنی شەریعەت . تا لەسایەی سیاسەتی ئەخلاقی و ئابوری تەندروست و بەها و قیەمی کۆمەڵایەتی باڵادا، کۆمەڵگایەکی شیاو پێکبهێنرێت و تاکەکانی مرۆڤانە تییدا بژین.

**شەریعەتی ئیسلام و کایەی سیاسی :** ئیسلام بنەمای تایبەتی داڕشتووە بۆ کاروباری سیاسی و ئیداری دەوڵەت، ئەو دامەزراوەیە و شێوازی ئەنجامدانی کار و چالاکیەکانی مولزەم دەکات بەو تەشریعاتانەوە . دەوڵەتی ئیسلامی بەپێی دەقی شەریعەت فەرمانڕەوایی دەکات و هەر لەو ڕوانگەیەوە مومارەسەی چالاکی سیاسی دەکات . شەریعەت یاسای خودایە، واتا لە دەوڵەتی ئیسلامی دا تەنها فەرمانی خودا یاسای کارپێکراوە، وەك خودای گەورە دەفەرمێت (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ... )(٥٣)، فەرمانیش هەربۆ ئەوە، وەك بۆخوی دەفەمێت(أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ....)(٥٤) مۆڵەت بە کەس نادات شەریعەت و یاسا دڕێژێت (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ...)(٥٥)، وە ئاین و شەریعەت و یاسای پەسەندکراویش لای خودا تەنها ئیسلامە (إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ...)(٥٦).

ئیسلام ئاین و شەریعەتێکی شامل وتەواوە و هیچ کەم و زیادێکی لێناکرێت، خودای گەورەش تەنها بەم بەرنامەیە ڕازییە، ئەم ڕاستیەشی بەڕونی بۆ هەمولایە بەیانکردووە و دەفەمێت (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا...)(٥٧) حوکم بە غەیری شەریعەتی ئیسلامی بە کوفر و ستەم و لادان وەسف دەکات ( وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرون.....فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ.... فَأُوْلَئِكَ هُمْ الفاسقون..)(٥٨) بەگوێرەی ڕاگەیەنراوی ئیسلام، مرۆڤی جێنشن کراوە لەسەر ڕووی زەمین وەك لە قورئاندا هاتوە(وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ....)(٥٩) ئەرکی تەنها پەرستنی خودای گەورەیە وەك لە قورئان هاتوە(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ )(٦٠). پەرستنی خودای گەورەش بە واتای پیرۆز ڕاگرتنی فەرمانەکانی خودا و جێبەجێکردنییەتی، لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی زەوی لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی، بەواتا کارکردن بە شەریعەتەکەی لەسەرئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگا و تاکەکەس، پیڕۆکردنی لە گشت کارو بارو چالاکیە سیاسیی و ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکان، هەروەها لە بوارەکانی پەروەردەو ئەخلاق و زانست ...هتد. لە هەمووی گرنگتر لە دادگاکاندا کاری پێ بکرێت، ئەمانە مەرجی گرنگی بە ئیسلام بوونی هەر دەوڵەت و کۆمەڵگا و تاکێکە، چون خودای گەورە بە غەیری ئیسلام ڕازی نابێت لە هیچ کەس، ڕایگەیاندوە و دەفەرمێت (وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ )(٦١) خودای گەورە فەرمانی کردووە بە گوێدێریکردنی خۆی و پێغەمبەرەکەی و کاربەدەستانی موسڵمانی پابەند بە شەریعەتەوە و دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُم...)(٦٢) ئا بەم شێوەیە ئایینی ئیسلام شەریعەت دەکاتە بنچینەی گشت کارو چالاکیەکانی دەوڵەت، سیاسەتی ئەو دەوڵەتە لە دیدگای شەریعەتەوە ئاڕاستە دەکرێت لەسەر بنەمای فەرمانەکانی خوداو پابەندبوون بە سوننەتەکانی پێغەمبەر(ص)،

٥٣—القران الكريم —سورةالانعام —الاية—٥٧ .

٥٤—القران الكريم—سورة الاعراف—الاية—٥٤ .

٥٥—القران الكريم—سورة الشورى—الاية—٢١ .

٥٦—القران الكريم—سورة ال عمران—الاية—١٩ .

٥٧—القران الكريم—سورة المائدة—الاية—٣ .

٥٨— القران الكريم—سورة المائدة—الاية—٤٤—٤٥—٤٦—٤٧ .

٥٩— القران الكريم—سورة البقرة—الاية—٣٠ .

٦٠— القران الكريم—سورة الزاريات—الاية—٥٦ .

٦١— القران الكريم—سورة ال عمران—الاية—٨٥ .

٦٢- القران الكريم-سوره النساو-الايه-٥٩ .

واتا بەرپاکردنی دادگەری بەوچەشنەی خودای گەورە فەمانی پێدەکات و دەفەمێت(وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ...)(٦٣).

دەوڵەتی ئیسلامی سیاسەتی ئەخلاقی و دادگەرانە و ڕاستگۆیانە پێڕۆدەکات، دوور لە ستەم و درۆ و هەر چەشنە کردەیەکی نا ئەخلاقیانە، دەوڵەتی ئیسلامی تەنها کاری هەڵپەکردن نیە بۆ دەستکەوتی مادی، بەڵکو لەگەڵ کارکردنێکی دروستی لە سنورەکانی شەریعەت بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ تاکەکانی، لە هەمانکات هەڵگری پەیامێکی شارستانیە بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی کە ئەوەش ئاینیی ئیسلامە و خودای گەورەش فەرمان بە کارپێکردنی دەکات (وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ...)(٦٤).

جیاوازی ئایینی ئیسلام لەگەڵ عەلمانیەتدا لەوەدایە کە عەلمانیەت شەرعیەتی خودایی نیە و تەنها تەرکیز لەسەر ژیانی دوونیا دەکاتەوە، بە شێوازی ئاژەڵیانە، واتا عەلمانیەت خاوەنی بەهای بالاو قیەمی بەرز نیە . بەلام ئاینی ئیسلام خاوەنی شەرعیەتی خوداییە و جگە لە ژیانی دوونیا بایەخ بە ژیانی دووەم و زیندووبونەوەی پاش مەرگ دەدات، بۆیە جگە لە پێداویستیە مادییەکانی جەستەی مرۆڤ، گرنگی بە پێداویستیە دەرونیەکانی ڕۆحی مرۆڤەکانیش دەدات، لە هەمانکات ئاینی ئیسلام خاوەنی گشت بەهایەکی ئەخلاقیە لە تەواوی کایە و بوارەکانی ژیان دا .

شەریعەتی ئیسلام و کایەی ئابووری : ئیسلام لە بواری ئابوریدا سیستمێکی تۆکمەی یەکانگیری دامەزراندووە، بە چەشنێك کە بتوانێت وەلامدەرەوەی پێویستی و خواستەکانی کۆمەڵگا بێت . بنەمای سەرەکی لە نەزمی ئابووری ئیسلامیدا، ڕاستگۆی و نیەتپاکی و دادپەروەرییە . واتا دوورکەوتنەوە لە درۆ و پڕوپاگەندە و چەواشەکاری، هەروەها لە فرت و فێڵ و ساختەکاری لەگەڵ ستەم و زۆرداری و زەوتکردن .

لە پێناو وەدیهێنان و بەرپاکردنی ئەو نیزامە ئابوریە شیاوە لە نێو کۆمەڵگا، ئیسلام بەشێك لە باوەڕ و شەریعەتەکەی خۆی بۆ بواری ئابووری تەرخان کردووە، شەریعەتی ئیسلامی تێکڕای کاروبارە ئابورییەکان و چالاکیە بازرگانی و هەموو ئاڵو وێر و کڕین و فرۆتێکی نێوان مرۆڤەکانی بە وردی شیکردۆتەوە و لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی هەریەکە لەو مامەلانەشی خستۆتە ڕوو، ڕێنمای مرۆڤی کردووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی ئابووری درووست و سەرکۆنەی توندی مامەڵە و کڕین و فرۆتی ناڕەوا و نادروستی کردووە، داوای دوورکەوتنەوە و خۆپارێزی لە هەر کردەیەکی ئابووری لەو چەشنە کردووە .

شەریعەت چاکەکاری پێشخستوە لە هەر کاروبارێکی ژیانی مرۆڤەکان، بۆیە ئیسلام هانی ئەم ڕەوشتە بەرزەی داوە، وەك لەقورئان دا هاتوە(خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ )(٦٥).

---

٦٣–القران الكريم–سورة النساء–الاية–٥٨ .

٦٤–القران الكريم–سورة المائة–الاية–٤٩ .

٦٥–القران الكريم–سورة التوبة–الاية–١٠٣ .

هانی مرۆڤی داوە بۆ بەخشندەی (وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ).[٦٦] هەروەها تەشویقی مرۆڤ دەکات بۆ کارکردن (فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ. ).[٦٧] شەریعەتی ئیسلام زۆر بە توندی دژی دزی و تالآنکاری دەوەستێتەوە سزای توندی دیاریکردوە بۆ تاوانی لەو چەشنە وەك دەفەرمێت(وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا.....).[٦٨] بە هەموو شێوەیەك دژی سوخۆری و سوخۆرانە، ئیدی لە ژێر هەر ناو و بەهەر پاساوێکەوە بێت . خودای گەورە بە دەقی چەندین ئایەت تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەفەرمێت (ياأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنْ الرِّبَا إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ – فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ...).[٦٩]، هەروەها دەفەرمویێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً).[٧٠]، وە دەفەرمویێت (يمحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ).[٧١] لەگەڵ ڕێگری کردن و حەرامکردنی سوخۆری و قۆرخکاری بەهەموو شێوازەکانیەوە، لەهەمانکات خودای گەورە هانی کڕین و فرۆشتن دەدا و دەفەرمێت (وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا).[٧٢] خوای گەورە یانسیب و قومار یاساغ دەکات وەك بەیانی دەکات لەم دەقە قورئانیە دا(...وَالأنصَابُ وَالأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ ).[٧٣] تا مرۆڤەکان بە ڕێگای نە شیاو سەروەت و سامان کۆنەکەنەوە لەسەر حیسابی هەژار خستنی زۆرینەی گەل، جا ئیدی بە سوخۆری یان لەڕێگای  یانسیب وە یاخود قومار و هتد. خودای گەورە فەرمان بە دانی زەکات دەکا و هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە ئەو فەرمانە جێبەجێ ناکەن، دەفەمێت(وَوَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ–الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ).[٧٤] بەم جۆرە خودای گەورە تەواوی شێواز و ڕێگا ناڕەواکانی پەیداکردنی سامان  و دارای یاساغ دەکات، لە هەمانکات داوای چاکەکاری و بەخشندەی و شیماردان و ئەنجامدانی کڕین و فرۆتنی ڕاست و دروست دەکات، تا مرۆڤەکان هەموویان سوودمەند بن و چیدی بەهۆی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سەرمایە و سوخۆریەوە و...هتد، کۆمەڵگا توشی هەژاری نەبێت و کەمینەیەکیش دەست بەسەر سەر و سامان و دارایی گەلدا نەگرێت. لە جابرەوە( رض )قال: لعن رسول الله(ص) اكل الربا وموكلة، وكاتبة وشاهدية،وقال ( هم سواْ ).[٧٥]، واتا پێغەمبەر (ص) لە عنەتی لە سوخۆر و سوودەر و نوسەر و شاهیدەکەشی کردوە. ئابەم شێواز ئاینی ئیسلام ئابوریەکی دامەزراو لەسەر کارکردنی ڕەوا و کڕین و فرۆتنی دادگەرانە بونیات دەنێت تا هەموو مرۆڤەکان بتوانن قوتی خۆیان دەستەبەر بکەن و هەر کەسە و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت . لەم کۆمەڵگایەدا دەوڵەت پارێزەری بەرژەوەندی کۆمەڵگا و لەهەمانکات پارێزەری بەرژەوەندی تاکە، واتا ئیسلام سەرمایەداری نیە کەلەپێناوی تاکدا بەرژەوەندی کومەڵگا پێشێل بکات، لەهەمانکات ئیشتراکیش نیە کە لە پێناوی  کۆمەڵگادا مافی تاك پایەماڵ بکات، بەڵکو ئیسلام هاوسەنگی نێوان هەردوولایان ڕادەگرێ و کۆمەڵگایەکی هەماهەنگ بونیات دەنێت .

---

٦٦– القران الكريم–سورة الانفال–الاية–٣ .

٦٧– القران الكريم–سورة الجمعة–الاية–١٠ .

٦٨– القران الكريم–سورة المائدة–الاية–٣٨ .

٦٩– القران الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٧٩ .

٧٠– القران الكريم–سورة ال عمران–الاية–١٣٠ .

٧١– القران الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٧٦ .

٧٢– القران الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٧٥ .

٧٣– القران الكريم–سورة المائدة–الاية–٩٠ .

٧٤– القران الكريم–سورة فصلت–الاية–٦–٧ .

٧٥–اخرجة مسلم، كتاب المساقاة، باب لعن اكل الربا و موكلة(١٢١٩/٣) .

**شەریعەتی ئیسلام و نەزمی کۆمەلایەتی :** کۆمەلّگا ئەو پێکهاتە مرۆڤیەیە کە ئیسلام کۆی شەریعەتەکەی خۆی بۆ خزمەتکردنی تەرخانکردووە، هاوشێوەی دەولّەت و دامەزراوەکانی، ئیسلام سەرچاوە ئابورییەکان بەکاردەبات لەپێناو بەرژەوەندیەکانی ئەو کۆمەلّگایەی کە پێکی دێنێت .

شەریعەتی ئیسلام لەسەر چەند بنەمایەکی گرنگ کۆمەلّگا بونیات دەنێت، خێزانیش سەرەکی ترین دامەزراوەیە تیایدا . لەسەرەتاو دەستپێکی بونیاتنانی ئەو کۆمەلّگایە، ئیسلام مرۆڤەکان ئاشنا دەکات بە خودی خۆیان و گەردوون و وەلامی پرسیارەکانی مرۆڤ بەروونی دەداتەوە کە چۆن هاتۆتە بون، خودای گەورە دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ...).(٧٦) خوای گەورە رێزی لە مرۆڤ ناوەو دەفەرموێت (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ...).(٧٧)، ئەرکی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی روون دەکاتەوە و دەفەلرمێت (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ).(٧٨) خودای گەورە پەیام و بەرنامەی جێی رەزامەندی خۆی بۆ ناردوە و بە راشکاوی بۆهەمولایەکی بەیان دەکات و دەفەرمێت (إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ...).(٧٩) کە ئاینی فیترەتی خودی مرۆڤەکانە (فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا...).(٨٠) ئەم ئاینەی بە پەیامبەری خۆی وەك رەحمەتێك بۆمرۆڤایەتی رەوانەکردووە و دەفەرمێت (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ).(٨١) فەرمانی داوە بە شوێنکەوتن و گوێدریکردنی زاتی خۆی یو نێردراوەکەی و کاربەدەستانی بڕوادار وەك دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُم).(٨٢) بەم جۆرە خودای گەورە مرۆڤ لە ئاژەلّ و تەواوی مەخلوقات جودا دەکاتەوە و رێزداری دەکات و پلەی بەرز دەکاتەوە و پەیام وبەرنامەی پێدەبەخشێت، پەیامبەری رێنیشاندەری بۆ دەنێرێت تا زیاتر ئاشنای بکات بە ئەرکەکەی خۆی . لەسەر و هەموو ئەوانەوە خودای گەورە تەواوی گەردوون و بوونەوەرانی نێوی دەخاتە ژێر دەستەلاتی مرۆڤ، تا بەکاریان ببات بۆ خزمەتی خۆی و سودیان لێ ببینێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکەی، بۆ ئەم مەبەستە خودای گەورە مرۆڤ دەکاتە جێنشین و فەرمانڕەوی لەسەر رووی زەمین، دەفەرموێت (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَة).(٨٣) لەهەمانکات کردونی بەچەند گەل و هۆزیك بەمەبەستی یەکدی ناسین و بەرپاکردنی دۆستایەتی، (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا..).(٨٤) نێر و مێی لێ خولقاندون (...مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً...).(٨٥) داوای هاوکاری وچاکەکاری لە مرۆڤەکان دەکات، لەگەلّ دوورکوتنەوە لە خراپەکاری و دەفەرمێت (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ.... ).(٨٦) چاکترین مرۆڤیش دەستنیشان دەکات (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ).(٨٧) ،

---

٧٦-القران الكريم-سوره النساو-الايه-١
٧٧-القران الكريم-سوره الاسراو-الايه-٧٠
٧٨-القران الكريم-سوره الزاريات-الايه-٥٦
٧٩- القران الكريم-سوره ال عمران-الايه-١٩
٨٠- القران الكريم-سوره الروم-الايه ٣٠
٨١- القران الكريم-سوره الانبياو-الايه-١٠٧
٨٢- القران الكريم-سوره النساو-الايه-٥٩
٨٣- القران الكريم-سوره البقره-الايه-٣٠
٨٤- القران الكريم-سوره الحجرات-الايه-١٣
٨٥- القران الكريم-سوره النحل-الايه-٩٧
٨٦- القران الكريم-سوره المائده-الايه-٢
٨٧- القران الكريم-سوره الحجرات-الايه-١٣

لەهەمانکات هەندێك لە مرۆڤەکان دەکاتە مۆژیاری کار لە کۆمەڵگادا ئەمەش لەپێناو فەرماندان بە چاکە و ڕێگری کردنی خراپە، وەك ئاماژەی پێدەدات (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ).(٨٨) ئەم ئومەتەش بە باشترین کەسانێك وەسف دەکات کە فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری خراپەش دەکەن (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ).(٨٩) بەم جۆرە خودای گەورە ڕەسمی ئەو کۆمەڵگایەمان بۆ دەکات کە لەسەر بنەمای شەریعەت بونیات دەنرێت .

خودای گەورە هەر لە شەریعەتەکەیدا تەواوی کردار و ڕەفتارە ئیجابی و سلبیەکان دیاریدەکات و فەرمان بە پابەندبوون بە سنورەکانی شەریعەتەکەیەوە دەکات، دەربارەی چاکەکاری دەفەموێت (وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ).(٩٠) دەربارەی ڕەوشتی بەرزی و پاکیزەش دەفەرموێت (قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ).(٩١) دەربارەی ئەمانەت پارێزی دەفەرموێت (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا......).(٩٢) دژی فەساد، دەفەرموێت (قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّي الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ ).(٩٣) دژی زیناو دامێن پیسی، دەفەرموێت (وَلاَ تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً).(٩٤) هەمو خواردنەوەیەکی زیانمەند یاساغ دەکات لەو کۆمەڵگەیەدا و دەربارەی ئەوەش دەفەرمێت ( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ ).(٩٥) گشت خواردنیکی خەسار و زەرەرمەندیش حەرام دەکات و دەفەرمێت ( حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ.... ).(٩٦) ئابەم شێوازە و لەسەر بنەمای شەریعەت خودای گەورە کۆمەڵگایەکی پەیامداری خاوەن ئامانجی شکۆمەند دادەمەزرێنێت کە خاوەنی گشت بەها و قیبەمێکی ئەخلاقیبە و مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ و نێر و مێ و غەیری ئەوانەش تەواوی ئاین و ئاینزاکان دەتوانن تیایدا بژین و چەشەی ڕاستەقینەی ماناکانی ئازادی و ماف و دادپەروەری بکەن، وە لە مانای مرۆڤ بوون بگەن .

**شەریعەتی ئیسلامی و ڕۆشنبیری و فیکر و هونەر :** ئیسلام ئازادی تەواوی دەستەبەرکردووە بۆ تێکڕای مرۆڤەکان، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و ئاینیان . تا سەربەستانە مومارەسەی ویستەکانیان بکەن، ئازادی هەڵبژاردنی بیر و باوەڕ وەك خودای گەورە دەفەرموێت (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ...).(٩٧) ئیختیاری داواتە مرۆڤەکان لە ئیسلام بونیان یاخود ڕەتکردنەوەی، وەك بەیانی دەکات ( فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ....).(٩٨) لەهەمانکات ئیسلام مرۆڤەکان بەرپرسیاردەکاتەوە لەهەمبەر یەك یەکی کردارەکانیان و لە قورئانی پیرۆزدا ڕای دەگەیەنێت دەفەرمێت

---

٨٨- القران الكريم-سورة التوبة-الاية-٧١ .

٨٩-القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-١١٠ .

٩٠-القران الكريم-سورة البقرة-الاية-١٩٥ .

٩١-القران الكريم-سورة النور-الاية-٣٠ .

٩٢-القرتن الكريم-سورة النساء-الاية-٥٨ .

٩٣-القران الكريم-سورة الاعراف-الاية-٣٣ .

٩٤-القران الكريم-سورة الاسرا-الاية-٣٢ .

٩٥-القران الكريم-سورة المائدة=الاية-٩٠ .

٩٦-القران الكريم-سورة المائدة-الاية-٣ .

٩٧-القران الكريم-سورة البقرة-الاية-٢٥٦ .

٩٨- القران الكريم-سوره الكهف-الايه-٢٩ .

( وَيَقُولُونَ يَاوَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لاَ يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلاَ كَبِيرَةً إِلاَّ أَحْصَاهَا ).(٩٩) لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەم ئایینە لەهیچ کایە و بوارێکی ژیانی مرۆڤدا لەگەڵ ڕەهایەتیدا نیە و باش و خراپ پێکەوە و لەژێر ناونیشانی ئازادی و پێشکەوتن دا ئاوێتە و تێکەڵ ناکات، بۆیە ئیسلام دژی هەر جۆرە فەسادێك دەوەستێتەوە، جا ئیدی لەژێر هەر نێو نێونیشانێکدابێت، هەڵبەت لە پێناو پاریزگاری کردنی بەرژەوەندی گشتی، وەك خودای گەورە دەفەرمێت ( قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّي الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا ..).(١٠٠)

ئیسلام هانی عەقڵی مرۆڤەکان دەدات و ئازادیان دەداتێ و داوای بیرکردنەوە و تێفکرینیان لیدەکات، خودای گەورە دەفەرموێت (قل هل يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلاَ تَتَفَكَّرُونَ ).(١٠١)، یان ( لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ).(١٠٢) لۆمەی مرۆڤ دەکات لەسەر تێنەگەیشتن و سوودوەرنەگرتن لە عەقڵی خۆی ( فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ).(١٠٣) ، ( وَلَوْ كَانُوا لَا يَعْقِلُونَ ).(١٠٤) هەروەك لەنێو قورئاندا و لە نێو باسەکانی دا چەندین وێنەی هونەری قەشەنگ دەبینرێت، کە بانگی مرۆڤەکان دەکات بۆ وردبوونەوە و تێڕامان لەو جوانکارییە هونەرییانەی کە خودا لە مەخلوقاتدا نەخشاندوویەتی (أَفَلاَ يَنْظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ–وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ–وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ–وَإِلَى الأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ).(١٠٥) هەموو ئەو ئایەتانە گرنگی ڕۆشنبیری و فکر و هونەر لە ئیسلامدا وەدەر دەخەن ئەمە جگە لەوەی کە ئاینی ئیسلام ئازادی ئەخلاقی دەداتە مرۆڤەکان لەسنورێکی مرۆڤانەی شیاودا .

ئایینی ئیسلام بایەخی گەورە بە زانست دەدات، لەهەمانکات ڕێزی زانایان بەرز دەنرخێنێت، خودای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت (إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ).(١٠٦)، (وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ).(١٠٧) لە سەرەتای دروستکردنی مرۆڤەوە خودای گەورە مەبەستی بووە کە ئادەمیزاد زانستی مادی دونیایی شارەزابێت، بەو هۆیەوە تەواوی ئەم جیهانە رام بکات و بیخاتە خزمەت خۆیەوە، بۆیەش خودای گەورە ئادەمی فێری زانست کردووە دەفەرموێت ( وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ....).(١٠٨)، چەندین ئایەتی دیکە لە قورئاندا هەن و گرنگی و بایەخی مەزنیان چ بەزانستی ئایینی، چ بە زاستی مادی داوە، واتا ئیسلام هیچ لایەنێکی ژیانی مرۆڤ فەرامۆش ناکات و تەنها تەرکیز ناکاتە سەر یەك ڕەهەندی ژیانی مرۆڤەکان، بەڵکو هاوسەنگی ڕادەگرێت و مرۆڤێکی هاوسەنگ و ژیارێکی شیاو بەرپادەکات .

---

٩٩- القران الكريم-سوره الكهف-الايه-٤٩ .
١٠٠- القران الكريم-سوره الاعراف-الايه-٣٣ .
١٠١- القران الكريم-سورهالانعام-الايه-٥٠ .
١٠٢- القران الكريم-سوره البقره-الايه٢٦٦ .
١٠٣- القران الكريم-سوره البقره-الايه-١٧١ .
١٠٤- القران الكريم-سوره يونس-الايه-٤٢ .
١٠٥- القران الكريم-سوره الغاشيه-الايه-١٧-١٨-١٩-٢٠ .
١٠٦-القران الكريم-سوره فاگر-الايه-٢٨ .
١٠٧-الفران الكريم-سوره العنكبوت-الايه-٤٣ .
١٠٨-القران الكريم-سوره البقره-الايه-٣٣ .

## عەلمانیەت و ململانێی ئیسلام :

سەرهەڵدانی عەلمانیەت لە خۆرئاوا بەرەنجامی جارس بوونی گەلانی خۆرئاوا بوو لە مەسیحیەتی کڵێسایی و پیاوانی، کەتا ئەو دەمانە مرۆڤی ئەوروپی لە بێمافی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی دا زیندەگی دەکرد، ئازادی و ماف و ژیانی لێ زەوت کرابوو، وەك کۆیلەیەك دەژیا، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای عەلمانیەت لە نێوو گەلانی خۆرئاوادا، بەخێرای گەشەی کردوو گەلانی ئەوروپی ئامێزیان بۆ کردەوە، وەلێ ئەم فەلسەفەیە توانی ڕیشەی فکر و باوەڕەکانی خۆی لە نێو دڵ و دەرونی مرۆڤانی ئەو کۆمەڵگایانەدا ڕەگاژۆ بکات و لەهەمانکات دەستەلآتی کڵێسا و پیاوانی بپێچێتەوە و مەسیحیەت وەك ئاین پەراوێز بخات، تەنها ڕەمز و هێماکانی و هەندێك لە دار و پەردووری کڵێساکانی، وەك شوێنەواری مێژوویی یاخود وەك مۆزەخانەیەك بهێڵێتەوە . پاشتر لە ساڵی ١٧٨٩ز و بە پەربابوونی شۆڕشی فەرەنسی، عەلمانیەت لە خۆرئاوادا توانی یەکەمین دەستەلآت و دەوڵەت و کۆمەڵگا عەلمانی بونیات بنێت .

بەلآم عەلمانیەت لە خۆرهەلآت، هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی نائاسای سەریهەڵدا، ئەوەش بە پلان و دەستێوەردانی دەرەکی بوو، چوون گەلانی خۆرهەلآتی خاوەنی فکرو باوەڕ و شەریعەتێکی شیاو شامل و گونجاوبوون، کە توانیبویان خیلافەتێکی پانو پۆڕ و فرە نەتەوە و فرە ئاینی پێ مودارا بکەن و شارستانیەتی لەسەر بەرپابکەن . کە ئەوەش ئایینی ئیسلام بوو، گەلانی ڕۆژهەلآتی پێچەوانەی گەلانی ڕۆژئاوا، لە ئاین جارس نەبوون، ئیسلام مافی گشت لایەکی دەستەبەرکردبوو، لەهەمانکات ئیسلام خاوەنی کڵێسایەك نەبوو کە سەدان هەزار هێکتار پارچە زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگای دەستەبەسەردا گرتبێت و هەزاران مرۆڤی تێدا بەندکردبێ و بەتۆبزی و ناچارکردن و سوغرەکاری، مەزراکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری پێ ڕەنێو هێنابن، یاخود ئازادی پەرستن و ئاین و باوەڕی لێ زەوت کردبن، وەیان مافی هاوسەرداری و ماڵداری و پێکەوەنانی سەرمایە، یانیش گواستنەوەی ماڵ و هەروەها گۆڕینی کار و پیشەی لێ زەوت کردبن، بۆیە بە سەرڵدانی عەلمانیەت، یاخود ڕاستر بلێین بە هەناردەکردنی عەلمانیەت بۆ خۆرهەلآتی ئیسلام، نەك نەیتوانی شتێکی نوێ و شایستە پێشکەشی گەلانی ڕۆژهەلآتی بکات، بەڵکو بۆخۆی بوە پەتا و گرفتاری بۆ گەلانی ناوچەکە، لە پاشتریش قەیرانی کارەستباری خولقاند، لەوانە بەرپابوونی جەنگی نەتەوەکان، جەنگی ئایدۆلۆژی، کوژرانی ملیۆنان مرۆڤ، هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی و لێکترازانی گەلانی و پارچە پارچەبوونی خاکەکەی، لەسەر و هەموو ئەو کارەساتانەوە لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلام .

عەلمانیەت نامۆیە بە خۆرهەلآت چوون ئەم ئایدۆلۆژیایە لە خۆرئاوادا و لەسەر زەمینی ئەوان سەری هەڵدا و گەشەی کردوو لەو کەش و هەوایە دا پێگەیشت، بۆیە لە خۆرهەلآت دا هیچ زەمینەیەکی لە بار و پاساوێکی شیاو بۆ ڕوان و گەشەکردنی ئەم ئایدۆلۆژیایە بوونی نیە، بەم هۆیەوە ئایدۆلۆژیای عەلمانیەت بەنیسبەت خۆرهەلآتەوە بیژۆیە (زوڵ)ە، ئەو زارۆکەیە کە بەناشەرعی هاتۆتە بوون . ئەمە وای کردووە کە عەلمانیەت لە خۆرهەلآتدا و لەنێو گەلانی دا نەتوانێت ڕیشەی خۆی ڕەگاژۆ بکا و خۆی بچەسپێنێت، هەتاوەکو ئەمێستاشی لەگەڵ بێت هەر لەلایەن ئەو(دەست)ەوە پاڵپشتی لێدەکرێت و دەپارێزرێت کە بۆخۆی هێناویەتیە ناو چەکەوە، ئەو دەستەش، دەستی وڵاتانی خۆرئاوای عەلمانی ئیستعمارییە . بەهۆی هێزی سەربازی و سەرمایەی ئابوری و ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو نوسراوی خۆیانەوە، بەردەوام ڕەواجی پێدەدەن . بەم هۆیەوە توانیویانە لەنێو هەر هەرێمێکی ئسلامی ولە نێو هەر گەل و نەتەوەیەکی موسڵماندا،

کەمینەیەکی خەڵکی واداری ئەم ئایدۆلۆژیایە بکەن و کۆمەکی هەمەلایەنەی فراوانیان پێشکەش بکەن بۆ مانەوەیان، یان بۆ بەردەوامبونیان لەسەر حوکم، تابەهۆی ئەو نوخبەیەوە درێژەبدەن بە داسەپاندنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەسەر گەلانی موسڵماندا . بەوشێوەیە و بەهۆی ئەو کەمینە پاشکۆیەوە بەرژەوەندییە ئیستعماریەکانیان بپارێزن .

## عەلمانیەت و ململانێی دەوڵەت و دەستەلاّت و سیاسەتی ئیسلامی :

پاش ئەوەی عەلمانیەت بە شێوازێکی ناشەرعی و لەرێی کودەتاوە، لە خۆرهەلاّت و لە تورکیا دەستەلاّتی زەوت کرد، خۆی وەك تاکە بەدیل و جێگرەوەی ئیسلام لە گشت بوارەکانی ژیاندا پێشنیار کرد . ئەو کودەتایەی کە لەلایەن ئیتحادییەکان و لە ساڵی ١٩٠٨ز ئەنجام درا سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە تورکیا . دوای ئەوەی کە کۆمەڵگای ئیسلامی مەرکەزی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم، بەزۆر و لەسەر دەستی ئیتحادییەکان تێکەڵکرا بە بزاوتە فکری و سیاسیەکان، ئەو ئیتحادییانە ڕەگەزی سەرەکی نێو ئۆپۆزسیۆن بوون لە دژایەتی کردنی سیاسەتی سوڵتان عبدالحمید دا .

ئیتحادیە عەلمانیەکان لە ساڵی ١٩٠٨ ز شەریعەتیان لە کارخست و بە دەستوری عەلمانی جێگایان گرتەوە، لەساڵی ١٩٠٩ز سوڵتان عبدوالحمیدیان لە کارخست و سەڵتەنەتیان زەوتکرد و سەرانی ئەو حزبە دەستەلاّتیان بە دەستەوەگرت . پاشان لەساڵی ١٩٢٤ز لەلایەن ئەتاتورکەوە کۆتای بە خیلافەت هێنرا و کۆماری عەلمانی ڕاگەیەنرا .

گەرچی عەلمانیەت و کەمینە عەلمانیەکەی نێو گەلانی موسڵمان، بە پاڵپشتی دەوڵەتانی ئیستعماری خۆرئاوا، توانیان خیلافەتی ئیسلامی دارمێنن، لەهەمانکات کۆماری عەلمانی ڕاگەیەنن و دەستوری عەلمانی بەکاربخەن و حکومەتی عەلمانی پێکبێن لە نێو جیهانی ئیسلامیدا، بەلاّم وەك عەلمانیەکانی خۆرئاوا و بەتایبەت فەرەنسیەکان سەرکەوتوونەبوون لە چەسپاندنی باوەڕی عەلمانیەت و دەستور وکۆمارەکەی، گەرچی سەدەیەك پتر بەسەر ئەو کارەیان تێپەڕی . لە خۆئاوا عەلمانیەت جگە لە دارماندنی دەستەلاّتی کڵێساو لە کارخستنی پیاوانی، تەواوی یاسا و نەزمی کڵێسا و کۆمەڵگاکەی وداب و نەریتەکانی، ڕەگ و ڕیشاڵی فکر و باوەڕی ئاینی مەسیحی لە نێو دڵ و دەروونی هاولاّتیانی خۆرئاوایی دەرکێشا و بە باوەڕی خۆی زاخاوی دایەوە . هۆی زاڵبوونی عەلمانیەت لە خۆرئاوا، لاوازی فکری مەسیحیەتی کڵێسا و بێزاری خەڵکی بو لێی، لە هەمانکات مەیلی عەلمانیەتیان دەرکرد. وەلێ لەخۆرهەلاّتی ئیسلامیدا ڕەوشەکە تەواو پێچەوانە بوو .

لە خۆرهەڵات گەرچی خیلافەت هەڵوەشێنرایەوە، شەریعەت و سوڵتانەکەی پێکەوە لە کارخرا، بەلاّم فکر و عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی لەوپەڕی خۆڕاگری و بەهێزیدا مایەوە و کارایانە بەرەنگاری فکر و عەقیدەی عەلمانیەت و دەستورەکەشی وەستایەوە، ئیسلام لە نێو کۆمەڵگای موسڵمانان ولە نێو دڵ و دەرونی تاکەکانی مایەوە و بوونی خۆی پاراست و توانی بەرگری لە بەعەلمەنەکردنی بیروباوەڕی موسڵمانان بکات . هەر بۆیە بوونی عەلمانیەت لە خۆرهەلاّتدا زیاتر وەك فکرێکی لادینی ئیمپریالیستی خۆرئاوایی دەبینرێت تا وەك چارەسەر، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەم جیهانە ئیسلامیەدا گرفتێك بە نێوی ئاین و دەوڵەت بوونی نیە، بەڵکو هەر لە ئەسڵێشدا ئەم بیرۆکەیە، واتا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، دروستکراوی ئیستعماری خۆرئاوایی بوو، وەك گرفتەکەش گرفتی خودی خۆرئاواییە کان بوو .

کەمینەی عەلمانی خۆرهەلاتی دەستپەروەردە و گۆشکراوی ئیستعماری خۆرئاوا، بەهۆی نەبوونی شەرعیەت و هۆ و پاساوی بوونیان لە ناوچەکەدا، وە بێتواناییان لە پێشکەشکردنی شتێکی نوێ بە گەلانی ڕۆژهەلاتی، بەناچاری و ڕاستەوخۆ لەگوفتار و لە ڕەفتاریاندا کەوتنە تەقلیدکرنەوە و لاسایکرنەوەی عەلمانیەکانی خۆئاوا، هەر بەشێوازی ئەوان کەوتنە بەرەنگاربونەوەی ئیسلام و موسلمانان، واتە بۆ خۆیان کەوتنە دروستکردن و خولقاندنی قەیران بۆ گەلانی ئیسلامی، هەلبەت بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی فراوانی عەلمانیەکانی خۆرئاوا لەدەمی بەرەنگابونەوەیان دژبە ئاینی مەسیحیەت و دەسەلاتی کلێسا، دەرس وەرگرتنیان لە مامۆستا گەورەکانی خۆیان لە ڕۆژهەلاتناسان و تبشیری و ماسۆنی و زایۆنیزمەکان، لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام و فیکر و باوەڕەکەی .

عەلمانیەکانی خۆرهەلات ئالەم خالەوە دەسیانکرد بە بەرپاکردنی جەنگەکەیان دژ بە ئیسلام و فکرو باوەر و عەقیدەکەی، هەمان گوفتارەکانی عەلمانیەکانی خۆرئاوایان دووبارە کردەوە بەلاّم بە شێوازێکی دی، لە خۆئاوا دەگوترا ئەوەی بۆ خودایە، بۆ خوداو ئەوەی بۆ قەیسەرە بۆ قەیسەر؟ لێرەش، واتا لە خۆرهەلات کەمینەی عەلمانی هەمان گوفتاریان بەشێوازێکی دی دوپاتکردەوە ئەوەش بەنێوی جیاکردنەوەی ئاین لە دەولە! ئیدی کەوتنە بانگەشەی ئەوەی گوایا ئاین پێوەندی بە دەولەتەوە نیە؟ یاخود ئاین جیایە لە سیاسەت؟ کە مەبەستیان لەو پڕوپاگەندانە ئەوە بوو گوایا ئیسلام پێوەندی بە دەولەت و کاروباری سیاسەتەوە نیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئیسلام کە وەحی خودا بوو لەگەل ئاینی مەسیحییەت کە بەشی زۆری نێوەڕۆکی ئەو ئاینە لەلایەن قەشەو پیاوانی ئاینیەوە گەلالەکرابوون بۆ بەرژەوەندی خۆیان، وەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دەقە پیرۆزانەی قورئان کە لە چەندین ئایەتدا داوای کارکردن بە شەریعەتی ئیسلام دەکات . لەوانیش وەك خودای گەورە دەفەرموێت (.... وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ ....الْكَافِرُونَ ).(١٠٩)، یان ( وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ ).(١١٠)،هەروەها دەفەرمێت ( وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ ).(١١١)، لەم ئایەتانەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کەلە ئیسلام دا سیاسەت و حوکمڕانی شەرع پێکەوە بەستراونەتەوە، لە دەقێکی دیکەدا خودای گەورە فەرمان دەکات بەکارکردن بەشەریعەت و دەفەرمێت ( فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أنزَلَ اللَّهُ ).(١١٢) تەئکیدی لەسەردەکاتەوەو دەفەرمێت ( وَأَنْ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أنزَلَ اللَّهُ ).(١١٣) لەم ئایەتانەدا زۆر بەڕوون و ڕاشکاوانە خودای گەورە فەرمان دەدات بە حکوم کردن بەوەی کە خۆی دای بەزاندۆتە خوارەوە، کە ئەوەش بریتیە لە قورئان . هەر لە قورئاندا خودای گەورە بە توندی دژی وەلانان و لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلامیە و ڕەفزی هەرچەشنە یاساو ڕێسا و دەستورێکی غەیری ئیسلام دەکات، جاخۆ لەژێر هەر ناو ناونیشانێکدا بێت، وەك دەفەرموێت (وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ.... ).(١١٤)، یان (وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُم).(١١٥)،

---

١٠٩–القران الكريم–سورةالمائدة–الاية–٤٤ .

١١٠– القران الكريم–سورة المائدة–الاية–٤٥ .

١١١– القران الكريم–سورة المائد–الاية–٤٧ .

١١٢– القران الكريم–سورة المائد–الاية–٤٨ .

١١٣– القران الكريم–سورة المائد–الاية–٤٩ .

١١٤– القران الكريم–سورة المائد–الاية–٤٨ .

١١٥– القران الكريم–سورة المائد–الاية–٤٩ .

ئاشكرایه كه هەر دەستور و یاسا و ڕێسایەكی غەیری شەرعی ئیسلام هەواو ئارەزووە و لای خوداش غەیری حوكمی شەرع جەهالەتە و ئەو ڕاستیەش بەدەقی قورئانی بەیان دەكات ( أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ ... ).(١١٦) وە تەواوی حوكمڕانی تەنها بۆ خودایە ( إِنْ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ امر ألا تعبد إلا إياه ).(١١٧) بەم چەشنە خودای گەورە ڕەفزی گشت یاسا و دەستوریكی دەستكرد و دانراوی مرۆڤ دەكات و سەركۆنەی دەكات، دەفەمێت ( اَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنْ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ ).(١١٨) یاسادانەران لە ئاینی ئیسلام دا بە ستەمكار وەسف كراون، جاخۆ ئەو یاسادانەرە، یەك مرۆڤ یان چەند مرۆڤێك، وەیان كۆمەڵە مرۆڤێك بن و لەژێر هەر نێو و نێو نیشانێكدا بن، ئەوا خودای گەورە سەرجەمیان وەك (گاغوت –ستەمكار –لادەر )وەسف دەكات، داواش لە موسڵمانان دەكات بەدوركەوتنەوە لێیان و دەفەرمێت ( وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَنْ يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ ).(١١٩)، داخوازی بێبڕوابوون بە تاغوت و باوەڕداربوون تەنها بە خۆی دەكات ( فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدْ ).(١٢٠) ئەو كەسانەش بە گومڕا ناودەبات كە تاغوت دەكەنە دادوەر و حوكمڕان و كێشەكانیان دەبەنەوە بۆ لای ( يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا ).(١٢١) هەروەها خودای گەورە هیچ كەسێك بە ئیماندار هەژمارناكات، هەتاوەكو ڕەزامەند نەبێت بەشەریعەتی ئیسلام، دەفەمێت ( فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ).(١٢٢) خودای گەورە ڕای گەیاندووە كە تەنها ئیسلام بەرنامەی ئەوە ( إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ ).(١٢٣) وە بە غەیری ئەویش ڕازی نییە، خودای گەورە ڕاشكاوانە ڕایگەیاندوە كە هەركەس غەیری ئاینی ئیسلام هەڵبژێرێت ئەوا لەپاشەڕۆژدا لێی وەرناگیرێ و زەرەرمەند دەبێت، وەك دەفەرمێت ( وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنْ الْخَاسِرِينَ ).(١٢٤)، لەهەمانكات خودای گەورە بەوەش ڕازی نابێت كە هەندێ لە ئاین و شەریعەتەكەی پەسەندبكرێ و هەندێكی دیی ڕەتبكرێتەوە و هەڕەشەی توندی لەسەر كردوە، وەك لەم دەقە قورئانیە دا ئەوە بە ڕونی دەردەكەوێت ( افَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ).(١٢٥)، خودای گەورە دینی ئیسلامی بە شاملی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە و لەگەڵ ئەوەدا ئاشكرای كردووە كە بەم ئیسلامە ڕازییە كە ئاین و بەرنامە و شەریعەتی مرۆڤەكان بێت ( الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمْ الإِسْلاَمَ دِينًا ).(١٢٦)، داوا لە موسڵمانان دەكات فەرمانبەرداری خۆیو و پێغمبەرەكەیی و فەرمانڕەوایانی بڕوادار لەخۆیان بن (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنْكُمْ ).(١٢٧)

---

١١٦– القران الكريم–سورة المائد–الاية–٥٠ .

١١٧– القران الكريم–سورة يوسف–الاية–٤٠ .

١١٨– القران الكريم–سورة الشورى–الاية–٢١ .

١١٩– القران الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٥٦ .

١٢٠–القران الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٥٦ .

١٢١– القران الكريم–سورة النساء–الاية–٦٠ .

١٢٢– القران الكريم–سورة النساء–الاية–٦٥ .

١٢٣– القران الكريم–سورة النساء–ال عمران–الاية–١٩ .

١٢٤– القران الكريم–سورة ال عمران–الاية٨٥ .

١٢٥– القران الكريم–سورة سورة البقرة–الاية–٨٥ .

١٢٦–القران الكريم–سوره المائده–الايه–٣ .

١٢٧–القران الكريم–سوره النساو–الايه–٥٩ .

لەهەمانکات داوا لەموسڵمان دەکات لەکاتی دروستبوونی ناکۆکی دا دیسان بگەڕێنەوە بوڵای خوداو پغەبەرەکەی(ص)، دەفەرمێت ( فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ )(١٢٨).

بەم شێوەیە خودای گەورە هیچ پاساوێك بۆ حكوم نەکردن بە شەریعەتی ئیسلام و پەنابردن بۆ بەرنامەیەکی دی ناهێڵێتەوە . کارکردن بە شەریعەتی ئیسلامی دەکاتە مەرجی موسڵمان بوون و باوەڕداربوون بە خودا و دوارۆژ، واتا ئیسلام بۆ خۆی سیاسەت و دەوڵەتە و تەنها لە نوێژوو ڕۆژوو حەج دا کورت هەڵنەهاتووە . هەر هەوڵێکیش بۆ جیاکردنەوەی ئاین و شەریعەتی ئیسلام لە دەوڵەت وسیاسەت . ڕاستەوخۆ واتای لە کارخستنی یەکبەشی گەورەی ئەو ئاینە و ڕەتکردنەوەیەتی، خودای گەورەش بە مەڕازی نییە، ئەوەش دەکاتە بێبڕاوبوون بەکۆی ئاینەکە و خارجبوون لە ڕیزی موسڵمانان .

پاش دابڕینی ئیسلام لە دەوڵەت، لەلایەن ئیستعمارەوە، عەلمانیەکان کەوتنە پاگەندەکردن دەربارەی ناسیاسی بونی ئیسلام، بەوپاساوەی گوایا ئەوەی کە پێغەمبەر محمد(ص) لە مەدینە ئەنجامی داوە تەنها کاری بانگ خوازێکی ئیسلاح خوازی ڕۆحانی بوە و بەس، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەر لەگەڵ گەیشتنی بۆ ئەو شارە هەستا بە ئەنجامدانی کۆمەڵە ئەرکێك کە هیچی کەمتر نەبوو لە کاری سەرکردەیەکی سیاسی، هەروەك ئەزموونی مەدینەش نمونەی دەوڵەتێکی ئێستایە، گەر زێدەتریش نەبووبێت .

ئیبن عاشور، لە هەڵاوێردکردن وجیاکردنەوەی کردار و کار و فەرمانەکانی سونەتی پێغەمبەر (د.خ)، دوازدە جۆر باس دەکات !

*یاسادارشتن (کە لە قورئانەوە هەڵی دەهێنجا و بە فەرمودەکانی ڕوونی دەکردنەوە بۆ موسڵمانان و جێبەجێی دەکردن ) .

*فەتوا .

*دادوەریتی .

*ئەمیرایەتی .

*ڕێنمایی کردن .

*ڕێککەوتننامە .

*بۆ کەسێك ڕاوێژی پێبکردایە، نیشاندانی ڕاوێژی باش .

*ئامۆژگاریکردن .

*بەرزکردنەوەی دەروون و نەفس .

*فێرکردنی ڕاستیە بەرزە گرنگەکان .

*ئەدەب دادان .

---

١٢٨– القران الكريم–سورة النساء–الاية–٥٩ .

* له ڕێنمایی ترازان. واته: ئەو کردارانەی که مرۆڤی لەسەر دروست بوون، وەك خواردن و خواردنەوەو ....هتد.(١٢٩)

ئەزموونی دەستەلاتی مەدینە، نمونەی دەوڵەتێك بوو کە خاوەنی سیادە و سەروەری بوو، هەڵبەت لە شکلی دەوڵەت شاردا، خاوەنی دەستەلاتی سیاسی و ئیداری بوو، لەگەڵ شەریعەت و ئالا و پەرچەمی خۆی سوپا و هێزی سەربازی هەبووە و مومارەسەی ئەزموونی دەوڵەتی دەکرت، لە شێوازی مامەڵەکردنی بە نیسبەت دانیشتوانی شاری مەدینە و هەروەها لەگەڵ دەوڵەت شارەکەی مەککە، لە ئەنجامدانی دانوستانکردن و وتوێژ و بەستنی پەیمان و ڕێکەوتنامە، هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابوری و بەرپاکردنی جەنگ و ئاشتەوای کردن . لە پاشتر هەر ئەو دەوڵەت شارەبوو کە بوویە ناوکی گەلاڵەبوون و پێکهاتنی دەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین و ئەمەوی و عەباسی و پاش ئەوانیش هەر لەسەردار و پەردووی خیلافەتی عەبباسییەکان بوو کە دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی لەسەر ڕاگەیەنرا، کەچی عەلمانیەکان سەرباری ئەو مێژووە شکۆدارەی ئیسلام و خیلافەتەکەی، کەوتنە بانگەشەی ئەوەی گوایا خیلافەت خورافاتە و لە ئیسلامدا بوونی نیە .

بە نیسبەت شەریعەتەوە بانگەشەی ئەوەیانکرد کە ئەم شەریعەتە لەلایەن فوقەها و زانایانی ئیسلامەوە پێکهێنراوە، گوایا بەهۆی تەفسیری نادروستی ئەوان بۆ دەقەکانی قورئان، ئیدی عەلمانیەکان بەم تۆمەتە بێ جێیانە کەوتنە کۆشش بۆ دارماندنی بنەماسیاسیەکانی ئیسلام، تا بە هەڵوەشاندنەوەی، ئیسلام بکەنە ئاینێکی ڕۆحانی ڕوتەڵ و لەنێو مزگەوتەکاندا گۆشەگیری بکەن و سەرقاڵی نوێژ و ڕۆژ و حەجی بکەن، وەلێ ئەم کارەیان بۆ نەچۆتە سەرو لایەزال تاکو ئەمێستاشی لەگەڵ بێت موسڵمانان خەون بە زیندوکردنەوەی خیلافەت و گەڕانەوەی شەریعەت و بەدەستهێنانەوەی ڕێز و شکۆی خۆیانەوە دەبینن، هەروەك ڕەفزی عەلمانیەت و پاشکۆیەتی خۆرئاوادەکەن .

**عەلمانیەت و ململانێی نەزمی ئابوری ئیسلامی :** لە پێناو هەژموونکردنی بەسەر کایەی ئابوری و چالاکیە بازرکانیەکاندا، عەلمانیەت کاری جدی کرد بۆ وەدەرنانی ئیسلام لەو بوارەدا، ئەوەش بە سەپاندنی یاسا دەستکردەکانی خۆیی، لەهەمانکات لەکارخستنی دەقەکانی شەریعەتی ئیسلامی تایبەت بەکارو چالاکییە ئابورییەکان .

عەلمانیەت خاوەنی دوو شێوازی ڕێکخستنی ئابورییە کە (ئیشتراکی، ڕئسمالی)ە، هەریەکەیان بە شێوازێك کایەی ئابوری ڕێکدەخەنەوە، بەلام بە نیسبەت ئیسلامەوە جیاوازیان نیە . چوون هەردووکیان کۆکن لەسەر ڕەفزکردنی شەریعەتی ئیسلام و لەبەر چاونەگرتنی لە چالاکیە ئابورییەکاندا . وەلێ نەزمی سەرمایەداری لەم ڕۆیا باوترە . ئێمەش زیاتر تەرکیز لەسەر ئەو دەکەینەوە .

ئابوری سەرمایەداری لەسەر بنەما و ڕێبازی سروشت واتا(مڑهب الگبیعە ) دامەزراوە . ئادەم سمیس (١٧٢٣-١٧٩٠ز) کە پەیامبەری سەرمایەدارییە و یەکەم زانای ئابورییە،

---

١٢٩-نوێکردنەوەی بیری ئایینی-د.محەمەد شەریف-ل٥٣ .

ڕاڤەی سەرمایەداری کردوە و دەستور و یاسای بۆ داناوە، کتێبەکەی (بحپ فی الگبیعە واسباب پروە الآمم) ناسراوە بەنێوی ( پروە الامم )، بە واتای ئینجیلی سەرمایەداری و سەرمایەدارانە.(١٣٠)

گرنگترین ئامانجی سەرمایەداری کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سەرمایە یە جاخۆ لەهەر ڕێگا و بەهەر شێوازێك بێت . سوخۆری و قۆرخکاری و پڕوپاگەندە و موزایدە و فێڵ و ساختەکاری، هەروەها زیادەرەوەی و ئیسراف ...هتد، لەو ڕێگا و شێوازانەن کە پێڕەویان لێدەکات، سەرجەمیان پێچەوانە و دژی شەریعەتی ئیسلامن . عەلمانیەکان بۆ خۆدەربازکردن لە شەریعەتی ئیسلام، هەوڵی داتاشینی تەفسیراتی پوچ و تەئویلاتی ساختە بۆ دەقە قورئانییەکانی تایبەت بەو بوارە دەدەن، بۆ حەلاڵکردنی هەر حەرامێکی ئایینی ئیسلام، کۆمەڵێك حیلە و پاساوی ناڕاستیان بۆ پێکهێناوە و ڕەوایەتی پێدەبەخشنە خۆیان بۆ لەکارخستنی ئەو دەقانە . لەنمونەی ئەو هەڵوێستەی عەلمانیەکان لەهەمبەر شەریعەت و دیارترینیان سوو خۆرییە، کە ئایینی ئیسلام بەڕەهایی بڕیاری حەرامکردنی داوەو هیچ بیانو پاساوێکیش بۆ حەلاڵکردنەوەی قبوڵناکات، وەك مەجالی بۆ وەها کارێکی لەو چەشنە نەهێشتۆتەوە، خودای گەورە دەفەرموێت ( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنْ الرِّبَا إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ-فَانْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ).(١٣١) لەبەرامبەر حەرامکردنی سوخۆری، خودای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەلاڵ کردووە بۆ موسڵمانان ئەوەش بەڕونی لە قورئاندا هاتوە و دەفەرمێت ( وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا ).(١٣٢)، کەچی سەرباری ئەم ڕاگەیاندنە ڕوون ئاشکرایەی خودای گەورە، عەلمانیەکان سوو خۆری دەکەن کار و پیشەی خۆیان و پاساوی ئەوە دەهێننەوە گوایا بەرژەوەندی گەلی تێدایە؟! یاخود دەڵێن چالاکی ئابوری خێراتر دەکات؟ لە حاڵێکدا هیچ پاساوێکی لەو چەشنە بۆ شکاندنی دەقە قورئانیەکان قەبوڵ نیە، چون خودا بۆ خۆی باشتر بەرژەوەندی مرۆڤەکان دەزانێت . هەروەها پێغەمبەر(ص) لە فەرموودەیەکیدا دەربارەی سوخۆری دەفەرموێت ( أن لعن أكل الربا، وموكله و شاهديه، وكاتبه ).(١٣٣) لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت ( أجتنبوا السبع الموبقات ) قالوا: يا رسول الله وما هن ؟ قال (الشرك بالله، والسحر و قتل النفس التي حرم الله الا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولى يوم الزحف، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات ).(١٣٤)، لەهەمانکات کۆڕای زانایانی ئوممەتی ئیسلامی کۆکن لەسەر حەرامێتی ڕەهایی سوو . مەبەستی عەلمانیەکان لە پاساوەکانیان، تەنها لەکارخستنی شەریعەت و ژێر بارخستنیەتی بۆ یاسا دانراوەکانی خۆرئاوای عەلمانی، تاچیدی لەبری شەریعی خودا، دەستوری مرۆڤ پێڕۆ بکرێت .

**عەلمانیەت و ململانێی نەزمی کۆمەلایەتی ئیسلامی : هەر باوەڕ و فیکر و ئایدۆلۆژیایەك لە چاوگی فکر و جیهانبینی خۆیەوە تەفسیری ژیان دەکات و بونیاتی دەنێتەوە . هەروەك ئیسلام کە خاوەنی سیستم و ڕێکخستنی کۆمەلایەتیە،**

---

١٣٠-دراسات في العقائد الرئسمالية-اشتراكية-الشيوعية-الصهيونية-احمد الشيباني-ل٢٧-٢٨ .

١٣١-القران الكريم-سورة البقرة-الاية-٢٧٨-٢٧٩ .

١٣٢- القران الكريم-سورة البقرة-الاية-٢٧٥ .

١٣٣- مسلم، رقم(١٥٩٨)من كتاب المساقاة، بابلعن اكل الربا و مؤكلة.

١٣٤- متفق علة، البخاري، رقم(٢٧٦٦)كتاب الوصايا. و مسلم برقم(١٤٥)من كتاب الايمان، باب بيان الكبائر و اكبرها.

فەلسەفەی عەلمانیەتیش بەهەمانشێوە خاوەنی نەزمێکی کۆمەڵایەتییە کە جیاوازە لەوی ئیسلام و پێچەوانەشیەتی . ئالێرەوە عەلمانیەت و ئیسلام لێکدی گیر دەبن و دەکەونە ململانێی تێکشکاندنی بنەماکانی یەکدییەوە .

پاش بڵاوکردنەوەی باوەڕی عەلمانیەت لەلایەن ئیستعمارەوە و لەگەڵ بە دەستەلاتێگەیشتنی لە جیهانی ئیسلامیدا، دەستبەجێ عەلمانیەت و دەستەلاتەکەی کەوتنە هەڵوەشاندنەوەی پەروەردەی بونیاتنراو لەسەر شەریعەتی ئیسلام، هەروەها تێکوپێکشکاندنی گشت بەها و قییەمێکی ئەخلاقی ئیسلامی و داڕماندنی ئیلتزاماتە کۆمەڵایەتیەکان، وە لەکارخستنی دادگا ئیسلامیەکان .

عەلمانیەت پەروەردە و زانستی لەسەر بنەمای گریمانە و بیردۆزە خەیاڵییەکانی خۆیان داڕشتەوە و پاشتریش نەوەی موسڵمانیان لەسەر پەروەردەکرد . ڕۆڵەکانی موسڵمانانیان بەوە گۆش دەکرد کە جیها ئیسلامی بەهۆی گەرماوە دواکەوتوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی تەمەڵی تەوەزەلی، بەپێچەوانەوە جەوی ساردی ئەورووپا بوّتە هۆی جوڵە و چالاکی پیشکەوتن! فێریان دەکردن کە بەهۆی کشتوکاڵەوە دواکەوتوین و خاوەنی خەڵوزی بەردین و ئاسن نین، بەلاّم ئەورروپا بۆیە پێشکەوتو چوون خەڵووز و ئاسنی لێیە . بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دواکەوتوویی لەعنەتێکی تاهەتاییەو نوسراوە لەسەر جیهانی ئیسلامی، گوایا دەست نادات بۆ مرۆڤ تیایدا کۆشش بکات بەهۆی هەلومەرجی گەرما و نەبوونی خەڵوز و ئاسنەوە، وەلێ پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی و شارستانیەت، چارەنووسی تاهەتایی ئەورروپایە بەهۆی کەشی سارد و بوونی خەڵووز و ئاسن تیایدا ! وەك ئەوەی هەریەکە لەو ولاّتە گەرمانە ڕۆژێك لە ڕۆژان شارستانیەتیان تێدا نەخولقابێ، گەلانی نەبزوابن بو ئاشکراکردنی ناوچەکانی سەر ڕوی زەمین، نور و ڕوناکیان تیایدا بڵاونەکردبێتەوە، ئالەو دەمانەی کە ئەورروپا بەخۆی و کەشە ساردەکەی و خەڵووز و ئاسنەکەیەوە نوقمی تاریکی بوو بوو.(١٣٥) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایا هۆی دواکەوتوویی ئەورووپییەکان، زاڵیەتی ئاین بوو بەسەر ژیانیان و نەیانتوانی پێش بکەون شارستانیەت بونیات بنێن هەتا ئاینەکەیان پیشتگوێ نەخست، ئەم هەلومەرجە خراپەی ژیانی موسڵمانانی ئەمڕۆش بەهۆی ئاینەوەیە کە نوێنەرایەتی نەزانیی و ئەفسانە دەکات، بۆیە، ئێوە پێشناکەون و نابنە شارستانی هەتا ئەوە نەکەن کە ئەورروپا کردی، کە ئاینەکەیان فەرامۆشکرد و خۆیان ئازاد کرد، لە هەژموونی .(١٣٦)

عەلمانیەکان پرۆگرامەکانی خوێندنیان لەسەر گریمانە خەیاڵییەکانی بیرمەندانی خۆرئاوایی داڕشت، دید و تێروانینەکانی ئەوانییان کردە بنەمای تێگەیشتن لە بوون و گەردوون و مرۆڤ، بەتایبەت بیردۆزی پەرەپێدانی داروین، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندن دا دەوترێتەوە و لە خوێندکاران و نەوەی موسڵمانان وا دەگەیەنرێت کە باپیرە گەورەی ئەوان باوا مەیمونە و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئیدی پێویستە چاو لەو بکەن و هەروەك ئەو بژین .

---

١٣٥–العلمانيون و الاسلام–محمد قطب–ل٨٢–٨٣ .

١٣٦– العلمانيون و الاسلام–محمد قطب–ل٨٢–٨٣ .

ئەم گرێمانەیە لە خۆرئاوادا بویە هۆی دارِماندنی باوەڕی ئاینی و بلاٌوبونەوەی فەساد تیایدا، لەلایەن جوولەکەوە بە شێوەیەکی خراپ بەکاربرا، یەکێك لە زاناکانی ئەوروپا لەسەر بیردۆزی داروینی دەڵێت: باوکی بێباوەڕی ودایکی فەسادییە .(١٣٧) هەندێکی دی لە عەلمانیەکان بە نێوی یەکسانی ئافرەت و ئازادکردنیەوە، کەوتنە بانگەشەکردن بۆ تێکەڵکردنی دوو ڕەگەزەکە و لابردنی حیجاب . چەندین کەسایەتی عەلمانی خۆرئاواخواز داکۆکیان لەو بۆ چوونانە دەکرد، هەندێك لەوان کتێبیشیان لەو بارەیەوە نوسی .

یەکەم هەوڵی لەوبارەیەوە، ساڵی ١٩٠٠ز، قاسم ئەمین دوو کتێبی دەرکرد بە نێونیشانی: ئازادکردنی ئافرەت، ئافرەتی نویٚ . بانگەوازی بۆ زێدەڕەوی وسفوری و وازهێنانی ئافرەتی موسڵمانان لە شەرم وحیجاب، و لاسایکردنەوەی ئافرەتی خۆرئاوایی و شوێنکەوتنی ئەخلاقیان دەرکرد .(١٣٨) وەلیٚ لەپاشتر و بۆخوی لەبۆچونەکانی پاشگەزبویەوە، هەوڵەکانی عەلمانیەکان لە گشت ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی درێژەی هەبوو، بەمەبەستی عەلمەنەکردنی گەلانی موسڵمان و دوورخستنەوەیان لە ئیسلام، لەو پێناوەدا و بۆگەیشتن بە مەرامەکانیانن، کۆیان لەهیچ کارێك نەکرد.

هەاوکات کمال ئەتاتورکیش لە تورکیا هانی ئافرەتی تورك و کچان و گەنجانی دەدا بۆ فەسادی و بەدڕەوشتی، خراپەکاریەکانی حەلاڵ کرد، بۆ خۆشی نمونەی گەورە بوو لەلادانی ئەخلاقی و مودمین بوو بە عەرەق و فسادی و ڕەوایەتیشی پێدان.(١٣٩)

هەروەها حیجابی ئافرەتی موسڵمانی لە تورکیادا یاساغ کرد، لە تونسیش هەمانکار ئەنجامدرا، لەسەرجەمی دامەزراوە دەوڵەتیەکان هەردوو ڕەگەزەکە تێکەڵ کران . کمال ئەتاتورك پێشەنگی عەلمانیەکانی جیهانی ئیسلامی بوو لە بەگژاچونەوەی ئیسلام و لەکارخستنی شەریعەت و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت، هەروەها لەبڵاوکردنەوەی فەسادی ئەخلاقی و کردنەوەی یانەکانی بەدڕەوشتی، لە دەستپێشخەری یاساغ کردنی حیجابی ئافرەتی موسڵمان . ئەوەش لە حاڵێکدا کە خودای گەورە لە قورئاندا بە چەندین ئایەت تەئکید لەسەر بالاٌپۆشی دەکات و حیجابی لەسەر ئافرەتانی موسڵمان پێویست و واجب کردووە، وەك دەفەمویێت ( وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ ).(١٤٠) عەلمانیەکان دژی فرە ژنی وەستانەوە، کە خودای گەورە بەدەقی قورئانی ڕێگایی داوە بەهاوسەرگیری ڕەگەزێکی نێرینە لەگەڵ چوار لە ڕەگەزی مێینە(فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ).(١٤١) عەلمانیەکان ئەوەیان وەك پێشێلکردنی مافی ئافرەت وەسف کردو بەرەنگاری بونەوە، لەبری ئەوە فرەدۆستی وئازادی جنسی یان وەك بەدیل و چارەسەر پەسەندکرد، لە حاڵێکدا خودای گەورە دەفەرمێت ( وَلاَ تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً ).(١٤٢)،

---

١٣٧–العلمانية(اسباب ظهورها، اثارها، عوامل انتقالها الى العالم الاسلامي، ابرز دعاتها)–بندر بن محمد الرباح–ل١٢ .

١٣٨–الاتجاهات العقلانية الحديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٧ .

١٣٩–الافعب اليهودي في معقل الاسلام–عبداللة التل–ل٩٥ .

١٤٠– القران الكريم–سورة النور–الاية–٣٠ .

١٤١– القران الكريم–سورة النساء–الاية–٣ .

١٤٢– القران الكريم–سورة الاسراء–الاية–٣٢ .

خودای گەورە بە دەقی قورئان میراتی لە نێوان کور وکچ دا دابەشکردووە، بۆ کوڕ بەشێك و بۆ کچ نیوەهێندە وەك دەفەرموێت ( فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ).(١٤٣) بەلاّم بەرپرسیاری زەواج و بژێوی خێزانی لە ئەستۆی ڕەگەزی نێرینە داناوە، وەلێ عەلمانیەکان ڕەفزی ئەو ئایەتەشیان کردو هەردووکیان هاوتا کردن . خودای گەورە پیاوی وەك سەرپەرشتیاری ئافرەت دەستنیشانکردووە دەفەرموێت (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ).(١٤٤)، بەپاساوی ئازادکردنی ئافرەت، عەلمانیەکان سەرپەرشتیاری پیاویان بەسەر ئافرەت دا ڕەفزکرد، و دەستەلاّتیان لە نێو خێزاندا نەهێشت . هەروەها ئایینی ئیسلام داوا لە ئافرەتان دەکات کە لە مالّدا بن و وەك سەردەمی نەفانی وێلّی دوای هەوا و ئارەزو و نەبن (وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلاَ تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ...).(١٤٥) واتا دەبێت تەنها بۆپێویستی ئافرەتان دەرچن، ئەویش بە ڕەچاوکردنی شەرع و پابەندبوون بە پۆشینی حیجاب لەگەلّ ڕەزامەندی وەلی ئەمری. بەلاّم عەلمانیەکان بانگەشەی دەرچون لەمالّ و خوڕازاندنەوە و دەرچون لە سنورەکانی شەریعەتیان کرد .

عەلمانیەکان هەربەو کارانەوە نەوەستان، بەلّکو خواردن وەخواردنەوە حەرامکراوەکانی ئیسلامیان ڕەوا و حەلاّلّکرد . لەوانیش عەرەق و خواردنەوە مەستکەرەکانی هاوشێوەی لەگەلّ زۆرێك لە کار و ڕەوشتە بەدەکانی وەك یانسیب و قومار و هاوشێوەکانی لەحالّێکدا خودای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت ( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ).(١٤٦) هەروەها عەلمانیەکان خواردنە حەرام کراوەکانیان حەلاّلّکرد و لەوانیش وەك خوای گەورە ناوی بردوون ( حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ ).(١٤٧) وە بەنێوی ئازادییەوە دژی فەرمانکردن بەچاکە و ڕێگری کردنی خراپە وەستانەوە . بەم شێوەیە عەلمانیەت لە خۆرهەلاّت و لەنێو جیهانی ئیسلامیدا، بە توندی لەگەلّ ئیسلام و باوەڕو شەریعەتەکەیدا تێکهەلّگژان، عەلمانیەکانی خۆرهەلاّت هەولّیاندا تەواوی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی بخەنە ژێر هەژموونی یاسا و ڕێسا دەستکردەکانی خۆرئاوا، تاجارێکی دی لە ڕوانگەی جیهانبینی و تێڕوانینەکانی خۆرئاوا و لەسەر بنەمای تێگەیشتنی عەلمانیەت، تەفسیری کۆی کایەکانی ژیان و لەوانیش نەزمی کۆمەلاّیەتی داڕێژنەوە و عەلمەنەی بکەن .

**عەلمانیەت و ململانێی ڕۆشنبیری و فکر و هونەری ئیسلامی :** کایەکانی بواری فکر و هونەر و ڕۆشنبیری لە چالاکیە عەقلّیەکانی مرۆڤە، کە بە هۆیانەوە مرۆڤ تەعبیر لە بوونی خۆی دەکات، وەك زوبانێك بەکاریان دێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی .

ئاشکرایە هەر ئاین و ئایدۆلۆژیایەك جگە لە سیاسەتی تایبەتمەند و نەزمی ئابوری و ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی، لەهەمانکات خاوەنی ڕۆشنبیری و هونەری خۆیەتی کە لە چاوگی فکرو جیهانبینی و تێڕوانینەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت .

---

١٤٣- القران الكريم-سورة النساء-الاية-١٧٦ .

١٤٤- القران الكريم-سورةالنساء-الاية-٣٤ .

١٤٥- القران الكريم-سورة الاخزاب-الاية-٣٣ .

١٤٦- القران الكريم-سورة المائدة-الاية-٩٠ .

١٤٧- القران الكريم-سورة البقرة-الاية-١٧٣

عەلمانیەت وەك هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دی ڕۆشنبیری و هونەری  تایبەت بە خۆی هەیە، کە فکری عەلمانیەت بە قوڵی ڕەنگی داوەتەوە تێیدا، نمونەشی بە واقیعی لە خۆرئاوادا دەبینرێت . کە ئەوەش دیارە پێچەوانەیە لەگەڵ ئاینی ئیسلام دا .

بەهاتنی بۆ خۆرهەڵات، عەلمانیەت تەواوی ئەو ڕۆشنبیری و هونەرەی خۆی، کەلەسەر بنەمایەکی ئیلحادی بونیات نابوو، لەگەڵ خۆی هاوردەکردە نێو جیهانی ئیسلامیەوە . لێرەوە دووفیکرو دوو ڕۆشنبیری و دوو هونەر کەوتنە ململانێی یەکدی . یەك  لەوان لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرت، واتا لە ئاینی ئیسلامەوە . دوەمیش لە عەلمانیەتەوە، واتا دوونیاگەرایی و نائاینی . عەلمانیەت ڕۆشنبیریەکی هێنایە ناوچەکە، کەتەنها بایەخی بە دوونیا و ژیانی ئەمێستا دەدا، ڕەفزی غەیب و زیندووبونەوە و ژیانی دووەمی مرۆڤی دەکرد، ئالەم ڕوانگەیەوە ئەم رۆشنبیریە هەستا بە پەلاماردانی گشت پیرۆزکان و شکاندنی حورمەتیان، کاری کرد بۆ دوورخستنەوەی ئاین و پیرۆ و پرۆگرامەکانی لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندن، لەگەڵ یاساغ کردنی دیاردە ئاینیەکان. هەستا بەداخستنی هەر ناوەند و دەزگایەکی ئاینی کە هەستێت بە گەشەپێدانی ئاین و ڕۆشنبیری و هونەرەکەی تا بەم شێوازە گەمارۆی بدات، لەهەمانکات تەشەنە بە ئەفکار و بۆچوونەکانی خۆشی بدات .

عەلمانیەت هونەر و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی لەژێر ناونیشانی عەقلانیەت و نوێگەری و پێشکەوتندا پەخشکردەوە، لەهەمانکات تەواوی ڕۆشنبیری و هونەری ئیسلامی بە کۆنەپەرستی و دواکەوتووخوازی ناوزەندکرد . بەمشێوەیە هەموو ئەوەی کە پێوەندی بە ئیسلام و شارستانیەتەکەیەوە هەبوو کەوتە بەر شاڵاوی جەنگ و داگیر کاری فکری عەلمانیەت . دوومەبەستی گەورە هەبوو لەو جەنگەی کە عەلمانیەت دژ بە فکر و ڕۆشنبیری و هونەری ئیسلامی بەرپای کرد . یەك لەوان تێکوپێکشاکاندنی ئاینی ئیسلام و دەستکەوتە شارستانیەکانی، دووەمیش بۆ چاندن و زەرع کردنی ئەفکار و ئایدۆلۆژیا خۆرئاواییەکان بلە نێوو دڵ و دەروونی موسڵمان و گەلانی ئیسلامدا .

ئیدی عەلمانیەکان کەوتنە کۆشش بۆ وەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجەیان، کۆمەڵێك لە نوسەرانی عەلمانی دەستیان کردە هێرشی بەرفراوان بۆ سەر تەواوی بنەماکانی ئیسلام و فکر و هونەر و کلتور و شارستانیەتەکەی، تەنانەت بۆ سەر خودی قورئان و سونەتیش . هەریەك لەو نوسەرانە بە پێی شارەزای و پسپۆڕی خۆیان گورزەکانیان لە ئیسلام و دەستکەوتە مێژوویەکانی سرەواند . نمونەی ئەو نوسەرانە و کارەکانیان دیارو لەپێش چاونن .

لە بواری سروش(وحی )دا کتێبەکەی دکتۆر تەها حسێن کە نوسیویەتی لەسەر (شعر الجاهلی)لەساڵی ١٩٢٦ز، تیایدا بەڕوونی تۆمەت لە ڕاستی هەندێ لەو چیرۆکانە دەدات کە قورئان گێراونیەتیەوە . هەروەك قورئانی بە داڕێژراوی مرۆڤ ناوبردووە . لەو بابەتانەی دی کە دەستی بۆ بردووە لە نێوەرۆکی باسەکەیدا عەقیدەیە، لە ڕاپۆرت و توێژینەوە و کتێبە چاپکراوەکانی دا، گومانی لەسەر ئیسلام درووست کردوە و توانج و پلاری لێدەداو دەی شێواند ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە هەموو دیاردەییەکی نا ئیسلامی لە نمونەی ئەو دیاریدە و بابەتانەش ( مستقبل الثقافة في مصر، الادب الجاهلی، حدیث الاربعاء )و هاوشێوەکانی. هەڵبەت ئەمە مەترسیەکی نوێ نەبووە، بەڵکو لە پەراوێزەکانی مێژوودا نمونەی هەیە، فیتنەی گەورەتر لەمە ڕووبەڕووی عەقیدەی ئیسلام بۆتەوە،

**وەلێ تەسلیمی نەبووە و خۆی لێ ڕزگارکردووە . جگەلە پلانگێڕی و تۆمەت و گومان نەبێت، کە دەرحەق بە بەهاو ڕەوشتە ئیسلامیەکان گوتراون .(١٤٨)**

**لەبواری سیاسەت و فەرمانڕەوایشدا: شێخ علی عبدالرزاق کتێبێکی لە ساڵی ١٩٢٥ز، لەژێر ناونیشانی (الاسلام وأصول الحکم) نوسی و تیایدا گوتی کە ئیسلام پێوەندی بە دەوڵەتەوە نییە و بەرییە لە تەداخولکردن لە سیاسەت فەرمانڕەوایی و دادوەری !(١٤٩)**

**لە بواری مێژوودا کتێبەی دکتۆر محمد حسنين هيكل بە ناونیشانی (حياة محمد ) لە ساڵی ١٩٣٥ز دا نوسی، تیایدا لە ڕوانگەی مرۆڤیەوە گرنگی بە ژیانی پێغەمبەر (ص) داوە و تەرکی لایەنی سروش( وحی ) و پێغەمبەرایەتی کردووە، نکۆڵی لە موعجیزەکانی کردووە، ئەوەش بە بانگەشەی ئەوەی گوایا زانستی نوێ پشتڕاسیان ناکاتەوە، وە ژیاننامەی پێغەمبەری خستۆتە ڕوو لەسەر شێوازی لێکۆڵینەوەی ماددی خۆرئاوایی .(١٥٠)**

**لە بواری شارستانیش دا و لە کتێبی دکتۆر ئەحمەد ئەمین-موسوعة الاسلامي-لەسەر مێژووی ژیانی عەقلانی ئومەتی ئیسلامی لە(فجر الاسلام وضحاه وظهره ) تەئکید لەسەر لایەنی عەقڵی دەکاتەوە لە عەقیدەی ئیسلامی، ئەوەش لەژێر کاریگەری عەقڵی مادی خۆرئاوایی .(١٥١)**
**لەسەر سوننەتیش، کتێبی شێخ محمود ئەبووریە کە نوسیویەتی بە ناونیشانی ( أضواء على السنة المحمدية ) تیایدا تۆمەت لە سوننەتی پێغەمبەر دەدات بە شێوازێکی ئاشکرا ،هەروەکو تۆمەت لە دادگەری هەندیك لە یاوەرانی پێغەمبەر(ص)دەدات.(١٥٢)**

**لەسەر قورئانیش، کتێبەکەی محمد أحمد خەلف الله ( رسالة ماجستر ) تیایدا قورئانی بەستۆتەوە بە خورافات ئەفسانە، کتێبێکی دیکەی بلاّوکردەوە بە ناونیشانی (الفن القصصي في القران ).(١٥٣) بەم شێوەیە نوسەران و بیرمەندانی عەلمانی دەستیان کردە گورز سرەوەندن لەیەك یەکی بنەماکانی ئیسلام و فکر و ڕۆشنبیرییەکەی، پاشتریش کەوتنە تۆمەتدان لە بەها و قییەم و کلتورەکەی .**

**هەروەها عەلمانییەکان دەستیان کردە ڕەخنە گرتن لە ئەخلاقیاتی ئیسلامی و بەتایبەتی پارێزگاریکردن لە شێوازی ژیانی ئیسلامیانە و پێوەندی کۆمەلاّیەتی، وە بەرگ و پۆشاکی ئیسلامی و پابەندبوون بە ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام و بەها و قییەمەکانی،**

---

١٤٨–الاتجاهات العقلانية الخديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٧ .
١٤٩– الاتجاهات العقلانية الخديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٨
١٥٠– الاتجاهات العقلانية الخديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٨
١٥١– الاتجاهات العقلانية الخديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٨
١٥٢– الاتجاهات العقلانية الخديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٨
١٥٣–الاتجاهات العقلانية الخديثة–ناصر بن عبدالكريم العقل–ل٨٨

لەوانیش پاکیزەیی ئافرەت و حیجابی ئیسلامی. هەروەك ڕەخنەی فەرمانکردن بەچاکە و ڕێگری کردنی خراپە یان کرد و بە دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی وەسفیان کرد، هەروەك داوای بەشداری ئافرەتیان کرد لە گشت کار و بارەکانی ژیان، واتا ئەویش هەروەك پیاوان ڕۆڵ بگێڕێت . بەم هۆیەوە هەردوو ڕەگەزەکەیان تێکەڵکردو ئەخلاقیات و بەرگ و پۆشاکی خۆرئاواییان کردە باو .

عەلمانییەکان مانا و تەفسیرەکانی ئیسلامیان دەربارەی ئازادی و ماف و ئەخلاق، ڕەفزکرد و روانگەی خۆرئاوایی و دیدی عەلمانیانەیان پێڕۆکرد بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی هەریەکە لەوان . واتا لەبری ئیسلام، عەقڵی خۆرئاواییان کردە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بۆچوون و ڕەفتارەکانی مرۆڤ . لەمەشیاندا خۆرئاوایان کردە سەرمەشقی خۆیان و پێ بەپێ شوێنیان کەوتن، وەك ئەوەی کە پێغەمبەر محمد(ص) فەرمووبوویی و موسڵمانانی لە مەترسی شوێنکەوتن و لاسایی کردنەوەی جوولەکە ومەسیحییەکان، ئاگادار کردبویەوە، کەلەم فەرمودەیەی دا ئاماژەی بۆکردوە: عن أبی سعید الخدری عن النبيي(ص)قال: ( لتتبعن سنن من کان قبلکم شبرا بشرا و زاعا بذراع حتی لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم ) قلنا یا رسوالله ، الیهود والنصاری ؟ قال (فمن ؟!).(١٥٤) لێرەشەوە عەلمانیەت دەستیان کردە داڕشتنەوەی گشت ماناو پێوەر و بەهاکان و پێناسەکردنەوەی بۆ گەلانی خۆرهەلاتی، ئازادی و ماف و ئەخلاق، هەروەها پەروەردە و فێرکردنیان عەلمەنەکرد و بۆ خۆیان و بێ ڕەچاوکردنی ئیسلام و دید و بۆچوونەکانی تەفسیریان کردنەوە و کەوتنە بارهێنانی گەلانی خۆرهەلاتی بەو بنەما خۆرئاواییانە و گۆشکردنی نەوەکانیان لەسەر هەمان ئەو بۆچوونانە، ئیدی ئازادی بوویە زۆربێژی و پێشێلکردنی پیرۆزییەکانی ئیسلام، بەپاساوی ئازادی بیر و ڕا، فکر و فەلسەفە لادینیەکانیان لەنێو گەلانی ئیسلامی تەشەنە پێدا و پاشتریش کۆمەڵ و گروپ پارتی سیاسیان لەسەر دامەزراندن . لەسەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگا جێبەجێیان کردن، هەروەها لەبری ئیسلام و شەریعەتەکەی، یاسا و ڕێسایان لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفە لادینیانە داڕشت بۆ گەلانی ئیسلامی و بەسەریاندا سەپاندن، لەبواری فکر و سیاسەت، شیوعیەت و عەلمانیەت . لە بواری ئابووری، ئیشتراکی و سەرمایەداری. بۆ ڕێکخستنی نەزمی کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی لیبرالی یان هاوردەکرد . ئەمە جگە لە وەرگێران و هاوردەکردنی بیروبۆچوونە فەلسەفیە لادینییەکانی ڕۆمان و یۆنانی دێرین، هەروەها وەگێڕانی گریمانە و بیردۆزەکانی داروین و فرۆید و.....هتد . ماف بەوە پێناسەکرایەوە کە گوایا مرۆڤ سەنتەری گەردوونە و تەواوی بوون لە خزمەت ئەودایە، مرۆڤیش تەنها لەبەرابەر خۆیدا بەرپرسیارە . لەم دیدگایەوە مرۆڤ خاوەنی ئازادی ڕەهایە لە مومارەسەکردنی تەواوی خواست و ویستەکانی، نەئاین و نەدەوڵەت کۆمەڵگا، مافی سنوردارکردنی ئارەزوەکانی ئەویان نییە . هەر کارێکی لەو چەشنەش دەست درێژییە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ . ئالەم تیگەیشتنەوە عەلمانییەکانی خۆرهەلات ڕەفزی شەریعەتی ئیسلام و تەواوی حوکمەکانیان کرد، لەبری ئەوە یاسا و دەستوری عەلمانی خۆرئاوایان پەسەند کرد و بە سەختی داکۆکیان لێکردن . بیرمەندان و نوسەرانی عەلمانی خۆرئاواخواز حوکمی ئیسلامی بە مەرگەسات و دەستدرێژی بۆ سەر مرۆڤ وەسف دەکەن ،

---

١٥٤–البخاري(٧٣٢٠)باب قول النبي(ص): (لتتبعن سنن من کان...)،من کتاب الاعتصام بالکتاب والسنة، و مسلم برقم(٢٦٦٩)باب اتباع سنن الیهود والنصاري من کتاب العلم .

له نمونەی ئەو نوسەرە عەلمانیانەش عەفیف ئەخزەرە کە داوای پەنابردن بۆ خۆرئاوا دەکات لە حاڵی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام دا . هەروەك بۆ خۆی بە ڕاشکاوی ئەمە لە نوسراوەکانیدا ڕادەگەیەنرێت .

عەفیف دەڵێت: بۆ ئەوەی مەرگەسات ڕوونەدات، پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێك دەربکات کە لە چوار حاڵەتدا ڕێگا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بدات، کەلە یەکێك لەو حاڵەتانەش دا دەڵێت ئەگەر هاتو ئیسلامییەکان دەستیان دایە بەرد بارانکردنی ژنان، گورزی سەربازیان لێبدرێت !(١٥٥) واتا ئەگەر هاتوو دەوڵەتێکی ئیسلامی دامەزرا و، ڕێگری لە داوێنپیسی و بەدڕەوشتی کرد، ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە پیاو و ئافرەتە زیناکارەکانی تەسلیم بە شەرع کرد و حوکمی ڕەجمی بۆ دەرکردن، ئەوا با ئەنجومەنی ئاسایش گورزی سەربازی لەو دەوڵەتە ئیسلامییە بسرەوێنێت ؟!

عەلمانییەکان ئەخلاقیان لە دیدی فەلسەفەی عەلمانی مادی یەوە شرۆڤەکردەوە، واتا تێڕوانین و تەفسیری ئاینیان دەربارەی ئەخلاق ڕەفز کرد، لێرەوە عەلمانیەکان پێناسەی ئەخلاقیان بەوە کرد کە گوایا مرۆڤ هەر کارێك دەکات لەژیانیدا سەربەستە، تەنها بە مەرجی ئەوەی دەستوەرنەداتە کار و باری ژیانی کەسانی دی، واتا زیانی نەبێت، هەڵبەت ئەوەش لەدیدی خۆیاندا، بەم پێیە مرۆڤ بەدڕەوشتی و زینا و عەرەق خۆری و قومار و هەر ڕەفتارێکی دی هاوشێوەی ئەوان لە بابەت هاوڕەگەزبازی و خستنەوەی زارۆکی بیژۆ و...هتد، مومارەسە بکات گرفت نییە، وەلێ ئەگەر مرۆڤێك فەرمان بە چاکەیەك بکات یاخود ڕێگری ئەنجامدانی خراپەیەك بکات، ئەوا کارێکی نائەخلاقی کردوە بەپێی یاسای عەلمانی، دەبێت سزا بدرێت . بەم شێوەیە عەلمانیەکان تەواوی دەقە قورئانیەکانی تایبەت فەرماندان بە چاکە و ڕێگری کردنی خراپە، لە نمونەی ئەوە وەك خودای گەورە دەفەرموێت(الْآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ).(١٥٦)، تێکڕای حوکمەکانی شەریعەت هەڵدەوەشێنێتەوە و دەستوری عەلمانی دەستکرد و دانراوی خۆرئاوا، وەك سەرچاوەی تاکانەی گشت یاسا و ڕیساکانی تەواوی کایە و بوارەکانی ژیانی مرۆڤ پەسەند دەکەن و دەی سەپێنن .

عەفیف ئەخزەر دەڵێت: هەر یاسا و بیر و بۆچوونێك دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ بێت شەرعیەتی خۆی لەدەست دەدات وە بۆ ئەوە باشە لە ئەرشیف دا هەڵبگیریت!؟(١٥٧)

لە دیدی عەلمانیەکان دا وەحی خودایی و سونەتی پێغەمبەر (ص)شیاو نیە بۆ ئەم سەردەمە، یاخود ڕاستر و ڕاشکاوانە تر بڵێین لەگەڵ مەیل و ئارەزووی ئەواندا یەکناگرێتەوە . بۆیە ڕەفزی دەکەن، یاسای خۆرئاوایی پەسەند دەکەن، کە یاسای چێژو ئارەزو هەوەسی عەقڵی مرۆڤە و پێڕەوی لێدەکەن لەتەواوی بوارەکانی ژیان لەبری کارکردن بە شەرع . هەر بە چاولێکەری خۆرئاوا، عەلمانیەکانی خۆرهەڵات کەوتنە بوژاندنەوەی فکرەی نەتەوە پەرستی و هەڵکۆڵینەوەی ئاساوارەکانی فیرعەونیەت لە میسر و فینیقیەت لە سوریا و بابلی لە عێراق. وە تەشەنە پێدانی بیری تۆرانیەت لە تورکیا عروبە لە نێو گەلی عەرەب، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ناوچەگەرێتی .

---

١٥٥-عەلمانیەت و ئسولیەت-عەفیف ئەخزەر .

١٥٦-القران الكريم-سوره التوبه-الايه-١١٢ .

١٥٧-عەلمانیەت و ئسولیەت-عەفیف ئەخزەر.

ئابەم عەلمانیەت ڕەفزی شارستانیەتی ئیسلامی و تەواوی فیکرو ڕۆشنبیری و هونەرو کلتورەکەی دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی پێش ئیسلام، واتا بۆ زەمەنی جاهیلیەت . لەسەر ئاسەواری فیرعەونی و فینیقی و بابلی و بەسوود وەرگرتن لە فیکر و فەلسەفەی دێرینی یۆنانی و ڕۆمانی و لەسەر بنەمای نەوایەتی، ڕۆشنبیری و فیکر و هونەری خۆی بونیات دەنێت .

## عەلمانیەت و پڕۆژەی عەلمەنەکردنی ئیسلام :

لە پێناو ملکەچکردنی ئیسلام لە هەمبەر فەلسەفەی عەلمانیەتی خۆرئاوا، وە ژێر بارخستنی شەرع بۆ یاسا و ڕێسای خۆرئاوایی، هەروەها بۆ پاشکۆکردنی گەلانی ئیسلامی و وابەستە کردنەوەیان بە خۆرئاوا، لەهەمانکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی و بەسەنتەرکردنی ژیاری خۆرئاوایی، وەك تاکە شارستانیەت و نمونەی تاکانەی بالاْ لە تێکڕای بوارەکانی ژیان، عەلمانیەکان چەندین پڕۆژە پیلانی یەك لە دوای یەکیان بەرپاکرد لە پێناو وە دیهێنانی ئەو خەونەیاندا، هەڵبەت بەپشتیوان خۆرئاوا و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری ڕێکخراوەکانی تەبشیری و ڕۆژهەلاْتناسی و بزاوتی ماسۆنی .

گەرچی عەلمانیەکان لە دوان و ئاخاوتنەکانیاندا بۆ گەلانی ئیسلامی، هەمیشە وەك مشوخۆری ئیسلام و گەلانی خۆیان پێش چاو دەخەن، پڕۆژەکانیان لە ژێر نێو و نێونیشانی قەشەنگ و سەرنج ڕاکێش دا بەیان دەکەن، لە نمونەی ئەو ناونیشانە باق و بریقانەش(چاکسازی و پێشکەوتنخوازی، نوێگەری و هاوچەرخیانە، عەقلانیەت و عەقڵ گەرایی) ، بەلاْم سەرجەمی ئەم پڕۆژانەیان پیلان بوون بۆ عەلمەنەکردنی ئیسلام و بەخۆرئاوایی کردنی ژیانی گەلانی ئیسلامی .

لەگەڵ شکستهێنانی هەرکام لەو پیلانە پڕۆژانەدا، ئەوی دیان دەخستە ڕو، تا درێژە بە پڕۆسەی عەلمەنەکردن بدەن و ڕێگا لەسەر هەڵدانەوەی ئیسلام و سەرپێ کەوتنەوەی بگرن، بەشێوازیك کە گەلانی ئیسلامیان پێوە سەرقاڵبکەن و دوریان بخەنەوە لەوەی کە پەنا بۆ شەریعەت ببەنەوە و جاریکی دی دەوڵەتی لەسەر بەرپابکەنەوە .

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی هەرکام لەو پیلانانەدا، ئیدی دەیان و سەدان دەزگای ڕاگەیاندنی بینرا و بیستراو و نوسراوی عەلمانی دەستیان دەکردە ڕەواج پێدانی پڕۆژەکە و وەك تاکە دەروازەی ڕزگاربوونی گەلانی ئیسلامی لە تەواوی قەیرانەکانیان، دەیان خستەڕو، لەهەمانکات لێشاوی تۆمەت و تەشەر و توانجەکانیشیان دەباراند بەسەر ئیسلام و ئیسلامیەکاندا . وەك لە دواجاردا و لەگەڵ شکستهێنانی پیلانەکەیان، دیسان بەرۆکی ئیسلام وئیسلامیەکانیان دەگرتەوە و ئۆباڵی سەرنەکەوتنی ئەو پڕۆژانەیان دەخستە ئەستۆیان .

لەسەرەتای دزەکردنی بۆ نێو جیهانی ئیسلامی، عەلمانیەت بە دروشم و بانگەشەی چاکسازی و پێشکەوتن خوازییەوە سەری هەڵدا، هەروەك لە دەمی دەرکەوتنی دا عەلمانیەت وەك زانست خۆی بە گەلانی ئیسلامی دەناساند، یاخود عەلمانیەکان وایان پێناسە دەکرد بۆ موسڵمانان . لەو پڕۆژانەی عەلمانیەت کەلە دەمی دەرکەوتنی لەجیهانی ئیسلامی تاوەکو ئەمڕۆ پێشنیاری کردون بۆ گەلانی ئیسلامی بریتین لە:

## عەلمانیەت پڕۆژەی چاکسازی و زانستخوازی :

هەر لە سەرەتای لاوازبوونی خیلافەتی عوسمانی، دەوڵەتانی عەلمانی ئەوروپا دەستیان کێشایە نێوکاروبارەکانی، بەنێوی چاکسازیکردنی دەوڵەتی عوسمانی پەیماننامەی یەك لەدوایەکی قورسیان بەسەردا دەسەپاند، هەریەکە لەو پەیماننامانەش بۆ ناچارکردنی عوسمانی بوو تا دەست لە جێبەجێکردنی شەریعەت هەڵبگرێت ولەبری ئەویش یاسا و ڕێساکانی خۆرئاوا پیادە بکات . ئەو دەستوەردانانەی خۆرئاوا لە پاشی زیادبوونی دەستەلاتیان لە نێو دەوڵەتی عوسمانی و بلاوبوونەوەی موژدەدەرانی مەسیحی بوو لە نێو هەرێمەکانی عوسمانی، بە پاساوی فێرکاری زانستی و بازرگانی و کاری خێرخوازی و... هتد. بەم شێوەیە خۆرئاوا دەوڵەتی عوسمانیان ناچار کرد لە ساڵی ۱۸۳۹ بەیاننامەی چاکسازی خەتی شەریفی گوڵخانە ڕابگەیەنێت کە تێیدا هەندێ دەقی قورئانی تیا لە کارخراو لەبری چەند یاسایەکی خۆرئاوایی تێدا بەکارخرابوو .

لەساڵی ۱۸٥٦ دەولەتی عوسمانی ناچارکرا بەیاننامەیەکی چاکسازی نوێ ڕابگەیەنێت بە نێوی خەتی هومایۆنی، ئەمیش بەهەمان شێوەی پێشوو چەند دەقێکی دیکەی قورئانی تیا لەکارخرابوو . بەم شێوەیە و لەژێر گوشاری خۆرئاوادا، دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرا ڕێگا بە جوولەکە و مەسیحیەکانی نێو خیلافەت بدات کە بێنە نێو ڕیزەکانی سوپا و دامەزراوە دەوڵەتیە گرنگەکانەوە، سەرەتای پڕۆژەی چاکسازی کردن لە نێو ئیسلام و خیلافەتەکەیدا لە لایەن دەوڵەتانی خۆرئاواوە گەلاڵە کرا، بەرهەمی ئەوەش دروستبونی بزاوتە خۆرئاوا خواز و پارتە عەلمانیەکان بوو، لە نێو گەلانی عوسمانی بە تایبەتی لە تورکیا کە مەڵبەندی خیلافەت و ناوەندی دەسەلاتی مووسڵمانان بوو لەو دەمانەدا .

تورکیای لاو و پارتی ئیتحاد و تەرقی، لەو گروپ و پارتانە بوون کە بە پاڵپشتی و دەستوەردانی خۆرئاوا لە نێو گەلانی عوسمانی دا پێکهاتن، هەروەك لە پاشتر و لەساڵی (۱۹۰۸ز) بە گوشاری ئیتحاد و تەرەقی و بەپشتیوانی خۆرئاوا، شۆڕشی دەستوری لە ئەستەنبوڵ بەرپاکراو شەریعەتی ئیسلامی پێچرایەوە و یاسا و دەستوری عەلمانی ڕاگەیەنرا . ساڵی (۱۹۰۹ز) سوڵتانی عوسمانی لە کارخرا . لە ساڵی (۱۹۲٤ز )خیلافەت هەڵوەشێنرایەوە . پاش ئەم پڕۆسەیە بزاوتی کەمالی لە تورکیا هەژموونی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگادا کرد، ئەم ڕەوتە مەیلی خۆرئاواخوازی تێدا زاڵبوو، بۆیە بڕیاری دا کە دەوڵەت و کۆمەڵگا لەسەر شێوازی خۆرئاوایی بونیاتبنێتەوە . هەڵبەت ئەمە بەو مانایەنا کە لە ڕووی زانست و زانیاری و پێشکەوتنی مادییەوە تورکیا بە ئاستی خۆرئاوا بگەیەنن، بەڵکو مەبەستیان پیرۆکردنی یاسا و ڕێسای خۆرئاوایی و تقلیدکردنەوەی شێوازی ژیانی کۆمەڵگا ئەوروپی بوو لەبوارەکانی پەروەردەو ئەخلاق و داب و نەریت و کلتور دا، واتا دوور کەوتنەوە لە ئیسلام و شەریعەتەکەی و لە ژیانی ئیسلامیانە .

دووەمین پڕۆژەی چاکسازی عەلمانی لە نێو جیهانی ئیسلامی، لەسەر دەستی عەلمانیەکانی خۆرهەلات بوو . لەلایەن پێشەنگی عەلمانیەکانی خۆرهەلات، کەمال ئەتاتورکەوە پێشنیار کراو بۆخۆشی جێبەجێی کرد .

لەو بەناو چاکسازیانەی کە ئەتاتورك پێی هەستا بریتی بوون لە :

*هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی و جیاکردنەوەی تورکیا لە تەواوی بەشەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی .

*جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت .

*قەلاچۆکردنی زانایانی ئاینی بە بێزەوەترین شێوە، دەیانی لێ کوشتن و لاشەکانیانی بە داردا هەڵواسین .

* داخستنی شومارێکی زۆر لە مزگەوتەکان، بانگدانی بە زووبانی عەرەبی یاساغ کرد، هەروەها پۆشاکی نەتەوەی تورکی گۆڕی بە پۆشاکی ئەورووپی .

*دادگا شەرعیەکانی هەڵوەشاندەوە و یاسای مەدەنی سویسری داسەپاند .

*ڕۆژی شەممەی کردە پشوو لە بری ڕۆژی هەینی .

*ساڵنامەی کۆچی گۆڕی بە ساڵنامەی زاینی خۆرئاوایی .

*یاساکانی میرات و زەواج و باری کەسی کە لە شەریعەتەوە وەرگیرابوون، لەکارخست، وە فرەژنی یاساغ کرد و میراتی هاوتا کرد لە نێو کوڕ وکچ .

* هانی ئافرەتی تورکی و کچ وکوڕانی گەنجی دەدا لەسەر فەسادی و بەدڕەفتی وە خراپەکارییەکانی حەلاڵ کرد. هەروەك بۆ خۆشی نمونەی باڵای لادانی ڕەوشتی بوو، مودمین بووبوو بە عەرەق و حەلاڵیی کردبوو .

*پیتە عەرەبیەکانی گۆڕی، کە گەلی تورکی بە درێژایی هەزار ساڵ بەکاری دێنا، لەبری ئەو پیتی لاتینی سەپاند، ئەمەش بۆ دابڕینی ئێستای گەلی تورکیا لە ڕابردووی .

*کاری کرد بۆ سڕینەوەی وشە عەرەبیەکانی نێو زووبانی تورکی بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە عەرەب و لە ئیسلام .(١٥٨)، عەلمانیەکانی دی لە باقی ولاّتانی دیکەی ئیسلامی بەپێی توانایان و ئەوەندەی پێیان کرابێت هەمان ڕێبازی ئەتاتورکیان دەرهەق بە ئیسلام و موسڵمانان پێڕۆ کردووە، نمونەی ئەوانیش وەك حەبیب بورقێبە لە تونس و جمال عبدالناسر لە میسر و سیادبەری لە سۆماڵ .و...هتد .

لە قۆناغی سەرەتای تەشەنەسەندنی عەلمانیەت بە نێو گەلانی ئیسلامیدا، جگە لە خەڵکانی خۆرئاواخوازی وەك ئەتاتورك و هاوشێوەکانی، زۆرێك لە جوولەکە و مەسیحیەکانی خۆرهەلاّتیش دەوریان گێڕاوە لە پەرەپێدانی عەلمانیەت لەنێو گەلانی ئیسلامیدا هەروەك چەندین پارتی نەتەوەیی و سیاسی عەلمانیان لە نێو گەلانی ئیسلامی دامەزراندووە، لە نمونەی ئەو کەسایەتیە دیانانە و ناودارتینیان ئەمانەن:

(ئەنتوان سەعادە )دامەزرێنەری پارتی نەتەوەی سوری، (جورج حەبەش )دامەزرێنەری پارتی نەتەوەیی عەرەب، (میشیل عەفلەق ) دامەزرێنەری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. لە دیارترین بانگەشەکارانی فکری عەلمانی لە جیهانی عەرەبیدا، مەسیحیەکان بوون ،لەنمونەی ئەوانەش (قستنتین زریق )و (ئەمیل بستانی )و (سلامە موسی ).(١٥٩) هەروەها لەو کەسایەتیە جوولەکانەی کە ڕۆڵی گەورەیان بینی لە وروژاندنی بیری تۆرانی تورکەکان و تەشەنەپێدانی عەلمانیەت لە تورکیادا (موئیز کوهن )ی بەڕگەز جولەکەیە کەبە دامەزرێنەری بیری نەتەوەی تۆرانی دادەنرێت .(١٦٠)

---

١٥٨–الافعي اليهودية في معاقل الاسلام–عبداللة التل–ل٩٤–٩٥ .

١٥٩–العلمانية(امبراطورية النفاق)من مهدلها الطريق–د.عبدالعزيز مصطفى كامل–ل٧–٨ .

١٦٠–مستەفا کمال ئەتاتورك–مەنسور عبدالحکیم–ل٦٦ .

بەم شێوەیە و لە خۆرهەلاتی ئیسلامی پرۆسەی چاکسازی کردن لەسەر دەستی خۆرئاوا و بە کۆمەکی جولەکە و مەسیحیەکانی نێو گەلانی ئیسلامی دەستی پێکرد، کەلەڕاستی دا پرۆژەی چاکسازی کردن، بۆ عەلمەنەکردنی گەلانی موسڵمان خرابوویە گەر، تا لە ئاینی ئیسلام دووریان خەنەوە و بۆ هەمیشە بیان کەنە پاشکۆی خۆرئاوا، هەر بۆیە چاکسازی کاران تەنها تەرکیزیان لەسەر ئیسلام دەکردەوە و بەس، واتا کاریان دەکرد بۆ لێدانی ئاینی ئیسلام و دوورخستنەوەی لە دەوڵەت و دامەزراوەکانی، وە لە ژیانی گەلانی موسڵمان . لەم قۆناغەدا خیلافەتی ئیسلامی لەنێوبرا و گەلانی موسڵمان کەرت و پەرت کران، هەروەها خاکی ئیسلام بەشبەش کراو بەسەر چەند دەوڵەتۆکەیەکی عەلمانی ملکەچی ئیستعمار دا، بەخشرایەوە . خەڵکانی موسڵمان لە دەسەلات و دەوڵەت دوورخرانەوە و کەسانی دەستپەردەی خۆرئاوا و گۆشکراوی فکری عەلمانیەت و ملکەچی دەستەلاتی ئیستعمار، کرانە کاربەدەست و بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتۆچکانە، ئەوانیش بەسودوەرگرتن لە ڕێنمایی موبەشیرەکان و ڕۆژهەلاتناسان و بە ڕێنمایی ماسۆنی و زایۆنەکان و بە پاڵپشتی ئیستعمار، دریژەیاندا بەپرۆسەی عەلمەنەکردنی گەلانی ئیسلامی، لە هەمانکات بەسەختی کەوتنە قەلەپاچەکردنی بزاوتە ئیسلامیەکان و کەسایەتیە ئیسلامخوازە دەرکەوتوەکان، ئەوانەی کەلە ڕێبازی عەلمانیەت لایان دەدا و دژ بە خۆرئاوای عەلمانی و ئیستعمار دەوەستانەوە و مەیلی گەڕانەوەیان بۆ ڕەسەنایەتی ئیسلامی خۆیان و بەپاکردنەوەی شەریعەت و زیدووکردنەوەی خیلافەت دەکرد .

بە بڕینی قۆناغی چاکسازی، عەلمانیەت لە خۆرهەلاتی ئیسلامی هەنگاوێکی گەورەی بڕی، گەر تا دوێنێ لێرە و لەوێ و لەژێر نێوی زانست و پێشکەوتن داو بە تۆبزییەوە ناوی دەهێنرا و باسیان لێوە دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆی بۆتە بنەما و یاسا و ڕێسای دەوڵەت و بەئاشکرا دژی ئیسلام و تەواوی شەریعەتەکەی و دروشم و دیاردەکانی وەستاوەتەوە، بوەتە خاوەنی چەندین گروپ و پارت و ڕێکخراو، لە نێو ڕیزی ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بە موسڵمان دەزانی، هەروەها دەوڵەت و دامەزراوە و سوپای هەیە و بەرگری لێدەکەن و دەوڵەتانی ئیستعماریش پاڵپشتیانن . وە ئیسلامیش کە تا دوێنێ خیلافەت وئومەت و سوپای مەزنی هەبوو، ئەمڕۆکە بێ دەستەلات و بێ پاسەوانە و ئومەتەکەی بەشێکی بۆتە عەلمانی و باقی ئیسلامخوازانیش لەژێر نیری ئیستعماردان . هەر بۆیە عەلمانیەت ئەمەی بە دەرفەتێکی شیاو زانی تا دەمامکی زانست و زانستخوازی لەسەر ڕوخساری لابەرێت و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشانی موسڵمانان بدات .
قۆناغی چاکسازی عەلمانیەکان کۆتایی پێهات، دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغەش بۆ ئومەتی ئیسلامی، لەدەستدانی خیلافەت و پەرتەوازەیی ئومەت بوو . هەروەها بەشبەشکردنی خاکی ئومەتی ئیسلام لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و ئەنجا پەرتکردنی نەتەوەکانیشی لەسەر بنەمای ناوچەگەرێتی، بەمشێوەیە نەتەوەی تورك یان دابەشکرد بەسەر دەوڵەتی تورکیا و قوبرس و ئازەربایجان و تورکمانستان وئەلبانیاو کۆسۆڤۆ و بەشێکیان بەخشیە ئێران بەشێکی دیان بەخشیە بولگاریا، بەشێکیشی بۆ سربیا و هەندێکیشی بەخشرایە سۆڤیەت. گەلی عەربیان دابەشکرد بەسەر بیست و دوو دەوڵەتۆکەدا و فەلەستینیشیان بەخشیە جوولەکە، هەرەها گەلی کوردیان بەخشیەوە بەسەر تورکیا و ئێران و سۆڤیەت و سوریا و عێراق دا ،بەم شێوەیە تەواوی ئومەتی ئیسلامی، چ لە ئاسیا، و چ لە ئەفریقیا، چ لە ئەورووپا پارچە پارچە کراو لەنێو سنوری دەوڵەتی نەتەوەی عەلمانیدا لە قاڵب دران .

پرۆژەی چاکسازی عەلمانیەکان جێبەجێکراو کۆتایشی پێهات، بەلام هیچ دەستکەوتێکی سیاسی و ئابوری و زانستی بۆ گەلانی ئیسلامی وەدی نەهێنا، وەك لەسەرەتاوە بانگەشەیان بۆ دەکرد. وەلێ بۆ دەوڵەتانی خۆرئاوای ئیستعماری و بۆ پارت و ڕێکخراوە عەلمانیەکانی خۆرهەلات سومەند بوو، چوون تەواوی بەربەستە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکانی

سەر ڕێگای ئامانجەکەی خۆیان ڕامالّی، تاکە شتێك کە مابویەوە لە بەرامبەری ئیستعمار و خۆرئاواخوازانی ڕۆژهەلاّتی، وە لەهەمبەر خودی عەلمانیەتدا وەستابویەوە، تەنها ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی بوو کە لە بیر و هۆشی موسڵماناندا ڕەنگی دابویەوە و لەنێو دڵ و دەرونیاندا ڕیشەی داکوتی بوو، لە ئەخلاق و ڕەوشتیاندا بە دیار دەکەوت و ببویە بەها و قییەم و نەریتیان .

لە دووەمین قۆناغی پرۆژەی عەلمەنەکردنی ڕۆژهەلاّتی ئیسلامی و گەلانی موسڵمانی دا، عەلمانیەکانی خۆرهەلاّت بە پالّپشتی خۆرئاوا، هەولّیاندا فکر و عەقیدەی ئیسلامی تێك ڕمێنن و لە بیرو هۆش ودڵ ودەروونی موسڵماناندا ڕیشەکێشی بکەن . لەهەمانکات قیەم و بەها و ڕەوشتە ئیسلامیەکان لە نێوبەرن و داب و کلتورە ئیسلامیەکان دوایی پێ بێنن و عەلمانیەت بکەنە فکر و باوەڕی موسڵمانان و ئەخلاق و ڕەوشتیانی لەسەر دامەزرێننەوە و بیکەنە نەریتی کۆمەلّگاکەیان . بۆ وەدیهێنانی ئەم خواستەیان عەلمانیەکان پرۆژەی نوێگەری پێشکەوتنخوازی ڕاگەیاند .

## عەلمانیەت و پرۆژەی نوێگەری و پێشکەوتنخوازی :

نوێگەری واتا ویستی داهێنان، وە مەیلی گۆڕانخوازی، بەدەستبەرداربوون لە کۆنی پواو، هەروەها دەرچوون لە دۆخی چەق بەستوی نالەباری پڕ قەیران، لەگەڵ هەنگاونان بەرەو ڕەوشی نوێی لە بار و شیاو.

دەکرێت نوێگەری لە دەولّەت ودامەزراوەکانی دا ئەنجام بدرێت، یاخود لە پلان و پرۆژەکانی دا، وەیان لە سیاسەتی دەولّەت، هەروەها لە بوارەکانی ئابوری جاخۆ لە کەرتی کشتوکالّی یان پیشە سازی وەیان بازرگانی . وە دەکرێت لە بواری کۆمەلاّیەتیدا نوێگەری ئەنجام بدرێت، بە نوێکردنەوە و بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەلّگا، هەروەها بەرەو پێشبردنی ئاستی گوزەران و بێژێوی هاولاّتیان و دەستبەرکردنی خزمەت گوزارییە نوێیەکان و...هتدە، وەلیّ عەلمانیەکان لە پرۆژەی نوێگەری و پێشکەوتن خوازییەکەیاندا تەنها تەرکیزیان لەسەر ئایینی ئیسلام دەکردەوە و هەموو توانایەکیان لەپێناو ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ئیسلام و عەقیدە وشەریعەتەکەی بەخەرج دا، کۆششی فراوانیان کرد بۆ گۆڕینی بەهاو قیەمی ئیسلامی و لێکترازاندنی کلتورو داب و نەریتەکانی . بەلاّم تێکڕای کایەکانی دیکەی ژیانی گەلانی ئیسلامیان فەرامۆش کرد، بایەخیان بە دادگەری دەولّەت خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەلّگا، هەروەها سیاسەتی ئەخلاقیانە و ڕێزگرتنی گیان و ژیانی مرۆڤی موسڵمان نەدەدا، وەك ئازادی گەلانی ئیسلامیان زەوت کرد و کۆمەلێك ڕژێمی تاکڕەو بە زەبری ئاگر و ئاسن کەوتنە حوکم کردنی ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی، هەلّبەت بە پالّپشتی خۆرئاوا و بە تانك وتۆپی ئەوان . ئەو ڕژێمە عەلمانیانە گرنگیان بە زانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی نەدا و پەروەردە و فێرکردنیان فەرامۆشکرد . تەنها ئامانجی عەلمانیەکان بە گروپ و ڕێکخراو و پارت و دەولّەتیانەوە کارکردن بوو لەسەر ئیسلام و بەس .

عەلمانیەکان تەنها تەرکیزیان لەسەر باوەڕی مرۆڤەکان و شێوازی نەزمی کۆمەلاّیەتی دەکردەوە، ئەوەش بە چاولێکەری خۆرئاوا. لێرەوە پرۆسەی بە خۆرئاوایی کردن کە هەر لە دەمی سەرهەلّدانی گروپە عەلمانیە خۆرئاواخوازەکانەوە سەری هەلّدابوو، بەشێوازێکی بەرفراوان خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە . واتا قۆناغی نوێگەری درێژە پێدەری قۆناغی

چاكسازی بوو . پاش ئەوەی ئیستعماری خۆرئاوایی ڕووبەڕووی جەنگ و هێرشی سەربازی بویەوە و نەیتوانی درێژە بە داگیرکاری خۆرهەلاتی ئیسلامی بدات، ئەمجار جەنگی داگیرکاری فکری لەسەر گەلانی ئیسلامی چڕ کردەوە، بەهاوکاری پارت و ڕێکخراوە و دەوڵەتانی عەلمانی خۆرهەلایەتی، بەمشێوەیە پرۆسەی بەخۆرئاوایی کردنی گەلانی ئیسلامیان وەڕێخرا .

کۆ زانیاری ئیسلامی بە خۆرئاوایی کردن دەناسێنێت بە: بزاوتێکی هزری کە خاوەنی ڕەهەندی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرییە، هەوڵی گۆڕینی شێوازی ژیانی گەلان بە گشتی و موسڵمانانیش بە تایبەتی، دەدات، بە شێوازی خۆرئاوایی، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گیانی سەربەخۆیی و تایبەتمەندی بێهاوتایان، لەپێناو دەستەبەسەرداگرتنیان و بە پاشکۆکردنیان بۆ شارستانیەتی خۆرئاوا، بە شێوەیەکی گشتگیر .[161]

بەم شێوەیە عەلمانیەکان لە بری قورئان و سونەت و شوێنکەوتنی پێشینانی موسڵمانان، خۆرئاوایان کردە سەرمەشق بۆ خۆیان، لە فکر و بیرو بۆچوون و لە ئەخلاق و ڕەوشتیان، شوێنیان کەوتن و تقلیدیان کردنەوە و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەکانی ئەوانیان لە بری ئیسلام پەسەند کرد . دەستور و یاسای دانراوی خۆرئاوایان خستە بری شەریعەت . هەروەها لەبری بوژاندنەوەی شارستانیەتی ئیسلام و سەربەخۆبوون، بوونە پاشکۆی خۆرئاوا و شوێنیان کەوتن لە هەموو ئەفکار و ڕەفتارێکیان دا، هەروەك پێغەمبەر (ص) فەرموویەتی (لتتبعن سنن من كان قبلكم شبرابشبرا، وذراعيا بذراع، حتى لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم قلنا : يارسول الله اليهود والنصارى ؟ قال: فمن ؟!.[162]) بەم هۆیەوە دەتوانین قۆناغی نوێگەری و پێشکەوتنخوازی بە قۆناغی بە خۆرئاوایی کردنی گەلانی ئیسلامی دابنێین، کە بەرەی عەلمانی خۆرئاوایان وەك پێشەنگێك بۆ تەواوی گەلانی خۆرهەلاتی پەسەندکرد، تا چاوی لێبکەن و هەمان ڕێچکەی ئەوان بگرنە بەر لە ژیانیاندا و پێڕەوییان لێبکەن .

پرۆسەی بە خۆرئاوایکردن بە پشتیوانی ئیستعمار و بە سوودوەرگرتن لە بزاوتی تبشیری و ئەزموونی ڕۆژهەلاتناسان و کەمینە دیانەکانی نێو خودی جیهانی ئیسلامی بەڕێوەچوو، سەرەتای پرۆسەکەش بە بلاوکردنەوەی ئەفکار و باوەڕ و ئایدۆلۆژیا خۆرئاواییەکان و تەشەنە پێدانیان لە نێو گەلانی ئیسلامی دا دەستی پێکرد، ئیدی خۆرهەلاتی ئیسلامی بوویە بازاڕی ساخکردنەوەی گشت ئەفکار و ئایدۆلۆیایەکی پواوی خۆرئاوایی، لەوانیش عەلمانیەت، لیبراڵیەت، شیوعیەت، سەرمایەداری، ئیشتراکیەت، دیموکراتیەت و نەتەوە پەرستی و....هتد. هاوشان لەگەڵ وەرگێران و بلاوکردنەوەی گشت گریمانە و بیردۆز و فەلسەفەکانی کۆن و نوێی خۆرئاوا، هەر لە ئەفلاتون و سوقراتی یۆنانی کۆنەوە بگرە بۆ باوەڕەکانی دیکارت و ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر و هەروەها فەلسەفە و بیردۆزە مادديەکانی داروین و فرۆید و مارکس و...هتد. بەم شێوەیە گەلانی ئیسلامیان ڕوبەڕوی بۆردومانی چڕوپڕی فەلسەفە و بیردۆز و ئایدۆلۆژیا خۆرئاواییەکان کردەوە و کەوتنە داگیرکردنی فکری بیر و هۆشی تاکەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی،

---

١٦١-الثريات العلميه الحديپه مسيرتها الفكريه و اسلوب الفكرى التغريبى العربى فى تعامل معها دراسه نقديه-د.حسن بن محمد حسن الاپمرى-ل٤٩-٥٠

١٦٢-فى الصحيحين من حديپ ابى سعيد الخدرى(رچ)، البخارب برقم(٧٣٢٠)، الاعتصام، باب قول النبى(ص): (لتتبعن سنن من كان قبلكم)، و عند مسلم، برقم(٢٦٦٩)، كتاب العلم، باب اتباع سنن اليهود و النصارى.

لەسەر بنەمای ئەم فکر و باوەر و ئایدۆلۆژیا مادییە خۆرئاواییانەش، چەندین پارت ورێکخراوی سیاسی و چەکداری ڕاگەیەنران . ئەمجار ئەوانیش بە دروشم و بانگەشەکانی ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتنخوازی گوێی مرۆڤی خۆرهەلاتیان سیخناخ کرد . تەواوی ئەو بانگەشانەیان لەسەر هەمان نەهجی خۆرئاوایی بوو، لەگەڵ کشانەوەی ئیستعمار لە ولاتانی ئیسلامی، هەریەکە لەو پارت و ڕێکخراوە خۆرئاواخوازانە بوونە فەرمانڕەوا و دەستەلاتی دەولەتیان بە دەستەوە گرت . هەڵبەت بە پشتیوانی خودی خۆرئاوا، کەبەچەك و دراو و ڕاگەیاندن کۆمەکییان دەکردن . چ لەنێو خۆی نەتەوەکانیان و چ لەسەر ئاستی نێودەولەتی .

پاش پێکهێنانی دەوڵەت، هەریەکە لەو پارتە خۆرئاواخوازانە، لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیا خۆرئاوایییەکان و بە پێی بنەماکانی، کەوتنە دارشتنەوەی دەستور و یاساو بونیاتنانەوەی دەوڵەت و دامەزراووەکانی، لەپاش یاسا و ڕێسای دەوڵەت و دادگاکان، پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن پشکی شێریان لە پرۆسەی بە خۆرئاوایی کردن بەرکەوت . دەوڵەتانی عەلمانی خۆرهەلات دەستیانکردە ڕەواجدان بە داب و نەریتە خۆرئاوایییەکانی لە نمونەی تێکەڵی دووو ڕەگەز و ئاسای کردنەوەی نێوانیان و لە هەمانکات کارکردن بۆ داماڵینی حیجاب و پۆشاکی ئیسلامی و هەروەها پەرەپێدانی جلوبەرگی خۆرئاوایی .

بە چاولێگەری خۆرئاوا، دەوڵەتانی عەلمانی خۆرهەلاتی لەهەر شار و شارۆچکەیەکی سنوری دەستەلاتیان دەیان و سەدان نادی و بارِ و یانەی بەدڕەفتی و قومار و هاوشێوەکانیان دامەزراند و وەك دیاردەی پێشکەوتوخوازیش پاگەندەیان بۆ بونیان دەکرد، هەروەك ئاستی پێشکەوتویی هەرکەس و گەلێکیشیان وابەستەکردەوە بە ڕادەی چاولێگەری پاشکۆبوونی بۆ خۆرئاوا .

دەوڵەتانی عەلمانی خۆرهەلاتی کەوتنە لە کارخستنی ئەو چەند ئەحکامەی شەریعەت کە لە دەمی ئیستعماردا نەتوانرابوو فەرامۆش بکرێن، لەوانیش ئەحکامەکانی فرە ژنی و تەلاق و میرات و کوشتن، بە یاسای خۆرئاوایی جێیان گیرایەوە . لە هەمانکات دەوڵەتانی عەلمانی کەوتنە لە قاڵبدانی تەواوی چالاکییە ئایینەیەکان و بەرتەسکردنەوەی مەودای کاری ئیسلامی، لە نمونەی ئەوەش یاساغ کردنی وانەی پەروەردەی ئاینی لە خوێندنگاکان و هەڵوەشاندنەوەی کۆلێژ و پەیمانگا ئاینیەکان، یاخود کەمکردنەوەیان . وەك چالاکی فێرکاری وخێرخوازی نێو مزگەوتەکانیشیان یاساغ کرد، جگە لە نوێژو وتاری هەینی، ئەویش بە دیاریکراوی . دەوڵەتانی عەلمانی دەستیان کردە هاوردەکردنی داب و نەریتی خۆرئاوایی لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا، لە نمونەی جەژنی سەری ساڵ و پشوی شەمان و ساڵی زاینی و بۆنە و ئاهەنگ و ڤستیڤاڵی جۆراو جۆر . هەروەها تقلیدکردنەوەیان لە پێکهێنانی بۆنەی نەتەوایەتی و دروستکردنی جەژنی نەتەوەی جۆراوجۆر، لەهەمانکات فەرامۆشکردنی جەژن و بۆنە و نەریتە ئیسلامیەکان .

نوسەرانی(نائاینی) عەلمانی بۆچوون و باوەڕەکانیان تەنها لەخۆرئاواوە وەردەگرن، هەڵوێستشیان لەهەمبەر ئیسلام بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی یاخود بەد گومانی لێی، وەیان پەراویز خستن و فەرامۆشکردنی،

لەنێوان پوخڵەواتیەکانی کوفری شوعیەت و ئیشتراکیەت و لیبراڵیەتدا ئەمبەرا و بەریان دەکرد .(١٦٣)، ئەوەی کە لێیان وەرگیراوە لە توێژنەوەکاندا و لە تەواوی بەڵگەکان لەسەر ئەو بابەتە، زۆرینەی قوتابخانە ئەدەبیە نوێیەکان کە وەستاون لەسەر یەکسانی خوازی، لە بانگەشەی باوەڕی مادی و خورافیەکان و بەرگری لێکردنیان، وەك هەریەکە لە قوتابخانەی عەلمانی لیبراڵی و نەتەوە پەرستی عەلمانی یان مارکسی، یاخود سەربەستی بەدرەفتی، وەیان خاچپەرستی، یاشان بتپەرستی کە سەرجەمیان بە تێکڕایی سەرباری ناکۆکی پرۆگرام و جیاوازی ڕێکارەکانیان، هەموویان لەیەك بەرەی فراوانی دژ بە ئاین و ڕەوشتی کۆمەڵگادان لەژێر ناونیشانی (نوێگەری)دا. لە گرنگترین بنەماو بانگەشەکانیان ئەمانەن :

*بانگەشەکردن بۆ فرەی بتپەرستی و دژ وەستانەوەی یەکتاپەرستی، هەروەها گۆڕینی فرەیی بتپەرستی بۆ فرەی فکری و سیاسی، هاوکات یەکتاپەرستی یان وەك بنەمای توندڕەوەی و نەفامی و دواکەوتووی وەسف کرد .

* گوتیان ڕاستی ڕەها و حەقیقەتی تاکانە بوونی نیە .

* بانگەشەی ڕێدانی فەسادی و دەرچوون لە ئیلتزاماتەکانیان کرد، لەگەڵ تیکشکاندنی پێوەرەکانی حەرام وحەلاڵ .

*بانگەشەکردن بۆ جێگیرکردنی تێگەیشتنە نوێیەکان، لەگەڵ دۆزینەوەی تێگەیشتنی گشتگیر و بەشەکی نوێ .

*هێرشکردنە سەر کەلەپور و ڕۆشنبیری ئیسلامی بەتایبەتی .

*بانگەشەکردن بۆ ڕەتکردنەوە و یاخی بوون و شۆڕشکردن بەسەر هەموو شتێکدا، لەگەڵ هەڵگەڕانەوە بەسەر بنەما و تێگەیشتنەکان بە گشتی .

* بە خواکردنی مرۆڤ ، بە ئامانج و مەبەست دانانی مرۆڤ .

*پیرۆزکردنی گشتاندن و ئاڵۆزکردن، دژایەتی کردنی تێگەیشتن و ڕوونیی .

*بانگەشەکردن بۆ دەرچوون لە سروشتی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی فیترەت و پێچەوانەکردنی.

* پێداچوونەوەکردن بە هەموو شتێکدا، وە پیڕەوی کردنی گومانکردن لە هەمبەر بابەتەکان.

* بانگەشەکردن بۆ ڕەتکردنەوەی ڕابردوو، نەیاریکردنی تێگەیشتنەکانی و جودا بوونەوە لێی و دژ وەستانەوەی .

*دارماندنی هەر بۆچوونێکی چەسپاو، گوتیان هەموو شتێك دەگۆڕێت و پێشدەکەوێت، هەر هزرو بابەتێکی چەسپاویش نەفامی و شورەییە .

*بانگەشەکردن بۆ بەخواکردنی عەقڵ و زانستی مادی، پاگەندەی ئەوەیان کرد کە ئازادی عەقڵ بە تێگەیشتی نوێگەرایی بنەمای هەموو هەستانەوە و پێشکەوتنێکە .

*گوتیان ئازادی بۆ مرۆڤ بەرقەرارنابێت، هەتا شەریعەت هەڵنەوەشێنرێتەوە، لەگەڵ غەیبیات و ئەخلاق دا .

*ڕەفزی پەرستنی خودایان کرد، بەپاساوی ئەوەی کە هۆکاری نەفامی وشکستە، پاگەندەی ئەوەیانکرد کە هەستانەوە ڕوونادات هەتا ئاین جودانەکرێتەوە لە ژیان و دانەبڕێنرێت لە چالاکیەکانی مرۆڤ، لەگەڵ گواستنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری لە ئاسمانەوە بۆ زەمین .

---

١٦٣– العقدي في أدب الحداثة وفكرها دراسة نقدية شرعية –د.سعيد بن ناصر الغامدي–ل٥٢ .

*پشتگیری کردنی وێرانکاری و ئاژاوە و لەقکردنی فکر و باوەڕە بنج داکوتاوەکان و پەراوێز خستیان، هەروەها دارِماندنی ژیان، یەکەمین ئەرکیانە، لە نیشانەکانیان قەلەقی و پەستی و شێتی و ئاژاوە و یاخی بوونە .
*بانگەشەکردن بۆ وێرانکردنی پیرۆزییەکان، هەڵوەشاندنەوەی پیرۆزیەکان و پیسکردنیان .
*سەرکۆنەکردنی عەقڵ و هۆشیاری و بنەماکانی زانست و سیستمی باو، هەر شتێکیش کە مرۆڤ پێی ئاشنا بێت، لەگەڵ هەموو دامەزراوەیەکی چەسپاو .
* هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەهاو پێوەرێك، لەگەڵ شێواندنی تەواوی پێوانەکانی ڕابردوو .
*دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەوەی، کە هەرچیەك وەردەگیرێت لە تەقەنیانی خۆرئاوا، ئەوا پێویستە فکر و ڕۆشنبیری و فەلسەفە و ڕێباز و قیەمەکەشی وەربگیرێت .
*پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە نوێگەرایی تێڕوانینێکی گشتگیرە بۆ ژیان و بوون، عەقیدەکەی نوسراوەیەکی تاەتاییە، هەروەها تێگەیشتنێکی شارستانی تەواو و گشتگیرە.(١٦٤)

نوێگەرایی و پێشکەوتنخوازی تەنها لە ئاین و بنەما پیرۆزەکانی دا کورت هەڵات و کۆششیان کرد بۆ گۆڕینی هەموو ئەوەی کە باوەڕ و شەریعەتی ئیسلامی بونیاتی نابوو، لە هەمانکات جێگرتنەوەی بە باوەڕ و دەستور و نەریتی خۆرئاوایی . هۆی ئەم تقلیدکردنەوی خۆرئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خودی خۆرئاوا بیرۆکە و پڕۆژەی نوێگەری یان لەنێو جیهانی ئیسلامی خولقاند، موژدەدەرانی مەسیحی و ڕۆژهەلاتناسان لە دانەرانی بەردی بناغەی ئەم پڕۆژە پیلانە بوون . لە سەرەتای هاتنی ئیستعمار بۆ نێو جیهانی ئیسلامی، کەسانی موژدەدەری مەسیحی دەستیان کردە بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی فریودەرانە دەرحەق بە ئاینی ئیسلام، گوتیان ئەم ئیسلامە هۆکار و سەرچاوەی گشت نەفامی و دواکەوتوی و هەژارییەکی ئێوەی گەلانی موسڵمانە و تا خۆتانی لێ ڕزگارنەکەن چاوەڕوانی زانست و پێشکەوتن و ئازادی مەکەن . لە هەمانکات ڕۆژهەلاتناسان بە سەختی کەوتنە لێدانی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەت و تەواوی بەهاو قیەم وداب و نەریتەکانی، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گومانیان لەسەر ئەم ئاینە دروستکرد و قورئانیان بە دانراوی خودی پێغەمبەر(ص) دایە قەڵەم و تەفسیرەکانیشیان بە کۆن و دواکەوتوانە وەسف کرد و فەرموودەشیان بە گوفتاری ئاسای ڕۆژانەی مرۆڤێکی سادە چواند . هەروەها لە کتێب و نوسراوەکانیاندا هەوڵیاندا ئیسلام وەك ئاینێکی ڕۆحانی تاکەکەسی وێنا بکەن و دووری بخەنەوە لە دەوڵەت و سیاسەت و چالاکی ئابوری و کاروبارە کۆمەلایەتیەکان . لە پاشترو لەنێو خۆرئاواخوازانی عەلمانی نێو جیهانی ئیسلامی دا، نوخبەیەك سەری وەدەرنا و لەسەر هەما ڕێبازی تەبشیری و ڕۆژهەلاتناسان کەوتنە تەشەردان لە ئیسلام و دەستیان کردە دووبارە خوێندنەوەی ئەم ئاینە و تەفسیرکردنەوەی . شومارێك لە نوسەرانی عەلمانی داوای دوبارە چاکسازیکردنی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەیان دەکرد، هەڵبەتە لەسەر هەمان شێوازی خۆرئاوایی . لەنمونەی ئەو کەسایەتیانەش :

دکتۆر تەها حسین کە خوێندکاری (کازانوڤا )بوو، بانگەشەی چاکسازی دەکرد و بەرەنگاری ئەزهەر بوویەوە، بە خراپتر لە مامۆستا ڕۆژهەلاتناسە مەسیحییەکانی،

---

١٦٤– الانحراف العقدى فى أدب الحداثه وفكرها دراسه نقديه شرعيه –د.سعيد بن ناصر الغامدى–ل٥٢–٥٤ .

داوای ڕزگاربوون له عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاستی دەکرد!! هەروەك بەردەوام دووبارەی دەکردەوە .(١٦٥) ئەم زاراوەیەش خۆرئاواییە و پێوەندی بە سەدە تاریکەکانی فەرمانڕەوایی کڵێساوە هەیە، مەبەستی تەها حسێن و باقی عەلمانیەکانی دی لە بەکاربردنی زاراوە خۆرئاواییەکانی دیکەی لە بابەت، ئسولی، رادیکاڵی، شمولی، ئیرهابی، کۆنەپارێز، ڕابردووخواز ،...هتد، دژ بە ئیسلام و تەواوی بزاڤە ئیسلامیەکان بۆ ناچارکردنیانە لە دەسبەرداربوون لە شەریعەت و ملکەچ کردنیانە بۆ دەستوری عەلمانیەت و یاساو ڕێسا خۆرئاواییەکان، لەهەمانکات غافڵ کردنی گەلانی ئیسلامیە لە ئاینەکەیان و لە بنەما و نەزمی فەرمانڕەوای ئیسلامی، هەروەها بۆ بارهێنانیانە بە چەمکە خۆرئاواییەکانی لە چەشنی لیبراڵیەت و دیموکراسیەت و مەدەنیەت و هتد، تاوەك تاکە چارەسەر و بەدیل و نمونەی بێهاوتای سیستمی حوکمڕانی پێش چاویانی بخەن .

قۆناغی نوێگەری و پێشکەوتنخوازی، کەلە ڕاستی دا قۆناغی بە خۆرئاوایی کردنی یاسا و ڕێسا و داب ونەریت و شێوازی بیر و ڕەوشتی گەلانی ئیسلامی بوو، دوایی پێهات، وەلێ جیهانی ئیسلامی لەژێر دەستەلاتی عەلمانیەکاندا و لەسایەی پڕۆژەکانیاندا هیچ بەرەو پێش چوونێکی زانستی بە خۆوە نەدی، بەڵکو لە بری زانست و زانیاری، ئەفکار و ڕەفتارە بەدەکانی خۆرئاوا لەنێو گەلانی ئیسلامی ڕوویان لە پەرەگرتن گرت، لە نمونەی ئەوانەش، عەلمانیەت و و لیبراڵیەت وشیوعیەت،...هتد. هەروەها دروستبونی دەیان وسەدان پارت ورێکخراوی لادینی و ئیلحادی، لەگەڵ تەشەنەسەندنی بەدڕەفتی ئەخلاقی وەك تێکەڵی دوو ڕەگەز و بڵاوبونەوەی دیاردەی سفوری ئافرەتان و بەکاربردنی پۆشاکی خۆرئاوای، هەروەها زێدەبوونی ژمارەی نادی و باڕ و یانەکانی فسادی لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ولاٚتانی ئیسلامی. هەموو ئەمانەی باسیان لێوەکرا دەستکەوتی ئەو نوێگەری و پێشکەوتنخوازییە بوون. لێرەوە گەلانی ئیسلامی دەرکیان بە مەرامی ڕەوتی عەلمانی و تەواوی پڕۆژە و پیلانەکانیان کرد، بۆیەش مەیلی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی ئیسلامی و بیناکردنەوەی ئەو شارستانیەتە مێژوویە، سەری هەڵدایەوە و دەیان و سەدان ڕەوت و بزاوت و پارتی ئیسلامخواز کەوتنە چالاکی، بەم دەستپێکە سەردەمی شکستی عەلمانیەت و داشکانی ئاستی جەماوەری بزاوت و ڕێکخراو و پارتە خۆرئاواخوازەکان دەستی پێکرد . وەلێ لە ئەمێستاش دا عەلمانیەکان پڕۆژە پیلانێکی دیيان گەلاڵە کردۆتەوە بە نێوی عەقلانیەت و عەقڵگەرایی، تا ئەمجار بەنێوی عەقڵەنەکردنەوە، درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن و بەر بەو شەپۆلە ئیسلام خوازیە بگرن کەلە پاش شکستی قۆناغی چاکسازی و نوێگەرای علمانیەت، سەری وەدەرنا . هەربۆیە ئەمجار بەنێوی عەقلانیەتەوە قۆناغی سێیەمی پڕۆژەی عەلمەنەکردن و بە خۆرئاوای کردن، واتا بە پاشکۆ کردنی گەلانی ئیسلامی درێژە پێ دە دەن .

## عەلمانیەت و پڕۆژەی عەقلانیەت و عەقڵگەرایی:

پڕۆژەی عەقلانیەتی عەلمانیەت لەپاش شکستهێنانی هەردوو پڕۆژە پیلانی چاکسازی و نوێگەرایی هات . بە هۆی ئەوەی کە نەیانتوانی لە ڕێگای ئەم دوو پیلانەوە عەلمەنەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بکەن و هاوشێوەی خۆرئاوا ژیانیان ڕێك بخەنەوە،

١٦٥–مجالات انتشار العلمانية اثروها في المجتمع الاسلامي–د.محمد زين الهادي–ل٦٧ .

عەلمانیەکان ئەنجامی ئەم شکستەیان گەڕاندەوە بۆ ڕەگاژۆ نەبوونی باوەڕەکانی عەلمانیەت لەنیو دڵ و دەروونی تاکەکانی گەلانی ئیسلامیدا، ئەمەش بەهۆی زیندووی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی، کە بە بەهێزی و وەك خۆی لەنێو دڵ ودەروونی موسڵماناندا ماوەتەوە و لەژیانی ڕۆژانەیاندا کاری پێدەکەن، ئیدی عەلمانیەکان ئەمجار لەبری کارکردن بۆ عەلمەنەکردنی دەوڵەت و بە خۆرئاوایی کردن کۆمەڵگا، بڕیاریاندا کار لەسەر خودی ئاینی ئیسلام بکەن . دەستپێکی ئەم کارەیان لەژێر ناونیشانی عەقلانیەت و عەقڵگەرایی دا ڕاگەیاند . ئەم عەقلانیەی عەلمانیەکان بەو واتایە نیە کە ئەقڵ بەکاربرێت بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و تێگەیشتن لێی، بەڵکو ئەم عەقلانیەتە ڕێبازێکی فەلسەفیە کە عەلمانیەکان دەیانەوێت پیادەی بکەن بەسەر ئاینی ئیسلام دا و قورئانی پێ تەفسیربکەنەوە .

عەقلانیەت: بەگشتی مەبەست لێی، ڕێبازێکی فەلسەفیە کە هەموو ئەوەی لە بووندایە دەیانگێڕێتەوە بۆ ژێر بنەما عەقڵییەکان، بەتایبەتی گەورەکردنەوەی عەقڵە لەدژی ئاین، بەواتای پەسەند نەکردنی تەفسیرەکانی ئاینە هەتا هاوڕێك نەبێتەوە لەگەڵ بنەما عەقڵانیەکاندا.(١٦٦) لە ڕاستیدا عەقلانیەت: ( ڕەتکردنەوەی دەقە لە بەرامبەر بۆچونی عەقڵی، یاخود لەهەمبەر ئارەزوودایە و بەس، - بەواتا ئەوەی ئەمڕۆ ناشرینە، دەکرێت جوانی سبەینێ بێت، وە ناشرینەکانی ئەمێستاش لەوانەیە لەڕابردوودا جوان بوبن.(١٦٧)، بەم شێوەیە عەلمانیەکان تەفسیری دەقەکانی قورئان ڕەفز دەکەن، عەقڵی فەلسەفی دەکەنە پێوەر بۆ تێگەیشتن لە واتای ئایەتەکان . ئەم عەقڵە پشت بە پێنج هەستەکە دەبەستێت لەگەڵ زانستی ئەزموونگەری کە هەموو ئەوانەش توانای سەروسەوداکردنیان تەنها لەگەڵ بینراو و بەرجەستەکاندا هەیە نەك لەگەڵ نابەرهەستکاندا . واتا ناکریت لەڕوانگەی عەقڵ و بەبەکاربردنی تاقیگەی زانستی ئەزمونگەری ڕاڤەی دەقە قورئانیەکان بکرێت، بەهۆیی غەیبیانی بونیان . عەقلانیەت فەلسەفەیەکی خۆرئاواییە و لە جیهانی خۆرئاوادا وەك سەرچاوەی تاکانەی خوێندنەوەی بوون و ژیانە و، وەك پێوەرێك بۆ دەستنیشانکردنی گشت بەها و ڕەوشتەکان دیاری کراوە .

عەقلانیەت: لە لاتینیدا واتای( ratio ) ژیری، و زیرەکییە، شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین، کە وەستاوە لەسەر عەقڵ، بەواتا توانای مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی و بە دراسەکردنی زانست، بۆ بڕیاردانی هۆشیارانە، وە دوورکەوتنەوەیە بەپێی توانا لە گوشاری هەست وسۆز و لە هەموو ئاماژەکانی بۆ(بەرژەوەندی) یان لە (دژی) لەپێناو هەڵبژاردنی واتا، بەکۆششکردن و ڕونکردنەوەی گوفتارو ڕەفتارەکان.(١٦٨)

فەلسەفەی عەقلانیەت تەنها گرنگی بە مرۆڤ و بۆچون و خواست و ئارەزواتەکانی مرۆڤ دەدات، هیچ دیدێکی ئاینی لە دانان و دیاری کردنی یاسا و ڕێساکانی ژیان لەبەر چاو ناگرێت، ئەم دیدە توندڕەوانەی عەقڵی خۆرئاوایی دەرحەق بەئاین، دەگەڕێتەوە بۆ جەهلی ئاینی تحریفکراوی مەسیحیەت و ستەمکاری کڵێسا و پیاوانی ئەو ئاینە، لەهەمبەر گەلانی خۆرئاوا، کەلە سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا هەژموونی بەسەر ئەو کیشوەرەدا کردبوو،

---

١٦٦–العقلانيون افراغ المعتزلة العصريون–علي بن حسن بن علي–ل٤٦ .

١٦٧– العقلانيون افراغ المعتزلة العصريون–علي بن حسن بن علي–ل٤٦–٤٧ .

١٦٨–الدموقراطية بين العلمانية والاسلام (د.محمد ةعبدالرزاق عيد ، م.محمد عبدالجبار )....ل٢٥٩ .

بەو هۆیەوە نەفامی و هەژاری و چەوساندنەوە باڵی بەسەر ژیانی گەلانی ئەوروپادا کێشابوو. لەگەڵ ڕزگاربوونیان بە توندی دژی ئەو ئاینەو تەواوی دیدو بۆچوونەکانی وەستانەوە و لە گشت بوارەکانی ژیانیان وەدەریان نا . هەروەك ئاین لە تێگەیشتنی ئەواندا بوویە ڕەمزی خورافات و ئەفسانە .

ئاینی ئیسلام بە پێچەوانەی مەسیحیەت، بایەخی فراوانی بە عەقڵ داوەو پلەو پایەی عەقڵ بەرز دەنرخێنێ، لە چەندین ئایەت دا ئاماژەی پێدەدات . خودای گەورە دەفەرموێت (...لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ).(١٦٩)، یان ( فهم لاَ يَعْقِلُونَ ).(١٧٠) یاخود (...لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُون..).(١٧١) هەروەها ئایەتی ( وَلَوْ كَانُوا لاَ يَعْقِلُونَ ).(١٧٢)، هەموو ئەم ئایەتانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلام بەر لە هەر کەس و لایەنێك بەهای عەقڵی مرۆڤی زانیوە و داوای بەکاربردنی کردووە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت ( أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِمْ ).(١٧٣) یان ( قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلاَ تَتَفَكَّرُونَ ).(١٧٤) یاخود ئایەتی ( لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ).(١٧٥) هەروەها دەفەرمێت ( أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَادَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا ).(١٧٦) هەروەك مێژووی ئیسلام بۆخۆشی ڕەمزی درەوشانەوەی عەقڵ و زانستە، ئەمە بە ئاشکرا لە دەمی فەرمانڕەوایی عەباسیەکاندا دەرکەوت، هەروەها لە ئەندەلوس، لەوێوە ڕوناکی زانست و زانیاری بۆ ئەوروپا گواسترایەوە . بۆیە فەلسەفەی عەقلانیەتی خۆرئاوایی بە هیچ پاساوێك بەسەر ئایینی ئیسلامدا جێبەجێ ناکرێت .

لە مێژووی ئیسلام دا چەندین بزاوت و ڕەوتی جیاواز لەژێر ناوی جۆراوجۆردا، وەدەرکەوتوون کە هەمان مەبەست و مەرامی عەلمانیە هەبووە، ئەویش بە لەکارخستنی دەقەکانی ئەم ئاینە و سەپاندنی دید و بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر تەفسیری ئایەتەکانی دا بە پاساوی عەقلانیەت و عەقڵگەراییەوە، لە نمونەی ئەوانەش موعتەزیلە و بەهائی ....هتد.
موعتەزیلە پێیان وایە کە عەقڵ سەرچاوەی بنەڕەتیە بۆ دامەزراندنی باوەڕ وسەلماندنی، بێجگە لەویش سەرچاوەکانی دی ناوەندین و دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو و شەرعیەت لە عەقڵەوە وەردەگرن، بەواتا ئەو سەرچاوانە بەشەکیین و متمانەیان پێ ناکرێت چ بەکۆ وە یان بە تاك، وەك دادوەر عبدوجبار ئەو سەرچاوانەمان پیشان دەدات، کە لێیانەوە وەردەگیرێت، یەکەمیان بەڵگەی عەقڵی، بۆ جیاکردنەوەی باش و خراپ، پێی وایە قورئان بەڵگەیە، هەروەها سونەت و کۆڕاش . ئەم شێوازە ڕێکخستنە جێگای سەرسوڕمانە، کە گومانی وایە قورئان و سوونەت و کۆڕای زانایان تەنها بەڵگەیە، گومانیان وایە کە عەقڵ ڕێنیشاندەری کاروبارەکان و هەروەها بڕیاردەێکی دی نیە جگە لەو. گوایا خودای گەورە کەسی نەدواندووە، جگە لە ئەهلی عەقڵ نەبێت،

---

١٦٩–القران الكريم –سورة البقرة –الاية –٢٤٢ .
١٧٠ –القران الكريم –سورة البقرة –الاية– ١٧١ .
١٧١–القران الكريم –سورة الحج–الاية–٤٦ .
٢١٧– القران الكريم –سورة اليونس –الاية ٤٢ .
٣١٧– القران الكريم –سورة الروم–الاية–٨ .
١٧٤– القران الكريم –سورة الانعام–الاية–٥٠ .
١٧٥– القران الكريم –سورة البقرة–الاية–٢٦٦ .
١٧٦– القران الكريم –سورة سباء–الاية–٤٦ .

بەم هۆیەوە قورئان بە بەڵگە دەناسێنێت، سونەت وکۆڕای زانایان وەك بنەمایەکی ئەم بوارە ناوزەندەکەن .(١٧٧)، بەم پاساوەیان ڕەوتی موعتەزیلە شەریعەتیان هەڵوەشاندەوە و زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەریان ڕەتکردەوە، بۆ خۆیان و لەڕوانگەی بۆچوونی عەقڵیانەوە کەوتنە داتاشینی تەئویلاتی ناڕاست بۆ ئایەتەکانی قورئان، بە شێوازێك کە ئەو تفسیرەی موعتەزیلەکان بۆ قورئانیان دارِشت زۆر جیاواز بوو لەوی پێغەمبەر(ص) هەروەها لەوی هاوەڵان و زانایانی ئومەتی ئیسلامیش جودا بوو . هەروەك ئەو تەئویلاتانەشیان لەگەڵ واتای خودی دەقە قورئانیەکەدا یەکی نەدەگرتەوە، لە خراپترین گوفتاریشیان دەرحەق بە سەرچاوەی بنەڕەتی ئیسلام کە قورئانە، ئەوەبوو دەیانگوت ئەم قورئانە دروستکراو(مخلق)ی خودایە نەك گوتەی خودا .

**موعتەزیلە:** قەوارەیەکی فکرین و ناسنامەیا جیاواز بووە لە گروپەکانی دی، ئەم شوناسەیان وەستاوە لەسەر ڕستێك باوەڕی ئازاد و گریمانە و کردەوە، کەبە ئیجتیهاد کردن بڕیاریان لەسەر دەدا، بۆ زاڵکردنی گۆشەنیگای تێڕوانینی خۆیان بەسەر باس و بابەتە دیاریکراوەکان، لەماوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکادا .(١٧٨)
موعتەزیلە تاکە گرووپێك نەبوون کە لە موسڵمانان جیابووبنەوە و لە ڕێبازی سەلەف لایان دابێت و شوێنی عەقڵی خۆیان کەوتبن، بەڵکو لە مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵەی ئیسلامدا، دەیان گروپی دی لایانداوە و لە ژێر ناوی دیکەدا خۆیان بەیان کردووە و بەبێ گەڕانەوە بۆ پێغەمبەر (ص) فەرموودەکانی، وە بێ ڕەچاوکردنی تفسیری زانایانی ئیسلامی، بۆ خۆیان و بەپێی خواست و بۆچوونی عەقڵیان دووبارە تەفسیری قورئانیان دارِشتۆتەوە. لەو گروپانەی دی وەك بابی یان بهائی، قادیانی، جهمی، أشاعرە، ماتوریدی،....هتد، هەریەك لەمانەش کەم تا زۆر لە ئیسلام لایان داوە وشێوازێك لە ئایینداری نوێیان داهێناوە .

**بزاوتی بابی:** بۆ یەکەم جار لە ئێران دەرکەوت، لەسەدەی حەڤدەیەمدا ئەم بزاوتە ئیلحادی و نەیار بە ئیسلام، بووە، ئەندامەکانی ئەم بزوتنەوەیە گوماناوی بوون، و هەوڵی تەشەنەپێدانی فیتنە و بڵاوکردنەوەی ئیلحادیان لە نێو ڕیزەکانی خەڵکی داوە لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە دزێوەکانیان لە هەمبەر ئیسلامدا.(١٧٩) بابیەکان جگە لە عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی دەستیان وەردایە ڕەسم و سروت و پەرستشەکانی ئیسلام و ڕکاتەکانی نوێژیان کەم کردەوە و قیبلەیان گۆڕی و ڕۆژووشیان کردە نۆزدە ڕۆژ.

**بهائی:** کەڕێبازەکەیان درێژکراوەی بابیە، بانگەشەی ئەوەیانکرد شەریعەتی ئیسلامی هەڵوەشاوەتەوە و کۆتای پێهاتوە و حوکمەکانی پوچ بۆتەوە و پێویستە بەحوکم و نوێژ و پەرستشی نوێ جێگایان بگیرێتەوە .(١٨٠)، لەم ڕۆشدا عەلمانیەکان هەمان ئەم بانگەشانە دەکەن و داوای گۆڕینی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن، هەندێك لەمەش زیاتر دەڕۆن و نەك گۆڕینی ئەحکامەکانی، بەڵکو پەرستشەکانیشی بە پێویست نازانن .

---

١٧٧ منهج المعتزلة في توحيد الاسماء والصفات عرض و نقض–عبداللطيف بن رياض –منهج عبداللطيف–ل٧٩ .
١٧٨– تاويل القران عند المعتزلة من خلال تفسير "الكشاف"للزمخشرى –خالد سومانى–ل١٨ .
١٧٩–الاعلاء الاسلامى للعقل البشرى –د. بلبغ حمدى اسماعيل –ل٢٤ .
١٨٠– البهائية وجذورها البابية –د. عامر النجار –ل٧٧ .

وه بزاوتی (جهمیه ): كه یه‌كێك بوو له گروپه فه‌لسه‌فیه‌كان و له‌سه‌ر ئیسلام بینا كرابوو، سه‌ره‌تای په‌رته‌وازه‌یی و جودابوونه‌وه و ناكۆكی نێو ئومه‌ت بوون، گوته‌ی خۆیان به‌سه‌ر قورئان و سونت دا پێشده‌خست .(١٨١) قورئانیان به مخلوق ده‌زانی و نكۆڵی زۆرێك له غه‌یبیاته ده‌كرد . هه‌روه‌ك ئایدیۆلۆژیا و فه‌لسه‌فه‌ی عه‌لمانیه‌تیش ڕه‌فزی غه‌یب ده‌كات، عه‌لمانیه‌كانی جیهانی ئیسلامی نكۆڵی له زۆرێك له غه‌یبیاته‌كانی ئیسلام ده‌كه‌ن به پاساوی ئه‌وه‌ی كه زانست پشت ڕاسیان ناكاته‌وه .

هه‌روه‌ها ئه‌شعری: كه گرووپێكی فه‌لسه‌فی بوون ته‌ئویلی سیفاته‌كانیان ده‌كرد به زۆر و زۆرلێكردن، له‌لایه‌ن ئه‌بو حه‌سه‌نی ئه‌شعه‌رییه‌وه دامه‌زێنراوه.(١٨٢) ماتوریدیش: كه گروپێكی فه‌لسه‌فی بوون ته‌ئویلی سیفاته‌كانیان ده‌كرد به‌فراوانی . له‌لایه‌ن ئه‌بو منصوری ماتوریدیه‌وه دامه‌زرێنرا .(١٨٣)، موعته‌زیله‌ش پێچه‌وانه‌ی سه‌له‌ف له عه‌قیده گه‌یشتبوون، ئه‌و ڕێگایه‌ش به‌كاریان برد بۆتێگه‌یشتن لیێ، عه‌قڵی په‌تی بوو، بڕیاره‌كانی عه‌قڵیان جێبه‌جێكرد به‌سه‌ر حوكمه‌كانی عه‌قیده‌ی ئاینی دا، ئه‌م قوتابخانه‌یه گه‌وره‌ترین قوتابخانه‌ی عه‌قڵی بوو له جیهانی ئیسلامی دا، كه پاساوه‌كانی عه‌ه‌قڵیان به‌سه‌رچاوه‌ی مه‌عریفه دانا.(١٨٤) قادیبیه‌كانیش، له هیندستان هه‌مانكاریان كرد و ڕه‌فزی ته‌فسیری پێغه‌مبه‌ر (ص) كرد له‌گه‌ڵ ته‌فسیری باقی زانایانی دیكه‌ی ئیسلام . ڕێبه‌رانی ئه‌و ڕه‌وته بۆ خۆیان و به‌پێی بۆچوون و تێگه‌یشتنی عه‌قڵی خۆیان كه‌وتنه ڕاڤه‌كردنی قورئان . میرزا محمود ته‌فسیری قورئانی كردۆته‌وه به‌نێوی (تفسیرالكبر) كه ده به‌رگه، له‌ڕاستیدا ئه‌م ته‌فسیره ئاماژه‌یه‌كه له گاڵته‌جاڕی و ته‌ئویلاتی گه‌وجان، له كتێبێكی دیدا كه‌له‌سه‌ر ژیانی باوكی نوسیویه‌تی، باوكی وه‌ك مهدی به‌ڵێندراو ناوده‌بات، كۆمه‌ڵه‌ی قادیانه‌كان له زه‌مه‌نی ئه‌و دا و له ژێر چاودێری ئینگلیزدا هه‌لیان قۆسته‌وه بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی باوه‌ڕه‌كه‌یان له له‌نده‌ن و له وڵاتانی بیانی دیكه‌دا، میرزا محمودیش به‌رده‌وامبوو له‌سه‌ر خیلافه‌تی ئه‌و هه‌تا له‌ساڵی ١٩٦٥ز كۆچی كرد .(١٨٥)

بیروباوه‌ڕی جه‌همی و موعته‌زیله و بابی و بهائیش، له‌ژێر كارتێكه‌ری فكرو فه‌لسه‌فه‌ی خۆرئاوا و به هۆی بۆچونی عه‌قڵه وه سه‌ریان هه‌ڵدا . جه‌همی و موعته‌زیله به فكر و فه‌لسه‌فه‌ی كۆنی یۆنانی كاریگه‌ربوون، ئه‌وانی دیش به فكری نوێی خۆرئاوا. عه‌لمانیه‌تیش فكرێكی خۆرئاواییه و هه‌ر له‌لایه‌ن ئه‌وانیشه‌وه پشتیوانی لێده‌كرێت و په‌ره‌ی پێده‌درێت له‌نێو گه‌لانی خۆرهه‌ڵاتیدا . له‌هه‌مانكات خۆرئاوای عه‌لمانی له ڕێگای عه‌لمانیه‌كانی خۆرهه‌ڵاته‌وه ده‌یانه‌وێت ئیسلام عه‌لمه‌نه بكه‌ن و دید و بۆچونه‌كانی خۆرئاوا و یاساكانی به‌سه‌ر داسه‌پێنن، ئه‌م ئاینه له پێگه‌ی خۆی وه‌ك (تاقانه ئاینی ڕاستی و دروستی كۆتا زه‌مان ) دابه‌زێنن بۆ ئاستی ئاینه خورافیه‌كانی دی، له‌هه‌مانكات خۆرئاوا و فكر و یاسای خۆرئاوایی بكه‌نه سه‌نته‌ری فكر و باوه‌ڕ و ڕێسای نه‌زمی ژیانی تێكڕای مرۆڤایه‌تی .

---

١٨١–اساس الافتراق في (تعريف المعتزلة و الجهمية و اسباب ظهور الفرق الاسلامية) منتدى دار العقيدة الرضوانية .

١٨٢– نقض عقئد الاشاعرة والماتوريدية – خالد بن على المرضى الغامدى –ل٢١ .

١٨٣ –هه‌مان سه‌رچاوه ل٢١ .

١٨٤–المعتزلة في بغداد و اثرهم في الحياة الفكر و السياسة–احمد شوقي ابراهيم–ل٩٠ .

١٨٥–الاصول الذهبية في الرد على القاديانية –الشيخ منظور احمد شنيوتى –ل٢٤٢ .

عەلمانیەکان جگە لەوەی وەك سەرچاوەی باوەڕ و چاوگی یاسا و ڕێسا لە ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی نارِوانن، لەهەمانکات بە نێوی نوێگەریەوە داوای دووبارە تەفسیرکردنەوەی قورئان دەکەن! لەمەشیاندا تەنها پشت بە عەقڵی خۆیان دەبەستن، هەروەها بانگەشەی هەڵدانەوەی فکری موعتەزیلە دەکەن و دەیانەوێت ئاسەوارە فکریەکانیان لەژێر خاك دەربێننەوە .

موعتەزیلە فکرەی گەورەکردنی عەقڵی مرۆڤیان لەسابتی کوڕی قورەوە وەرگرتووە، کە دەڵێت، عەقڵی مرۆڤ توانای بەسەر زانستی خواییدا هەیە! ئەم عەقڵەی کە بوونی هەیە لە مرۆڤدا بۆ ئەم مەبەستەیە، مرۆڤ بەهۆی عەقڵیەوە دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان جوان و ناشریندا، وە لەنێوان باش و خراپدا . هەر لە کوڕی قورەوە وەرگیراوە کە بەهۆی عەقڵەوە و بەبەڵگە دەتوانرێت لە درووستی ئاین بگەین، بەبێی وەرگرتن لە سەلەفەوە! شوێنەواری ئەمەش بە ڕوونی لە بنەماکانی موعتەزیلەدا دیار (فکر قبل ورود السمع).(١٨٦)

عەلمانیەکانی ئەمڕۆ جگە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص)، تەواوی تەفسیرو بۆچوونی زانایانی سەلەف ڕەفز دەکەن و داوای پچڕاندنی پێوەندی فکری و عەقیدی و تەشریعی ئەمێستای موسڵمانان لەگەڵ سەلەف دەکەن، هەروەك بانگەشەی دروستکردن و پێکهێنانی ئیسلامێکی مۆدێرن دەکەن، بەشێوەیەك کەلەگەڵ فکرو ڕێسا وشێوازی ژیانی خۆرئاوادا یەك بگرێتەوە . بۆ ئەمەش پشت بە فەلسەفە و بیروبۆچوونی خۆرئاوایی دەبەستن هەروەك موعتەزیلە .

موعتەزیلە زۆر کاریگەربوون بە فەلسەفەی یۆنانی، زۆرێك لە بۆچوون و ڕوونکردنەوەکانی خۆیان لەوەوە وەرگرتبوو، وەك لە بەڵگەکانیاندا دەردەکەوێت، پێشەکیش لە پێوەرە پوچەکانیان، تەنانەت لە خوێندنەوەی کتێبە تایبەتەکانیان و لەوانیش (المغنی فی أبواب التوحید و العدل ) و کتێبی ( شرح الاصول الخمسه )ی قازی عبدوجبار، کە ناتوانرێت جیاوازی بکرێت لە نێو ئەوان و کتێبە فەلسەفیەکاندا، هەرچەندە لاپەڕەیەکی زیاتریش بخوێنیتەوە، ئایەتێك یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر(ص) نابینیت مەگەر بە دەگمەن، ئەو کەمانەشیان لەسەر حەق نەهێناوە، بەڵکو بۆ گۆڕینی واتا هێناویانن، بۆ گونجاندیان لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیان یان بەکاربردنیان بۆ بەرگری کردن لێیان .(١٨٧)

## لە سیفەتە هاوبەشەکانی ڕەوتە عقلانیەکان :

١-زیادەڕەویکردن لە داوەری عەقڵ و پێشخستنی بەسەر دەقی شەرعدا .
٢- تەفسیری ئیسلام و عەقیدە و بنەماکانی دەکەن بە تەفسیرێکی عەقلانی مادی، بێ نرخ دانان بۆ دەقەکان، بێ ڕەچاوکردنی ڕێبازی سەلەف، هەروەها بێ زانیاری و بەڵگە .
٣- ڕەتی ئەو فەرموودانە دەکەنەوە کە ناتوانن تەئویلی بکەن بە( متواتر ، احاد ) ەوە، جا دروست بێت یان نا، هیچ بڕیارێکی فەرموودەی (أحاد) لە بواری عەقیدەدا قبوڵ ناکەن .

---

١٨٦–الکلام والفلسفة عند المعتزلة والخوارج – أحمد علي زهرة –ل٨٠ .
١٨٧–لةئةنتةرنيَتةوة–فرقة المعتزلة –فصل السابع– ل ٦ .

٤- تۆمەت لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان دەدەن، بەتایبەتیش لە گێڕەروانی فەرموودە .

٥- نکۆڵی پەرجوو(معجزە ) دەکەن: لەگەڵ زۆرێك لە غەیبیاتەکانی وەك فریشتە و پەری و جادو، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە لای ئەوانەی کە عەقڵ پێش دەخەن بەسەر شەرعدا .

٦- بانگەشەی لێك نزیکردنەوەی ئاینەکان و یەکخستنیان دەکەن .

٧-بانگەشەی نەتەوە پەرستی دەکەن .

٨- شێواندنی واتای لاگیری و دژبوون (الولاْ والبراْ ) .

٩- هەوڵی نوێکردنەوەی ئاین و وازهێنان لە شەریعەتەکەی دەدەن .

١٠-گەورەکردنی کەسایەتیە لادەروو موئحەریفەکان .(١٨٨)

هەموو ئەمانەش هاوشێوەیی بیر و بۆچوونی عەقڵگەراکان دەسەلمێنن، هەر لە دێرینەوە تا ئەمڕۆ، کە خاوەنی یەك فیکرەن، ئەویش پشتکردنە شەریعەت و شوێنکەوتنی عەقڵ و ئارەزوی نەفسی خۆیانە . بەهۆی چوونیەکی باوەڕیانەوەیە کە پشتی یەکدی گرن و بەشان و باهۆی کەسایەتی و ڕەوتە عەقلگەراکاندا هەڵدەڵێن .بۆ نمونە لە بۆچوونی فەلسەفەی عەلمانیەت خودا و گەردوون پێکەوەن، واتا خودا لەنێو بوونی مەخلوقاتەکاندا تواوەتەوە، دەبینی (مەنصوری حەللاج) هەمان بۆچونی هەیە! حەللاج دەبێژێت (بونی خودا لەنێو جەستەی پیاوچاکاندا تواوەتەوە).(١٨٩) هەربۆیە دەبینین لە مڕۆدا عەلمانیەکان وەك پاڵەوانێکی مەزن باسی حەللاج دەکەن، وەك زۆر لاگیری موعتەزیلە و بووچونە خورافیە کانیشیان دەکەن، دەستەلاتی ئیسلامی ئەو دەمانە کە بەرەنگاری ئەو بیروبۆچوونە لادەرانە و کەسانی سەر بەو فکرە ئیلحادییانە بۆتەوە، وەك دژە عەقلانی ناودێر دەکەن و بەتوندی سەرکۆنەی دەکەن .

سەرهەڵدانی بۆچونی فەلسەفی عەقلگەرایی لە نێو موسڵماناندا، دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفیەکانی یۆنانی و دەرکەوتنی زاراوە یۆنانیەکان لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا، ئەوەش لە پاشتردا و لەگەڵ تێپەڕینی کات دا هێدی هێدی کاریگەریان لەسەر هەندێك لە تاکەکان جێهێشت . لەو کتێبە فەلسەفیە یۆنانیە وەرگێڕدراوانەش وەك کتێبی (سروشت )، (ئەودیو سروشت )ی ئەرستۆ، کە لەلایەن (اسحاق الکندی )ەوە وەرگێڕاداوە، گفتوگۆ و جەدەل لەم قۆناغەدا پەرەی گرت بە پێی بابەتەکانی گفتوگۆکردن، ئەوەش بەبێ ڕوونکردنەوەی بنەماکانی ئەم زانستە، هەرەك ئەو هەڵەیەش ئەنجامدرا کە پشت بەسترا بە زانستی عەقڵی ئەرستۆ(١٩٠) بەهەمان شێوەی دەرکەوتنەوەی عەقڵگەرایی لەم ڕۆدا و لە نێو جیهانی ئیسلامی دا، دیسان هەر بەهۆی دزەکردنەوەی فکر و فەلسەفەی خۆرئاواوە بوو بۆ نێو جیهانی ئیسلامی، ئەوەش لەگەڵ هاتنی ئیستعماری خۆرئاوایی بۆ خۆرهەڵات و دەستگردتنی بەسەر گەلانی ئیسلامیدا .

لەگەڵ دروسبوون و سەرهەڵدانی ڕەوتی عەلمانی لە نێو خودی گەلانی ئیسلامیدا، ئیدی ئەم ڕەوتە خۆرئاواخوازانە دەستیانکردە دووبارەکردنەوە و پەرەپێدانی فکر و بۆچوونە هاوردەکراوە خۆرئاواییەکان و لەوانیش عەقلانیەت،

---

١٨٨–التیار العقلی لدی المعتزلة وأثرة فی حیاة المسلمین المعاصرة –د. سهل بن رفاع سهل العتیبی–ل١٦ .

١٨٩–نقض عقئد الاشاعرة والماتوریدیة – خالد بن علی المرضی الغامدی –٢٥٠ .

١٩٠–المعتزلة بین القدیم والحدیث–محمد العبدة–طارق عبالحکیم–ل٣٦ .

لەهەمانکات عەلمانیەکانی خۆرهەلاَت هەولّیانداوە فکر و بۆچونی ڕەوت و بزاڤە لادەرەکانی مێژووی ئیسلام و بەتایبەتی موعتەزیلە، زیندوبکەنەوە و ئیستغلالی بکەن بۆ مەرامی خۆیان، ئەوەش لەژێر ناونیشانی عەقلانیەتدا، تا بەو پاساوەوە درێژە بە پرۆسەی عەلمەنەکردن و بە خۆرئاوایی کردنی ئەفکار و ئەدکاری گەلانی ئیسلامی بدەن .
سەرچاوە مێژوویەکان دەیسەلمێنن کە تێکڕای بزاڤ و ڕەوتە عەقلّگەراکانی جیهانی ئیسلامی، فکر و بۆچوونەکانیان لە خۆرئاواوە وەرگرتوە . یەك ئامانجیشیان هەبووە، کە ئەویش بریتیبووە لە لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلامی و دانانی عەقلّی مرۆڤ لە جێگای، تا مرۆڤ بۆ خۆی و بە پێی خواست و ویستی، یاساو شەریعەت بۆ ژیانی دارێژێت، بە چەشنێك کە لەگەلّ هەواو ئارەزوی خۆی دا بگونجێت، هاوشێوەی ئەمڕۆی خۆرئاوا و عەلمانیەکانی خۆرهەلاَت . عەلمانیەکان ئەم کارەیان بە عەقلّگەرایی ناودێر دەکەن، واتا عەقلّی خۆیان پێشدەخەن بەسەر دەق و فەرموودەدا، کە ئەگەر ئەم کارەی عەلمانیەکانی خۆرئاوا دەرحەق بە مەسیحیەت شتێك لە مەعقولیەتی تێدا بووبێت، ئەوا هەرگیز ئەمە لەگەلّ ئیسلامدا گونجاو نیە، چون وەحی خودایی کاملّ ترە لە بۆچونی عەقلّی مرۆیی . عەقلّی مرۆڤ بۆچونەکانی لاواز و کورتبڕن هەر بۆیە ناکرێت پێش بخرێت بەسەر گوفتاری خودا و پێغەمبەردا(ص)، ئەنجامدانی وەها کارێکیش تەنها پێش خستنی نوقسانێکە بەسەر تەواوێکدا، وە پێشخستنی نەشیاوە بەسەر شیاودا .(١٩١)

لاوازی عەقلّی مرۆڤ چەسپاوە و بیّ توانایە لە گەیشتن بە زۆرێك لە ڕاستیە حاشا هەلّنەگرەکان و لەوانیش بونی زاتی خودا، سیفات و ناوەکانی و فەرمان و کارەکانی لەگەلّ ئەمرو نەهیەکانی، کە تەنها لە ڕێگای وەحیەوە دەزانرێت، ناکرێت عەقلّ ئیجتیهاد لەمانەدا بکات، ناشتوانێت بەم ڕاستیانە بکات لە ڕێگای سەرچاوەیەکی مەعریفی ڕوونەوە نەبێت .(١٩٢) پرۆسەی عەقلّنەکردن درێژە پێدەری عەلمانیەتە و یەك نێوەڕۆك و یەك ئامانجیشیان هەیە. بەکاربردنی ناوی عەقلانیەت لەم ڕۆیا و لای عەلمانیەکان، هۆکارەکەی بێزەون بوونی ناوی عەلمانیەتە لای موسلّمانانی ڕۆژهەلاّتی، هەربۆیە ئەم ناونیشانە نوێیەیان لە بری عەلمانیەت هەلّبژارد .

مەبەست لە عەقلانیەت لای عەلمانیەکان وەك خۆیان دەلّێن بۆ هەموو ناکۆکیەکان و لەهەموو هەلومەرجێك دا، عەقلّ پێش بخرێت وەك بنەما بۆ پەسەندکردن و ڕەفزکردن، بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوە، هاوڕێکن لەسەر ئەوەی کە عەقلانیەت پێویستە لەهەموو کاتێك بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە گریّ و کەموو کورتی، هەروەها بۆ ئازادکردنی مرۆڤ لە هەموو خەیالاّتێك، تەواوی کایەکانی فکر و سیاسەت .....هتد، ملکەچی ئەو عەقلّە دەکەن ، بەمێژوویشەوە.(١٩٣)
ئاشکرایە کە مەبەستی عەلمانیەکان لە ئازادکردنی مرۆڤ لە وەهم و خورافات تەنها ئاینە، وەك دەیانەوێت بەم پاساوەیان هەروەك لە خۆرئاوا و لەلایەن عەلمانیەکانەوە دەستور و یاسای کلّێسا لە کارخرا و هەلّوەشێنرایەوە، عەلمانیەکانی خۆرهەلاّتیش لەپاش لەکارخستنی شەرع، خواستی ئەوە دەکەن گەر پێیان بکرێت، بە هێجگاری شەریعەتی ئیسلامی هەلّوەشێننەوە و تەواوی ئاینی ئیسلام بە عەقیدەو شەریعەتیەوە لەچەند ڕکات نوێژ و چەند ڕۆژێك ڕۆژو گرتن و حەجێکدا کورت هەلّبێنن، بۆ وەدیهێنانی ئەم مەرامەیان پرۆژە پیلانی عەقلّنەکردنی ئیسلام پێشنیاردەکەن .

---

١٩١–نقص أصول العقلانيين –سليمان بن صالح الخراشي–ل١٠٢ .
١٩٢–هەمان سەرضاوة–ل١٠٢ .
١٩٣–جذور الفكر القومي والعلماني– د.عدنان محمد زرزور–ل٢٨ .

## عەلمانیەت و پرۆسەی عەقڵنەکردنی ئیسلام :

عەقلانیەت مەبەست پێی عەقڵ نیە وەك هێزێکی تایبەتمەندی دۆزەرەوە لە هەموو توێژینەوەیەکی فەلسەفی و گریمانەیەکدا، بەڵکو مەبەست لێی تێگەیشتنێکی گشتگیرە لە هۆشی مرۆڤ وەك ئامرازێکی مەعریفی بۆ بەرهەمهێنانی ئەنجامەکان لە بواری زانست و فەلسەفە و ماف و هونەردا، ددان پێدانانی عەقڵ بەتەنیا واتای پەسەندکردنی ئەنجامەکان نیە بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان، بەڵکو بە واتای ئەوەیە کەئەولەویەت بۆ عەقڵی مرۆڤە لە پێش مەعریفەکانی دیکەوە، عەقلانیەت داخراوە لە بەرابەری ئاین دا، وەلێ ڕۆڵی ئاین و ڕێبازەکەی پەسەند دەکات لە کاریگەری دانان لە لایەنی رۆحی و مەعنوی مرۆڤ دا . پێی وایە ناکرێت ئاین وەك سەرچاوەیەکی مەعریفی بەکاربرێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی هاوپەیوەند بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی(دونیای )ی مرۆڤ . ئەم تێڕوانینە گەردوونیەی عەقلانیەت ڕێگا بە تێڕوانینی گەردوونی تەقلیدی و عیرفانی و ئاینی نادات .(١٩٤)

عەقلانیەت واتا سەپاندنی بۆچونی مرۆڤ بەسەر تەواوی کایەکانی ژیان، لەهەمانکات خوێندنەوەی ژیان و دووبارە ڕێکخستنەوەی لەسەر بنەمای تێڕوانینی عەقڵی، بەکاربردنی عەقڵە بۆ سەر لەنوێ دیاری کردنەوەی ماناکانی ئیجابیات و سلبیات، ئەخلاقی و بەدئەخلاقی، هەروەها پێناسەکردنەوەی واتای بوون و ژیان و خودی مرۆڤ . ئاینیش وەك یەکێك لە دیاردەکانی بوون وەبەر ئەو پرۆسەیە دەکەوێت، عەقڵگەراکانی عەلمانیەت سەرچاوەی ئاین لەسەر بنەمای بۆچونی عەقڵی مادی خۆیان، دووبارە ڕاڤە دەکەنەوە .

عەلمانیەکانی خۆرهەڵات بە چاولێکەری عەلمانیەکانی خۆرئاوا و بە پێڕۆکردنی ڕێوشوێنەکانی ئەوان ئەم کارە دەکەن ، یەکەم هەنگاویان ڕەفزکردنی تەواوی فەرموودەکانی پێغەمبەرە(ص)، دووەمیشیان ڕەتکردنەوەی کۆڕای زانایان. واتا عەلمانیەکان لە کۆی ئاینی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی، تەنها قورئانیان پەسەندە، هەڵبەت بەبێ تفسیرەکەی، ئەوەش بۆ ئەوەی کە لە پاشتردا و بۆ خۆیان و لە ڕوانگەی عەقڵی شەهوانی خۆیانەوە و بەپێی خواست و ویستی خۆیان تەئویلات بۆ ئایەتەکانی داتاشن، بۆچوونی عەقڵیان بەسەر وەحی دا دەسەپێنن . بۆ وەدیهێنانی ئەم خواستەیان، واتای زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئان دەسڕنەوە، یاخود هەر خودی ئایەتەکە ڕەفز دەکەن، هەروەك تەواوی فەرموودەکانی پێغەمبەریان لا ناپەسەندە وەك شیعەکان .

شیعەکان بە بۆچوونی خۆیان قورئان دەگۆڕن، هەندێك لە سورەت و زۆرێك لەئایەتەکانی فەرامۆش دەکەن کە دەربارەی فەزڵی ئەهلی بەیت و فەرمان بە شوێنکەوتن و پێچەوانە نەکردنیان و خۆشویستنیان، وەناوبردنی نەیاران و نەفرین لێکردنیان دەکەن.(١٩٥) لە هەمانکات زۆرینەی فەرموودەکانی پێغمبەر(ص) ڕەتدەکەنەوە و لەبری ئەوە قسەی ئەو کەسانە پەسەند دەکەن کە وەك ئیمامی مەزهەبی شیعە،

---

١٩٤–المجتمع الديني المدنى –أحمد واعظي–ل١١٠–١١١ .

١٩٥–أفكار خوارج و شيعةمى ميزان أهل السنة والجماعة – علي محمد الصلابي–ل٢٠٨ .

دەستنیشانیان کردوون . شیعەکان بۆچوونی عەقڵی خۆیان بەسەر دەقی قورئان و فەرموودە دا پێش دەخەن، واتا لەبری ملکەچی وەحی و شوێنکەوتنی فەرمانەکانی، وەحی دەخەنە ژێر هەژموونی عەقڵ و تێگەیشتنی عەقڵیەوە .

دەربارەی پێوەندی وەحی و عەقڵ، پێشەوایانی موعتەزیلە کۆکن لەسەر یەکخستنی عەقڵ و وەحی، پێیان وایە دەرچوون لە عەقڵ دوورکەوتنەوەیە لە شەریعەت، بەو پاساوەی گوایا نابێت شەریعەت پێچەوانەی عەقڵ بێت، لەحاڵێکدا گەر ناکۆکی دروست ببێت لە نێوان عەقڵ و وەحی دا، ئەوا موعتەزیلە عەقڵ پێش دەخات بەسەر دەقدا، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی گوایا دەق چەندین مانای هەیە، تا بەم شێوازە بەڵگەی عەقڵ و ئایەتەکانی خودا پێکەوە بگونجێنن.(١٩٦) بەهەمان شێوەی عەلمانیەکانی ئەمڕۆ کە مانای ئایەتەکان بە شێوازێکی وا فراوان دادەڕێژنەوە کە لە نێو تەفسیرەکەی دا جێگای بۆچونە عەقڵیەکانی خۆشیان بکەنەوە. واتا یاساکانی خۆرئاواش دەخزێننە نێو واتای دەقە قورئانیەکانەوە، یاخود دەقەکان دەخەنە ژێر هەژمونی یاسا دەستکردەکانی مرۆڤەوە . بەم شێوەیە عەلمانیەکان دەق تێدەپەڕێنن و تەنها پشت بە عەقڵ دەبەستن، لە مەبەشیان زێدەڕەوی دەکەن .

موعتەزیلەش عەقڵ وەك بڕیاردەری ڕەهای کار و بارە شەرعی و عەقیدەییەکان دەبینین، بە ڕادەیەکی وا کە تێدەپەڕن لە خودی پێغەمبەر(ص) و پەیامەکەشی.(١٩٧) لە حاڵێکدا کە عەقڵکاری لە عەقیدە و شەریعەتدا ناکرێت، چون مرۆڤ مافی دانانی یاسا و ڕێسا و دیاری کردنی باش و خراپ و حەرام و حەلاڵی نیە . بەڵکو واجیی مرۆڤە کە شوێنی شەریعەت و ڕێنماییەکانی پیغەمبەر(ص) بکەوێت وەك بەندەیەکی خودا،

هەروەك خودای گەورە ئاماژەی پێدەدات.( فَبَشِّرْ عِبَادِي–الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمْ اللَّهُ وَأُولَئِكَهُمْ أُوْلُوا الأَلْبَابِ ).(١٩٨) لەهەمانکات خودای گەورە ئاماژە بە دروستی ڕێبازی سەلەف دەدات، هەر لادانێك لێی ڕەفز دەکات جاخۆ بەنێوی چاکسازی، نوێگەری، عەقلانیەتەوە و...هتد. بێت، وەك دەفەرموێت ( وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالأنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ...).(١٩٩) هەربۆیەش تاکە ڕێگای عەقلانی ڕاست و دروست شوێنکەوتنی ئەوان و پابەندبوونە بە قورئان و سونەتەوە. هەر ئەوەیە ئیسلامی ڕاستەقینەش .

### لە نێوان وەحی ئاین و عەقڵانیەتی عەلمانی دا :

ئاین لەوەحی خوداوە سەرچاوەی گرتووە، عەلمانیەتیش لە عەقڵی مرۆڤەوە . هەریەك لە ئاین و عەلمانیەت دوو فکرو دوو عەقیدەو دوو شەریعەتن، یەکەمیان شەرعیەتی ئاسمانی و زەمینی هەیە،

---

١٩٦–مكانة العقل في فلسفة الجاحظ – عيد المجيد الجوزى – فصل الالثاني .

١٩٧– وجهالوجه بين ألاصالة والتجديد –ضياء السيد عدنان الخباز القطيفي –ل ١٦٥ .

١٩٨–القران الكريم –سورة الزمر–ألآية (١٧،١٨) .

١٩٩–القران الكريم –سورة التوبة –ألآية –١٠٠ .

وەلیٚ دووەمیان تەنها خاوەنی شەرعیەتی زەمینیە کە ئەوەش لە عەقلّی ماددیەوە سەرچاوەی گرتوە، بۆیە ئیسلام وەحانی و عەقلانیە. ئاین لە زوبانی عەرەبیدا واتای شەریعەت و پەرستشەکانیەتی، کە پێکدێت لە ڕستێك بنەما و باوەڕ و بنچینەی ئەخلاقی و حوکم و یاسا بۆ تاك و کۆمەڵگا، ئاینە ئاسمانیەکان، بریتین لە شەریعەتێکی ڕاگەیەنراو لەلایەن پێغەمبەرانەوە، کەلە خوداوە وەرگیراون، هەر کار و بارێکی ئاینیش پشت بە وحی دەبەستێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەسەلمێنرێت، مەبەست لە تێڕوانینی گەردوونی ئاینی، ئەو وێنایەیە کەلە لایەن وەحی خوداییەوە نیشاندەدرێت.(٢٠٠) واتا عەقلّ لە بەرامبەر ئایندا کاری وەرگرتن و جێبەجێکردنە . لە هەمانکات هەر لەسەر بنەمای ئاین تەواوی کار و بارە دونیایەکان ڕێکدەخا و سەرچاوە مادییەکانی لەبەر ڕۆشنایی ئاین، دەخاتە خزمەت مرۆڤایەتیەوە . بۆیە لە ئاینی ئیسلامدا یاسادانان تەنها بە خودا سپێردراوە، ( لا إلة إللە ) کە دروشمی ئیسلامە...واتا کوفر کردن بە (طاغوت ) وە باوەڕداربوون تەنها بە (اللە ) و ڕازی بوون بە حکومی شەریعەتی خودا و کارپێکردنی . بەلاّم عەلمانیەت سیستمێکی تاغوتیە و حکوم کردنە بە غەیری ئەوەی کە خودا دای بەزاندووە، واتا وەلاوەنانی حوکم و شەریعەتی خودایە.(٢٠١) ئیسلام دینی سەرجەمی پێغەمبەرانە، جەوهەری ئیسلام واتا تەسلیم بوونی تەواوەتی بە خودا، لەهەمانکات تەسلیم نەبوونە بە هیچ شتێکی دی .... بەلاّم جەوهەری عەلمانیەت بریتیە لە تەسلیم بوونی بە غەیری خودا، یان لەگەلّ خودا بوون و لەگەلّ غەیری ئەویش، وەك دەستور و دەستەلاّتی یاسادانان وحزب و هەرچشتێکی دی، کە ئەوەش شیرکە، شیرکیش گەورەترین تاوانە و دارماندنی تەواوی بنەماکانی ئیسلامە، لە بنچینەوە. لەهەمانکات بە حاکم کردنی غەیری خودایە و ڕازی بوونە پێی، ئەمەش واتای هەڵگەڕانەوەیە لە شەریعەتی خودا و کار پێنەکردنیەتی لە کار و بارەکانی ژیان، جا لە هەندێکی یان لە تێکڕای.(٢٠٢)

عەلمانیەت واتا ڕەفزکردنی شەریعەتی خودا و پەسەند نەکردنی بڕیارەکانیەتی، بەنابردنە بۆ شەریعەتێکی غەیری ئەو، جا شەریعەتی دانراوی گەل بێت یان فەرمانڕەوا، یاخود هەرکەسێکی دی.(٢٠٣) بۆیەش ئیسلام و عەلمانیەت دوو ڕێبازی جیاوازن، دوو بەرنامەی ناچونیەکن ......ئەو دوو ڕێبازەش بە هیچ هۆکارێك بەیەك ناگەن...... هەڵبژاردنی ڕێبازی ئیسلامیش بەبیٚ ڕەفزکردنی عەلمانیەت نابێت. لەبەر ئەوە ناکرێت مرۆڤ لەیەك کاتدا موسڵمان و عەلمانیش بێت .

## عەلمانەت و پڕۆژەکانی چاکسازی و نوێگەری و عەقلانیەت :

عەلمانیەت فەلسەفەیەکی لادینی ئیلحادی خۆرئاواییە و دەرهاویشتەی عەقلّی مرۆڤی مادییە، وەك بە دیلێك بۆفیکرو باوەڕ و ڕێسای ئاینی، تا جارێکی دی ئەفکارو ئەدکاری مرۆڤ و ژیانی لە ڕوانگەیەکی مادی دوونیایی پەتیەوە ڕێکبخاتەوە. هەروەك شێوازی ژیانی مرۆڤی خۆرئاوایی ئەمڕۆ .

---

٢٠٠–الایدیولوجیة المقارنة –م.محمد وتقي مصباح الیزدي –ل٢١ .

٢٠١– لماذا نرفض العلمانیة ؟–محمد محمد بدري –المبحث سادس .

٢٠٢– هەمان سەرچاوە–المبحث سادس .

٢٠٣– لماذا نرفض العلمانیة ؟–محمد محمد بدري –المبحث سادس .

پاش دارماندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی مەسیحی پیرۆز و بە دەستەڵات گەیشتنی لە ئەوروپا، عەلمانیەکان کەوتنە کار بۆ دارماندنی هەر دەستەلاتێکی ئاینی و هەڵوەشاندنەوەی عەقیدە و کلتورەکەی . ئیسلامیش وەك ئاینێك بە دەرنەبووە لەوە . لەگەڵ یەکلابوونەی ئەوروپا بۆ عەلمانیەت، دەستبەجێ عەلمانیەکان ئاراستەی دوژمنکاریەکانی خۆیان ڕووەو ئیسلام وەرچەرخاند . ئەوەبوو نوخبەی عەلمانی خۆرهەلاتی بە پاڵپشتی خۆرئاوا، لەنێو ئەستەنبوڵی پایتەختی خیلافەتی ئیسلامی و لەساڵی (١٩٠٨ز ) کودەتایەکیان لە ژێرنێوی شۆڕش دا وەڕێ خست و شەریعەتی ئیسلامیان لەکارخست و دەستوری عەلمانیەتیان سەپاند، هەروەك لەساڵی (١٩٠٩ز) ش داو لەلایەن ئیتحادیەکانە وە کودەتایەکی دی وەڕێخرا و ئەمجار سوڵتانیان لەکارخست، لە پاشتر و لەساڵی (١٩٢٤ز) دا و لەلایەن کمال ئەتاتورکی عەلمانیەوە، بەیەکجاری سیستەمی خیلافەت هەڵوەشێنرایەوە و کۆماری عەلمانی ڕاگەیەنرا. تا ئەم هەنگاوانەش بریتی بوون لە قۆناغی پرۆژەی چاکسازی عەلمانیەکان، کە پێشکەشی گەلانی ئیسلامیان کرد، هەموو ئەمانەش دەستکەوتەکانی قۆناغی نوێگەری بون. جەنگی داگیرکاری فکریش کەلە ئەمێستادا دژبە ئیسلام بەڕێوە دەچێت، ئامانجی سەرەکی پرۆسەی بەناو عەقڵەنە کردنە .

## عەلمانیەت و جەنگی داگیرکردنی فیکری ئیسلام :

خۆرئاوای عەلمانی جەنگێکی فکری چڕ و پڕی هەمەلایەنەی دژ بە ئیسلام و فکرو عەقیدەو شەریعەت و کلتور و شارستانیەتیەکەی بەرپا کرد، بەکۆمەکی کەمینەی ڕەوتی عەلمانی خۆرئاواخواز . کۆمەڵی بەناو ڕۆژهەلاتناسان و ڕێکخراوەی موژدەدەری مەسیحی و ڕێکخراوەی ماسۆنی، سەرمەشق بوون لەو بوارەدا. پاش دابەشکردنی گەلانی ئیسلامی و پارچە پارچەکردنی خاکی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی و داسەپاندنی سیستمی عەلمانی، کەمینەی عەلمانی خۆرهەلاتی بوونە درێژەپێدەر و تەواوکەری پرۆژەی جەنگی فکری خۆرئاوایی دژ بە ئیسلام . هەڵبەت لەسەر هەمان نەهج و شێوازی ئەوان و بەدووبارە گوتنەوەی توانج و تۆمەت و پلارەکانی ئەوان .

جەنگی فکری عەلمانیەکان دژ بە ئاینی ئیسلام، سەرەتا بە لێدانی قورئان و فەرمودە، دەستی پێکرد، پاشتریش بە تەشەردان لە پێغەمبەر(ص) و هاوەڵانی (رچ)، ئەنجا بە دزێوکردنی مێژووی ئیسلام و لێدانی شانازیەکانی گەلانی ئیسلامی. هەموو ئەم کارانەشیان بەنێوی نوێگەرییەوە دەکرد . لە دوا ئەو قۆناغەش بە نێوی عەقلانیەتەوە بانگەشەی دووبارە لێکدانەوەی ئیسلامیان کرد، هەروەك لە مێستاشدا بەردەوامن .

تەواوی ئەو پرۆژە پیلانانەش لەلایەن خۆرئاواوە گەلاڵەکران و مەبەستیش لێی دارماندنی فکرو عەقیدە و شەریعەت وکلتور و شارستانیەتی ئیسلامەو بەس. لە پێناو بەستنەوەی خۆرهەلاتە بە خۆرئاواوە، هەڵبەت لە ڕووی فکری و باوەڕ و شێوازی ژیان، لە هەمانکات لە ڕووی سیاسی و ئابوری وجوگرافیەوە . تا چیدی ئیسلام وەك ژیارو شارستانەتێکی سەربەخۆ و جیا لە خۆرئاوا بوونی نەمێنێت، واتا هەروەك چۆن خۆرئاوا لەڕووی سەربازییەوە پیشەنگ و بڕیاردەرە، بەهەمان شێوە فکرو باوەڕی خۆرئاوایی و شێوازی ژیان و کلتوری ئەو مرۆڤە سپیانە بکرێتە نمونە بۆ تەواوی جیهان، بە گەلانی ئیسلامیشەوە . بۆ وەدیهێنانی ئەم مەرامەیان، خۆرئاواییەکان لە هەر سەردەمێکدا بە فکرو ئایدۆلۆژیایەك بەرەنگاری ئیسلام بوونەتەوە، چەندین بیرو باوەڕی جۆراوجۆریان هەناردەی نێو گەلانی ئیسلامی کرد،

لەوانیش (شیوعیەت ) شۆسیالیزم، عەلمانیەت، لیبرالیزم، سەرمایەداری دیموکراسی...هتد.تەواوی فەلسەفەی دێرینی یۆنانی و بیرو بۆچوونی وەسەنی ڕۆمانی، لە ئەمێستاشدا عەقلانیەت......هتد. تا لەلایەن گەلانی ئیسلامیەوە وەك

بەدیلی ئیسلام پەسەند بکرێن و دووبارە بەپێی ئەو باوەڕانە شێوازی ژیانی خۆیان وەرێ بخەنەوە و وەك پاشکۆیەك شوێنی خۆرئاوا بکەون .

عەلمانیەکانی خۆرهەلاّت بە چاولێگەری خۆرئاوا کەوتنە بانگەشەکردن بۆ ئەو بیرو بۆچوونانە و داوای ئازادی ڕەهای فکری و جنسی و ئابوریان دەکرد ، ڕەفزی ئاینیان دەکرد و بەگومانەوە لێیان دەڕوانی . بەشێوەیەك کەمینەی خۆرئاواخواز لەژێر ناوی ئازادی دا کەوتنە بانگەشەی فەسادی فکری و ئەخلاقی و هەولّی بونیاتنانی کۆمەلّگایەکی جەنگەلّی یان دا . کە هەموو خراپەیەکی تیا ڕەوا و ڕێدرا و بێت، هەروەك کۆمەلّگای جاهیلیەتی کۆنی قورەیش و قەومی لوت(ع)، وە قومی شوعەیب(ع) و قەومی صالح(ع) و قومی نوح(ع). لە کۆمەلّگای قورەیشیدا فرە بۆچوونی وفرە خودای باو بوو، داوای یەکخستنی باوەڕی جاهیلی خۆیان و باوەڕی ئیسلامیان دەکرد، هەروەك عەلمانیەکانی ئەمڕۆ کە داوای لێکنزیکردنەوەی ئاینەکان و یەکخستنیان دەکەن بە دروشمی لێبووردەیی ئاینی، وەلێ خودای گەورە بەو چەشنە وەلاّمی قورەیشیەکانی دایەوە، کە وەلاّمە بۆ عەلمانیەکانی ئەمڕۆش. وەك دەفەرمێت ( قُلْ يَاأَيُّهَا الْكَافِرُونَ،.،...،...،...، لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ).(٢٠٤)، ئازادی جنسی کە قەومی لوگ(ع) باوەڕیان پێ هەبوو، بە هەموو شێوەکانیەوە بوو بویە باوی نێویان، نێریان لە نێر مارە دەکرد سەرباری مارەکردنی ئافرەتان، هەموو فەسادێکی جنسیان بە ئاشکرایی لە نێو نادی و بازاڕەکاندا بلاّوکردەوە، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت ( أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ ........وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمْ الْمُنكَرَ ..) واتا فەسادیان بە ئاشکرای ئەنجامدەدا، تەنها کەمینەی لوت(ع) دژی ئەو کارە بوون، گەلەکەشی بەم شێوازە جوابیان دانەوە ( فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَنْ قَالُوا أَخْرِجُوا آلَ لُوطٍ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُون ) کە ئەمە فەرمانیان بوو لە بەرامبەر ئەو کەمینەیەدا.(٢٠٥) لە مرۆشداو لە خۆرئاوایی عەلمانیدا بە یاسا بەرگری لە ڕەوشتەکانی قەومی لوت دەکەن، عەلمانەکانی خۆرهەلاّتیش لەژێر ناونیشانی ئازادی و جێندەر دا بانگەشەی بۆ دەکەن . ئازادی ئابوریش قەومی شوعەیب(ع) داوایان دەکرد ، بۆ ئەوەی تاکە کەس بەهەر شێوازێك دەیەوێت تەسەروف بەسامانەکەیەوە بکات بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ حەرام وحەلاّلێکی ئاین و دەستەلاّتی، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت ( قَالُوا يَاشُعَيْبُ أَصَلاَتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَنْ نَفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ ) ئەمانە دەرەنجامی عەقلّن، جۆرێکن لەو ئازادییەی کە لیبراڵیە سەرمایەدارەکان داوای دەکەن، کە جیاوازییان لەگەلّ یەکدی تەنها زەمەنە.(٢٠٦) بۆیەش عەلمانیەت درێژە پێدەری ڕێبازی جاهلیەتە و زیندوکەرەوەی هەمان ڕەوشتەکانی زەمەنی نەفامیە . تەواوی پڕۆژەکانی عەلمانی، چ لەژێر نێوی چاکسازی و نوێگەری، وەیاخود بەنێونیشانی عەقلانیەت و عەقلّگەراییەوە بێت، سەرجەمیان پلانن لە چوارچێوەی ئەو جەنگە فکرییەی کە لەم ڕۆژدا دژ بە ئیسلام بەڕێوە دەبرێت . خۆرئاواییەکان نکۆلّی لەو ڕاستیانە ناکەن و زۆرێك لە کەسایەتیە دیارەکانیان ڕاشکاوانە ئاماژە بەو دووژمنکاریانەیان لە هەمبەر ئاینی ئیسلام دەدەن .

---

٢٠٤–القران الكريم–سورة الكافرون–الاية–١–٦ .

٢٠٥– العقلية اليبرالية في رصف العقل ...و وصف النقل –عبدالعزيز مرزوق الطيرني–ل٩٠ .

٢٠٦– العقلية اليبرالية في رصف العقل ...و وصف النقل –عبدالعزيز مرزوق الطيرني–ل٩٠ .

نوسەری ئەمریکی(هانتنگتون)دەڵێت: گرفتی ئێمە لەگەڵ ئیسلامیە ئسوڵیەکاندا نیە، بەڵکو لەگەڵ خودی ئیسلامدایە، دەڵێت ئیسلام ڕەفزی بە خۆرئاوایی کردن دەکات، بۆیە دەبێت پێکدادان لەگەڵ ئەو وخۆرئاوا ڕوبدات، چارەسەریش پێشنیار دەکات بۆ ڕوونەدانی پێکدادان بەوەی کە ئیسلام لەگەڵ خۆرئاوا یەك بگرێت و قبوڵی بە خۆرئاوایی بونی بکات، وەگەرنا ڕێگا چارە تەنها پێکدادانە، ئالێرەشەوە دەردەکەوێت کە بۆچی خۆرئاوا مکۆمە لەسەر تحریف کردنی گوتاری ئاینی.(٢٠٧)

هەروەها نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان گوتی: ململانێی ڕاستەقینە لە ڕۆژهەلاَت دا لە نێوان عەرەب و جوولەکەدا نیە، بەڵکو ململانێی ڕاستەقینە لەنێوان شارستانیەتی ئیسلام و شارستانیەتی خۆرئاوادایە، ئەگەر توانیمان شارستانیەتی ئیسلامی لە مەیدانی ئەو ململانێیە وەدەرنێین، ئەوا چارەسەری ئەو دۆسیيە دەکەین، هەموو ئەوەی کە لە نێوان عەرەب و جوولەکەدایە ئاسانی دەکەین، ئەمەش بەو واتایەی کە فەشەل هێنانی دۆسیەی فەلەستینی لە ماوەی چەندین گرێبەستدا بەهۆی ڕەهەندی ئیسلامیەوە بووە. هەروەك هەندێك ڕێکخراوی فەلەستنیی و دەوڵەتی عەرەبی بەو وشە گەلانە فریودران.(٢٠٨)

(أیوجین روستو) سەرۆکی بەشی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، وە ڕاوێژکاری جۆنسون بۆ کاروباری ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست لە ساڵی **١٩٦٧**ز دەڵێت: (پێویستە بزانین جەوهەری ناکۆکیان لەگەڵ گەلانی عەرەبیدا، ناکۆکی نێودەوڵەتی یان نەتەوەی نیە، بەڵکو ناکۆکیە لەنێو شارستانیەتی ئیسلامی و شارستانیەتی مەسیحی، ئەو ململانێیەش درێژکراوەی ئەوەیە کە لەنێوان مەسیحیەت و ئیسلام دا هەبوو لەسەدەکانی ناوەڕاستەدا، وە هەتا ئەم ساتەش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە . تا لەسەرەتای ئەم سەدە و نیوەی دا، ئیسلام شکستی خوارد لە بەرامبەر دەسەلاَتی خۆرئاوادا . وە کلتوری ئیسلامی سەری پێشۆڕکرا بۆ کلتوری مەسیحی!(٢٠٩) هاوکات لەگەڵ ئەو لێدوانە دووژمنکاریانەی خۆرئاواییەکان و داڕشتنی چەندین پیلانی دژ بە ئیسلام بە نێوی چاکسازیکردن و نوێگەری و عەقلانیەت. خۆرئاواییەکان جەنگێکی سەربازی فراوانیان لە تەواوی جیهان دژ بە ئیسلام خوازان و گشت بزاوت و ڕەوت و ڕێکخراوێکی ئیسلامی بەرپاکرد، لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆری فریودەرانەدا، هەوڵی دامرکاندنەوەی ئەو شەپۆلە ئیسلامخوازییە دەدەن کە لەمڕۆیا تەواوی جیهانی ئیسلامی هەژاندوە و گەلانی ئیسلامی پشتیان لە گشت ڕێکخراوە و پارت و دەوڵەتە عەلمانیە خۆرئاواخوازەکان کردووە و ڕەفزی پرۆژەی بە خۆرئاوایی بوونیان کردووە، هەروەك بە توندی بەرپەرچی پیلانی غەرب زەدەیی و پاشکۆیەتی خۆرئاوایان کردووە و مەیلی گەڕانەوەبۆ ئیسلام و بوژاندنەوەی ژیاری ئیسلامی و وەدەستهێنانەوەی ڕێز و شکۆی ڕابردووی خۆیان دەکەن، هەربۆیە خۆرئاواییەکان تەواوی توانای خۆیان وەگەڕخستوە بۆ شکست پێهێنانی ئەو سەحوە ئیسلامخوازییە و مکۆمن لەسەر بەردەوامی دان بە پرۆژە فاشیلەکەیان،

---

٢٠٧– تجديد الخطاب الديني بين التأصيل والتحريف –محمد بن شاكر الشريف –ل١١١ .
٢٠٨– تجديد الخطاب بين التأصل والتصريف –محمد بن شاكر الشريف –ل١٠٠ .
٢٠٩– تجديد الخطاب الديني بين التأصل والتصريف –محمد بن شاكر الشريف –ل٩٩ .

واتا عەلمەنەکردن و بە خۆرئاوایکردن . چوون تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت ئیسلام تاکە شارستانیەتە کە بەسەختی لەڕووی فکرو باوەڕو ڕێساو شێوازی ژیانی خۆرئاوایی و کلتور و داب و نەریتیاندا وەستاوەتەوە . وەك (گلنەر) دەڵێت: لە کۆتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، دونیای کۆن خاوەنی چوار شارستانیەتی سەرەکی بوو، کەلە نێوانیاندا، سیانیان بە پلەو ئاستی جیاواز عەلمانی بونەتەوە، ئایینی مەسیحی بەهۆی قسەکەرانی خۆیەوە ڕێکخراوەتەوە، بەجۆرێك کە لەگەڵ باوەڕی وشك و ڕیشەدار دا ناتەبابێت ؟(٢١٠)

گلنەر، لێرەدا مەبەستی لە ئیسلامە کە ڕەفزی عەلمانیەتی خۆرئاوایی کردوە، وەلێ شارستانیەتەکانی دی وەك هندۆسیی و بوزایی و مەسیحیەت، عەلمەنەکراون ڕازی بوون بە پاشکۆیەتی خۆرئاوا و شێوازی ژیانی ئەوان. خۆرئاواییەکان لەوە گەیشتوون کە لەڕووی فیکرو ئایدۆلۆژی و شێوازی ڕێکخستنی ژیانیانەوە ڕووبەڕووی شکست بوونەتەوە و ژینیان خاڵیبۆتەوە لە ئامانج و لەنێو مادە پەرستی و چێژو ئارەزوبازی دا نغرۆ بوون، مرۆڤی خۆرئاوایی ڕووبەڕووی قەیرانی ڕۆحی و بێ بەهایی و بێ ئامانجی بۆتەوە لە ژیانی داو پەنا بۆ کهول و تریاك، یاخود بۆ تاوان و دەستدرێژی، یانیش پەنا بۆ خۆکوژی دەبات . لە مرۆشدا تاکە چارەسەرێك بۆ تەواوی قەیرانەکانی خۆرئاوا و باقی مرۆڤایەتی تەنها ئیسلامە و بەس، واتا ئیسلام وەك تاکانە بەدیلی بێ ڕکابەر خۆی پێشنیازکردووە . تاوەکو چارەی سەرجەمی گرفتەکانی مرۆڤ بکات و وەڵامی تێکڕای پرسیارەکانی بداتەوە . هەر ئەمەشە کە خۆرئاوای پەست و تورە کردوە لە ئیسلام و بەهەموو شێوازێك و بەگشت ئامرازێك شاڵاوی بۆ دێنن و پەلاماری دەدات . دەستەڵاتدارانی خۆرئاوایی ڕاشکاوانە ئیعلانی جەنگ بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان دەکەن، وەلێ هەندێك کات ڕاستی نیەتەکەیان بە دروشمی بریقەدارو پاگەندەی چەواشەکارانە حەشار دەدەن . کە ئەمەش ڕەوشتی هەمیشەی خۆرئاواییەکان بوە لە هەمبەر گەلانی ئیسلامدا، تا بەو بانگەشە و بەڵێن و موژدە ساختانە، گەلانی ڕۆژهەڵاتی فریو بدەن، هەروەك لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بانگەشەی ئازادکردنی گەلانی ئیسلامیان دەکرد، وەلێ هەر لەگەڵ سەرکەوتن و جێ پێی خۆیان چەسپاند، ئینتیدابیان سەپاند بەسەر گەلانی ئیسلامیدا و پیلانەکانی دابەشکردن و تالانکاری و زەوتکردنی فەلەستین و ..... هتد یان جێبەجێ کرد . لە ئەمێستاش دا و بەهەمان دروشم و بانگەکانی ڕابردویانەوە گەڕاونەتەوە و هەرجارەو هەرێم وناوچە و وڵاتێکی ئیسلامی خاپوردەکەن و گەلانی بەبێ جیاوازی گەنج و ئیختیار و نێر و مێ و منداڵەوە لە خوێندا دەگەوزێنن .

هەڵبەت ڕۆڵی کەمینەی عەلمانی خۆرهەڵاتی لەو تاوانانەی کە دەرحەق بە گەلانی ئیسلامی و وڵاتانیان دەکرێت، هیچی کەمتر نیە لەوی خۆرئاواییەکان، وەکو لە زۆر حاڵێشدا ئەو نوخبە عەلمانیە پاشکۆیەی خۆرئاوا، پێشەنگایەتی ئەو هێزە وێرانکارە خۆرئاواییانەیان کردووە لە جەنگەکانیان دژ بە گەلانی موسڵمان و وڵاتانی ئیسلامی . بۆیەش عەلمانیەکانی خۆرهەڵات زاڵبوونی خۆرئاوا و مانەوەیان لە ناوچەکەدا بە سەرکەوتنی خۆیان دەبینین و وەك پاڵپشتێك بۆخۆیان هەژماریان دەکەن،

---

٢١٠ – "ئیسلام ومۆدێرنە " ئیسلام لە بەردەم ئەگەری عەلمانەتدا -محمد ڕەزا شالگونی-ل ١٣ .

له هەمانكات وەدەركەوتنەوەی ئیسلام و بەدەستەلاَت گەیشتنەوەی لەهەر ولاَتێكی ڕۆژهەلاَتی دا بەشكستی خۆیان دەزانن دەبینن . ئیدی عەلمانیەكانی خۆرهەلاَت و دەوڵەتانی عەلمانی خۆرئاوایی پێكەوە دەكەونە جەنگەوە دژ بە ئیسلام و ئیسلامخوازان و هەوڵی داڕماندنی كیان و لەنێوبردنی بونیان دەدەن، وە گرنگ نیە بۆشیان كە ئەو ڕەوتە ئیسلامیە بە دیموكراسیەكەی خۆیان گەیشتبێتە دەستەلاَت، یاخود بە چەك، بەڵكو لە دیدی ئەواندا تەنها ئیسلامی بوونەكەی بەسە بۆ داڕماندن و لەنێوبردنی، لە نمونەی ئەو دەستەلاَت و حكومەت و دەوڵەتە ئیسلامیانەی كە لەلایەن خۆرئاوا و عەلمانیەكانی خۆرهەلاَتەوە داڕمێنراون فرەن .

بۆ وێنەو لە پاش سەركەوتنی بەرەی ئیسلامی ڕزگاری خوازی جەزائیری و لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ۱۹۹۱ز، بە پاڵپشتی خۆرئاوا و بە تایبەتی فەرەنسا، لە لایەن عەلمانیەكانەوە كودەتای بەسەرداكرا.(۲۱۱) هەروەها لە توركیا هەمان ڕوداو دووبارەبوویەوە و لەساڵی ۱۹۹۷ز كە پارتی ڕەفای ئیسلامی زۆرینەی دەنگی هەڵبژاردنەكانی بردەوە و حكومەتی پێكهێنا، بەهەمانشێوە عەلمانیەكان بە پاڵپشتی خۆرئاوا كودەتایان بەسەرداكردن.(۲۱۲) لە پاكستانیش پارتی ڕابیتەی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەكانی ئەو ولاَتەدا سەركەوتنی وەدەستهێنا، وەلیَ لە ساڵی ۱۹۹۹ز لە لایەن عەلمانیەكانەوە كودەتایان بەسەرداكرا، هەڵبەت بە پاڵپشتی خۆرئاوا.(۲۱۳)

لە فەلەستینیش بزووتنەوی حەماسی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ۲۰۰٦ز ئەو ولاَتەدا زۆرینەی دەنگەكانی مسۆگەركرد، بەلاَم ئەو حكومەتەش هەروەك ئەوانی دی لەلایەن عەلمانیەكانەوەو لە ساڵی ۲۰۰۷ دا ڕووبەڕووی كودەتای سەربازی بوویەوە و لەنێوبرا.(۲۱٤) زیندووترین نمونەش كودەتاكەی ساڵی ۲۰۱۳ز میسرە، كە عەلمانیەكان ئەنجامەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن و بریاری گەلیان ڕەتكردەوە.(۲۱٥) و بەپاڵپشتی دەوڵەتانی عەلمانی خۆرئاوایی، كودەتای سەربازییان لە دژی حكومەتی هەڵبژێردراوی گەل ئەنجامدا و هەڵیان وەشاندەوە، هەروك ڕوی ڕاستەقینەی دیموكراسیەكەی خۆیان خستە پێشچاوی هەموو كەس و لایەنێك و حەقیقەتی دروشم و بانگەشەكانی خۆیان ئاشكرا كرد .

لێرەشەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە كە خۆرئاوا و عەلمانیەكان بە ئیسلام و ئیسلامخوازان ڕازی نین، جاخۆ بەدیموكراسی دەستەلاَت بە دەستەوە بگرن یاخود بەهەر شێوازێكی دی، بەڵكو خۆرئاوا و خۆرئاواخوازان تەنها ئەو كاتە لە ئیسلامخوازان ڕازی دەبن كە دەستبەرداری ئیسلام بن و ملكەچی خۆرئاوابن و پێڕەوی لە عەلمانیەت بكەن. هەروەك خودای گەورەش ئەو ڕاستیە بەیان دەكات و دەفەرمویێت (وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ).(۲۱٦) هەموو ئەو ڕاسیانەش ئەوە دەسەلمێنن كە ئەو جەنگە فكری و سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئیعلامیەی كە لەمرۆیا، خۆرئاوا بەرپای كردووە دژ بە دەوڵەتان و گەلانی ئیسلامی و بزاوتە ئیسلامیەكان، تەنها بۆ ناچاركردنیانە تا دەستبەرداری ئیسلام و خەونی بوژاندنەوەی شارستانیەتی ئیسلای و سەربەخۆبوونیان بن،

---

. www. algerichnnel. Net-211
. www. Swissinfo. Ch-212
. www.algzeera. Net-213
. www. Maktoob. News-214
. www. Karamaty.com-215
۲۱٦-القران الكريم-سوره البقره-الایه-۱۲ .

ملکەچی دەستەڵات و سیاسەتی خۆرئاوابن و فکرو باوەڕ و یاسا و ڕێسای ئەوان پیڕۆبکەن، هەروەها شێوازی ژیانی خۆرئاوایی و داب ونەریت و ڕەوشتە عەلمانیەکان پەسەندبکەن و مومارەسەی بکەن لە بری ئیسلام. واتا پاشکۆیەتی خۆرئاوا قبوڵ بکەن .

## عەلمانیەکانی خۆرهەڵات و ئیسلام :

کەمینەی عەلمانی خۆرهەلاتی هەڵقولاوی خودی کۆمەڵگاکانی خۆیان نین، وەك دەرهاویشتەی قەیرانێکی مێژوویی و سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی نێو گەلانی ناوچەکەش نین، بەڵکو زادەی دەستێکی بیانین و لە هەلومەرجێکی تایبەتی و بەهۆی پیلانێکی دەرەکی و بە تۆبزی و لەژێر ناونیشانی ناڕاست و بەهۆی خوێندنگای بیانیەوە سەریان وەدەرنا لە نێو گەلانی ڕۆژهەلاتی دا، ئەوەش لە ئەنجامی هەناردنی چەند پۆلێك خوێندکاری تورك و عەرەب بۆ ولاتانی ئەوروپی، لە هەمانکات چەند ولاتێکی ئەوروپی لەژێر نێوی پەرەپێدانی زانست و پێشخستنی گەلانی عوسمانیدا، دەستیان کێشایە نێو هەرێمەکانی خیلافەتەوە و ژمارەك قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیان لە هەرێمی تورکیای ناوەندی خیلافەت و میسری ناوەندی هەرێمە عەرەبیەکاندا دامەزراند، بۆ خوێندنی زانستە مادیەکان، لەو خوێندنگایانەدا پەروەردە و زانستی ئیسلامی نەدەخوێنرا، لەهەمانکات مامۆستایانی ئەوروپی وانەیان تیدا دەگوتەوە .

خوێندنگا خۆرئاواییەکان، چ ئەوانی نێو خودی ولاتانی ئەوروپی و چ ئەوانی نێو هەرێمەکانی عوسمانی، لەسەر بنەمای فەلسەفەی عەلمانیەت دامەزرێنرابوون و زانستەکانیشیان لەسەر بنچینەی بیردۆز و گریمانەکانی عەلمانیەت داڕشتبوو، وەك بیردۆزەکانی ئەتۆم (الذرة)، و دروستبوونی لە خۆوە (خلق الذاتي) و بیردۆزی پەرەپێدانی داروینی (النظرية تطور الداروينى)، هەموو ئەمانەش دژی ئاین و بیر و بڕوای ئاینین، تەرکیز لەسەر ماددە و ئیلحاد دەکەنەوە و ڕەفزی غەیب دەکەن، لەهەمانکات گومانیان لەسەر ئاین درووست دەکرد و بیر و بڕوای قوتابیانی موسڵمانیان لەق دەکرد. بۆیەش لەگەڵ گەڕانەوەی خوێندکارە تورك و عەرەبەکانی ئەوروپا بۆ نێو خیلافەتی عوسمانی، لەهەمانکات دەرچونی پۆلێك خوێندکاری تورك و عەرەب لەسەر دەستی مامۆستایانی بیانی و لە خوێندنگا بیانیەکانی نێو خیلافەتی عوسمانی، سەرەتایی فکری عەلمانیەت لەنێو ئوممەتی ئیسلامی وەدەرکەوت .

قوتابخانە بیانیەکان ببونە هێلانەی گشت باوەڕە فەلسەفییە ئیلحادییەکانی خۆرئاوا . مامۆستایانی تبشیری و ماسۆنی وانەیان تێدا دەگوتنەوەو بیر و بۆچونە دوژمنکارانەکانی ڕۆژهەلاتناسانیش بەشێك بوون لە پرۆگرامی خوێندن، کە خوێندکارانی موسڵمانیان پێ گوش دەکرا . لەگەڵ دامەزراندنی ئەو خوێندکارانە و دەستبەکاربونیا لە نێو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا، لە بری پێشخستنی، کەوتنە هەوڵی داڕماندنی . هەروەك داوای تەقلیدکردنەوەی خۆرئاوا و پیڕۆکردنی شێوازی ژیانی ئەوانیان دەکرد . وەلێ تەنها لە فکر و ڕەفتار و داب و نەریتەکانیاندا، نەك لە زانست و داهێنانەکان . هەربۆیە لە پاش تێپەڕینی سەدەیەك و هەتا ئەمێستاشی لەگەڵ بێت عەلمانیەکان نەیانتوانیوە یەك داهێنانی زانستی پێشکەشی گەلانی ئیسلامی بکەن .

لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا عەلمانیەکان کەوتنە دژایەتی کردنی ئیسلام و تۆمەتباریان دەکرد بە دژە زانست و دواکەوتوخواز! وەك ئەوەی عەلمانیەکانی خۆرهەلات هاوشێوەی ئەوروپاییەکان، چەندین کۆپەرنیك و گالیلۆ و ئەنیشتاین

و چەندان زانای دییان تیا هەڵکەوتبێت و دەیان و سەدان دۆزینەوەی زانستیان ئەنجام دابێت و چەندین داهێنانی گەورەیان پێشکەش کردبێت! وەلێ ئیسلام هاتبێت خۆیان و تیۆریا و داهێنانەکانیانی ئاگر تێبەردابێت و سوتاندبنی! یان ئیسلام قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکانی ئەوانی وێران کردبێت، یاخود ئەوان چەندین ناوەندی زانستی گەورە و دەیان کارگە و معامیلی مەزنیان بونیاتنابێت و ئیسلامیەکان تێکوپێکی دابێت !

سەرباری یەك سەدە لە ئەزموونیان، عەلمانیەکان تاکە نموزەجێکی زانستیان نەخولقاند، نەیانتوانی وەك خۆرئاواییەکان، ولاتانی ڕۆژهەلاتی بکەنە مەڵبەندی زانست و زانیاری و ناوەندی داهێنان، بەلام لە فکر و فەلسەفە و شێوازی ژیانی کۆمەلایەتی و داب و نەریتەکانیان، تا ئاستێك شوێن پێی خۆرئاواییەکانیان هەلگرت و لەهەر وولاتێکی ئیسلامیدا، دەیان و سەدان نادی و بار و تیاترۆ و یانەی بە دەرەفتیان کردەوە . واتا عەلمانیەکان توانیان لە هەموو خراپە و بە دەرەفتی و فەسادێکدا لاسای خۆرئاواییەکان بکەنەوە، تەنها لە زانست و زانیاری و داهێنانە زانستیەکانیاندا نەبێت .

ئەم ڕاستیانە ئەوە دەسەلمێنن کە عەلمانیەت پێچەوانەی عەقلٚ و زانست  و ئایینە، تەواوی ئەو پێناسەو تەئویل و تە فسیرانەش کە عەلمانیەکان بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایەی دادەتاشن ساختەیە و دوورە لە ڕاستیەوە . بەم هۆیەشەوەیە کە عەلمانیەکان ڕەفزی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) دەکەن و تەفسیری گشت زانایانی ئیسلامی و مانای دەقا و دەقی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش ڕەتدەکەن، تا بەپێی ویستی خۆیان مانا بۆ ئایەتەکانی قورئان دابتاشن و تەئویلی بکەن، لەژێر روپۆشی ئەو تەئویلاتە ساختانە دا حەقیقە کوفری عەلمانیەت حەشاربدەن، هەر بەم هۆیەشەوەیە کە داوای دووبارە ڕاڤەکردنەوە و تەفسیرکردنەوەی قورئان دەکەن .

خۆرئاوایش سەرسەختانە بەرگری لەم پرۆژە پیلانە دەکات و پشتگیری عەلمانیەکان دەکات، تا هەروەك ئاینەکانی جولەکایەتی و مەسیحیەت، ئیسلامیش تحریف بکەن و حەقانیەتی تاکانەیی ئەم ئایینە هەلوەشێنێتەوە و ئومەتی ئیسلامیش وەك تاکە ئومەتی پێشەوای مرۆڤایەتی و هەڵگری تاکە ئاینی ڕاست ودروستی ئاسمانی، بکەن گەلانێکی پەرتەوازەی ملکەچ و پاشکۆی خۆرئاوا، وە فکرو فەلسەفەی عەلمانیەتی خۆرئاوایی و شێوازی ژیانی ئەوان وەك کۆتا نمونەی بالا بکەنە نەزمی ژیانی مرۆڤەکان، بە گەلانی ئیسلامیشەوە . تا چیدی موسڵمانان لە بری قورئان و شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەوی لە عەلمانیەت و یاسای دەستکرد و دانراوی خۆرئاوایی بکەن، لە بری فەرموودەکانی پێغمبەر(ص)، گوتەکانی ئەفلاتون و سوقرات و ئەرستۆ و هەروەها نیتشە و ڕۆسۆ و ئەنگلز و ڤۆلتێر و....هتد. دووبارە بکەنەوە و ئەزبەری بکەن و پەیڕەوی لێبکەن، وەلە بری مالیکی و حەمبەلی  و شافیعی، شوێنی داروین و فرۆید و مارکس و.....هتد ، بکەون . لەهەمان کات ئەو قەناعەتە لای مرۆڤی موسڵمان  دروست بکەن کە ئەو مخلوق و جێنشین نیە لەسەر ڕووی زەمین و ئیسلامەکەش وەحی خودا نیە، بەڵکو ئەوی موسڵمانیش بەپێی گریمانەکەی داروین، وەك باقی مرۆڤایەتی لە مەیمونەوە سەریهەلداوە و پەیامەکەشی خورافاتی پێشینانە . هەربۆیە پێویستە چاو لە مەیمونەکان بکات و هەروەك ئەوانیش بژی! دەبێ ئەوەش بزانێت کە مەرگیشی کۆتایی یەکجارییەتی! ئیدی  دەبێتەوە بەو مادەیەی کە لێیەوە پەیدا بوە، بەم شێوەیە هەموو شتێك کۆتایی دێت.

## دەرەنجام :

ئەزموونی عەلمانیەت چ لەخۆرئاوا و چ لەخۆرهەلاّت دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە عەلمانیەت هەمان جاهیلیەتی دێرینە، ئامانجیشی دورخستەوەی ئاینە لەژیان، وە سەرقالّکردنی مرۆڤە بە دوونیا و هەواو ئارەزوەکانی خۆی، لەهەمان کات غافلّ کردنیەتی لەئاین و خودا و ئاخیرەتی، واتا لەمەرگ و زیندوو بونەوە و ژیانی دووەمی . هەربۆیەش دەبینین عەلمانیەکان گرنگی بەئاین نادەن، بەلّکو بەئەفسانەی پێشینانی دەزانن، یاخود ئەوانەیان کەبایەخ بەئاین دەدەن، تەنها بەزاریان باسی ئاین و خودا دەکەن و بڕوایەکی لاواز و سەرزارەکیان پیی هەیە، وەگەرنا هیچ پێڕەویەك لەعەقیدە و شەریعەتی ئاینی ناکەن، بەلّکو باوەڕ و ڕەفتاریان پێچەوانە و دژی ئاینە، بۆخۆیان و بەپێی عەقلّی خۆیان تەئویلات بۆ ئاین دادەتاشن، بەشێوازێك کەلەگەلّ خواست و ئارەزوویان یەکانگیر بێتەوە . هەلّبەت عەلمانیەکان ئەم کارەشیان بەنێوی نوێگەری و عەقلاّنیەتەوە دەکەن، پێیان وایە ئاینیش پێش دەخرێت! و گۆڕانکاری تیا دەکرێت! لەحالّێکدا ئاینی ئیسلام لەوەحی خوداوە سەرچاوەی گرتووە و گوتەی خودایە، هەر حەلالّ و حەرامێکی، یان هەر حوکم و بڕیارێکی کە خودا داویەتی، ئەوە تا کۆتا زەمان چەسپاوە و هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت . واتا مرۆڤ بەهیچ پاساوێکەوە مافی ئەوەی نیە حەلاّلێکی خودا حەرام بکات، یان حەرامێکی حەلالّ بکان، یاخود ئەحکامێکی شەریعەتەکەی بگۆڕێ و بەبڕیارێکی عەقلّی جێگای بگرێتەوە . هەربۆیە ئاینی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی بۆ زەمان و مەکانێکی دیاریکراو بۆ کۆمەلّە مرۆڤێك نیە، بەلّکو بۆ هەموو زەمان و مەکان و تەواوی مرۆڤەکانە بەبێ جیاوازی.

## چارەسەر:

ئیسلام تاکە چارەسەری گشت دەرد و گرفتاریەکانی گەلانی خۆرهەلاّتی و تێکڕای مرۆڤایەتیە، ئەزموونی ڕابردووی ئەم ئاینە سەلماندویەتی کەبەختەوەری مرۆڤەکان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و ئامانجدار، تەنها لەئیسلام و شەریعەتەکەیدا بوونی هەیە، تەنها ئەم ئاینە توانیویەتی هاوسەنگی ڕۆح و جەستەی مرۆڤ ڕابگرێت و مرۆڤی خاوەن بەها و قیەمی بالاّ بونیات بنێت، چوون ئیسلام باوەڕو پەرستشە، شەریعەت و کردار، هەروەها، مەنهەج و یاسایە، دین و دەولّەتە، جەنگ و جیهادە، پەیام و بەرنامەی ژیانە، ژیار و شارستانیەتە .

گەلانی ڕۆژهەلاّتی تاپێش هاتنی ئیسلام خەلّکانێکی جاهیلی پەرتەوازەی بێشارستانیەت و ژێردەستە بوون، جاخۆ ژێردەستەی فەرمانڕەوای ستەمکاری نێوخۆ، یان داگیرکارانی بیانی، نمونەش گەلانی عەرەبی لەلایەن ڕۆمانیەکانەوە ژێر پێ نرابوون، هەندێکیشیان لەجەزیرەی عەرەبیدا گیرۆدەی دەسەلاّتدارە ستەمکارە خێلّەکیەکان ببون و سەرگەرمی کوشتوبڕی یەکتدی بوون، گەلی فارسیش لەئێران لەژێرستەمی کیسراکاندا دەی نالاّند، هەروەك گەلی یەمەن و عومانیش هەمان حالّیان هەبوو . گەلی کوردیش حالّی لەهەموان شەپرێوتر بوو، نیوەی کۆیلە و خزمەتکاری دەولّەتی کیسرەوی فارسی بوو، نیوەکەی دیشی کۆیلە و خزمەتکاری ڕۆمانەکان بوون، وە ببونە سوتەمەنی جەنگە بەردەوامەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپڕاتۆریەتە زلهێزانە، تورکەکانیش چەند خێلّێکی هەلاّتوی بیابانەکانی ئاسیای ناوین بوون، پاشتر و لەهەرێمەکانی ئەنادۆلّ گیرسانەوە . لەپاش فتوحاتی ئیسلامی و ڕامالّینی دەسەلاّتی سەرۆك هۆزەکان و داڕماندنی

هەردوو ئیمپڕتۆریەتی فارسی و ڕۆمانی، تەواوی ئەم گەلانە ئازادیان وەدەست هێنا، لەهەمانکاتدا بوونە خاوەنی گەورەترین کیانی سیاسی و سەربازی و ئابووری و جوگرافی، لەئاستی جیهاندا بوونە خاوەنی قسە و بڕیاری خۆیان، هەر بەدامانی ئەو خیلافەتە ئیسلامیەش جارێکی دی ئەو گەلانە سەربەخۆی خۆیان لەدەست دا.

## کۆتایی:

عەلمانیەت و ئیسلام دوو فکرو باوەڕ و یاسای جیاوازن یان(دوو عەقیدە و شەریعەت)ی دژ بەیەکن، ڕازی بوون بەهەرکام لەوان، ڕاستەو خۆ واتای ڕەفزکردنی ئەوی دیيانە، هەرکەس و گروپ و ڕێکخراوەیەك پێی وابێت کە دەکرێت عەلمانی و لەهەمانکات ئیسلامیش بێت، ئەوە دەی سەلمێنێت کە نە لە فەلسەفەی عەلمانیەت گەیشتووە و نە لە ئاینی ئیسلامیش، چوون ئیسلام ئاینێکی نەزەری و باوەڕێکی زارەکی نیە، کەمروڤ لە چەند ڕکات نوێژ و چەند ڕوژ بەڕۆژوبون وحەجێکدا کورتی هەڵیێ نیێ و بەس، بەڵکو ئیسلام ئاینی کردار و ڕەشتە هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ الاَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا ..... الصَّالِحَاتِ... ﴾.(٢١٧) وە یاسا و ڕێسای کۆمەڵگایە، واتا ئیسلام باوەڕ و کردارە، شەعائیر و شەریعەتە، دەڵەت و کۆمەڵگایە .

باوەڕی عەلمانیەکان هەڵبەت ئەوانەیان کە لافی باوەڕداری لێدەدەن تەنها سەرزارەکیە و ڕاستر بڵێین باوەڕێکی مونافیقانەیە، چوون عەلمانیەکان دەبێژن موسڵمانین، وەلێ کاربە شەرعی خودا ناکەن، شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەشی ڕەتدەکەنەوە . واتا بەزار موسڵمانن و بەکرداریش ناموسڵمانن، دەڵێن بەئیسلام ڕازین، لەهەمانکات بەکارپێکردنی نارازین، ئەمەش هاوشێوەی ڕەوشتی مونافیقانە . وەك خودای گەورە بەیانی دەکات و دەفەرموێت ( إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ).(٢١٨) هەروەها عەلمانیەکان سوکایەتی بە ئاینی خودا دەکەن و بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوخوازی ناو دەبەن و بە شیاوی نابینن بۆ کارپێکردن، خودای گەورەش دەفەرموێت ( وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ).(٢١٩) وە عەلمانیەکان ڕێگری ئایینی خودا دەکەن و بەر لە بڵاوبوونەوەی دەگرن و هاوشێوەی مونافیقەکان، وەك خودای گەورە دەفەرموێت ( اتخذ ايمانهم جنة فصدوا عن سبيل الله إنهم ساء ... )(٢٢٠) لە هەمانکات عەلمانیەکان هەروەك مونافیقەکان دۆستایەتی و پشتیوانی کافرانی یەهود و نەسار دەکەن و دەبنە هاوپەیمانیان، هەروەك دژایەتی موسڵمانانیش دەکەن، لە حاڵێکدا خودای گەورە دەفەرموێت ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ....).(٢٢١) ئەگەر بەدۆستیشتان گرتن ئەوە ئێوەش لەوانن،

---

٢١٧–القران الكريم–سورة العصر–الاية–٣ .

٢١٨– القران الكريم–سورة المنافقون–الاية–١ .

٢١٩– القران الكريم–سورة النساء–الاية– ١٤٠ .

٢٢٠– القران الكريم–سورةالمنافقون–الاية–٢ .

٢٢١– القران الكريم–سورة المائدة–الاية–٥١ .

وەك خودای گەوە بەموسڵمانانی ڕادەگەیەنێت ( ومن يتولهُم فاإنهُ منهُم...).(٢٢٢) لەگەڵ هەموو ئەوانەدا عەلمانیەکان بەهەمان شێوەی مونافیقەکان ڕێگری چاکەکاری دەکەن و فساد و بەدڕەوشتی بلاّودەکەنەوە، وەلێ لەژێر ناوی ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانی و.....هتدا. خودای گەورەش ئەم ڕەوشتەی مونافیقان ئاشکرا دەکات و دەفەرموێت ( الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمَعْرُوفِ...).(٢٢٣) ئەگەر پێشیان بوترێت فەساد مەنێنەو، دەڵێن ئێمە چاکسازی خوازین، وەك خودایی گەورە باسی دەکات ( وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ).(٢٢٤) عەلمانیەکانیش لەمەیاندا هەمان گوفتاری پێش خۆیان دوبارە دەکەنەوە. بەلام خودای گەورە بۆخۆی وەڵامیان دەداتەوە و دەفورمێت (أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَـٰكِنْ لَا يَشْعُرُونَ).(٢٢٥) وەلێ ئەوانە هەر خۆیانن فاسد، بەلاّم شعوریان پێی ناشکێت. ئەم ڕوونکردنەوەیەش دەی سەلمێنێت کە عەلمانیەت هەمان جاهیلیەتی کۆنە و لە بەرگێکی نوێدا خۆی نمایشدەکاتەوە. وە دووبارەکردنەوەی دابی نەفامییەو و لەسەر بنەمای هەواو ئارەزووی مرۆڤ بونیاتنراوە، خودای گەورەش داوای پابەندبوون بە شەریعەتەکەی خۆی دەکات، وە فەرمان دەکات بە دوورکەوتنەوە لە شوێنکەوتنی و هەواو ئارەزو(ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ).(٢٢٦) هەروەك غەیری ئیسلامیش جا خۆ هەر یاسا و ڕێسایەك بێت، وە لە ژێر نێوی عەلمانیەت، لیبڕالیەت ، شیوعیەت و هەرناو و ناونیشانێکی دیدا بێت، بە جاهیلیەتی ناو دەبات و لۆمەی دەکات (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ... ).(٢٢٧) لەپاش ڕونکردنەوەی ڕاستەیەکان، خودای گەورە مرۆڤەکان موخەییەر دەکات لە هەڵبژاردنی باوەڕ و شەریعەتی ئیسلام یان کوفر، وەك دەفەرموێت (فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ).(٢٢٨) ئیدی کوفری عەلمانی بێت یان شیوعی، یاخود لیبڕالّیی یان ...هتد، لەپاش ڕونکردنەوەی حەق و باتڵ و موخەییەر کردنی مروڤەکان لە پەسەندکردنی هەرکامیان، ئەمجا خودای گەورە هەڕەشە توند لە لادەران دەکات و دەفەرموێت ( إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا...).(٢٢٩) وە بەڵێنی سەرخستنی ئیسلامیشی داوە گەرچی کارفرا هەولّی خامۆش کردنی بدەن، وەك دەفەرموێت ( يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ).(٢٣٠)، چون قوبوڵکردنی ئیسلام و پێڕۆکردنی تاکە ئەرکی ڕاستەقینەی مرۆڤە لەم بونەدا و قورئانیش ئەم ڕاستیە بەیان دەکات (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ).(٢٣١) ئالێرەوە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە بۆچی عەلمانیەکان دەیانەوێت ئیسلام لە دەوڵەت کۆمەڵگا و لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان دووربخەنەوە، وە پێناسەی ساختە بۆ ئاین دادەتاشن و دەڵێن گوایا ئاین جیایە لە سیاسەت؟! کە لە ڕاستیدا ئەوە بۆ خۆیانن ئاینیان قبوڵ نیە و کاری پێناکەن،

---

٢٢٢– القران الكريم–سورة المائدة–الاية–٥١ .

٢٢٣– القران الكريم–سورة التوبة–الاية–٦٧ .

٢٢٤– القران الكريم–سورة البقرة–الاية–١١ .

٢٢٥– القران الكريم–سورة البقرة–الاية–١٢ .

٢٢٦– القران الكريم–سورة الجاثية–الاية–١٨ .

٢٢٧– القران الكريم–سورة المائدة–الاية–٥٠ .

٢٢٨– القران الكريم–سورة الكهف–الاية–٢٩ .

٢٢٩– القران الكريم–سورة الكهف–الاية–٢٩

٢٣٠–القران الكريم–سورى الصف–الاية–٨ .

٢٣١– القران الكريم–سورى الذاريات–الاية–٥٦

مەبەستیشیان قۆرغکردنی دەوڵەت و پاوانکردنی گشت مەیدانی کارو چالاکیەکانی مرۆڤە، بۆ خۆیان، و بۆباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەیان، تا بەبێ ڕکابەر دەوڵەت و کۆمەڵگا بەڕێوە بەرن، هەر بەو جۆرەی کە خۆیان مەیلی دەکەن . بەڵام پێغمبەر(ص)دەفەرموێت (لاتزال طائفة من امتى ظاهرين حتى يأتيهم امرالله وهم ظاهرون).(٢٣٢) خودای گەورەش پەیامی خۆی سەردەخات وە لە هەموو زەمەنێکیش دا کۆمەڵێکی ڕاست هەبوون و هەن کە لەسەر ئەم ئاینەن و کاری پێ دەکەن . ئەو کۆمەڵەش ئەوانەن کە پابەندی قورئان و سوننەتن، لەسەر هەمان شێوازی پێشینانی ئوممەت .

دەبێت عەلمانیەکانیش خۆیان یەکلابکەنەوە، جاخۆ بە پەسەندکردنی ئیسلام وەك خۆی، وە گەڕانەوە بۆ نێو ڕیزی ئومەت، لە هەمانکات پشتکردن لە دوژمنانی . یاخود دەبێت ئەوە بزانن کە بە شوێنکەوتنی عەلمانیەتی خۆرئاوا، جگە لەوەی لە ئاینی ئیسلام دەردەچن، دەبنە بەشێکیش لە خۆرئاوایی یهودی و نەصاری، وەك خودای گەورە لە قورئان دا ئەم بڕیارەی داوە و دەفەرمێت ( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ ).(٢٣٣) ئەوەش خودای گەورە بڕیاری لەسەر داوە . لەهەمانکات و جارێکی دی خودای گەورە بانگی ئازادی ئاینی ڕادەگەیەنێتەوە و مرۆڤەکان سەربەست دەکاتەوە لەموسڵمان بوون، یاخود ڕەتکردنەوەی، وەك دەفەرموێت (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ).(٢٣٤)، خودای گەورە ئیسلام بوون و موسڵمان بوون و بڕواهێنان بە زاتی خۆی( الله )، دەبەستێتەوە بە کوفرکردن بە( گاغوت ) وەك دەفەرمێت ( فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى...).(٢٣٥) واتا ڕەفز کردنی هەموو ئەو دەستە و ناوەندانەی قانوون و یاسا بۆ مرۆڤەکان دادەنێن و بە ویستی خۆیان حەڵاڵ وحرام بۆ مرۆڤەکان دەستنیشان دەکەن، هەروەك حاخام و ڕاهیبەکانی جولەکە و مەسیحی کە خودای گەورە لە قورئاندا ناوزەندیان دەکات و دەفەرموێت (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ).(٢٣٦) خودای گەورە زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوانە ڕای دەگەیەنێت کە تەنها بە ئیسلام ڕازییە ( إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلَامُ ).(٢٣٧) لەهەمانکات خودای گەورە بەگشتی داوا لەمرۆڤەکان دەکات گەر خودایان خۆش دەوێت با شوێنی بەرنامەکەی بکەون، گەر ئەوکارە بکەن ئەوا خوداش ئەوانی خۆشدەوێت و لە گوناهەکانیان خۆش دەبێت وەك بەڕونی دەفەرمێت ( قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ..).(٢٣٨)،

---

٢٣٢–رواة اليخاري و مسلم.انظر البخاري بشرحة فتح الباري الكتاب الاعتصام،باب ١٠،لاتزال طائفة من امتي ٢٩٣/١٣٠٠٠٠٠٠،حديث ٣٤٧ .

٢٣٣– القران الكريم–سورى المائدة–الاية–٥١ .

٢٣٤–القرا الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٥٥ .

٢٣٥– القرا الكريم–سورة البقرة–الاية–٢٥٥ .

٢٣٦– القرا الكريم–سورة التوبة–الاية–٣١ .

٢٣٧– القرا الكريم–سورة ال عمران–الاية–١٩ .

٢٣٨– القرا الكريم–سورة ال عمران–الاية–٣١ .

بەهیچ بەرنامەو یاساو ڕێسایەکی غەیری ئیسلامیش ڕازی نابێت، ڕایشی دەگەیەنێت کە هەرکەسێك بێجگە لەم ئیسلامە بەرنامەیەکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت ئەوە لە ئاخیرەت دا لێی وەرناگیرێت و زەرەر دەکات وەك لەم دەقە قورئانیەدا بەیانی دەکات ودەفەرموێت ( وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنْ الْخَاسِرِينَ ).(٢٣٩) جا ئیدی ئەو بەرنامەیە هەر ناو ناونیشانێکی هەبێت، وە پاشەڕۆژیش تەنها بۆ بڕوادارانە (وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ).(٢٤٠) واتا بۆ ئەوانەی کە لە ژیانی دوونیادا تەنها بە ئیسلام ڕازی بوون و بەس .

((( والحمد لله والصلاة على خاتم رسل الله محمد وآله وصحبه أجمعين )))

٢٣٩- القرا الكريم-سورة ال عمران-الاية-٨٥ .

٢٤٠- القرا الكريم-سورة القصص-الاية-٨٣ .

## سەرچاوەكان :


١–العلمانية وموقف الاسلام منها –د. محمود بن أحمد الرحيلي–الاستاذ المشارك في كلية الدعوة في الجامعة .

٢–العلمانية جذورها وأصولها –د. محمد علي البار–الطبعة الاولى–١٤٢٩ه–٢٠٠٨م–دار القلم–ديمشق .

٣= مفهوم الصهيونية عند عبدالوهاب المسيرى –عبدالطيف زكى أبوهاشم–جامعة الازهر–غزة–١٤٣٤ك–٢٠١٣م .

٤– العلمانية وثمارها خبيثة –محمد شاكر الشريف–دار الوطن للنشر–الرياض–طبعة الاولى–١٤١١ه .

٥– التيار العلماني الحديث وموقفه من تفسير القران الكريم عرض ونقد –حسني محمد بهي الدين الشافعي–جامعة الازهر–القاهرة–طبعة الاولى–١٤٢٩ه .

٦–أساليب العلمانين في تغريب المرأة المسلمة –د. بشير بن فهد بشير–كلية الدعوة والاعلام–جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية–الرياض–دار المسلم للنشر و التوزيع–١٤١٥ه .

٧– العلمانية جزئية والعلمانية شاملة –د.عبدالوهاب المسيري–القاهرة–دار الشروق–١٩٨٦م.

٨–قضايا اسلامية معاصرة من العلم العلماني الى العلم ديني –مهدى طلشني–مركز دراسات فلسفة الدين وعلم الكلام الجديد بالتعاون مع دار الهادي للطباعة و النشر و التوزيع.

٩–الموسوعة الاسلامية العربية ٢–سقوط العلمانية– أنور الجندى–دار الكتاب اللبناني–مكتبة المدرسة.

١٠–النظريات العلمية الحديثة مسيرتها الفكرية و أسلوب الفكر التغريبي العربي في التعامل معها دراسة نقدية د.حسن بن محمد حسن الآسمري–وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية–ادارة الشئون الاسلامية–دولة قطر–طبعة الاولى–١٤٣٣ه–٢٠١٢م.

١١–المزاهب الفكري المعاصر –محمد قطب ابراهيم .

١٢–الاسلام والعلمانية وجهالوجه –د. يوسف القرضاوي–مكتبة وهبة–القاهرة–١٩٩٧م .

١٣–الاسلام يتصدى للغرب الملحد ، د.نبيل النشواتي–دار القلم–دمشق–الطبعة الاولى–١٤٣١ه–٢٠١٠م .

١٤–الانحراف العقيدي في أدب الحداثة و فكرها دراسة نقدية شرعية – د.سعيد بن ناصر الغامدي–دار الاندلس الخضراء للنشر و التوزيع –جدة–المملكة العربية السعودية–طبعة الاولى–١٤٢٤ه–٢٠٠٣م.

١٥–موسوعة الاديان – كۆمەڵێك نوسەر .

١٦– المسلمون بين العلمانية و حقوق الانسان الوضعية – د. عدنان علي رضا النحوي–دار النحوي للنشر و التوزيع–الطبعة الاولى–١٤١٨ه–١٩٩٧م.

١٧– موقف الاسلام من العلمانية – د. صلاح الصاوى–دار الندوة العالمية للشباب الاسلامي–الطبعة الاولى–مكتبة الملك الفهد–الرياض–١٤٢٢ه–٢٠٠١م.

١٨– النظام السياسي الاسلامي وفكر الليبرالي –د. محمد الجوهري حمد الجوهري–دار الفكر العربي–القاهرة–١٩٩٣م.

١٩– مجالات انتشار العلمانية واثرها في المجتمع الاسلامي د. محمد زين الهادي–دار العاصمة–الرياض–المملكة العربية السعودية–النشرة الاولى–١٤٠٩ه

٢٠– العصرانيون بين مزاعم التجديد وميادين التغريب –محمد حامد الناصر–مكتبة الكوثر للنشر و التوزيع–الرياض–الطبعة الثانية–١٤٢٢ه–٢٠٠١م .

-٢١– العلمانية، الليبرالية، الديموقراطية، الدولة المدنية في ميزان الاسلام –اللجنة العلمية بجمعية الترتيل –الطبعة الثالثة–٢٠١١م–www.altarteel.com

٢٢- الديموقراطية بين العلمانية والاسلام -دكتور عبدالرزاق عيد ،استاذ محمد عبدالجبار-دار الفكر المعاصر-دمشق-سورية-١٤٢٠ه-١٩٩٩م.

٢٣-المصطلحات الوافدة وأثرها على الآسلامية -الهيثم زعفان-مركز الرسالة للدراسات و البحوث الانسانية-مصر-القاهرة-مدينة نصر-الطبعة الاولى-١٤٣٠ه-٢٠٠٩م .

٢٤-القران الكريم

٢٥- أحادث نبوي .

٢٦- الاسلاميون وتركيا العلمانية نموذج الامام سليمان حلمى- هدى درويش-دار الافاق العربية-الطبعة الاولى-١٤١٨ه-١٩٩٨م.

**٢٧-نوێكردنەوەی بیری ئایینی د.محمد شەریف .**

٢٨- دراسات في العقائد الرئسمالية -أشتراكية ،الشيوعية ، الصهيونية ، أحمد الشيباني-دار الكاتب العربي-بيروت-مكتبة النهضة-بغداد .

٢٩- العلمانيون و الاسلام - محمد قطب-دار الشروق-الطبعة الاولى-١٤١٤ه-١٩٩٤م.

٣٠-علمانية (اسباب ظهورها، أثارها، عوامل انتقالها الى العالم الاسلامي، أبرز دعاتها ) -بندر بن محمد الرباح

٣١- الاتجاهات العقلانية الحديثة -ناصر بن عبد الكريم العقل-دار الفضيلة-الطبعة الاولى-الرياض-١٤٢٢ه-٢٠٠١م .

٣٢-الافعى اليهودية في معاقل الاسلام - عبدالله التل-الطبعة الثانية-المكتبة الاسلامي-بيروت-دمشق .

**٣٣- عەلمانیەت وئسولێەت - عەفیف ئەخزەر . وەرگێرانی لە عەرەبیەوە-شوان ئەحمد-کتێبی ئاراس ژمارە ١٢٨٧-چاپی دووەم-چاپخانەی ئاراس.**

٣٤-العلمانية (أمبراطورية النفاق ) من مهدلها الطريق؟! عبدالعزيز مصطفى كامل-دكتوراه في الشريعة جامعة الازهر-عضو هيئة تحرير مجلة البيان-المنتدى الاسلامي-اعده للنشر في الفوائد-محمد جلال القصاص.

**٣٥- مستەفا کمال ئەتاتورك -مەنسوور عبدالحکیم-وەرگێرانی-شەویار حەسەن-چاپخانەی ڕۆچهەڵات-هەولێر-٢٠١١ ز.**

٣٦- العقلانيون أفراخ المعتزلة العصربون -على بن حسن بن علىعبدالحميد الحلبي الاثري-مكتبة الغرباء الاثري-المدينة النبوية.

٣٧-منهج المعتزلة في توحيد الاسماء والصفات عرض وبقض -عبداللطيف بن رياض بن عبداللطيف العكلوك-الجامعة الاسلامية-غزة-١٤٣٢ه-٢٠١١م.

٣٨=تأويل القران عند المعتزلة من خلال تفسير "الكشاف " للزمخشري- خالد سومالى-الجمهوري الجزائرية الديموقراطية الشعبية-الرسالة الماجستر-٢٠١١/٦/٧

٣٩- الاعلاء الاسلامي للعقل البشري دراسة في الفلسفات و التيارات الالحادية المعاصرة - د.بليغ حمدي اسماعيل-وزارة الاوقاف والشئون الاسلامية قطاع الشئون الثقافية-مجلة كويتية شهرية جامعة-١٤٣٣ه-٢٠١٢م.

٤٠- البهائية و جذورها البابية - د. عامر النجارالطبعة الاولى-١٩٩٦م-عين للدراسات و الانسانية و الاجتماعية-الهرم.

٤١- اساس الافتراق في (تعريف المعتزلة و الجهمية وأسباب ظهور الفرق الاسلامية )-محمود عبالرزاق الرضواني-منتدى دار العقيدةالرضوانية.

٤٢- المعتزلة في بغداد وأثرهم في الحياة الفكرية والسياسية-أحمد شوقي أبراهيم-مكتبة مدبولي ٦ ميدان طلعت حرب-القاهرة-طبعة الاولى-٢٠٠٠م .

٤٣- الاصول الذهبية في الرد على القاديانية - الشيخ منظور أحمد شنيوتي-المكتبة الامدادية-مكة المكرمة-الطبعة الاولى-١٤٢٨ه .

٤٤- الكلام و الفلسفة عند المعتزلة والخوارج – أحمد علي زهرة-نينوى للدراسات والنشر و التوزيع-دمشق-سورية-الطبعة الاولى-٢٠٠٤م .
٤٥-فرقة المعتزلة -فصل السابع-لەئەنتەرنێتەوە
٤٦- التيار العقلى لدى المعتزلة وأثره في حياة المسلمين المعاصرة -د. سهل بن رفاع سهل العتيبي-قسم الدراسات الاسلامية-كلية التربية-جامعة الملك السعودية--الرياض-المملكة العربية السعودية .
٤٧- نقض عقائد الاشاعرة والماتريدية – خالد بن على المرضي الغامدى-دار الطرابلس الخضراء للنشر و التوزيع-الرياض-الطبعة الاولى-١٤٣٠ه-٢٠٠٩م .
٤٨- المعتزلة بين القديم والحديث-محمد العبدة-طارق عبدالكريم-دار الرقم-برمنجهام-الطبعة الاولى-١٤٠٨ه-١٩٨٧م.
٤٩- نقص أصول القلانين -سليمان بن صالح الخراشي-دار العلوم السنة.
٥٠- جذورها الفكر القومي والعلماني – د. عدنان محمد زر زور-المكتبة الاسلامي-الطبعة الثالثة-١٤٢٠ه-١٩٩٩م .
٥١- المجتمع الديني والمدني ودوره في الاصلاح -أحمد وأعظي-الاسكندرية٢١-٢٣-يونيو(حزيران)٢٠٠٤م.
٥٢- أفكار خوارج وشيعة في ميزان أهل السنة والجماعة – على محمد الصلابى-دار ابن حزم-القاهرة-جمهورية مصر العربية-الطبعة الاولى-١٤٢٩ه-٢٠٠٨م .
٥٣- مكانه العقل في فسلسفة الجاحظ – عبدالمجيد الجوزى-اطروحة لنيل شهادة الماجستر في الفلسفة تخصيص:فلسفة اسلامية- .
٥٤- وجهالوجه بين الاصالة والتجديد -ضياء السيد عدنان الخباز القطيفي-دار زين العابدين-١٤٣٣ه-٢٠١٢م .
٥٥- الايدولوجية المقارنة -م. محمد تقي مصباح اليزدي-دار المحجة البيضاء للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت-لبنان-الطبعة الاولى-١٤١٣ه-١٩٩٢م .
٥٦- لماذا نرفض العلمانية ؟ -محمد محمد بدري-مؤسسة الرواد لشؤن المجتمع المسلم القادم-١٤٢٦ه-٢٠٠٥م.
٥٧- العقلية اليبرالية في رصف العقل ...و وصف النقل- عبدالعزيز بن مرزوق الطيرنى-الطبعة الاولى-١٤٣٢ه-٢٠١١م-دار الحجاز للنشر و التوزيع-جمهورية مصر العربية-الاسكندرية .
٥٨- تجديد الخطاب الدييني بين التأصل والتحريف -محمد بن شاكر الشريف-الطبعة الاولى-١٤٢٥ه-٢٠٠٤م-مجلة البيان ١٤٢٥ه-مكتبة الملك فهد الوطنية اثناء النشر .
٥٩- (ئیسلام ومۆدێرنە )ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانییەتدا- محمد رەزا شالگوتی . وەرکێڕانی-عوسمان حەسەن شاکر-دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی-٢٠١١ ز .
٦٠- www. Algeriachennel .net
٦١- www. Swissinfo.ch
٦٢ www. Ajazeera. Net
٦٣-Maktoob .news
٦٤- www . karamaty .com

# عەلمانیەت و ململانێی ئیسلام




عەلمانیەت وەك فەلسە فەیەك  لە ســالی 1648  و لەپاش
رێکەوتنامەی ( ویست ڤالیا ) و لـــە ئەوروپا وەدەرکەوت
کەمەبەست لیــێ بونیادنانـــــەوەی سەرلەنوێی ژیان و
کایەکانی فیکرو ســـیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و
کولتوری بوو لــــەسەر بنەمای نا ئاینی , لەهەمان کات
بەواتای کۆتـــا پێهێنانی رۆڵی ئاین بوو لەژیانی مرۆڤدا
وە خزانـــدنەوەی بۆ نیـــو ســـنووری چـــوار دیواری
پەرستگاکەی . لەساڵی (1789) و بە بەرپابونی شـــۆرشی
فەرەنسی , یەکەمین دەوڵەت و کۆمەڵگای عـــــەلمانی
لەو وڵاتە راگەیەنرا . وەلەساڵی (1908) و لـــــەرێی
شۆرشێکیشێوە کودەتاوە ئەم فەلسەفەیە وەك دەستووری
خیلافەتی عوسمانی و لەلایـــەن رەوتێکی خـــوارئاوا
خوازەوە بەکار خرا , دواترو لەساڵی ( 1909 ) و بـــە
کودەتایەکی چەکدارانە رەوتێکی  عەلمـــانی سولتانی
عوسمانیان لەکار لاداو دەسەڵاتیان بەدەســـتەوە گرت
، دواجار و لە ساڵی (1924) و لەلایەن ( کمال ئەتاتورك )
وە بە هێجگاری خەلافەتی ئیســـلامی هەڵوەشێنرایەوە
و یەکەمین کۆماری عەلمـــانی لـــە رۆژهەڵات راگەیەنرا
لەودەمەوەوتا هەنوکە خۆرهـــــەڵات بووەتەمەیدانی
ململانێی نێوان  ئەم دوو باوەرەو هەوادارانیان